# دیداری
# مەولەوی

بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر-سلێمانی



با لە داهێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین

دیداری مەولەوی-٢٠١٠ زاینی

Adil Mawlawi
09/10/2010

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی

# دیداری مەولەوی


سلێمانی

٢٠١٠

ناوی کتێب- دیداری مەولەوی

بابەت- لێکۆڵینەوە

نەخشەسازی:

چاپخانە:

تیراژ- ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن

ساڵی- ٢٠١٠

مافی لە چاپدانەوەی بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر لە سلێمانی پارێزراوە

تێبینی:

ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە ژمارەیەك لەو لێکۆڵینەوە و بابەتانەیە کە بۆ (دیداری مەولەوی) بە دەستمان گەیشتوون، چەند لێکۆڵینەوەیەکی تریشمان بۆ هاتن، بەڵام داخەکەم درەنگ بە دەستمان گەیشتن و دەرفەتی بڵاوکردنەوەیان لەم کتێبەدا نەبوو، لێکۆڵینەوەکان بە چەند فۆنتێکی جیا جیا هاتوون، دەستکاری کردنی فۆنتەکان دەبوو بە هۆی تێکچوونی بابەتەکان بۆیە بە هەمان فۆنتەکانی خۆیانەوە بڵاوکرانەوە.

لیژنەی باڵای دیداری مەولەوی

## پێرست . . .


| | | |
|---|---|---|
| جوانی ناسینی شیعرەکانی مەولەوی | کەلسووم عوسمان پوور | ٥–٢٨ |
| گەڕان بەدوای شیعرەکانی مەولەوی دا | د. عەبدولوەهاب عەبدوڵلا | ٢٩–٤٠ |
| کارێکی نوێ بۆ مەولەوی | محەمەد عەلی قەرەداخی | ٤١–٦٨ |
| مەولەوی وێنەی خوداگایی | عادڵ محەمەد پوور | ٦٩–٨٢ |
| لە(سەر شاتە)ی ڕەقەنەوە بۆ (وەکناباد)ی ئەشق | جەلیل عەباس | ٨٣–٩٤ |
| خوێندنەوەی مەولەوی وەك شاعیرێکی ..... | کەمال غەمبار | ٩٥–١٠٨ |
| مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە | حەمە کەریم هەورامی | ١٠٩–١٣٠ |
| چەمکی عەشق لە دونیابینی مەولەویدا | ڕەفعەت موڕادی | ١٣١–١٤٠ |
| کاریگەری مەی و هەرمانۆ ساقی لاو مەولەوی یەوە | کوورش ئەمینی | ١٤١–١٦٦ |
| کاریگەری شاعیرانی ڕابردوو لەسەر مەولەوی و .... | حەمە ڕەشید ئەمین | ١٦٧–٢١٠ |
| مەولەوی شاعیر و دانا و زانا و ...... | د. عاسی عەبدولکەریم | ٢١١–٢١٨ |
| لێکدانەوەی سەرپێیی لەسەر چەند دێڕێ ..... | مەلا مۆمنی نووری | ٢١٩–٢٣٢ |
| کورتەیەك لەسەر مەولەوی | نادر نەقشەبەندی | ٢٣٣–٢٥٤ |
| خوێندنەوەی خەسارشناسی لە شیعری مەولەوی دا | ڕەئووف مەحمود پوور | ٢٥٥–٢٨٠ |
| سیمفۆنیایەك بۆ هۆرامان | محەمەد عەبدە ئەمین | ٢٨١–٢٨٦ |
| مەولەوی و بنەماڵەکانی علم و زانست . | سەباح حسەینی | ٢٨٧–٢٩٩ |

بەناوی خوای دەهندە و دلۆڤان

## جوانی‌ناسی شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی

وێنەکانی خەیاڵ ئەو ئامرازانەن کە ئاستی جوانی‌ناسی شیعر بەرز دەکەنەوە. واتە هەمان شێوازی شێوەکاری لە شیعردا کە پێیان دەڵێن «چواندن(تشبیه)، خوازە (استعارە)، کینایە و مەجاز». بناغەی ئەم شێوەکاریە لە سەر خەیاڵ دارێژراوە. خەیاڵ و دالّنە هەمان کارگەی پیوار و نادیارە کە سەرلەبەری بەرهەمە هونەریەکانی تێدا دادەرێژرێ، هەمان ئەندازیارێکە کە بەبێ بەشداری ئەو، هیچ تابلۆ و پەیکەرە و بینایەک نایەتە نێو دونیای بوونەوە و هیچ شیعرێک بە سەر زاردا نایێ.

مەولەوی تاوەگۆزی هەرئەو کەڵە پیاوەیە کە وەکوو گەورەکانی‌تری دونیای ئەدەب و وێژە، بە هێزی سیحری وشەکانی، دڵ‌و گیانی هەمووانی رفاندووە و هەرکەس بە قەدەر مەنی خۆی بەهرەی لێ‌بردووە و مێشک و دڵی پێی زاخاو داوە. ڤیان و عیرفان و دەردو ئازار و دووری و سروشتی سیحراوی و پانتای وشەکانی و کولتووری تێرو تەسەلی شاعیر -کە لە رەنگدانەوەی بیرو هزری شاعیرانەدا خۆیان ئاشکرا دەکەن- دڵ و گیانی نووک‌وبەدی گراوانی شیعر و وێژەی رفاندووە و بۆتە خونکاری بێ‌رەقیبی ولاتی دڵ.

دۆزی سەرەکی ئەم گوتارە، تۆژینەوەیەکی‌ترە بە هەڵوێستێکی نوێ و هەنووکەییەوە لە سەر شیعری مەولەوی. ئەم تۆژینەوەیە بەگوێرەی بنەماکانی جوانی‌ناسی و رەخنەی زانستی و ئاماری لە سەر دانستە رەوان‌بێژی و زمان‌پاراوییەکانی شاعیر ئەنجام دراوە. هەروەها دیتنەوە و پیشان‌دانی جوانییە ئەدەبییەکانی شیعری مەولەوی لە ئامانجەکانی‌تری ئەم وتارەیە.

زاراوە سەرەکییەکان: جوانی، مەولەوی تاوەگۆزی، چواندن، خوازە، کینایە، سروشت.

نووسینی:

کولسووم عوسمان‌پوور

بەلگەنامەی خوێندن: ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی

**دەسپێک:**

١. بەگوێرەی بیرو بۆچوونەکانی کروچە، دەتوانین روانگەکانی جوانی ناسی بە دوو بەش دابەش بکەین: «کەرتێکیان زەینی و سابجێکتیڤن، ئەویتریان دیار و ئۆبجێکتیڤ. لایەنگرانی بەشی یەکەم باوەڕیان ئەوەیە کە جوانی، بوونی دەرەکی نییە، واتە لە دونیای واقیعدا نابینرێتەوە، لە راستیدا دژکردەوەی مرۆڤە لە بەرانبەر هەندێ لە بەرهەستەکاندا؛ واتە لە بەرانبەر مەحسووساتدا. تاقمی دووەم، جوانی بە تایبەتمەندیەکی دیار و ئاشکرای بوونەوەران دەزانن و رایان وایە کە مرۆڤ دەتوانێ بە هۆی هەندێ پێوەر و ئوسلوبەوە ئەم تایبەتمەندییانە فام بکات و تێیان بگات. هەروەها باوەڕی ئەوەیە کە جوانی بریتیە لە چالاکییەکی رەوانی مرۆڤی خاوەن هەست، نە دانستەو تایبەتمەندی شتێکی بەرهەست» (کروچە، ١٣٦٨: ٧). کروچە بڕوای وایە کە تایبەتمەندی ئاشکرای هونەر، خەیالی بوونی هونەرە. بە وردبوونەوە بە سەر پێناسە و بیردۆزەکانی ئەودا ئەم خاڵەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە خەیاڵ ئەستوونی قایم و نەگۆڕی هونەر بە گشتی و شیعر بە تایبەتە.

شەفیعی کەدکەنیش توخمی سەرەکی شیعر بە خەیاڵ دەزانێ و دەڵێ: «توخمی سەرەکی شیعر لە هەموو زەمان و سەردەمێکدا، بریتیە لە خەیاڵ و شێوازی دەستێوەردانی زەینی شاعیر لە پێشاندانی واقیعە مادی و واتاییەکان؛ بنەمای شیعر لە سەر هەمان وێنا جۆراوجۆر و بێسنوورانەی دەستێوەردانی خەیاڵ دارێژراوە.» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٧٥: ٢)

بێ‌گومان هەموو چەشنە پەیڤێکی خەیاڵاوی لە هەر بیچم و قەوارەیەکدا بخولقێندرێ، بە شیعر نازانرێ و ناڕواتە خانەی شیعرەوە. «ئەمەی کە ئەندێشەی شاعیر لە بەرانبەر ئەو هاندەرانەوە چ کاردانەوەیەکی لە خۆی پیشان داوە و ئەم کاردانەوە تا چ رادەیەک شاعیرانەیە و بەرهەمی داهێنان و رافەی خەیاڵاوی ئەو کەسە لە ئەزموون و بۆچوونەکانی، تا چ رادەیەک لە هەست و نستی خەیاڵاوی و شاعیرانە بەهرەی بردووە و هەروەها ئەمەی کە ئەم بلس لە ئاڵوگۆڕ و ئەزموونە دەروونیانەی شاعیر لە گەڵ هەستی شرۆڤەو هێزی کاریگەر بوون هاورێیە یا نە و زۆر خاڵ و بابەتی‌تر لەم بوارەدا، شایانی بلس و سەرنجدانە.» (یوسفی، ١٣٠٠: ٧٧٥)

گەر شاعیر بتوانێ ئەم وێنە گچکە و گەورانە بە ژیری و کارزانی خۆی و بە هەودایەکی بەرپێول پێکرا ببەستێتەوە و یەکگرتوویەکیان لەناودا بەدی بێنێ، کەش‌وهەوایەکی هەست‌بزوێن و دڵڕفێن و گیان‌گەشێن دێنێتەدی کە چجار ماندوویەتی ڕێی تێ‌نابا. بەراهەنی ئەم واتایە بە چواندنێکی جوانەوە بەم چەشنە بلس لێ‌دەکات: «وێنەیەک یاخۆ دەستەچیلەیەک لە وێناکان پێویستیان بە ژێنگەیە. وەکوو پۆلێک لە باڵندەکان کە گەر مەودای نێوان ئاسمان و زەوی نەبێ، دیار نییە چلۆن دەتوانن فڕینی خۆیان تاقی کەنەوە.» (براهنی، ١٣٧١: ١٢٤)

لە دونیای ئافراندنی شیعردا، سەروکارمان لە گەڵ وشەکانە؛ وشە لە هەر زمانێکدا پێگە و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ وشەکان بڕێ جار بە تەنیا خۆیان خاوەنی مووسیقا و واتایەکی سەربەست و تایبەتن و هەندێ جار لە تەنیشت وشەکانی‌تردا پێگەیەکی نوێ دەبیننەوە. چۆنیەتی چنینی ئەم وشانە لە تەنیشت یەکدا و لە پەیغامی شاعیرانەدا، پێگەی شاعیر و شێوازە شیعریەکەی شاعیر تا رادەیەکی زۆر ئاشکرا دەکات.

وێنەسازی، هەنگاوێکی زانایانەیە بۆ بەرزتر کردنی ئاستی پەیڤین لە پێنگەیەکی ئاسایی و نزمەوە بەرەو پێگەیەکی بەرز و تایبەت؛ هەر لەم وێنەسازییەیە کە دەبێتە هۆی جوانی و کاریگەری قسە، بەم بۆنەوە زۆربەی زانایانی ئەدەب، وێنە بە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی شیعر دەزانن.

مەولەوی لەو شاعیرانەیە کە توانیویە بە ئافراندنی وێنەگەلی بکر و واتاگەلی نوێ، بە سەر دڵ و گیانی خوێندەوار و نەخوێندەواردا کاریگەر بێ و هەمووان شەیدای خۆی و شیعرەکانی بکات. داهێنانی زاراوەگەلی پێک‌چوێندرا، ئافراندنی خوازەگەلی نوێ، بەهرەوەرگرتن لە کینایە جیاوازەکان و کەڵکوەرگرتن لە هەموو توان و لێهاتوویەکانی زمان، شیعری مەولەوی لە شیعری شاعیرانی‌تر دابڕاوە و سەرتر لە هەمووانی داناوە.

**٢. جوانی تەشبیهەکان لە شیعری مەولەویدا**

چواندن یان تەشبیه یەکێک لە گرینگترین و زەقترین توخمەکانی خەیاڵە و دەکرێ وەکوو ناوکی سەرەکی وێنە شیعرییەکان پێناسە بکرێ. پەسن و راڤە بە هۆی تەشبیهەوە یەکێک لە جوانترین و دڵرفێنترین شێوازەکانی دەربڕینی واتایە؛ لەم سۆنگەوە، هەر لە سەرەتای بەدیهاتنی مرۆڤەوەهەف تەشبیه یەکێک لە ئامرازەکانی پەسنی جوانی بووە.

**١-٢- جۆرەکانی تەشبیه بەگوێرەی هەستی یا ئەقڵانی بوونی لایەنەکانی چواندن لە شیعری مەولەویدا**

لە دیوانی مەولەویدا ١٠٢٠ تەشبیهیان هەڵێنجاوە، کە لەنێوانی ئەو ژمارەیەدا ٧٢٠ تەشبیه لە جۆری چواندنی مەحسووس بە مەحسووسە و ٢٧٠ چواندن لە جۆری مەعقوول بە مەحسووسە. تەشبیهە مەعقوول بە مەعقوولەکان ١٣دانە و مەحسووس بە مەعقوول ١٧دانەیە. گرافی رادەی دابەش بوونی جۆری چواندنەکان لە دیوانی مەولەویدا لە ژێرناوی گرافی ژمارە ٢دا هاتووە.

بەسەرنج دان بەوەی کە لەنێوان ئەو سەنعەتەئەدەبیانەی کە لە شیعری مەولەویدا هەیە، چواندن یا تەشبیه فرێکانسێکی فراوانی هەیە، دەکرێ بە شاعیرێکی «تەشبیه خواز» ناوی لێ ببرێ.

مەولەوی زۆرتر لەنێو ئەومرە هەست پێکراوەکاندا لە گەڕدایە و هان دەدات کە بەهرەوەرگرتن لە هەست پێکراوەکان بابەتە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێنەرانی خۆی ئاشکرا و روون بکاتەوە. ئەو سروشت بە جوانترین بەستێن بۆ وێنە شیعرییەکانی خۆی دەزانێ و لەرێی سروشتەوە، خوێنەرانی بەرەو سەفەرێکی سەرووسروشتی بانگەواز دەکات.

لەم بەیتەی خوارەوە تەشبیهی مەحسووس بە مەحسووس هاتووە:

چوون دانەی سەر ساج هەر هۆرئامام جارجار جە تاو و دووکەڵ جە شەرلەی نار (دیوان، ٢-٥)

شاعیر خۆی بە دانەوێڵەی سەرساج دەچوێنێ کە هەر دوو لایەنی چواندنی هەست‌پێکراوە. شاعیر بێجگە لەوەی کە وێنەیەکی خۆماڵی دەخوڵقێنێ و خوێنەر لە گەڵ بەشێک لە ژیانی خەڵکی ئاشنا دەکات، ئازارانی و ئۆقرە لێبڕاوی و ئاوری دەروونی خۆی بە تابلۆیەکی زیندوو و پڕتین پیشان دەدات.

دیتنەوەی باری چواندنەکانی نێوان دوو لایەنی تەشبیە و چێ کردنی پردێک بۆ پێوەندی نێوان واتا لەبستراکت و هەستپێکراوەکانی ژیان، رەهەندی نواندنی هونەری شاعیر لە بواری تەشبیهمان بۆ ئاشکرا دەکات.

مەولەوی لە شوێنێکیتردا خەم و کەسەر بە بەفر دەچوێنێ. ئەزموونی هەستی شاعیر کە بە راشکاوی فامی کردووە، لە گەڵ خەم و کەسەر شاعیر ئاوێتە دەبێ:

کلبلەی خەفەت، نە سەر کاوەی دڵ        مەزرەعەی شادیم کەردەن بێحاسڵ (دیوان، ص ١٣(ب۴)

لە چواندنە مەعقوولەکاندا شاعیر واتایەکی هزری بە واتایەکی ئینتزاعی و زەینی چواندووە:

خەیاڵ باڵات نە ئاینەی چەم        سەبتەن چوون یادت نە دڵەی پڕخەم (دیوان، ٨٠ ب٥)

یا لەم بەیتەدا:

نە تۆی تاریکی تای شەدەی بێگەرد        لەتافەت چوون ئاو حەیلت مەوج مەوەرد

جوانی روومەتی سپی و خوشبکی ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ لەنێوان شەدەیەکی رەشدا چەن بەرانبەر دەبێتەوە. لەلایەکیترەوە هێمایەکە بە دیرۆکی دیتنەوەی ئاوی ژیان. ئاوی ژیان، واتایەکی خەیاڵی و ناواقعییە؛ بەڵام ناتەبایی لە رەنگ و زێدەڕۆیی لە چواندندا وێنەکە خەیاڵاویتر دەکات.

لەنێوان هەمە جۆر چواندنێکدا وەکوو تەشبیهی تاک، ئاوێتە، رەوان، مەفرووق، تەسوییە، موزمەر (مضمر)، مەلفووف، مەعکووس و کۆدا دەتوانین جوانترین چواندن لەنێو دیوانی مەولەویدا بەدی بکەین. بەڵام لەم گوتارەدا تەنیا بەکورتی بە چەن نموونەیەک ئاماژە دەکەین.

**تەشبیهی کۆ:**

یەکێک لەجوانترین چواندنەکان لە دیوانی مەولەویدا، تەشبیهی «کۆ»یە.لە چواندنی کۆدا، شبهێنراوێک (مشبە) لە گەڵ چەن پێشبهێنراویتر (مشبەبە) پێوەندییان هەیە. لەم بەیتەی خوارەوە، شاعیر شبهێنراوێک لە گەڵ چەن پێشبهێنراویتر دێنێتەوە. بێجگە لە ئافراندنی چوار تەشبیە، پێوەندییەکی چەن لایەنە لە نێوان شبهێنراو و پێشبهێنراوەکاندا چێدەکات.

چوون دیوانەی شۆر ئازیز نەسەردا        شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشت و دەردا

توولانی چوون هیجر خاتر پڕدەردان        رەوان وێنەی وەسڵ گەردەن بێگەردان (دیوان، ٤٦٧، ب٥ و ٦)

لەهەمان بەیتی یەکەمدا رووباری بەخوڕ کەسایەتی پێدراوە؛ دیوانەی دڵکەیل یا خودی شاعیرە کە هەردەمی ئەڤینی یاری لە دڵدایە و لە کوێستانە سەربە ئاسمان نووساوەکانەوە بەرەو گەرمیان دەکەوێتە رێ. شاعیر وەکوو رووبارێکی خوڕ و بەخرۆشی بەهارە، لەم رووبارە وەکوو دووری دەردەداران درێژە و لەڕۆیین هەدا نادا. یاخۆ پاک و بێخەوشە و هۆی ئارخەیانی دڵی رێبوارانە، وەکوو ژوانی گەردن زراڤان هۆی راحەتی گیانە. وشەی «رەوان» ئیهامێکی جوانی هەیە: رەوان بە مانای بزۆز و بەردەوام لە گەڕ و بە واتای هێورکەرەوەی رۆح

و گیانە. ژوانی گەردن زرافانیش ئەم واتایەی هەیە. لەم بەیتەدا چۆمی بەخوڕ چوێندراوە بە شێت و دووری و ژوان.

لەزاراوەی هەورامیدا، «رەوان» دەتوانێ بە مانای «رەوایە» بێ؛ واتە ژوانی بەژن جوانان رەوایە. لەم بەیتەدا بەشەکانیتری پێشبهێنراو لە بەیتی دووەمدا هاتووە. لە هۆی شوبهاندندا (وجە شبە) کە پەلە و بلەزبوون و حەیرانی و دوور و درێژبوون و بەردەوان بوون لە دانستەکانی شبهێنراوە کە زەق کراوەتەوە، پێت وایە شاعیر لە گەڵ رووباردا دەبنە یەک و روو لە چۆل و سارا دەنێت. لە هەموو وەرزەکاندا لە رێگا باریکەکانی کوێستانەوە بە سەر شاخە بەرزو گەردەنکەشاندا هەڵدەزنێ و لە وەرزێکیتردا بەرەو دەشتەکانی گەرمیان بادەداتەوە. پێم ناخۆشە لەم وێنەسازیەدا بە شێوەکاری بچوێنم، کەچی ئەم هەموو ژیان و بزوزی و سەیر و گەڕانەی لە وێنەکەیدا ئافراندووە؛ چونکە شێوەکاری تەنیا تابلۆیەکی بێدەنگە کە زۆرتر وەکوو کورتە فلیمێک دەکا کە دەرهێنەر بە هێزی خەیاڵی خۆیەوە گیانی پرژاندۆتە نێو جەستەی سروشت و ئازارەکانی گیانی لەنێو سروشتدا بەرهەڵدا کردووە. وێکچوونە واتایی و وشەییەکانی زاراوەکان لە تەنشت یەکدا، رەنگە وەکوو پشتی شانۆی ئەم فلیمە بێ؛ دژایەتی نێوان دووری و ژوان، جینلسی زائیدی نێوان گەردن و گەردان، کینایەی «روو لە چۆل و دەشت نان» و «خولیای ئازیز لە سەردا بوون»، پێوەندی واتایی «دێوانە و شۆر»، هەموویان بەڵگەن بۆ پێوەندییەکی پتەو لە نێوان شاعر و سروشتدا.

مەولەوی شاعیرێکە کە بە کامێرای خۆشەویستی رەسمی سروشت دەکێشێ و ئەمەش یەکێک لە جوانکارییەکانی ئەوە.

جۆرێکیتر لە چواندن کە مەولەوی بۆ نوێ کردنەوەی چواندنەوەکانی بەهرەی لێ گرتووە، تەشبیهی مەعکووس (مقلوب) یان ئاوەژووە.

گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان     وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان (دیوان، ٤٣١، ب٢)

گوڵ بەرووی یار شبهێنراوە، کەچی دەبوایە رووی یار بەگوڵ بچوێندرایە؛ هەروەها بەفراوەکانیش شبهێنراون بە فرمێسکی چاوەکانی شاعیرەوە. شاعر دەزانێ کە چواندنی رووی یار بە گوڵ، تەشبیهێکی ئاسایی و سووک و کەمنرخە. بۆیە بەتێکدانی جێگای سەدان ساڵەی شبهێنراو و پێشبهێنراو، ئێغراقێکی نوێ دەخولقێنێ. گوڵ کە سەدان ساڵ نوێنەری جوانی و خۆشیکی بوو، لە بەرانبەر یاری بەدەودا شانی دەشکێ. ئەمجار یار نە تەنیا دەبێتە سیمبۆلی جوانی، بەڵکوو لە رێز و حورمەت و داپۆشراویدا کە دانستەی پێشبهێنراوە، دەبێتە سەرمەشق و سەمبول. دەڵێی شاعیر لە پێشبهێنراودا (مشبەبە) سیحر و ئەفسوونێک بەدی دەکا کە لە شبهێنراودا نییە. دانستەی یار لە چاو گوڵدا، رووپۆشراوی و رێز و شکۆی ئەوە؛ ئەمە دانستەیەکە کە رەنگە کەمتر شاعیرێک سەرنجی پێدابێ. شاعیر جوانترین دیاردەی سروشت لە چاو یاردا بە کەمنرخ و بەها دەزانێ.

لەپێک‌گەیشتنی مرۆڤ و سروشتدا، مرۆڤ بۆ شاعیر جوانی زۆرتری هەیە و لەم رووەوە خەیاڵی شاعیرانەی زۆرتر پەرە دەسێنێ. شاعیر هۆگری کولتوور و بەها دینییەکانی خۆیە و بەئاوەژووی زۆربەی شاعیران کە یاریان بەبێ پەردە و رووبەن دەوێ، مەولەوی زۆرتر رووپۆشراوی و شەرم و حەیای یار پەسند دەکا و هەموو ئەم هۆکارانە وێنەشیعرییەکەی جوانتر و ناسکتر دەکەن:

چەمەن هەم لیباس سەوز رەنگ پۆشان وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

یەکێک لە جوانییەکانی شیعر مەولەوی کورتبێژی(ایجاز) و درێژدڵرییەکە(اطناب) کە بەهرەی لێ دەگرێ. هەندێ جار یەک تەشبیە تا ۳ بەیت درێژە پێدەدا و هەندێ جاریش لە یەک بەیتدا ٥ تەشبیە دێنێ.

لەم بەیتەی خوارەوە نموونەیەکی‌تر لە جوانی چواندن لە شیعری شاعیردا دیارە. شاعیر چواندنێک لە درێژایی چوار بەیتدا درێژەپێدەدات. لە چواندنێکی‌تردا تیژ و تەسەلتر لە لایەنەکانی تەشبیە پلی دەکات:

بۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت دەسڕێسەکەی فکر بکر شیرینت

چون ئارەزووی وەسل ئەتۆی مەحروومی تەندەبێت وەتان فەرد مەعدوومی

چون شەبەند رۆژ سەد تەرزە رەنگدا تەوەن دڵن وە تاڵ دیبای فەرەنگدا (دیوان، ۱۰۲، ب ۲و۳و٤)

شاعیر، شیعری برادەرەکەی بە ئاورێشمێکی عەنبەربۆ دەزانێ کە بە بیری پاک و بێخەوشی خۆی چنیویە. وەکوو ئامەزرۆی پێک‌گەیشتنە لە کاتی دووریدا کە لە گەڵ تانی تاکی شیعری مەعدوومیدا پێکرا چنراون. شاعیر سەرەتا گەلالەی چواندنەکەی دادەرێژێ و لە بەیتی سێیەمدا سەرنج دەداتە رەنگی تەشبیهەکەی. رەنگی قوماشی چنراوی شیعری برادەرەکەی لە گەڵ تالی هەودای شیعری خۆی هەڵدەسەنگێنێ. یا لەم بەیتانەی خوارەوە تەشبیهەکان لە درێژایی بەیتەکاندا لە گەڵ یەک ئاوێتە کراون.

چواندن لێرەدا دوایی نایێ و لە بەیتی چوارەمدا شیعری دۆستەکەی بە بالاپۆشێک بۆ دڵەکەی خۆی دەزانێ. یاخۆ بۆ داپۆشینی بالای بالاعەرعەرانی بە گونجاو دەزانێ.

هەر چوار بەیتەکەی شاعیر بەدەوری یەک تەشبیهدا دەسووڕێنەو و پاشان دەپەرژێتە سەر وردەکارییەکانی چواندنەکەی. خوازە، کینایە و جۆرەکانی تەشبیهی ئاوێتەی و تاک لە تەشبیهی ئافرێندراوی شاعیر، لایەنە جوانی‌ناسانەکانی‌تری کاری مەولەوی دەگرنەوە.

«چواندن گەر لە گەڵ ئاڕایشەکانی‌تری ئاخاوتن، یا بە گوتەی زانایان ئەدەب لە گەڵ سەنایع ئەدەبییەکانی‌تر ئاوێتەبێ، جوانترە؛ بۆ وێنە، چواندن و خوازەیەک، کە لە گەڵ تەشبیە و خوازەیەکی‌تر پێکرا بەکگرتوویی، رەوانی، هاوسەنگی و موراعاتی نەزیر و دژایەتی، ئیغراق و کینایە و تەجنیس و تەلمیح و هتدیان بێ، جوانترە لە تەشبیهێکی ساکارە».

(لەفی یەکەم) یاد زولف لوول شیرین نیگاران (لەفی دووەم) خەیاڵ ئەبرۆی نازک نازاران

(نەشری یەکەم) ئەو ببیەن وەچین سەفحەی پێشانیم (نەشری دووەم) ئێد خەم چەمەکەی بالای کەمانیم

(لەفی سێیەم) فکر دانەی خاڵ ژەرەژ خەرامان (لەفی چوارەم) ئەندیشەی بالای نەورەس نەمامان

(نەشری سێیەم) ئەو تانەی دیدەی سۆما بێزمەن (نەشری چوارەم) ئێد دانەی ئەسرین وەتاو رێزمەن

لە بەیتی خوارەوە شاعیر بەکەڵکوەرگرتن لەم لەف و نەشرە، زۆرترین بەهرە لە بەیتەکەی وەردەگرێ و پێنج تەشبیە لە بەیتێکدا دەگونجێنێ:

دروستی و هەڵمەت قەزا و خەیاڵ تەور ناڵەو نار و دووود رەعد و بەرق و هەور (دیوان، ٤۹۰، ب١٥)

لە کەرتی یەکەمی ئەو بەیتەدا دوو تەشبیە و لە کەرتی دووەمدا سێ تەشبیە جێکراوەتەوە. دوو تەشبیهی یەکەم خەیالی و سێ تەشبیهی دووەم هەستین. شعر کەش و هەوایەکی حیماسی هەیە و خوێنەر پێی وایە کە شاعیر ناچار بووە بلەز بەسەر وشەکاندا تێپەڕێ و وێنەیەکی جوان بخولقێنێ. لە سروشتدا یاسایەک هەیە کە زانایان پێی دەڵێن«یاسای لانیکەمی پانتای گونجان» (اریک نیوتن، ١٣٥٠، ٦٥). بەگوێرەی ئەم یاسایە دەبێ زۆرترین ژمارەی دیاردە سروشتییەکان لە کەمترین رووبەردا جێبکرێنەوە. وەکوو چێکردنی هێلانەی مێش‌هەنگوین، کە لە کەمترین رووبەردا زۆرترین رادەیەک کە بووز دەخوا هێلانەی تێدا بگونجێ، چێ دەکرێ. شاعیریش لە یەک بەیتدا بە هێنانی یازدە وشە، دەتوانێ پێنج تەشبیهی تێدا بگونجێنێ. هێنانی تەنیا یەک واژەی چوان (ادات تشبیه) چەند واو بۆ پێنج تەشبیە، باس لە لێهاتوویی و توانی شاعیر بۆ کەلکوەرگرتن لە وشە بۆ ئافراندنی وێنەگەلی نوێ و ناسکخەیالانە دەکات. دەڵێی شاعیر لە شیعرەکانیدا لە «یاسای لانیکەمی پانتای گونجان» بەهرەی وەرگرتووە و چاوی لە کردەکانی سروشت بڕیوە.

یەکێک لە جوانکارییەکانی مەولەوی لە بواری چواندندا، دانانی تەشبیهی نامۆیە. لە چواندنێکی نامۆدا، شاعیر خۆی بە گۆڕەوی دەشبهێنێ. سەرەتا خوێنەری هیچ پێوەندییەک لە نێوان مرۆڤ و گۆرەویدا نابینێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی کە بلێی لە زام و برینەکانی دڵ دەکلێ، کونەکانی گۆرەوییەکی دڕاو لە مێشکی خوێنەردا نەخشە دەبەستێ. لە راستیدا جوانی کاری شاعیر لەوەدایە کە توانیویە بە هەندێ شتی زۆر ئاسایی و کەم بایەخ و لە هەمان کاتدا لە روالەتدا بێ‌هیچ پێوەندییەک، پەیڤێکی تازە و وێنەیەکی نوێ بەدی بێنێ:

جۆراب چوون من زامان نەسرەفتە        وە سەر پەنجەی پای ئیستغنا کەفتە (دیوان، ١٥٧، ب٢)

چواندنی گۆرەوی بە شاعیرێکی دڵپڕ لە ئازار شبهاندنێکی ئێجگار نامۆیە «چواندنی نامۆ (لە بەرانبەر چواندنە ئاسایی و سووک و کلیشەییەکاندا) بەرهەم زەین و خەیالی داهێنەری شاعیری ئێک خەیاڵە و داهێنەرە. هونەرمەند بەم کارەبەردەوام پانتای جیهان و باری واتاکان پەرە پێدەدا و جیهان بەرفراوانتر دەکاتەوە و دەتوانین بڵێین کە شاعیرانیش وەکوو خواکان لە سەر کورسی داهێنان و ئافراندندا رۆنیشتوون.» (شمیسا، ١٣٧٤: ١٠٨)

**چواندن بە خۆ**

زانایانی ئەدەب و وێژە، لە سەنعەتی چواندندا دوو ئەستوونی شبهێنراو و پێ‌شبهێنراو بە کۆڵەکەسەرەکییەکانی چواندن دەزانن و بە سەرنج دان بەوەی کە چواندن بلێی لە وێکچوون دوو شتی جیا لە یەک دەکات، لە راستیدا دەبێ لەنێوان شبهێنراو (مشبە) و پێ‌شبهێنراودا(مشبەبە) جیاوازی هەبێ. «بەم بۆنەوە هەر لە کەونەوە ئەم راستییەیان دەزانی کە شبهاندنی دوو شتی نزیک لەیەک و چوون یەک، بە یەکتر هەڵەیە؛ بەم بۆنەوە ناکرێ شتێک بەخۆی بشوبهێنرێ.» (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٩)

شەمیساش وەکوو پێشوونانی ئەدەب چواندنی شتێک بەخۆی بە دروست نازانێ، بەڵام لە لایەکیترەوە ئەم کارە بە رێگایەک بۆ نوێ کردنەوەی تەشبیهە سووک و فۆرمالیتەکان دەزانێ و دەڵێ: «چونکە چواندنی شتێک بەخودی ئەو شتە زۆر باو نەبووە، هەندێ لە شاعیرەکان (زۆرتر شاعیرە هاوچەرخەکان) بەم شێوازە دەستیان داوە بە داهێنان.» (شمیسا، ١٣٧٤: ١٠٩)

بۆ نموونە دەڵێت:

«خوابیده مخمل شب/ تاریک مثل شب»؛ واتە: نووستووە مەخمووری شەو/ تاریک وەکوو شەو (اخوان ثالث).

«اینان به مرگ/ از مرگ شبیه‌ترند»؛ واتە: «ئەمانە زۆرتر لە مردن/ لە مردن دەکەن» (ا. بامداد) (هەمان سەرچاوە).

مەولەوی لە سەدەی سێزدەهەمدا لەم شێوازە بەهرەی وەرگرتووە و پیشانی داوە کە لە چواندن بەخۆدا داهێنان و جوانکارییەک شراوەیە کە لە چواندنەکانی‌تردا نییە. هێنانەوەی چەن نموونەیەک لەم تەشبیهانەی مەولەوی، رۆچنەیەکی نوێمان بە سەر جوانییەکانی کاری مەولەویدا بۆ دادەکا:

| | |
|---|---|
| پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خجل | دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ |
| چوون تازە زامێ هۆشت ویەردەن | وێت ئەسا خەیاڵ ئازیزت کەردەن |
| ئەساسەی نەچیر ماوەردم پەرێت | وێت تەیار مەکەرد چوون کێ هەرچوون وێت |

ئاخێزگەی چواندنەکانی دیوانی مەولەی

هومایی دەڵێت: «بەهۆی چواندنەکانی [هەر شاعیریکەوە] دەکرێ نەتەوە و هۆز و داب‌ونەریت و رێ‌و رەسمی هەر نەتەوەیەک و هەروەها شوێنی ژیان و ناوچەی جوگرافیایی و بەرهەم‌و کێشەو پرسەکانی هەر ناوچەیەک بە جوانی دیاری بکرێ.» (همایی، ١٣٧٤: ١٣٨)

جۆراوجۆربوونی کەش‌و هەوای تەشبیە، لە کرەکانی‌تری مەولەوییە کە دەتوانێ ببێتە ئاوێنەیەکی بالانوێن بۆ نواندنی باوەر و کەلکەلە و حەزەدەروونییەکان شاعیر. ئاخێزگەی تەشبیهەکان بۆ راڤە و لێکدانەوەی باشتر بە حەوت گرووپ دابەش کراون:

١- ئاخێزگەی سروشت لە چواندنەکاندا

٢- ئاخێزگەی دینی چواندنەکان

٣- ئاخێزگەی عیرفانی چواندنەکان

٤- ئاخێزگەی ئەریستۆکرلسی چواندنەکان

٥- ئاخێزگەی مووسیقایی چواندنەکان

٦- ئاخێزگەی زانستی و سۆزداری و شتمەکی ژیان لە چواندنەکاندا

٧- ئاخێزگەی سەربازیگەری لە چواندنەکاندا

- بواری چواندنەکان بە ئاخێزگەی سروشت

ئەو چواندنانەی کە ئاخێزگەی سروشتیان هەیە، زۆرترین بەشیان هەیە و پرس و بابەتە عرفانیەکان کەمتریان بەشیان پێ‌دراوە.

گرافی ژمارە ٣ پێمان پیشان دەدات کە مەولەوی لە ئافراندنی جوانییە شیعرییەکان لە چواندندا لە واتا و بواری جۆراوجۆر بەهرەی گرتووە و هەر ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی کە شیعرەکانی خاوەن کەش‌وهەوایەکی نوێ و دڵرفێن بن. هەروەها ئەمە هێز و بڕشتی خەیاڵی شاعیرانەی شاعیرمان بۆ روون دەکاتەوە. لە دیوانەکەیدا کۆمەڵەیەکی تێرو تەسەل لە واتا جۆراوجۆرە عیرفانی و ئەریستۆکراتی و سەربازیگەری و دینی و سۆزداری و بەشەجۆراوجۆرەکانی سروشت بەدی دەکرێ.

فراوانی بەشەکانی سروشت و ئەرکی هەرکام لەو بەشانە لە شیعری مەولەویدا، تایبەتمەندییەکی بە شیعری ئەو داوە. بەسەرنج دان بەو زانیاریانەی کە لە سەر ژیانی مەولەوی لە نێو سروشتی پاک و بێخەوش و بکری کوردستان و هەورامان هەمانە، بەم دەرەنجامە دەگەین کە ئەو ئەزموونێکی راستەوخۆی لە سەر سروشت هەیە. بەم بۆنەوە، وێنەکانی دڵرفێنی و هەستبزوێنی و سۆزدارییەکی تایبەتیان هەیە.

چواندنەکانی بواری سروشت لە دیوانی مەولەویدا لە سێزدە گرووپی لێک‌جیاوازدا دابەش دەکرێن کە هەمویان کۆمەڵەیەکی جوان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سروشتی گیاندار و بێ‌گیان دەگرێتە خۆ. بۆ هەر گرووپێک نموونەیەک دێنینەوە تا باشتر لێمان روون بێتەوە.

**١- سروشتی بێ‌گیان:**

ئا) سروشتی بێ‌گیان فەلەکی وەکوو: هەتاو و مانگ و ئەستێرە و ...

ب) سروشتی بێ‌گیانی زەوینی، وەکوو: کێو، کانی، چۆم، ئاو، ئاور، دووکەڵ، برووسکە، خۆڵەمێش، دەشت و چۆڵ، پووش و پەلاش، تاڤگە و بەردەکان.

**٢- سروشتی گیاندار:**

ئا) دارو گیا، وەکوو: هەموو ئەو رووەکەکان وەکوو دار و گوڵ و گیا و میوە

ب) ئاژەڵەکان

بە ئاوردانەیەک لە گرافی ژمارە ٤ و بە سەرنج دان بە فراوانی توخمگەلی ئاو، ئاور، با و خاک، توخمە چوارینەکانمان بە بیردا دێت. هەرچەند فراوانی رووەکەکان (وەکوو گوڵ و گیا و دار) کە زۆرترین رێژەیان لە شیعری مەۆلەویدا هەیە، سەرنجی تایبەتی مەولەوی بە زەوی و خاک و ئەو دیاردانەی کە لەخاک سەر هەڵدێننمان بۆ ئاشکرا دەبێ. هەروەها هەر لەم چوار توخمەیە کە بوونی جیهانێ بەرەو تەواوتر بوون دەبات؛ واتە بەر لە هەر توخمێکی‌تر، چوار توخمی سەرەکی خاک و ئاو و ئاور و بان کە کۆمەڵەی زەینی شاعیر پێک‌دێنن. پاش رووەک، ئاو بە هەموو بیچمێکیەوە (لافاو، کانی، رووبار، زەریا و تاڤگە) زۆرترین رێژەی چواندنەکانی مەولەوی دەگرنە خۆ. رووبەڕوو بوونی شاعیر لە گەڵ سروشت، تەنیا پەسن و پێداهەڵگوتن نییە؛ هەرچەند چەند شیعری لە پەسنی بەهار و پاییز و هاویندا هەیە، بەلام شیعرەکانی مەولەوی لە کەش و هەوایەکی رۆمانتیکی و پەسن‌بێژی پەتیدا نین، بەڵکوو لە توێ‌تویی شیعرەکانیدا ئاوی ژیان و یە: بوون لە گەڵ سروشت لە گەڕایە. رووبەڕوو بوونی مەعدوومی لە گەڵ سروشت، یادی رۆمانتیکەکانمان بۆ زیندوو دەکاتەوە. نیما لە دەسپێکی ئەفسانەدا دەڵێ: بەرزترین کاری شیعر و شاعیر ئەوەیە کە باشتر بتوانێ شرۆڤەی سروشت بکات. (فتوحی، ١٣٨٥: ١٢٨) گرافی فراوانی توخمەکانی سروشت بە گوێرەی دابەشکردنێک کە لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە پیشان دراوە و شیکردنەوەی زۆرتر لەم بارەوە لە پەراوێزی گرافەکاندا هاتووە.

چواندنەکانی مەولەوی کە لە گەڵ بەفراوی کوێستانەکان، لە سەر ترۆپکی کەشەکانەوە بەرەو نێو چۆم و رووبارەکان هاوکات لە گەڵ گۆرانی گیانبزوێنی تافەکان بە رەنگ و بۆن و بەرامەی جۆراوجۆرەوە لە رۆیبندایە، رەنگ و رووبەکی لە کولتووری ئیسلامی، عیرفانی هەیە و حالەتێکی خۆمالی داوەتە شیعری مەولەوی. گیانی کۆساران بە سەر چواندنە ساکار و سۆزدارەکانی شاعیردا زاڵە. فێنکی سروەی ژیان پرژێن، رووباری بلەز، مووسیقای سیحراوی سروشت، خۆشەویستی ژینێکی ساکار و گیانێکی مەزنی بەدوور لە زمانلووسیبە وەرسکەرەکان، لەنێو شیعری مەولەویدا بە راشکاوی خۆ دەنوێنن. لەتوێ توێی چواندنەکاندا، تیرێژی زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک عیرفان، فەلسەفە، کەلام و پزیشکی دیارە. چواندنەکان تووشی دووپاتە بوون و سووکی نەهاتوون، و بە تازەیی و جوانییەکی تایبەت خەملێندراون و زۆربەیان پێناسەیەکن بۆ فەرهەنگی تێرو تەسەل و داهێنان و توانایی پەرجووئاسای شاعیرانەی مەولەوی. چواندنەکان بولری سروشت، بلس لە گیانی نائارام و بزۆزی مەولەوی دەکەن. سروشت هەمان جمکی مەولەوییە کە ئێستاش دەکرێ سەیری بکرێ و ببینرێ. تاف و رووبار و بەفراوەکان، لەسرینەکانی مەولەوین کە گەرمتر بەخوڕتر بە درێژایی مێژوو لەنێو شاخ و دەشت و دەوەنی هەوراماندا هەر دەڕۆن و پێچی شاخەکان نابڕنەوە. نەمامە تازە رولوەکان، نوێنەر و بیرەوەری بالاعەرعەرە خۆشەویستەکانی مەولەوین، بەلام نەختێ دلرفێنتر. سروەی بەهار و زەلانی پاییز هەناسەکانی ئەون، بەلام ساردتر؛ تۆز و خاکی وەرزەکان، لاشەی ئێسکسووکی ئەونف بەلام نەختێ سووکتر؛ هەموو خەرمانەکان، دەنکە گەنمی پەیڤی ئەون، بەلام نەختێ زێرینتر؛ هەروەها مارە ئالوواڵاکان کە لە سووچ و بنی دارو گیاکاندا لە هاتوچۆدان تا لە پرو نەکاو پای شادی بگەزن، ئازارەکانی دووری مەولەوین، بەلام نەختێ پرژلرتر.

شایانی باسە کە بە یارمەتی سۆفتوەیری «دۆرج»، تێگەیشتین کە نزیک بە ۲۵۰ چواندنی مەولەوی، بەر لە ئەو هیچ کەس لە ئەدەبی فارسیدا داینەهێناوە.

### ۳. خوازە لە دیوانی مەولەویدا

دیوانی مەولەوی تەژی لە ملە و رێگەوبانی دڵاوێنە کە بێجگە لە چواندنەجوانەکانی، گیانی خوێنەر بە سیحری کەلام دێننە ژێر رکێفی خۆیان؛ خوازە زیندوو و گیاندارەکانی، پێوەندی شاعیر لە گەڵ سروشتی دەور و پشتی سۆزدارتر دەکەنەوە.

لە گوڵ و گیا و دارو بەردەوە بگرێ تا واتا ئینتزاعیبەکانی خەم و شادی و دەردو کەسەری جیایی و دابران و دووری و سۆز و تین، یارانی هەتاهەتایی مەولەوین کە کونجی خەلوەتی ئەویان قەرەباڵغ کردووە و لە تەنیایی خۆیدا لە گەڵ ئەو یارە مێژینەیەی -کە هەمان دلە بەکولەکەیە- خەریکی وتوویژە.

هەرچەند فراوانی تەشبیه و خوازە بە تەنیا خێ ناتوانێ هۆی جوانی شیعر و ئاخافتن بێ، زۆرن ئەو دیوانە شیعرانەی کە پڕن لە وردەکاری ئەدەبی و کەچی لە ئەنجامدا بەیڤێکی موتەکەلیف و ناسازیان بە ناوی شیعرەوە داناوە. کەواتە «خوازە و چواندن بە تەنیا خۆیان بۆ جوان کردنی وتە بەس نین و دەبێ هەندێ هەلومەرجیتر کە هەمان زمانپاراوی و رەوانبێژییە (فصاحت و بلاغت) لە گەڵ ئەو گوتەیەدا هاورێ بن.» (فرشیدورد، ١٣٦٣: ٤٧٣)

مەعدوومی بە کەڵکوەرگرتن لە هێز و خوستی شاعیرانەی خۆی و بە یارمەتی هەندێ وشەی سادە و ساکار، دەست دەداتە بە ئافراندنی خوازەگەلی جوان و بەهێز و بەهۆی ئارایە واتایی و زارەکییەکانەوە دەیانخەملێنێ و کارەکەی پتر لە پێشوو دڵڕفێن دەکات. بە سەرنج دان بە فراوانی خوازەکانی دیوانی مەولەویف دەکرێ وەکوو شاعیرێکی خوازەگەرا ناوی لێ ببەین، هەرچەند بێگومان ناتوانین بەرلشکاوی ئامارێکی بۆ دەست نیشان بکەین.

لە نێوان ١٠١٨ خوازەیەک کە لە دیوانی مەولەوی دەرهێنراوە، ٤٧٠ خوازەی موسەڕڕەحە و ٥٤٨ خوازەی مەکنییە تەخەیولەی تێدایە. شایانی باسە کە لە نێوان ٥٤٨ خوازەی مەکنیەی تەخەیولەدا ٤٣٨ خوازەی کەسایەتی پێدراوە و تەنیا ٩٠ خوازەی مەکنییەی تێدایە؛ واتە، ئەمە شارەزایی مەولەوی لە ژیان دان بە هەرچی لەدەور و پشتیدایە پیشان دەدات. مەولەوی جەختی زۆر لە سەر هەندێ لە واتاکان دەکات؛ بەم بۆنەوە لە وێنە خەیاڵییەکانی خۆیدا وشەی هونەری نوێیان بۆ دادێنێ. بۆ وێنە دەتوانین بە یارانی شاعیر، دونیا، فرمێسک، پەروەردگار، و خودی شاعیر ئاماژە بکەین. جوانی کارەکەی شاعیر لەوەدایە کە زۆربەی ئەم خوازانە، بەرهەمی زەین و خەیاڵ و دالغەی خودی مەولەوین و لە وێژەی کوردی و فارسیدا وێنەیان نییە.

کەسایەتی دان بە شتگەلی جۆراوجۆر -کە پێی دەڵێن *Personification*- تەنیا تایبەت بە بێگیانان نییە. مەولەوی هەندێ جار بولبول کە سروشتی زیندووە، بە ئینسان دەزانێ و هەندێ جار تاف بە مرۆڤێک دەزانێ کە شێتانە رووی لە چۆل و دەشت ناوە و هەندێ جاریش لە دونیای خەیاڵی و زیندووی خۆیدا زاراوەگەلی ئەبستراکت و واتایی، بوونی فیزیکی و مرۆییان هەیە؛ بۆ وێنە:

زەهر خەم شی‌یەن نە کام شادیم        هەر دەردەن مەیۆ موبارەک بادیم

شاعیر ئێش و ژان بە مرۆڤێک دە زانێ کە بۆ پیرۆزبایی سەردانی کردووە. خەم بە چەشنێکی ئەکتیڤ لە شیعری مەولەویدا بەشداری هەیە کە وەکوو مرۆڤێک دەیبینێ کە سەردانی دەکات و لە گەڵ قسە دەکات.

لێهاتوویی لەرادەبەدەری مەولەوی لە بواری کەسایەتی پێداندا، گیانێکی تازەی داوەتە شیعرەکانی. بۆ فام کردنی زۆرتر و باشتری هونەرمەندی شاعیر ، هەموو خوازەکانی بواری کەسایەتی‌پێدان کە لە دیوانی مەولەویدا هاتووە، لە شەش بەشدا کەرتبەندی دەکرێ و بە جیاواز لە سەر هەر یەکەیان دەکۆڵینەوە. شایانی باسە کە ئەم کەرتبەندییە بە گوێرەی سەرنجی خودی شاعیر و فراوانی خوازەکان لە دیوانەکەیدا، لە گرافی ژمارە ١٥دا هاتووە. گرووپەدیاریکراوەکان بۆ واتا کەسایەتی‌پێدراوەکانی شیعری مەولەوی بریتین لە:

١- گرووپی واتا ئینتزاعییەکان، وەکوو: خەم و شادی و ئامازرۆیی (١٦٣ دانە)

٢- گرووپی ئەندامانی لەشی مرۆڤ، وەکوو: دڵ، چاو، زمان (١٢١ دانە)

٣- گرووپی دیاردە سروشتییەکان، وەکوو: کێو، شنەی شەماڵ و گوڵ و گوڵزار (٧١ دانە)

٤- گرووپ و دونیا و ناوەکانی، وەکوو: چەرخ و فەلەک (٤٤ دانە)

٥- گرووپی دیاردە مادییەکان، وەکوو: قەڵەم، مزگەوت، دەوات (٢٣ دانە)

٦- گرووپ و وەرز و کاتەکان، وەکوو: بەهار، پارشێو، مانگی رەمەزان (١٦ دانە)

بە سەرنجدان بە گرافی ژمارە ١٦ لە نێوان ئەم شەش گرووپەداف گرووپی ژمارە ٦ بە ١٦٣دانەوە، زۆترین خوازەی لەخۆدا جێ‌کردۆتەوە و بێجگە لە فراوانی زۆرترین واتائشی تێدایە؛ واتە شاعیر لەم بوارەدا دەستی داوە بە داهێنانی زۆرتر، تا واتا ئینتزاعییەکان بێنێتە نێو بازنەی شیعرەکانی خۆی. شاعیر لەم گرووپەدا گیان دەبەخشێ بە ٥٩ وشەی واتایی و ئەقلی تا لە بزۆزی شیعرەکەیدا ئاریکاری بن. دەڵێ لە شانۆی شیعردا، شاعیر دەرهێنەرێکی بە زەبرە کە توانیویە خەم و شادی و حەز و تاسەو کەسەر و دووری و زۆرێک واتای‌تر بێنێتە سەرشانۆی خەیاڵی خۆی و بە هەر یەکەیان دەورێکی تایبەت دەسپێرێ. لەم ناوەدا واتاکانی خەم و کەسەر، دەوری سەرەکی دەبینن و لە هەموو پەردەکانی ئەم شانۆیەدا دەوریان هەیە، چونکە لە ٢٢ رۆڵی لێک‌جیاوازدا بەشداریان هەیە. هەروەها ئەو زاراوانەی کە زۆرتر لەم واتایە نزیکن، وەکوو دەرد و خەفەت و دوور و ژان و حەسرەت، یارمەتی ئەم رۆڵە دەدەن بۆ ئەوەی بەدەوتر بیگێڕێ.

**کینایە**

شاعر بە داهێنانێکی نوێ، لە کینایەیەکی بەناوبانگی فارسی بەهرە دەگرێ، بەڵام واتای باوی ئەو کینایەیەی مەبەست نییە کە لە زمانی فارسیدا هەیەتی، بەڵکوو بەجێی واتای دووەم، واتا واتا کینایییەکەی لە واتا رواڵەتییەکەی کەڵک‌وەردەگرێ و واتایەکی کینایی‌تری بۆ دادەنێ کە لە گەڵ واتا باوەکەی ئەو کینایەیە جیاوازە:

تورڕەت نەرووی خاڵ جەبین سەراوێز پیاڵەت چوون جام کەج دار و مەرێز

«کج‌دار و مریز» لە زمانی فارسیدا لە واتای کینایی «هەڵس‌وکەوت بەگوێرەی بەرژەوەندی»دا هاتووە.

لەکاتێکدا شاعیر لەم بەیتەدا ئەم وێنەیە دەکێشێ کە پیاڵەکەت وەکوو جامێ لار بێنەوە، بەڵام نە ئەوەندەی کە شەرابی ناوی برژێنە خوارەوە؛ واتە لار بێتەوە بەڵام شەرابەکەی نەرژێ.

بە سەرنج دان بەوەی کە گەر مەبەست لە پیالە، چاو بێ، «کەج دار و مەرێز»دەتوانێ بەمانای خوماری چاو بێ؛ چاوێک کە نە بازەو نە نووستووە. شاعیر بە لێهاتووییەوە کینایەیەکی باوی نێو زامانێک دێنێت و لە واتایەک بێجگە لەوەی کە مەبەستە بەکاری دەبات.

مەعدوومی بە شارەزایی زۆرەوە لە گەڵ دەستەواژەیەکی کینایی بە دوو جۆر رەفتار دەکات؛ یەکەم ئەوەی کە واتای رواڵەتی ئەو کینایەیەی مەبەستە و دووەم واتایەکی کینایی‌تری لێ چێ دەکات. واتە لە کینایەی ئەو دەستەواژەیە، کینایەیەکی‌تری لێ هەڵدەگرێ.

لە بەیتێکی‌تردا لە دەستەواژەی «سادە لەوح بوون» کە بە مانای ساویلکە بوونە، بەجۆرێکی جیاواز بەهرە وەردەگرێ:

مەلا چە کەسرەت لەوحش بۆ سادە مەنسووخ نەزانۆ حەلالی بادە

بەشی یەکەم، لە راستیدا تووک‌ونزایە. شاعیر تووک و نزای مەلا دەکات کە ئینشائەڵلا خودا هێزی هەڵاواردنی چاک و خراپی لێ‌بستێنێ. مە بەست لە «لەوحی سادە بێتەوە» ئەوەیە کە فام و ئاوەزی بدۆڕێنێ. بەشی دووەم جمکێکی پێچەوانەیە (قرینە) بۆ جەخت کردن لە سەر ئەم کینایەیە.

لە زمانی فارسیدا ڕەنگە بە کەسێک بڵێن کە «سادە لەوحە»، واتە هێزی ئاوەز و فامی ناتەواوە. بەڵام وا باونییە کە کەسێک، نزای کەسێکی‌تر بکات و بڵێت: «ڕەبی لەوحت سادە بێ!» لێرەشدا شاعیر لە کینایەیەکی باو، بەجۆرێکی‌تر کەڵکی‌وەرگرتووە.

مەجاز: سنووردار بوونی وشەکان لە هەر زمانێکدا شاعیر ناچار دەکات کە لە وشەگەلی سنووردار، واتای بێ‌سنوور هەڵبگرێ. مەجاز یەکێک لە شێوازەکانی جوانی پەیڤە. بە گوتەی کەزازی: «بێژەر هەموو کات ناتوانێ بیری ناسک و ئەندێشەی قووڵ و ئەزموونی سەیری خۆی بە یاری زمان و بە ئاریکاری وشە، کە بڕشتی واتایان ئێجگار کەمە، دەربڕێ و بینوێنێ. لەلایەکی‌ترەوە ناکرێ هەموو دەم بۆ هەر واتایەکی نوێ، وشەو زاراوەیەکی نوێ چێ بکرێ؛ بۆیە بە ناچار بێژەر هەل دەدا تا لە وشەکانی زمان بەهرەیەکی فراوانتر بگرێ و بە شێوەیەکی نوێ لە بیانخاتە ژێر ڕکێفی ئەدەبەوە.» (کزازی، ١٣٦٨: ١٤٠) مەولەوی بۆ ئەم مەبەستە ئەفسووناوی دەبزوێتەوە، بە چەشنێک کە لە شیعرە کانیدا هیچ ئاڵۆزی و ناتەباییەک کە ببێتە هۆی ئازاردنی خەیاڵ خوێنەر، بەدی ناکرێ. بەڵام هەر ئەم گواستنەوەی واتایە لە پاژ (جزء) بۆ گشتە(کل) لە گشتی بۆ تایبەتە، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی جۆرێک کورتبڕی(ایجاز). وشەکان بە پۆشەنێکی هونەری، کەسایەتییەکی نوێیان پێ‌دەدرێ و هەر ئەم کارەش پەردە لە سەر یەکێک‌تر لە جوانکارییەکانی مەعدوومی لادەدا.

**ڕەنگ و بۆی خۆماڵی لە شیعری مەعدوومیدا**

بێجگە لەوەی کە شیعری مەولەوی بە چواندن و خوازە و کینایە و مەجاز و زۆر بابەتی‌تری هونەری خەملێندراوە، یەکێک‌تر لە جوانییەکانی بوونی ڕەنگ‌وبۆی خۆماڵی گەربیە لە شیعری مەولەویدا.

هەر خوێنەرێکی هۆگری دونیای شیعر، کاتێک شیعری مەعدوومی بخوێنێتەوە، هەندێ نیشانەی سروشت و ژیان و داب‌ونەریت و فولکلۆر و زاراوە و کینایاتی خەڵکی کوردستانی تێدا بەدی دەکات. باری جوگرافیایی، ناوە تایبەتەکان، زاراوە تایبەتەکانی ناوچەکە و باوەڕە ئاینییەکان لە زۆرجار بابەتی وێنەسازی شاعیرانەی مەولەوین. هەندێ جار تێگەیشتن و فام کردنی هەندێ لە شیعرەکان تەنانەت بۆ خەڵکی هەورامی زوانیش دژوارە گەر لە گەڵ کولتووری تایبەتی ناوچەکەدا ئاشناییان نەبێ. «پێکهاتەی سەرەتایی زەین و زمانی هەر شاعیرێک، لە هەمان هەرەتی منداڵی و لاوەتیەوە پتر لە هەر شتێک و هەرکەسێکی‌تر، لە کەش و هەوای هەست پێکراوی دەورو پشتیەوە سەرچاوە دەگرێ و پێی‌ڕادێ. بەواتایەکی‌تر، لایەلایە دایک و دەنگی سروشتی دەوروپشت و ڕووداوەکانی ڕۆژانە و کەش‌وهەوای ماڵ و خێزان و هۆز و نەتەوە پێکهێنەری پێکهاتەی زەینی شاعیرن، هەموو ئەمانە لە دواییدا لە بیچم و قەوارەی کتێبدا خۆیان دەنوێنن و بوونی دەرەکی بەدەست دێنن و لە سەر پلەو پێگەی خۆیان لە ئەدەب یاخۆ هەر هونەرێکی‌تردا ڕۆدەنیشن.» (قزوانچاهی، ڕی‌ڕا. ١٣٧٦:١٣١)

**دەرەنجام**

دیوانی شیعری مەولەوی تاوەگۆزی تەژی لە جوانی روالەتی و واتایە. لە گولزاریک دەکا کە هەر سووچێکی بە چەشنێکی نوێ و جوان و ئالوواڵا و بەبۆن و بەرامەی هەستبزوێن خەملاوە و مووسیقای دڵلاوێنی شیعری، بولبولێکە کە چێژی دیتن و بیستن پێکرا ئاوێتەدەکا؛ هەر بەم بۆنەوە لە بواری ئاخافتن و شیعردا تابلۆی جوان و جۆراوجۆری لە شیعری ئەسکی ئەو لە بەرانبەر گیانی خوێنەری دڵزیندوودا خۆ دەنوێنن.

بە سەرنجدان بەئاماری چواندن و خوازە جۆراوجۆر و بەرفراوانەکان شاعیر و هەروەها کۆشەوەکانی شاعیر بۆ ئافراندنی واتای نوێ لە بیچمی تەشبیە و خوازەدا و سەرکەوتن ئەو لەم بوارەداف پەیڤێکی گۆترە نییە گەر بەناوی شاعیرێکی «تەشبیەخواز» و «خوازەئافرین» ناوی لێببەین.

گرافەکان ئەم بیردۆزەمان دەسەلمێنن کە مەعدوومی لە وێنەئافراندندا. سەرنجێکی ئەوتۆی داوەتە چواندن و خوازە. مەجاز، کەمترین رادەی هەیە و کینایە، لە ناوەندی کەمترین و زۆرترین بەشی خەیاڵدا راوەستاوە. ئەم گرافە دەتوانێ پەرسڤدەری بەشێک لە پرسیاری سەرەتای ئەم توێژینەوە بێ. یەکێک لە پرسە تایبەتەکانی چواندنەکان، سەرنجێکی کە شاعر بە بەرهەستەکانی (محسوسات) داوە.

لە نێوان ۱۰۲۰ تەشبیە دەرهێنراو لە دیوانی مەولەوی، ئەو چواندنانەی کە لایەنەکانی هەستین، بەشی هەرە زۆری چواندنەکانیان گرتۆتە خۆ. شاعیر تێکۆشاوە تا وێنە خەیاڵییەکان لە دونیای واقیعدا پیشان بدات و لەبابەتی هەست پێکراو و ئۆبجێکتی زۆرتر کەلک وەربگرێ. رەنگە هەر ئەم دانستەی بووبێتە هۆی خۆشەویستی شیعری ئەم شاعیرە ناودارەی کە لە هەر سەردەمی خۆیەوە تا ئێستا شیعرەکانی هەوێنی ئارامشی دڵی خوێندەوار و نەخوێندەوارن و رازێنەری کۆڕی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەدەب و کوورەی زیکری دەروێشان و هۆی جەزمەی سۆفییان و سەما و هەڵپەرکێی دڵدارانن.

ئاخێزگەجۆراوجۆرەکانی چواندنەکان، وەکوو سروشت، دین، عیرفان، مووسیقا، دەرەبەگایەتی، سەربازیگەری، زانست، سۆزداری و شتەکی ژیانی رۆژانە، بێجگە لەوەی کە کەش و هەوایەکی نوێیان داوەتە شیعر، بەڵس لە هێزی خەیاڵ و خوستی شاعیری مەعدوومی دەکەن. بە سەرنج دان بە گرافی ژمارە ۳، پتر لە نیوەی ئەم چواندنانە. ئاخێزگەیان سروشتە. ژیان لە سروشتی بیکر و جوانی هەورامان و ئەزموونە راستەوخۆکانی شاعیر لە سەر توخمەکانی سروشت، لە گەڵ گیانی بێئۆقرەی شاعیردا تێکەڵ کراون و بەرهەمی ئەم ئاوێتەبوونە، جوانترین وێنەی شاعرانەیە لە بواری سروشتدا. سروشتخوازی شاعیر، بۆتە هۆی بزۆزی و ئەکتیڤی شیعری شاعیر. گەر روەکە جواروجۆرەکان (وەک دار و گوڵ و گیا) بە سەرنجی تایبەتی شاعیر بە خاک بزانین، زۆروزەوەندە بوونی توخمە چوارێنەکانی ئاو و خاک و ئاور و با، لە گرینگترین توخمەکانی سروشتن کە پێکهێنەری پێکهاتەی زەینی شاعیرن. مەولەوی شاعیرێکی رۆمانتیکە و پتر لە نیوەی شبهاندنەکانی شیعری مەولەوی لە بەستێنی سروشتدا ئافرێندراون. زانست، سۆزداری و شتەکی ژیانی رۆژانە، دووەمینی بەستێنی ئەم ئافراندنەن کە بە ۲۷٦ بابەتەوە، کەشوهەوایەکی ئالوواڵای لە چواندندا چێ کردووە.

ئاخێزگەی دینی بە ٦٤ بابەت، مووسیقا و هێمانی ئەریستۆکراسی هەر یەک ٥٠ دانە و سەربازیگەری و عیرفان هەریەکە بە ۳۹ و ۳٦ دانە، هەرچەند بابەتی جێ سەرنجی شاعیر بوون، بەڵام لەچاو سروشتدا زۆر

کەم بایەخترن. شاعیر سروشتی بە جوانی رەها و مثلەق زانیوە و زۆرتر لە هەموو بابەتێکی‌تر پەسندی کردووە.

گرافی ژمارە ٤ پیشان دەدات کە شاعیر بە قەدەر پانتای سروشت، لە باری وشە و دەستەواژەوە دەوڵەمەند. رووەکەکان بە ١١٠ جار بلس لێ‌کردن تا ئاو و ئاور و با و ئاژەلان هەر یەکە و بەرادەی تایبەتەوە تا دەکاتە خواردنەکان بە ٤ جار بلس لێ‌کردن لە سەرترین و خوارترین شوێنی گرافەکەدا راوەستاون.

مەعدوومی روانینێکی تایبەتی بە زەوی و دیاردەکانی هەیە. ١١٠ جۆر چواندن بە هەمە جۆرە رووەک و گوڵ و گیا، پیشاندەری راستی ئەم بۆچوونەیە. ٩٠ جار باس سەبارەت بە ئاو، نووسەری ئەم دێرانەی هان دا بۆ ئەوەی کە بزانێ مەعدوومی، کام یەک لە وێنەکانی ئاو لە سروشتی زۆرتر پێ‌خۆشە. گرافی ژمارە ٥ فرێکانسی بولری ئاو پیشان دەدات و زەریا و لافاو و کانی و رووبار و تاڤ لە وێنە زەینییەکانی خەیاڵی شاعیرن. شاعیر هەم سەرنجی داوەتە ناسکی وجوانی سروشت و هەمیش خنیی داوەتە توندوتیژی و کۆسپ و چەڵەمەکانی. هەم پەیدۆزی شادمانییە لە نێو سروشتدا و هەمیش وێنەی نابەسامانی و دڵەڕاوکێ و کێشەدەروونییەکانی خۆی لە سروشتدا دەکێشێ. لافاو و گێجاوی زەریا لە هێمانی ئاودا پیشاندەری ئەم چەمکەیە.

وادیارە پڕئاو بوونی ژینگەی مەولەوی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئافراندنی ئەم وێنانە بێ. هەروەها شاعیر بێجگە لە وێنەی ئاو، هۆگری دەنگی ئاوە؛ هۆگرانی سروشت چا دەزانن کە جوانترین مووسیقا لە سروشتدا دەنگی ئاوی تاڤ و رووبار و کانیاوە.

ئاور بەهەموو بەشەکانیەوە (وەکوو: تروسکە، دووکەڵ، خۆڵەمێش و خەڵووز) ٧٤جار باس لێکراون و سێیەمین توخمی سروشت لە خشتەی ژمارە چوار‌دان. ژیانی لە نێو سروشتێکی بکر و دەست لێنەدراو و کوێستانی، پیشان دەدات کە شاعیر ئەزموونیی زۆری سەبارەت بە دیاردە سروشتییەکان بە تایبەت ئاور هەیە. هەروەها بە سووکە ئاورێک بە سەر ژیانی تاکە کەسی مەولەوی، لێمان ئاشکرا دەکات کە سووتانی خانوو بەرەو ماڵ و سامان و کتێبو کتێبخانە و بەرهەمەکانی مەولەوی، ئاورێکی لە گیانی بەرداوە، کە بۆ هەتاهەتایە کوژانەوەی بۆ نییە.

لە سروشت‌خوازی شاعیردا خەزانەیەکی‌ترمان دەست کەوت؛ ئەویش کولتوور و تیرو تەسەل و بێ‌وێنەیەکە کە پیشاندەری زانیاری تەواوی شاعیرە سەبارەت بە کولتوور و هاوولاتییەکانی. ناو و زاراوەگەلی زۆروزەوەند لە بوارگەلی جۆراوجۆردا، دیوانی شیعرەکەی پڕو چڕ کردووە. بۆ وێنە، ئەو تەشبیهانەی کە بە هۆی هێمانی باوە ئافراندوونی و ٤٧ جار دووپاتە کراونەتەوە، ١٢ وشەی لێک‌جیاوازی بۆ «با» هێناوە. ٤٦ تەشبیهی بەناو گیاندارانی جۆراوجۆرە داهێناوە. گرافی ژمارە ٦ پیشان دەدات کە لەنێو گیاندارەکاندا باڵندەکان ٢٤جار باسیان لێ کراوە و ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە باڵندە و پەلەوەرەکان زۆرتر لە شیعرەکانیدا دەوریان بووە. ١٤جار باس کردن لە مار، چیرۆکی دەردو ژان و ئێش و ئازارەکانی شاعیرمان بۆ دەڵێتەوە. رەنگە کوژرانی یەکێک لە دۆستانی مەولەوی بەهۆی پێوەدانی مارەوە، یەکێک لە هۆکانی دووپاتە کردنەوەی ناوی ئەم گیاندارە لە شیعرەکانی ئەودا بێ. هێنانی زاراوەگەلی کشت‌وکاڵ و جوگرافیا و نواندنی تایبەتمەندیە ناوچەیی و مەڵبەندییەکان، ناوی کۆسار و رووبارەکانی کوردستانی ئێران و عەراق، باس لە کولتووری و دیاردە

نەتەوەیی و دینییەکانی شاعیر دەکەن. سەرلەبەری هۆکارە دەرەکییەکان هاوکات لە گەڵ هۆکارە ناوەکییەکان -کە هەمان هەست و سۆزی شاعیرن- بوونەتە هۆی ئافراندن و بەدیهێنانی تەشبیهاتی بێوێنە کە تایبەت بە مەولەوین. فراوانی هەر یەک لەو توخمانەی کە باس کرا، لە گرافی ژمارە ٤دا پیشان دراوە. ئەوەی کە شاعیر هەست دەکات لە گەڵ سروشتدا لەقدوانەیە، بۆتە هۆی هەلاواردنی مەولەوی لە شاعیرانیتر. گرافەکانی ژمارە ٢، ٣، ٤ و ٥ و هەروەها ئەو تێبینیانەی کە لەسەرەوە ئاراستە کراون، کۆشەوەی نووسە رن بۆ دیتنەوەی وەلامی ژمارەی ٣ ئەم توێژینەوەیە. بەشداری شتمەکەکان لە چواندنەکاندا یەکێک لە هەستبزوێنترین وێنە شیعرییەکانی مەولەوییە. ئەو توخمانەی کە لەخۆیاندا هیچ جێگایەکیان لە زمانی شیعردا نییە، مەعدوومی بە خەیالی ئاسکی خۆی بەرگی شیعری دەبەر کردوون. وەکوو: مێخ، چەقۆ، هەرە، بەن، کوورە، کامێرا، دیگ و بارۆشە کە لە داهێنانەکانی مەولەوی لە بواری شیعردان.

کورتبێژی و درێژدادڕی بۆ چێکردنی تەشبیە لە درێژایی یەک یا چەن دێڕدا، یەکێکتر لە تەردەسیەکانی مەولەوییە لە بوای شاعیریدا. مەولەوی هەندێ جار لە یەک دێرە شیعردا پێنج تەشبیە دەگونجێنێ و هەندێ جار لە پێنج بەیتدا یەک تەشبیە راڤە دەکات. مەعدوومی بۆ نوێ کردنەوەی چواندنە فۆرمالیتەکانی ئەدەبی پێشوو، هەندێ تەردەستی شاعیرانەی بەکار بردووە. زۆربەی ئەم تەردەستیانەی بە شێوەی مەلفووف یا مەعکووس و مورەکەب بەکار هێناوە. ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی ئاسایی و فۆرمالیتەی تەشبیە گۆڕانی بەسەردا بێ و بیچمی چواندنێکی نوێ بگرێتە خۆی.


ئەو بابەتانەی کە شاعیر خنی زۆرتری پێداون و دەستی داوە بە چێکردنی دەستەواژە و خوازەی نوێ بۆیان، لە گرافی ژمارە ٨دا هاتووە. زۆربەی ئەم بابەتانە پرژو بلاون و هەندێ بابەتیتر و رادەی دووپاتە بوونی هەریەکەیان (وەکوو خوازە بۆ دۆستان، شێوەشیرینان، کەسایەتییە دینییەکان، دونیا، خودی شاعیر، فرمێسک و خودا) دیاری کراوە. بۆ چێکردنی هەر یەک لە خوازەکان شێوازی تایبەتێکی بەکار بردووە. بۆ ئاخاوتان لە گەڵ کەسایەتییە دینیەکان ٤٨ خوازەی ئافراندووە کە ٢٨دانەیان دەستەواژەی درێژن و ١٩دانە یان هەندێ خوازەن کە لە قەوارەی دوو وشە یا یەک وشەدا هاتوون. ئەمەش لە گرافی ژمارە ١١دا هاتووە.

ئەمەی کە شاعیر هەست بە زیندوو بوونی دونیای خەیالی خۆی دەکات، بزۆزی و ژیان و زیندوویی داوەتە شیعرەکانی. واتا ئینتزاعییەکان، کەسایەتیان پێدراوە و ٥٨جار لە شیعری مەولەویدا هاتوون. خەم زۆرترین رادەی دووپاتە بوونەوەی هەیە. هەرچەند جۆراوجۆری توخمە زیندووەکانی خەیالی مەولەوی ژیان و زیندوویی داوەتە شیعرەکانی، بەلام خەم دەردو کەسەر بەردەوام چەتری خۆیان بە سەر شاعیردا کێشاوە، بۆیە دەکرێ مەولەوی بە شاعیرێکی خەمین بزانرێ. چونکە شاعیر دڵ بە ناوەندی سەرلەبەری ترس و هیوا و شۆڕشە دەروونییەکانی دەزانێ، پتر لە هەموو ئەندامەکانیتری لە گەڵی دلی خۆی دەدوێ. گرافی ژمارە ١٧ ئەم بۆچوونە زۆرتر روون دەکاتەوە.

دڵ لە شیعری مەولەویدا ٤٠٠جار دووپاتە کراوەتەوە. دڵ مەکۆی سەرجەمی خەم و مەینەت و شۆڕشە دەروونی و واتاییەکانی شاعیرە. هۆیەکیتر بۆ ئەم سەرنجەی شاعیر بە دڵ ئەوەیە کە عارفەکان سەرنجی زۆریان داوەتە دڵ و دڵیان بە رۆچنەی دیتنەوەی راستەقینە و دەلاقەیەک بەرەو پەروەردگار زانیوە.


زمان دووپاڵۆی مەولەوی قەڵەمڕەوی خەیاڵی لە شیعردا بەرفراوان کردووە، دەڵێ گەنجی سەربەمۆری زۆری لە دڵدایە کە بێجگە زمانی کینایە، بەهیچ جۆرێکی‌تر لێزنی لادانی رووبەندی لە روویان نییە. هەندێ جار کینایەکانی زمانی فارسی بە هەورامی وەرگێڕاوەتەوە. ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە ئاوەها کینایەیەک لە زاراوەی هەورامیدا باو نییە.

گرافی ژمارە ١: گرافی رادەی ئەو سەنعەتانەی لە بواری پەیڤدا لە دیوانی مەولەوی دەرهێنراون





١٨


گرافی ژمارە ٢: نشانی چوارنە دەرهێنراوەکانی دیوانی مەولەوی بە گوێرەی هەستی یان عەقڵی بوونی لایەنەکان




گرافی ژمارە ٣: ئاستنزکە جۆراوجۆرەکانی چوکلدن لە شەهری مەولەوییدا (سەرچاوەی چوکلدنەکان ١٠٢٠)




گرافی ژمارە ٤: چوکلدن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سروست لە شەهری مەولەوییدا




گرافی ژمارە ٥: خوازە راشکاوەکان (استعارە مصرّحە) بۆ کەسایەتیە دینیەکان و شاعیرەکان



گرافی ژمارە ٦: گرووپی وشە کەسایەتیە پیرۆزەکان لە میانی ... بە گرووپی رادەی ... گرووپەکان




گرافی ژمارە ٧: ئەو پەشکەی سروشت کە کەسایەتیان پێ دراوە لە دیوانی مەولەویدا




۱-باد شمال-۹ ۲-گل-۸ ۳-نسیم-۷ ۴-باد ویرانگر-۳ ۵-کوهسار و صحرا-۳ ۶-مرود-۳ ۷-ابر-۳ ۸-حبور-۲ ۹-نرگس-۳ ۱۰-سبزه-۲ ۱۱-گرد و خاک-۲ ۱۲-ییلاق-۲
۱۳-گرمسیر-۲ ۱۴-درخت زید و چنار-۲ ۱۵-نونهال-۱ ۱۶-لاله-۱ ۱۷-سوسن-۱ ۱۸-دشت-۱ ۱۹-خاشاک-۱ ۲۰-گذرگاه-۱ ۲۱-شکوفه-۱ ۲۲-چمن-۱ ۲۳-یخ-۱
۲۴-بستان-۱ ۲۵-مه-۱ ۲۶-اشک-۱ ۲۷-جماد-۱ ۲۸-نبات-۱ ۲۹-گردش-۱ ۳۰-جایگاه-۱ ۳۱-برگ پاییزی-۱ ۳۲-ظهرها-۱ ۳۳-وحشی‌ها-۱ ۳۴-سوزباد-۱ ۳۵-دانه-۱
۳۶-سیرانگاه-۱


گرافی ژمارە ٨: ئەو دیاردە مادییانەی شیعری مەولەوی کەسایەتیان پێ دراوە




گرافی ژمارە ١٩: [illegible] شیعری مەولەوی [illegible] (٥٠٠ بەیت)




**نمودار شماره ٢٣: مجازهای مرسل دیوان مولوی کرد**



نمودار شماره ۲۴: فراوانی صنایع استخراج شده در حوزه‌ی بدیع در دیوان مولوی کرد



**سەرچاوەکان**

۱. براهنی، رضا. طلا در مس، (۱۳۷۱)، تهران، ناشر (نویسنده).

۲. شفیعی کدکنی، محمدرضا. **صور خیال در شعر فارسی**، (۱۳۷۵)، تهران.

۳. شمیسا، سیروس. **بیان**، (۱۳۷۴)، تهران، انتشارات فردوس، چاپ پنجم.

۴. فتوحی، محمود. **بلاغت تصویر**، (۱۳۸۶)، تهران، انتشارات سخن، چاپ اول.

۵. فرشیدورد، خسرو. **درباره‌ی ادبیات و نقد ادبی**، (۱۳۶۳)، تهران، مؤسسه‌ی انتشارات امیرکبیر.

۶. قزولجامی، عباس. ری را، (۱۳۷۶)، تهران، انتشارات معین، چاپ ...

۷. کروچه، بندتو. **کلیات زیباشناسی**، (۱۳۸۶)، مترجم فؤاد روحانی، مرکز انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ هفتم.

۸. کزازی، میر جلال‌الدین. **زیباشناسی سخن پارسی (بیان)**، (۱۳۶۸)، تهران، کتاب ماد وابسته به نشر مرکز، چاپ چهارم.

۹. نیوتن، اریک. **معنی زیبایی**، (۱۳۵۰)، ترجمه‌ی پرویز مرزبان، چاپ دوم، بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

۱۰. یوسفی، غلامحسین. **چشمه‌ی روشن** (۱۳۸۶)، تهران، انتشارات علمی.

۱۱. تاوەگۆزی، سەیّد عبدالرّحیم. **دیوان اشعار**، کۆ کردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕس، (۱۳۸٦)، سنە، ئینتشاراتی کوردستان، چاپی پێنجەم.

۱۲. قادر محەممەد نەورە. **لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی** (۲۰۰۷)، سلێمانی چاپی سێیەم.

# گەڕان بە شیعرەکانی مەولەویدا

د. عبدالوهاب عبدالله چروستانی

مەلا عبدالرحیم کوڕی سەعید کوڕی شریف لە نەوەی پیرخدری شاهۆییە لە ساڵی ١٢٢١ك بەرامبەر ١٨٠٦ز لە دایك بووە لە دێی سەرشاتە.

نامەوێت زۆر لەسەر ژیانی بدوێم چونکە مەبەستی زیاتر لەم فستیڤاڵە ئەدەبە نەك گێڕانەوەی ژیان وبەسەرهات،لەگەڵ ئەوەدا من ژیانی مەولەویم لە سێ قۆناغدا بەرچاو ئەکەوێت.

١ – یەکەم قۆناغی منداڵی وزانست وەرگرتن:-

مەولەوی لە بنەماڵەیەکی بەرچاوو زانست دۆستدا پەروەردە بووە بۆیە لە منداڵیەوە ڕووی کردۆتە خوێندن و فێربوون،لای باوکی کە مەلا بووە قورئانی پیرۆز و خوێندنەوە سەرەتاییەکانی تری تەواو کردووە،دواتر لە ناو چوارچێوەی ماڵ دەرچووەو ئەم مزگەوت و ئەو مزگەوت و ئەم دیو ئەو دیو ئەم شار و ئەو شار تەنانەت پەی بە سنوریش بردووە بە تایبەتی ئێران (پاوە و سنە و مەریوان و جوانڕۆو چەند شوێنێکی تری کردووە )بۆ وەرگرتنی زانست تا لە ساڵی (١٨٤١ ز)دا لە (دار الاحسان) کە مزگەوتێکە لە سنە اجازەی علمی لای مەلا احمدی نۆتشەدا وەرگرتووە، ئەگەر چی ڕایەکی تر هەیە کە پێی وایە لە سلێمانی لە مزگەوتی مەلکەندی ئەو اجازەی علمیەی لە خزمەت مەلا عبدالرحمن

نۆتشەدا وەرگرتووە من پێم وایە لە هەردوو لا ئەو اجازەیەی وەرگرتووە، لە دووەمیاندا بۆ پیرۆزی بووە.

٢ – قۆناغی دووەم لە ژیانی مەولەویدا، بە دامەزراندنی وەك مامۆستایەکی ئاینی دەست پێ ئەکات، یەکەم دامەزراندنیشی لە دێی چروستانەی سەر بە قەزای هەڵەبجە بووە کە بووەتە پێش نوێژو وتار بێژ و دەرسی بە فەقێکانیش وتۆتەوە، هەر لەم دێیەدا خێزانی پێك هێناوە کە ناوی عنبەر خاتوون بووە و ئەفغانی بووە زۆریش خۆشی ویستووە.

٣ – قۆناغی سێهەم لە ژیانی مەولەویدا سۆفیگەرێتی بووە، بۆیە خورپەی دڵی بۆ گرتنی ئەو ڕێگەیە کەوتۆتە پەلە پەلو بەرەو تەوێڵە بە هەڵەداوان ڕێی گرتۆتەبەرو لە خزمەتی (سراج لدین)دا تمسکی کردووە.

لێرەدا من ئەمەوێت تۆزێك لەسەر ئەم تەوەرە بڕۆم تا بزانین مەولەوی تا چەند صۆفی بووە لە کاتێکدا ئەو وەك مەلایەکی ئاینی تمسکی تەواویشی بە شەریعەتەوە هەبووە چونکە تێك هەڵچونێکی توندو تیژ لە نێوان ئەهلی تەریقەت و ئەهلی شەریعەتدا بووە بۆ نمونە محوی بە تەواوەتی خۆی ساغ کردووەتەوە کە ئەهلی تەریقەتە و فڕی بەسەر ئەهلی شەریعەتەوە نیە بۆیە بێ چەندو چوون ئەفەرموێ :-

*لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ ذوننـاری زوڵفی یـار*

*وەك و شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چیبکەم*

لەوەش ڕۆشن تر ئەفەرموێت.

*سەجادەی مەی پیا ڕژاوم عوریان و لەش بە خوێن*

*نـوێـژم مەظنـە وایـە لـەمـەودوا ئـەبێ قبـوڵ*

مەولەوی لە دوای تەمەنی چل ساڵیەوە تمسکی کردووە بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵی ١٨٤١ دا ئەو اجازە نامەی زانستی وەرگرتووە دواتر لە چروستانە وەك مامۆستایەکی ئاینی دادەمەزرێت دیارە دوای چەند ساڵێك خزمەت کردن هەوای سۆفیگەری لێی ئەداو بەرەو تەوێڵە لە خزمەت (سراج الدین)دا تمسك ئەکات و ئەبێتە مریدی ئەو زاتە، کەواتە ئێمە ئەتوانین ئەو شیعرانەی کە لە ناوەڕۆکدا ڕۆحی سۆفیگەریان تێدایە بیخەینە دوای ئەو مێژووەوە.

بەڵگەی ترمان بۆ ئەوەی کە لە دوای چل (٤٠) ساڵیەوە تمسکی کردووە ئەو هۆنراوەیەتی کە ئەفەرموێ.

*ساقی پام بەستەی زنجیری پیرین*
*دەسم دامانت وادەی دەستگیرین*

دواتر ئەفەرموێت....

*مەستی وە پیران جەوانی مەدۆ*
*هێزی دوو بارەی زرانی مەدۆ*
*پێم دەر تا پەی پەی پێوە هەی کەرون*
*رای سەختی سارای مەحشەر تەی کەرۆن*

زران:- ئەژنۆ
پێم دەر:- پێم بدە
تا پەی پەی:- پەیتا پەیتا
هەی کەرون:- هۆرە بکەم

دیارە (ساقی) مەبەستی شێخەو (مەی) خۆشەویستیەلە ئەدەبی صۆفیدا تمسك ئەبێت لەسەر دەستی شێخ بێ بۆیە سۆفیەکان ئەڵێن (( من لا شیخ له فالشیطان شیخه )).

***شیعری مەولەوی....***

کاك حەکیمی مەلا صالح وەسفێکی جوانی شیعری مەولەوی کردووە کە ئەڵێت (سهل الممتنع) واتە ئاسانێکی (مانا ئاڵۆز) یان (مانا یاخی) بێگومان ئاڵۆزیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ مانا سۆفیگەریەکەی، بۆیە زۆر جار کاتێ گوێ بیستی شیعری مەولەوی دەبی یان دەیخوێنێتەوە توشی تێڕامان دەبیت بۆ لێ تێگەیشتن خۆ ئەوەی ئاگاداری زانستی سۆفیگەر نەبێت بێگومان لە ڕۆحی مانای ئەو شیعرانەی تێ ناگات لەبەرئەوەی بە پێی مانا سادەکانی ووشەکەی مانایەکی بەسەردا ئەسەپێنێ بێگومان ڕوبەرێکی پان و بەرین هەیە لە نێوان زانستی سۆفیگەری و زانستە ئاینیەکانی تردا مەحوی ئەڵێت.

*بکە سەیری فتوحات ئەر گەرەکتە تۆ فتوحی روح*
*کتێبی دڵ موتا لا کردنە بروانە مەکتوبات*

کەواتە ئەگەر بتەوێت هەڵگری مەشخەڵی ئەو ڕێبازە بیت یان لەو زانستەو شیعرەکانی ئەو ڕێبازە تێبگەیت ئەبێت کتێبی (فتوحاتی مەکی) کە هی (ابن عربی) و (مکتوباتی ربانی) کە ئیمامی ڕەبانی و کاك احمدی شێخیش هەیەتی و باس لە حەیاتی ڕۆحی ئەکەن، ئەبێت لەو کتێبانە کە سەرچاوەن بۆ سۆفیگەری بە باشی تێبگەن.

ئەوەتا مەحوی کەسێکی تەنانەت ئەگەر کەم فامیش بێت بەڵام لەسەر ڕێبازی سۆفیگەری بێت و هەنگاوی بەرەو پێشی برد بێ لە ژیانی ڕۆحی خۆیدا گەلێ بەزانا تری ئەزانێت لەسەد عەلامە لە زانستەکانی تردا ئەڵێت.

*لەبەر دەرگاهی عەشقا یەکسەرە هەرکەس سەری دانا*
*ئەگەر یەتیارەیەك بوو بوو لەسەد عەلامە داناتر*

مەولەوی کاریگەری شاعیرە فارسیەکانی زۆر لەسەر بووە وەك (حافظی شیرازی) و (سەعدی) و (خیام) (جلال الدین روومی) (صائب) (کەلیمی) مەولەوی لە ناخی ئەو شاعیرانە تێگەیشتووە، هەروەها هەندێك لە شاعیرە کوردەکانیش کاریگەریان لەسەری هەبووە وەك (خانای قوبادی) (بێسارانی).

گرنگترین بابەتە شیعریەکانی : شیعری شیوەن و شیعری تانەو لۆمە و شیعری ئاینی، شیعری سۆفیگەری، شیعری فلسفی، شیعری مناسبات، نامەی شیعری بۆ شێخەکان ولەگەڵ بابەتی تری شیعردا.

### *ئایا مەولەوی شاعیرێکی سۆفی بووە ؟*

مەولەوی شاعیر بووە پێش ئەوەی شاعیرێکی سۆفی بوو بێ، پێم وایە شیعری ئەو لە غەزەلدا لە سەرەتاوە بەسەر (عنبەر خاتوندا) وتویەتی دواتر ئەو غەزەلەش لە خۆشەویستی خوادا خۆی دیوەتەوە ئەوەتا (مەلای جزیریش) ئەڵێت.

***لا معا حوسن و جەمالێ دی ژ علمی بێتە عەین***
***عیشق دا ژێ هلبتن کی دی حەقیقەت بێ (مجاز)***

واتە : ئەبێت ڕۆشنایی جوانی بدرەوشێتەوە لە چاوی خەڵکیدا، ئەو ڕۆشناییەش هی ئاگری خوشەویستیەکە لە دڵ و دەرونی هەم کەسێکدا داگیرساوە، هیچ کەسێك نیە گەرمی ئەو ڕوناکیە لە ناخیدا نەبێت، بەڵام تا چاوی نەکەوێتە سەر جوانی خۆشەویستێکی مەجازی کە لەڕاستیدا ئەو خۆشەویستیە مەجازیە ڕەنگدانەوەی خۆشەویستیە حەقیقیەکەیە، ئاگری ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیە جۆش نادرێت، بۆیە ڕێگای بەرەو خۆشەویستیە حەقیقیەکە بە خۆشەویستی مەجازیدا تێپەڕ ئەبێت، بەسەرهاتی خۆشەویستی مەلای جزیری بۆ (سەلما) ناوێ نمونەی ئەو ڕاستیەیە کاتێ جزیری لە خۆشەویستی مەجازیەوە ئەکەوێتە دەریای خۆشەویستی حەقیقیەوە لە ڕێگای تمسکەوە، مەحویش هەر لەو بوارەدا ئەڵێت.

***ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چیبکا***
***کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەنگا نەبێ بولبول لە چڵ چیبکا***
***کە هەڵگیرسا لە نوری بادە شەمعی حوسنی جانانە***
***نەچێتە سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چیبکا***

مەولەیش سەبارەت بەو خۆشەویستیە حەقیقیەی ئەڵێت.

*پەی کەسێ خاسەن نامەی جەحوب کەیل*
*تــازە بســانــۆ وچــوو جـەجوی مـەیل*
*خۆمــن هــەر جە زوو وە مـەیلت مەستم*
*هــەرجــان فیــداکەی رۆکــەی (الست)م*

مەولەوی بە پێی سیاقی تاریخی و هەڵوسوکەوتو بەشێکی شیعرەکانی ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مەولەوی سۆفی بووە بەڵام وەك پێشتر وتمان کە مەولەوی دوای تەمەنی چل (٤٠)ساڵی تمسکی کردووە بۆیە وەك ئەوەی لۆمەی خۆی بکات بۆ ئەو دواکەوتنەیو ئەڵێت.

*ڕاگــەی حەقیقـەت جەویرت شی یەن*
*یادت پەی مەحبوب حەقیقی نی یەن*

واتــە : بۆچـی ڕێگـای ڕاسـتیت لەبیرچـووەتەوە وبیرلـە خۆشەویـستی ڕاستەقینە ناکەیتەوە.

دیـسان ئەگـەر بـە دوادا چونی شـیعرەکانی مەولـەوی بکـەین ئـەبینین وێڵە بەدوای کەسێکدا کە دەستی بگرێت و لـە سـەر دەسـتی پـیرۆزی تمـسك بکات و ئەڵێت.

*بەندە ئیحرام بەند کەعبەی حزورەن*
*راڵمـــە زانـــون بـــەڵـــەد زەرووڕەن*
*مەواچان هیمەت پەی بەڵەد خاسـەن*
*ڕاسشان فەرمان، ئەڵبەت هەر پاسـەن*

واتە بەندە ئیحرام بەندی کەعبەی حزورتانە، چونکە ڕێگا شارەزا نیم، شارەزایەکم پێویستە، ئەڵێن هیمەت بۆ شارەزا باشە ڕاستیان فەرمووە هەڵبەتە هەر واشە.

***ئیمانی مەولەوی بە (وحدة الوجود) یەکتایی خوایی....***

وەحدەی وجود :- بیرۆکەیەکە کە (ابن عربی)لە شێوەی تەواویدا دای ڕشتووە،ئەو وای دائەنێت کە یەك بوونەوەری ڕاستەقینەهەیە ئەگەر چی هەستیارەکانمان بوونی زۆر شتی تر هەست پێ ئەکەن، کەواتە بە پێی ئەو بۆچونەی ابن عربی دوو جۆر بوونەوەر هەیە (حق)و (خلق) : واتە خواو دروستکراوەکانی ئەو (حق)کە مەبەستی خوایە بە بوونەوەرێکی ڕاستەقینەی دائەنێت،(خلق) بە بوونەوەرێکی مەجازی دائەنێت و ئەڵێت.

***فما نظرت عيني الى غير وجهه وما سمعت اذني خلاف كلامه***

وەیان ئەڵێت : ***سبحان الذي اظهر الاشياء وهو عينه***

حق :- خوا لای ابن عربی دوو مانای هەیە :-

١- ذاتی خوا : کە ڕاستیەکی بەلگە نەویستە نادیارە محاڵیشە پێگەیشتنی.

٢- دیاردەو سیفاتەکانی کە بەرامبەر بە (خەلق) واتە دروست کراوەکانی ئەگەر مەبەستی لە حق ذاتی بێت ئەوا یەکە ئەگەر مەبەستیشی دیاردە و سیفاتەکانی بێت ئەوا لە ژمارە نایەت.

مەحوی ئەڵێت.

***غەیری وەحدەت لە وجودا نی یە کەثرەت وەهمە***

***سادە تیکراری یەکە مەنشەئی ئەوهامی عەدەد***

مەولەویش ئەفەرموێت :-

*یەك دەنگی مایەی ڕستگارییەن*

*ساقی وە جامێ دەردم كاریەن*

یان ئەفەرموێت :-

*كائینات جەلام گـرد تەسـویری تـۆن*

*ئەریابەن ئەر دەشت ئەر شاخەن ئەركۆن*

یان كاتێك مەولەوی ئەفەرموێت :-

*وەخت چەم، نەچەم شێوەت دیار بێ*

*جەلام فصل و وصل، بەزم ئەغیار بێ*

*ئیستە لێلأیی گرتەن دوو دیدە*

*خەڵوەتەن سا بۆ ئەی بەر گوزیدە*

برایان ئەگەر تۆزێك بە وردی ئەم شیعرەی مەولەوی ڕاڤە بكەین بێ هیچ دوو دڵیەك بۆنی (وحده الوجود) لەو شیعرەوە دێت.

كاكڵەی مانای شیعرەكە ئەڵێت كاتێك كە چاوم بینا بوو واتە هەستیارەكانم لە گەڕدا بوون ئەغیارم بەدی ئەكرد بڕوام بە چەندەها جۆرەی بوون هەبوو، بەڵام ئێستە كە ئەو هەستیارەم نیە گەیشتمە ئەو بڕوایە تەنها یەك بوونی ڕاستەقینە هەیە ئەویش (الحق) واتە خوایە، كەواتە مەولەوی كە چاوی مەعنەوی بڕوای بە ڕاستی بوونی ئەو بوونەوەرانەی تر نەما بڕوای بە یەكتایی خوا هێنا وهەموو بوونەوەكانی

تر بوونیان مەجازیەورەنگ و ڕوون بۆ ئەو بوونەوەرە ڕاستەقینەیە، ابن عربی ئەڵێت.

*انما الكون خيال وهو حق في الحقيقة*

*والذي يفهم هذا حاز اسرار الطريقة*

***حلول لە شیعری مەولەویدا....***

کاك حکیم دەڵێت لەوە ناچێت مەولەوی ئاگای لە شیعری شاعیرە عەرەبەکان بوبێت بەڵام ئاگادار بوونی مەولەوی لەو بابەتە فەلسەفیانە وەك (وحدة الوجود، حلول، فناو بەقا و اتحاد کۆمەڵێك زاراوەی سۆفیگەری وەك (وصل و فصل، هجر، مەی، ساقی، زوق، فرق... بەلگەن لەسەر ئاگا بوونی مەولەوی لە شعیری بیری سۆفیگەری گەورە سۆفیەکان وەك حلاج وابن عربی و ابن الفارض و رابعة العدوية، مەولەوی ئەفەرموێت.

*سەراپای ئەعزام ئێسك و مەغزو پۆست*

*دایم مەیولیش زایەڵەی یا دۆست*

*دۆستەن نە تۆی پۆست مەوا چۆ یا دۆست*

*وەرنە كێ دیەن سەدا بدۆ پۆست*

واتە هەموو ئەندامەکانی لەشم، ئێسقان و مۆخ و پێست هەمیشە زایەڵەی یا دۆستیانە (خوا) ئەوە خودی دۆست خۆیەتی لە پێستمدا ئەڵێت یا دۆست، ئەگینا كێ دیویەتی پێست دەنگی لێوە بێت :

حلول : بەمانای (ان يحل الله جزءا او كلا في الانسان)

وەك بڕوای شیعەكان بەوەی كە خوا لە ئیمامی عەلیدایە.

مەولــەوی وەك زۆربـــەی زۆری شـــاعیرە ســـۆفیەكانی تـــر بینـــینی خۆشەویستی بەرامبەر بە موژدەی بەهەشت داناوە و ئەڵێت.

*بـــەهـەشـــت باقـــی دیـــن دڵبـــەرەن*
*جە قیسمەت خانەی ئەمن ئەو دەرەن*
*سـا كە دەی دینـەن بەهەشت باقی*
*ئیسە من بەی دین دۆزەخیم تاقی*

واتــە بەهەشـت كـە دەسـكەوێت و بمێنێتـەوە بینـین دولبـەرە، بـەلأم بەشی مـن لـەو بەهەشـتەدا نیـە، جـا كـە بـوونی بەهەشـت و مانـەوەی لـە بینینی یاردا بێت منیش لێی بێبەش بم واتە كەواتە من دۆزەخیم.

سۆفیەكان خۆشەویستی خواو بینـینی بـە چـاوی دڵیـان ئەخەنـە پـێش پاداشـتی بەهەشـت، بۆیـە كـاتێ ابـن الفـارض لەسـەرە مەرگـدا ئـەبێ و (ابراهیم الجعبری) كە ئەویش لە سۆفیە گەورەكان بوو بە دیاریەوە بوو لە كاتی ڕۆح دەرچـونی ابـن الفـارض بەهەشـت دێتـە بەرچـاویان بـەلأم ابـن الفارض دەست ئەكات بە گریان و ئەڵێت.

| | |
|---|---|
| *ان كان منزلتي في الحب عندكم* | *ما قد رايت فقد ضيعت احلامي* |
| *امنيــة ظفــرت بهـــا روحـــي* | *واليــوم احسبها اضغاث احلامي* |

لە كۆتاییدا ئەڵێم بە ڕاستی زۆر شت ماوە لەسەر سۆفیگەری مەولـەوی بوترێـت ئەگـەر ئێمـە بەشـێكی زۆری شـیعرەكانی لەبـەر ڕۆشـنایی بـیری

سۆفیگەریدا ڕاڤە بکەین، بەلآم لێرەدا پێم وایە هەر ئەوەندە دەرفەت هەیە.

ئەوەندە هەیە بە بۆچونی من مەولەوی لەو صۆفیانە بووە کە طریقەو شەریعەی پێکەوە گونجاوندوە، بە پەیڕەوی کردنی امامی غەزالی، کە ئەلێت الطریقة بلا شریعة باطلة والشریعة بلا طریقة عاطلة.

**نیتر ڕێزو خۆشەویستیم قبوڵ بفەرموون**

# سەرچاوەی دیوانی مەولەوی
# کارێکی نوێ بۆ مەولەوی

محەممەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

مەولەوی یەکێکبووە لەو مەلا کوردانەی کە بە ڕاستی شیاوی ئەوە بووە پێی بگوترێت دوانزە عیلم و بگرە زیاتریش. مامۆستایانی کۆنمان کە ئیجازەیان وەرگرتووە و پێیان گوتراوە (دوانزە عیلم) بە راستی ئەو ئیجازەیان دراوەتێ و شیاوی ئەو ناوە بوون، چونکە چەندین عیلمی وەك- جگە لە نەحو و صەرف و بەلاغە و شەرع...- : (مەنتیق، حیکمە، هەیئە، جەبر، هەندەسە، عەرووز، قافیە، جەفر، رەمل)یان خوێندوە و زانیویانە. مەولەوی یەکێکبووە لەو مامۆستا مەزنانەی ئیجازەی لەو زانستانەدا وەرگرتوە و شیاوی ئەو ئیجازەیش بووە.

ئەوە بوە وەك لە شوێنەوارەکانیەوە دیارە- لە کەلام و فەلسەفە و مەنتیق و حیکمەت و.......شارەزا و مەلەوان بووە. سالی ١٩٩٧ کە داویان لێکردم یەکێك لە زانا و شاعیرانی کورد بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بناسێنم، مەولەویم هەڵبژارد و باسێکم بەناوونیشانی (عبدالرحیم المولوی شاعر العقیدە والطبیعة والتصوف) نووسی و لە گۆڤاری (الادب الاسلامی)دا بلاوبووەوە (١).

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بلێێم: مەولەوی وەك شاعری سروشت بووە و شیعرە بەرزەکانی لەو بوارەدا مایەی رێز و سەرسامیی شەیدایانی ئەدەبە،

بەرهەمەکانی دیشی لەوە کەمترنین. بە تایبەتی لە بواری عەقیدە و عەقیدەی کوردیدا کە ئەوەندە شوێن دەستی دیارە هیچ زانایەکی کورد نەیگەیوەتێ. ئەوەتا لە بواری عەقیدەی کوردیدا دانراوەکانی (عەقیدەی مەولەوی) و (زوبدەی عەقیدە) و (عەقیدەی مرضیة)ی نووسیوە. بە زمانی عەرەبی (الفضیلة)ی نووسیوە، بە زمانی فارسیش (فوائح)ی هەیە. جگە لەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – خودا پاداشتی بەخێر و نەبڕاوەی بداتەوە-شەرح و لێکدانەوەی لەو دانراوانە کردووە و چاپی کردوون، کێ دوای ئەو لایەکی لێکردوونەتەوە؟ ئایا جێگەی خۆی نەبوو چەند قوتابی خوێندنی بالآ ئەم دانراوانەی مەولەوییان بکردایەتە جێگەی باس و مایەی وەرگرتنی بڕزوانامەی خوێندنی بالآ؟

ئایا جێگەی خۆی نەبوو کتێبی (الفضیلة) بکرایەتە سەرچاوەی باسێکی تێر و تەسەل و، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی لە سەربکرایەت و لە بەرگ و شێوەیەکی قەشەنگ و شیاودا پێشکەشی پێشکەشی کتێبخانەی عەرەبی و ئیسلامی بکرایەت، تا بە جیهانمان بوتایەت: ئەم پیاوە لە چیاکانی کوردستاندا ئەم زانست و زمانە بالآیەی بەدەستهێناوە و، نە لە شارە گەورەکانی جیهان فێری ئەو زانستە بوە و نە خۆیشی مامۆستای مەدرەسەیەکی گەورە بوە تا تیایدا قالّی ئەو زانستە ڕەوان و فراوانە ببێت.

یان کە گەلێ لە رۆشنبیران بە پەرۆشەوە بە شوێن دەقی پەخشانی کۆندا دەگەرێن، نەدەکرا لا لەو بکەنەوە کە ئەگەر بدۆزرێتەوە و بەراوردبکرێت، لەوانەیە مەولەوی یەکەم پەخشاننووسی شێوەی کرمانجی خواروو بێت؟ ئەمیش بە پێی ئەو دەقە هەشت لاپەڕەییەی کتێبێکی عەقیدەی مەولەوی بە پەخشانی کوردی کە من بۆ یەکەمجار لە بەرگی

هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا بڵاومکردەوە و، دوور نییە ئەگەر بەخت یاربێت و نوسخەی تەواوی ئەو کتێبە بدۆزرێتەوە ئاسۆیەکی روونتر و فراوانتر لە ژیانی رۆشنبیریی مەولەوی و بایەخدانی بە عەقیدەی ئیسلامی بۆ رۆشنبیرانی کورد لە ئاسمانی رۆشنبیری کوردیدا هەڵبێت و درز بە گومانی ئەوە بدات کە مامۆستایانی پێشوومان لایان لە پەخشانی کوردی نەکردووەتەوە.

مەبەستم لەم سەرەتا کورتە ئەوەیە بڵێم، بۆ دیوان و شیعرەکانیشی کە کێش و سەنگی زۆری خراوەتەسەر و لە کوردستاندا مەولەوی بە دیوانی شیعرەکانی زیاتر ناسراوە تا بەرهەمەکانی دی، کارێکی ئەوتۆ نەکراوە و دیوانی مەولەوی کە مامۆستای نەمر (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) کۆیکردۆتەوە و لێی کۆڵیوەتەوە، لە سەر ئەو دیوانەیش و لە بەر رۆشنایی ئەویشدا چەند کاری دی کراوە و (لیریکای شاعیری گەورەی کورد)ی ئەنوەر قادر محەمەدیش کە کارێکی زانستییە بۆ مەولەوی کراوە، هەموویان کاری شیعر و دیوانی مەولەوییان نەگەیاندوەتە دوا قۆناغ و، هێشتا زۆری ماوە ئەوەی پێویستە بۆ شیعر و بەرهەمی ئەم کەڵە زانایە بکرێت. منیش کە هاتووم بۆ ئەم کۆڕە دەمەوێت لاقە کوللەی خۆم بخەمە سەر سفرە و خوانی ئەدەبی مەولەوی و بە بەشداربووانی ئەم کۆڕە پیرۆزە بڵێم هەرچەند من سواری ئەم مەیدانە نیم و بواری شیعری مەولەوی شاسواری قاڵبووی کۆڕ و کۆمەڵگەلێکی دەوێ مەردانە و سواچاکانە لە هەموو بوارێك بە سەرکەوتوویی پەڕیبێتەوە... بە هۆی ئەوەوە پتر لە چارەکە سەدەیەکە شەیدای شیعری مەولەویم و هەر هەل و دەرفەتێك رەخسابێت بێ فرسەت لەدەستدان قۆزتوومەتەوەو، رەنج و زەحمەتی زۆرم داوە و کێشاوە، بۆ سەرچاوەی دیوانی مەولەوی.

دەتوانم بە ترس و لەرز و داوای لێبوردن لە گیانی پاکی مەولەوییەوە پرکێشی ئەوە بکەم بڵێم : ئەو سەرچاوانەی من بەدەستم هێناون بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی گومانی ئەوە دەبەم بۆ کەسی دیکە نەرەخسابن و، ئەوەندەم سەرچاوە لە دەستدایە ئەگەر خودای مەزن یارمەتیم بدات تەمەن و وزەی لەش بەبەریانەوە بێت منیش بەش بەحاڵ و توانای خۆم بەشی خۆم بخەمەسەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی و، هیوادارم بەو کارەیش هەنگاوێ یان قۆناغێ کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی بەرەوپێش بڕوات.

### ( سەرچاوەی دیوانی مەولەوی )

سەرچاوەی دیوانی مەولەوی یان هەر شاعیرێکی دیکەی کلاسیکمان (دەسخەت و کەشکۆڵ و دەسخەتی کۆن)ن، کە ئەدەبدۆستان و رۆشنبیرانی کۆنمان هەر کەس بۆ خۆی یان بۆ کەسانی دی و مامۆستا و میرانیان نووسیونەتەوە. دەبێ ئەوەیش لە بیرنەکەین تا ئێستا سەرجەمی دیوانی هیچ شاعیرێکی کۆنمان بە دەستخەتی خۆی نەدۆزیوەتەوە و لە دەستدا نییە. بۆیە دەبێ بگەڕێن بە شوێن دەستخەتدا و تا زۆرمان دەستبکەوێت کەمە، بەڵکو ئەنجام بگەینە دەستخەتێ- یان دەستخەتگەلێ کە نزیک بە چەرخی شاعیر بێت، یان شاعیر ئاگای لە نووسینەوەی بووبێت، یان لەبەر دەستخەتی شاعیر خۆیدا نوسرابێتەوە.

لەم روانگەوە هەوڵی زۆرم داوە و مەودای گەڕان و هەوڵەکانم فراوانکردووە، تا سنووری پارچەکانی کوردستانی بەزاندوە و، دەست و دەم و دەنگم بە هەر دڵسۆزێك گەیشتبێ داوای یارمەتیم لێکردوە و گەلێکیشیان بە دەنگمەوە هاتوون و رەنج بە زایە نەبووم و کەرەستەیەکی

باشــم بەدەســتهێناوە، کــە هەنــدێکیان پێــشتر هــەواڵیان زانــراوە و، بــە شێوەیەك لـە شـێوەكان سـوودیان لێـوەرگیراوە، هەندێکیـشیان تـا ئێـستە دەستی لێکۆڵەر و شەیدایان و دەروێشانی مەولەوییان پێنەگەیشتوە.

لێــرەدا سووچــێکی بــەرووبوومی تێکۆشــانم بــۆ کەرەســتەی دیــوانی مەولـەوی بـۆ نێـوەی ئـازیز و خـەمخۆرانی ئـەدەبی رەسـەنی کوردی بـاس دەکــەمن بــەڵکو بەیارمــەتی خــودا بــەم کــارە رەنــی خــەرمانی ئــەدەبی مەولەوی فراوانتر و شکۆدارتربێت.

پێش هەموو شتێك دەڵێم: تەنها مـن نـیم لەسـەر رێگەی ئەم کاروانـە پیرۆزە لەسەرخۆ – پاڵم گەستم- ورد ورد هـەنگاودەنێم/ بـەڵکو لەوانەیـە کەسـانێك هـەبن کـە مـن یـان گـشتمان ئاگامـان لێیـان نـەبێت زۆر لـە مـن بەسۆزتر و زانستییانەتر کار بۆ مەولەوی بکەن و کاری باش و کەرەستەی باشتریـشیان بـۆ رەخـسابێت. هـەروەها ئـەوەیش دەڵـێم: پـێش ئێمـەیش کەسـانی دی هـەبوون بـە سـۆزەوە لەسـەر ئـەم رێگـە پـیرۆزە رۆیـشتوون و شــەویان داوەتــە دەم رۆژ و بــە توانــای بــاش و، پــشووی فــووڵ و، هیــوای ئەنجامدانی کاری گەورە رێگەیان بریوە، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نـەداون و لـە سەرەتای، یان لە نیوەی، یان لە نزیکی کۆتاییی رێگەیاندا لە پێکـەوتوون و بارگە و بنەیان بێ خەمخۆر ماوەتەوە.

یـەکێك لەو شاسوارانەی رێگای کاروانی مەولـەوی کـە رەنگـە زۆر کـەس ئاگایـان لێـی نـەبێت (د. محەمـەد صـدیقی مـوفتی زادە)یـە. ئـەم مامۆسـتا بەرێزە (خ) یەکێکبووە لەو شەیدایانی بەرهەم و دیوانی مەولـەوی و کـاری گـەورەی بـە دەسـتەوە بـووەو، پرۆژەیـەکی بـۆ کۆکردنـەوە و لێکۆڵینـەوەی دیـوانی مەولـەوی داناوەکـە لـەوە و پـێش کـاری وەهـا نـەکرابوو، ئەگـەر بکرایــەت ئــەنجامی بدایــەت لەوانــە بــوو کــاری مەولــەوی یەکــسەرە

بکردایەتەوە و، پێویست بەوە نەبوایەت ئێمە مانان خۆمان بخەینە ئەو بوارە، چونکە وەك خۆی نووسیویەتی: (ئەم کتێبە لە چەند بەرگدا نووسراوە. بەرگی یەکەمی بۆ نموونە بلاّوئەکرێتەوە، لە زانایان و ئەدیبانی کورد تکائەکەم هەر جۆرە پێشنیار و رەخنەیەکیان هەیە رایگەیێنن).

بەلاّم بەداخەوە مەرگ مۆلّەتی نەدا و پرۆژەکەی لە سەرەتادا بوو کە کۆچی دوایی کرد. بەوە باشبووە دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (د. کەمال فوئاد) بە هەندێك لە مسوەدە و نووسراوەکانیدا دەگات و دەیانپارێزێ. کە زانی من بەهیوای کارکردنم بۆ دیوانی مەولەوی شەرەفی پاراستنی ئەو بەشەی پرۆژەکەی د. محەمەد صدیقی بە من سپارد و ئێستە وەك ئەمانەتێکی مێژوویی و ئەدەبی لە خزمەتیانداام. هەروەها د. کەمال وتی د. محەمەد صدیق (١٢) کەشکۆلّ و بەیاضی شیعری مەولەوی و شاعیرانی کوردی لەبەردەستدابووە کە ئەوانە سەرچاوە و کەرەستەی کارەکەی بوون. خۆشبەختانە توانیم وێنەی هەندێکیان بە دەستبهێنم و ئێستە لە خزمەتیاندامو، لەم هەلەدا یەکێکیان بە کورتی بە نێوەی بەرێز دەناسێنم. بەلاّم پێش ئەوە لەوە کورتتریش باسی چەند سەرچاوەیەکی دیوانی مەولەوی دەکەم کە یان ئەسلّەکانیان یان وێنەیانم دەستخستووە و بە هیوام سەرچاوەی پرۆژەکەم بن.

## کەشکۆلّی شێخ حیسامەدین

-١-

پێش هەموو شت دەبێ ئەوە بلێم: ئەم کەشکۆلّە لەتەك ئەوەدا یەکێکە لە کەشکۆلّە هەرە نایاب و کەموێنەکانی ئەدەبی کوردی و، لە

هەمان کاتیشدا سەرچاوەیەکی دەگمەنی دیوانی مەولەوییە، من نەمدیوە و نەمخوێندوەتەوە کەس هیچی لەبارەوە نووسیبێ، هەروەها سوودیشی بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی لێوەرنەگیراوە.

ئەم دەسخەتە لە شێوەی (بەیاض) دایە، نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕەیە، بایەخی زۆری پێدراوە، بە جۆگەلە بەش بەشکراوەن قەراخەکانی زەرکەفتکاری کراوە، بە خەتی چەند کەسێك نووسراوەتەوە، یەك لە یەك خەتیان خۆشتربووە، لاپەڕەی (١٦) دێری تێدایە، پێوانەکەی (٢٠×١١)یە. هەندێك کەمتەرخەمیکردن لە عاستیدا پێوەدیارە، تەڕبووە، شپرزەبووە، بەڵام کەمی لەناوچووە.

لە شوێنێکیدا مێژووی ساڵی (١٣١٨ك= ١٩٠٠ز) پێوەیە. چەند کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردوە لەوانە:

١- (محەمەد حەسەنی کوڕی نوەیسی عوسمانی) کە زاناو شاعریش بووە.

٢- گوڵباخ محەمەد عەلی.

٣- محەمەد سەعید.

یەکێك ماوەیەك ئەم دەستخەتەی لەلا بووە، بایەخی تایبەتیی بە دیوانی مەولەوی تێدا داوە، بەیت بەیت شیعرەکانی مەولەوی ژماردوە، بەو ژمارەی ئەو بەیتەکانی مەولەوی لەم دەستخەتەدا گەیشتوونەتە (١٤٦١) بەیت. یەکێك لە نووسەرەکانی ئەم کەشکۆڵە لە کۆتایی نووسینەکەیدا نووسیویە:

((فی حالة العجز والندمان کتبة العبد الاثیم الجانی الفانی من یسمی بمحمد عار الاسلام وناکس الراس عند رسول الامجد المعروف بسعید الدیوان، (شقی الوری فی الحساب والمیزان فایزا بتقبیل تراب اقدام مرشدة

الارشد، قطب الارشاد، وغوث العباد ومغیث البلاد، ووسیلة العصاة فی المبدا والمیعاد، کهف الغرباء، وملاذ الفقراء، ابی الضعفاء وللایتام، عماد الاسلام. الشیخ علی الملقب بحسام الدین- رضی الله عنه وارضاه وجعلنی الله فداه- فی (باغةکون) ۳۰ جمادی الاولی ۱۳۳۸)).

وێنەی ئەم دەستخەتەم لایە.

ئەم دەستخەتە بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی یەکێکە لە سەرچاوە پڕبایەخەکان و گەلێ جیاوازی لە تەك چاپەکەدا هەیە، وەك بەرکولێك ئەمە دەنووسم:

یار وەفادار شەرت و بەین بێ شۆ

چون نووری دیدەی مەعدوومی مەبۆ

وەختێ بەندەی وێش وەی حاڵ وەی چەم دی

ئەسرین وە چەمدا ڕێزاو پەشێو بی

لە چاپەکەدا لەسەری نووسراوە : ((مەولەوی ئەم دوو شیعرەی بە بۆنەی کوێربوونییەوە وتوە)) بەڵام لە دەستخەتەکەدا لەسەری نووسراوە: (رباعی باسم احمد).

لە دەستخەتەکەدا چوار خشتەکییەك هەیە لە سەری نووسراوە: (کۆماسی) واتە چوار خشتەکی ئەحمەد بەگی کۆماسی ئەمەیش دەقەکەیەتی:

ئەر بۆپرۆزێ وە مەلاڵەوە

یاوا وەلای تۆ جە شەماڵەوە

ئانە بۆپرووز سفتەی جەرگمەن

مەعلوومەن (مەعدووم ؟) وادەی مەرگمەن

لە ژێر ئەمەیشدا نووسراوە (معدوم در جواب)

واتە مەعدووم لە وەڵایدا وتوویە:

ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن
گۆیا خەڵاصیت وە دڵ ئاوەردەن؛
هەی پەی وێت نەوۆ، دۆسەکەی گیانی
صەد بۆ پڕووز بۆ تۆ هەر بمانی

ئەم چوارینەی دوایی کە هی مەولەوییە لە دیوانە چاپەکەیدا هەیە، بەڵام نە چوارینەکەی کۆماسی هەیە و، نە باسی ئەوەیش هەیە کە چوارینەکەی وەڵامی چوارینی کۆماسییە.

پارچەی:

دنیا نە گێجاو تاریکە شەو بێ
جە لاو رۆشنیش جەلا چون خەو بێ

لە کەشکۆڵی شێخ حیسامەدیندا چوار بەیت پێش ئەم سەرەتایە هەیە کە ئاوایە:

ساقی دەست چەرخ هەم ها نەکاردا
تای تانتەی دووریش وەستەن وە داردا
سەروەخت هەستیی جە دەس وەردامەن
تەدارەك خەستەی ئارۆ فەردامەن
تەمامەن بەراست قەبض و حەواڵەم
دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم
تا هیممەت وازوون وە یەك پەیمانە
خاڵی بۆ جێمەیچ گۆشەی مەیخانە

بە پێی دەستخەتەکەیش ساڵی (١٢٧٥) بۆ کۆچی دوایی شێخ عەبدوڕەحمان دانراوە- کە پارچە شیعرەکە بەو بۆنەوە وتراوە- بەڵام لە دیوانە چاپەکەدا ساڵی (١٢٧٧) دانراوە (٢).

## کەشکۆڵی مەلا عەبدوڵای مەریوانی

(٢)

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لە کەشکۆڵە مەموێنە و پڕ بایەخەکانی کتێبخانەی کوردی، بەری رەنجی (٣٣) ساڵی مامۆستای ئەدیب و مەولەویناس و مەولەویزانی کورد مەلا عەبدوڵای مەریوانییە، ئەو مەلا عەبدوڵای کە بە قسەی عەلادین سەجادی: یەکەم کەسبوو مەولەوی بە ناوچەی سلێمانی ناساندو، دەستی راستی پیرەمێردی نەمر بوو لە گۆڕانی شیعرەکانی مەولەویدا بۆ شێوەی سلێمانی و بە ناوی (رۆحی مەولەوی)یەوە چاپکرا.

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لەو کەشکۆڵانەی تا ئێستە بۆ دیوانی مەولەوی سوودی لێوەرنەگیراوە. پتر لە (٣٣٠) لاپەڕەیە، پێوانەکەی (٢٤× ١٠)یە لە سەر شێوەی بەیاض نووسراوەتەوە. لە ساڵی (١٣٠٧ك= ١٨٩٤ز) تا ساڵی (١٣٤٠ك= ١٩٢١ز) ئەم کەشکۆڵەی بە دەستەوە بووە و کاری تێداکردوە و هاوڕێی شەو و رۆژی بووە. مامۆستای مەریوانی لەم کەشکۆڵەدا بایەخی زۆری بە شیعری مەولەوی داوە، لە سەرەتای شیعرەکانی مەولەوییەوە نووسیویە: ((فهرست کلام افصح الشعراء الاکراد ملا عبدالرحیم متخلص بمعدوم – علیه الرحمة- )).

لە (٩٥) لاپەڕەی دەستخەتەکەیدا (١١٦) پارچە شیعری مەولەوی نووسیوە (٣).

مامۆستا ئەحمەد کوڕی مەلا حەمەئەمینی کوڕی مەلا عەبدولای مەریوانی بە شیاوی ئەوەی زانیم ئەم ئەمانەتە بپارێزم و شەرەفی ئەوەی پێدام لە خزمەت ئەم کەشکۆڵەدا بم و سوودی لێوەربگرم. زۆر سوپاسی دەکەم و ئەم کەشکۆڵەیش بە یارمەتی خودا سەرچاوەیەکی باشی دیوانی مەولەوی دەبێت.

## کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی

(٣)

یەکێکە لە کەشکۆڵە رەنگین و رازاوە و کەموێنەکانی کتێبخانەی کوردی, ئەم کەشکۆڵە کە بەری رەنج و شەونخوونی مامۆستای جوانەمەرگ مەلا فەتاحی کاگردەڵییە (١٣) ساڵ کاری تێداکردوە، بەرهەمی پتر لە (١٠٠) شاعیری کورد و عەرەب و فارسی تێدا کۆکردوەتەوە. بایەخی زۆری بە شیعرەکانی نالی و سالم و مەولەوی و کوردی و گەورە شاعیرانی کورد داوە.

ئەم کەشکۆڵە (٧٣٨) لاپەڕەیە، پێوانەکەی (٢٣×١٣)یە، ژمارەی دێڕەکانی لاپەڕەکانی وەك یەك نین. ساڵی (١٣٣٠) و دەوروبەری نووسراوەتەوە. مەلا فەتاح (١٤٤) لاپەڕەی بۆ دیوانی مەولەوی تەرخانکردوە, بە وردەکارییەکی جوان و خەتێکی خۆشەوە دیوانەکەی نووسیوەتەوە، گەلێ باس و موناسەبەی لە سەر شیعرەکان نوسیوە، ئەو شوێنانەی بۆ خوێندنەوە زەحمەتن سەر و بۆری بۆ کردوون. جارجار لە پەراوێز و ناو دێڕەکاندا بە فارسی مانای شیعرەکانی کردوە. هەر لە بارەی بایەخدانیەوە بە دیوانی مەولەوی و کەڵە شاعیرانی دیکەی کورد لە سەرەتای دیوانی مەولەوییەوە بە فارسی شتێکی نووسیوە ئەمە کورتەکەیەتی:

هەزارجار بە خودا؛ هەزار هەزارجا بە خودا و بە قورئان و بە پێغەمبەر سوێندم خواردوە و سوێند دەخۆم؛ ئەم کوللیاتی مەولەوییە لە گەڵ شیعری نالیدا تا گیان لە لەشمدا بێت نە بە کەسی دەبەخشم، نە بە کەسی دەفرۆشم. با کەس خەیاڵی خاو نەکات و گەوهەری خۆی لە سەنگ نەدات ؛ چونکە بە زەحمەتێکی زۆر دەستم خستوە، جێگەی تەکلیف نییە؛.

دەبێ ئەوە بڵێم: ئەم پیاوە جوامێرە لە سەر ئەو سوێندەی خۆی ماوە تا ئەنجام لە کێشەیەکی خێڵەکیدا شەو لە جێگەدا تەقەی لێکراوە و پێکراوە و هیوای ژیانی نەماوە. لەو کاتەدا بە خوڕ خوێن لە زامەکەی ڕۆیشتوە لە بیری کەشکۆڵەکەیدا بوەو، ماڵی خوالێخۆشبوو (شێخ صدیقی نێرگسەجاڕی) بە باشترین شوێن بۆ پاراستنی ئەو ئەمانەتە مەزنە زانیوە. بۆیە کەشکۆڵەکەی بەوان سپاردوەو، گیانیشی بە خودای مەزن سپاردوەتەوە.

ئەم کەشکۆڵە لای ئەو نەوە بە باشی پارێزراوە و نێستە لە لای مەلا سیروانی کوڕی شێخ موحسنی کوڕی شێخ ئەنوەری کوڕی شێخ صدیقی نێرگسەجاڕ پارێزراوەو، من بە ئەمانەت لە مەلا سیروانم وەرگرتوە و لە لای منە بە هیوای ئەوەی بە یارمەتیی خودا کاری لە سەربکەم. دەبێ ئەوە نەبوێرم کاتی خۆی کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی بوە ئەم کەشکۆڵەی لە دەستدا بوە و، بە ناوی شێخ ئەحمەدی شێخ صدیقی نێرگسەجاڕەوە ناوی هێناوەن بەڵام وەك پێویست سوودی لێوەرنەگرتوە و دەکرا لە رووی ئەم کەشکۆڵەوە دیوانەکەکەی گەڵ دەوڵەمەندتر بکردایەت( ٤).

## گوڵزاری بەهار

(٤)

ئـەم کەشـکۆڵە پاشمـاوەی یـەکێك لـە کەشـکۆڵە هـەرە رەنگینـەکانی کتێبخانەی کوردییە، زۆر شڕ و پەڕپووت و شپرزەبوو، لە گوێی گۆڕابوو لای مامۆستایەك خستبوویە توورەکەیەکەوەو لێم کڕی و بووژانمەوەو، کردم بە سەرچاوەی سەرەکی بەرگی شەشی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، لەوێدا بەسەرهاتەکەیم نووسیوە. ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لە لە کەشکۆڵە کەموێنەکانی ئەدەبی کوردی. لە زیاد لە (٩) جێگەیدا ناو بوناو شیعری مەولەوی تێدایە/ دیارە زۆری تیداچوە، چونکە ئەمیش بایەخی بە شیعری مەولەوی داوەن لە جێگەیەکدا نووسیویە:

((بحمد اللة وحسن توفبقە تمام شد شعارات جناب مولوی -علیە الرحمة- و سائر غزلیات او، کلام احمد بیك کوماسی و ولی دیوانە و سائرین رحمهم الله فی الدارین یوم جمعه ١٣٣٢. حرره محمد)).

ئەمـەی لـە کەشـکۆڵەکەدا مـاوە (٣٠٦) لاپەڕەیـە دوا مێـژووی سـاڵی ١٣٣٣ك= ١٩١٤ز (٥).

ئەم کەشکۆڵەیش لە لای خۆم پارێزراوە.

## کەشکۆڵی شێخ ئەحمەدی شاقەلا

(٥)

ئـەم کەشـکۆڵە ئـەو کەشـکۆڵەیە کـە مامۆسـتا مـەلا عەبدولکـەریمی مودەڕیس لە پێشەکی دیوانی مەولەویدا باسی چەند کەشکۆڵی دەکا کە هەواڵی زانیون و شوێنیانی زانیوە و هەوڵیداوە دەستینەکەوتوونو، لەو بارەوە نووسیویە: (٠وەك زانیومە لای بەگزادە جافەکانی کەلار و لای

منالـەکانی شـێخ رەسـوولی گۆمـەتی قـەرەداغ و لای شـێخانی شـاقەلاّ و سەرشیوی سەقز و لای.....))

مـن وێنـەی ئـەم کەشـکۆڵەم لای مامۆسـتا حەمـەی حەمەباقییـەوە دەسـتکەوت زۆر سوپاسـی دەکـەم، لـە بـەرگی هەشـتەمی بووژاندنـەوەی مێژووی زانایانی کورددا سوودم لێوەرگرت- دوایی دەگەڕێمەوە سەری_.

بەهاری ٢٠٠٩ ز چوومە سەقز لە تەك بـرای بـەڕێز مامۆسـتا عیرفـانی پارسـادا چـووینە مـاڵی مامۆسـتا عـەلی شـەهابی کـە لـە بنەماڵـەی شـێخ ئەحمـەدی شاقەلاّیە و نوسخەی ئەصڵی کەشکۆڵەکە لای ئـەو پـارێزراوە. دوای چەند راوەرێوی و، چەند وەعظ و موحاضەرەو، باسی ئەوەی کە ئەو جـۆرە شـوێنەوارانە مـاڵی میللـەتن و نـابێ رێگـەی سـوودلێوەرگرتنیان لێبگیرێت.. کەشکۆڵەکەی پیشاندامو پێموت: من نوسخەم لە لایەو بەشێکم بلاّوکردوەتـەوەو، ناوونیـشانەکانیم دایـی، بـەڵێنی ئـەوەی پێـدام دوایـی مامۆسـتا عیرفـان بـچێتەوە لای و بـە کـامێرا وێنـەی هـەموویم بـۆ بگـرێ. بـەلاّم بـە داخـەوە دوایـی لـە بەڵێنەکـەی پاشـگەزبوەوە و ئێـستەیش هـەر چاوەڕێم!.ئەم کەشکۆڵە جگە لەوەی یەکێکە لە کەشکۆڵە هەرە نایابـەکانی کتێبخانـەی کـوردی و بایـەخێکی زۆری تێـدا بـە شـیعری مەولـەوی دراوە. دوو خاڵی جێگەی بایەخی فرەی تێدایە:

یەکەم: چەند نامەی مەولەوی تێدایە کە لە کەشکۆڵەکانی دیدا نین.

دووەم: لـەم دەسـتخەتەدا پاشمـاوەی دانراوێکـی مەولـەوی هەیـە بـە پەخشانی کوردی، کە وا بزانم کەس پێش من هەستی پێنـەکردوە و باسـی لـە هـیچ سەرچـاوەیەکدا نییـە. ئـەوەبوو مـن لـە بـەرگی هەشـتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا بلاّومکردەوە (٦).

بەمەیش دەرگایەکی دیکە لە بلیمەتییەکانی مەولەوی دەکرێتەوە و ئەگەر بە وردی مێژووی دانانی مەولوودنامەکەی شێخ حسەینی قازی و ئەم دانراوەی مەولەوی بزانرێت، دوورنییە مەولەوی یەکەم پەخشاننووسی کورد بێت بە کرمانجی خواروو ئەگەر وایش نەبێ ئەوە هەر لە سەردەمی شێخ حسەیندا و شانبەشانی ئەو پەخشانی کوردی نووسیوە.

ئەم ٘خ مەحموود ناوێك نووسراوەتەوە، چونکە لەوێدا عەبدولەتیف ناوێك چەند بەیتێکی نووسبیوە و نووسیویە: بە فەرمانی شێخ مەحموود نووسیومن. ئەم ٘وەی بەیاضدایە, تا لاپەڕە (١٦٥)ی شیعر و بەرهەمی مەولەوییە، لەوەیش بەولاوە ناو بەناو شیعری مەولەوی تێدایە. ناتەواوی و پچڕانی تێدایە بە خەتی (نستعلیق) نووسراوەتەوە, ناوی نووسەرەوەی دیار نییە هەروەها مێژووی نووسینەوەکەی, پێوانەکەی (١٥×٩)یە.

## کەشکۆڵی مینبەری

**(٦)**

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لە کەشکۆڵە فرە رەنگینەکانی کتێخانەی کوردی و سەرچاوەیەکی دانسقە و دەگمەنی دیوانی مەولەوییە. لە سەر لاپەڕەی یەکەمی بە فارسی شتێك نووسراوە کە ئەمە کوردیەکەیەتی:

ئەم سیعرانە لە رووی نوسخەیەك کە خوالێخۆشبوو مەولەوی مەعدوومی لە کەناری کتێبێکدا بە خەتی خۆی بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستای مینبەری بە یادگار نووسیویەتیەوە...بۆیە لە شێوەی ژمارەو روونووسکردنیدا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك نەکراوەو، ئەم وەك ئەو وایە. لە کۆتایی ئەو شیعرانەوە ئەم عیبارەتەی خوارەوەی فەرمووە:

((در خواطر محبانی جانی, سوزش مشتاقان و ارزومندان جنانی، چه در لباس تازی و دری و، در کرباس گورانی تفاوت نخواهد فرموود، وبر بی التفاتی نخواهد افزود. اری هریکی اصطلاحی داده ایم، هر یکی سیرتی بنهاده ایم، پس فقرات فقرات گویای خاموش نایب فقیر مدهۆش است. یسلم علیکم وعلی من لدیکم- عبدالرحیم معدوم-)).

هەرچەند من لەم نوسخەیە بێگومان نیم، ئەگەر بچێتەسەر و وەك نووسراوە وەهابێت، ئەوا ئەمە یەکەم نوسخەی دیوانی مەولەوی دەبێت لە بەر دەستخەتی خۆی نووسرابێتەوە و لەدەستدابێت. هەر چۆن هەبێت ئەم دەستخەتە (١٣١) لاپەڕەیە بە خەتێکی (نستعلیق)ی خۆش نووسراوەتەوە. لاپەڕەی (١٦) بەیتی تێدایە. سەرجەم (١٨٨) پارچە شیعری مەولەوی تێدایە, دەستخەتەکە بەس شیعری مەولەوی تێدایە. زیاد لە (١٥) پارچەیان لە دیوانە چاپەکەی مامۆستای مودەڕیسدا نین. ناتەواوی و کەموزیادی تێدایە، لەوە دەچێت نوسخەکە ناتەواوبێت. وێنەیم لە مامۆستا حەمەی حەمەباقییەوە دەستکەوت، سوپاسیدەکەم، نازانم ئەسڵەکەی لای کێیە.

## کەشکۆڵی نایاب

(٧)

ئەم ناوەم بۆ ئەم بەیاضە دانا، چونکە بەڕاستی یەکێکە لە کەشکۆڵە هەرە نایابەکانی کتێبخانەی کوردی و،لە بەر ئەوەی کۆتایی نەماوە و ناوی نووسەرەوەی نازانرێت، ئەم ناوەم بۆ پەسەندکرد. ئەم دەستخەتەیش یەکێکە لەو دەستخەتانەی پێش من کەس بۆ کاری دیوانی مەولەوی سوودی لێ نەبینیوە.

مـن ئـەم نوسـخەم لـە سـاڵی حەفتاکانـدا دەستخست و، دواتـر لـە تـەك چـەند نوسـخەی دیکـەی دیـوانی مەولەویـدا بابـەتێکم لـێ پێکهێنـان بـە ناوونیشانی (شارۆیەك لە باخچەی ئـەدەبی مەولەویـدا، لـە گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری کورد بلاّومکردەوە (٧).

ئـەم دەسـتخەتەیش لەوانەیـە کـە بـەخت یارنـەبوە نەکەوێتـە بـەر چـەپۆکی چـەرخی چـەپگەرد و بـە سـەلامەتی بمێنێتـەوە. لـە کۆتاییـەوە ناتـەواوە و نـازانرێ چـەندی لەناوچـوە. نـاو بونـاویش لـە پێـنج جێگـەدا ناتەواوی و کەوتن هەیە کـە مەگـەر خـودا بزانـێ کـەوتوو و تێداچووەکان چەند بوون.

ئـەوەی کـە مـاوە (١٣٠) لاپەڕەیـە، لاپـەڕەی (٨) بـەیتی تێدایـە، بەشـی زۆری شـیعری مەولەوییـە، لـە چـەند جێگـەدا شـیعری (ئەحمـەد بـەگی کۆماسی و کاکە ئەحمەدی مەجزووب و شێخ حەسەنی مـەولاناوایی و وەلی دێوانـە)ی تێدایـە. لـە شـێوەی (بـەیاض)دا نووسـراوەتەوە، پێوانەکـەی (٢٠×١١)یـە بـە خـەتێکی (نـستعلیق)ی زۆر جـوان نووسـراوەتەوە، قـەراخی لاپەڕەکان و ناوەڕاستەکانیشی جۆگەلـە- جۆگەلـە کـراوە. گـەڵێ پەخـشان و بۆنـەی وتنـی شـیعرەکانی بـە کـوردی و فارسـی تێدایـە. بـە بۆنـەی ئـەو پەخشانانەوە- کە پەخشانی مەولەوین- گومانی زۆرم بۆ ئـەوە دەچێت کـە لە بەر نوسخەی مەولەوی، یان لە بەر نوسخەی لەبـەر نوسـخەی مەولـەوی نووسراوە- نووسرابێتەوە. سەرچاوەیەکی پڕسوودی دیوانی مەولەوییە.

## کەشکۆڵی عەبدولقادر

(٨)

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لەو کەشکۆڵانەی بایەخی زۆری بە دیوانی مەولەوی تێدا دراوە و بەشی هەرە زۆری بۆ شیعرەکانی ئەو تەرخانکراوە. دەستخەتەکەی (١٥٤) لاپەڕەیە. (١٢٥) لاپەڕەی زیاتری بەس شیعری مەولەوییە، (١٢٨) پارچە شیعری مەولەوی تێدایە.

بە خەتێکی (نستعلیق)ی مامناوەندی نووسراوەتەوە. گەلێ بۆنەی شیعرەکان و روونکردنەوەی تێدایە. دەستخەتەکە شپرزە و دڕاو و دڵۆپەلێدراوە، سەرەتا و کۆتایی دیار نییە، مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە، لە یەك شوێندا ناوی نووسەرەوەیەك هەیە کە ناوی عەبدولقادر بووە. گومانیش لەوە دەکرێت بەلای کەمییەوە دوو کەس لە نووسینەوەیدا بەشدارییانکردبێت.

ماوەیەك لە لای کەسێك بووە کە نازانم کێیە. قەڵەمی تێبردوە و هەندێك شتی تێدا نووسیوە و، لە گەڵ رۆحی مەولەویدا بەراوردیکردوە، لەسەر هەندێك لە پارچە شیعرەکانی نووسیوە، لە رۆحی مەولەویدا نییە.

(پێوانەی دەستخەتەکە (١٩×١٤)ە، لاپەڕەی (١١) بەیتی تێدایە. هەندێ شوێنی لاپەڕەکانی لێن دڕاوە و پواوەو، بەوەیش بەشێك لە شیعرەکانی تێداچوون. شیعری (وەلی دێوانە) و چەند شاعرێکی دیکەیشی تێدایە. وێنەی لە کتێبخانەکەمدا هەیە. بڕواناکەم سوود لەمەیش بۆ چاپی دیوانی مەولەوی بینرابێت.

## کەشکۆڵی تۆفیق

(٩)

ئـەم کەشـکۆڵە شـیعری گـەلێ لـە شـاعیرانی فـارس و کـورد و عـەرەبی تێدایە.بایەخێکی تایبەتی بە شیعری مەولـەوی دراوە تیایـدا. یـەکێك- کـە نـازانرێ کێیـە- بـەیت بـەیت شـیعرەکانی مەولـەوی کـە لـەو کەشـکۆڵەدان ژماردوە. تێکڕای بەیتەکان گەیشتوونەتە (٩٦٢) بەیت.بـە خـەتێکی جوانی (نـستعلیق) نووسـراوەتەوە، چـەندین کـەس بەشـدارییان لـە نوسـینەوەیدا کردوە، تـەنها لـە یـەك شـوێنیدا نووسـراوە: لـە بـەر خـاتری نـووری چـاوم تۆفیـق نووسـیمەوە. بۆنـەی شـیعرەکانی تێـدا نییـە. لـە هەنـدێ شـوێندا شـیعرەکان جیانەکراونەتـەوە، لاپـەڕەکان نیـشانەی ئەمبـەرە و بـەریان بـۆ دانەنراوە، کەوتن و لەناوچوونی تێدا هەیە.

شیعری بلاّونەکراوەی تێدا هەیە. (٣٣٧) لاپەڕەیە. پێوانەکەی (١٧×١١)ە. ژمارەی بەیتەکانی هەموو لاپەڕەکانی وەك یەك نین.

## (کەشکۆڵی حەمیدە خان)

(١٠)

ئـەم کەشـکۆڵەیش – کـە لـە شـێوەی بـەیاضدایـە- یـەکێکی تـرە لـە کەشـکۆڵە نایابـەکانی کتێبخانـەی کـوردی و، نووسـەرەوە بەڕێزەکـەی بـە خەتە جوانـە خۆشـەکەی خـۆی هونـەری لـە نووسینەوەیدا نوانـدوە و بـە شێوەیەکی شیاو رازاندویەتیەوە. ئەم کەشکۆڵەیش – بە داخـەوە- یەکێکە لەو کەشـکۆڵانەی بـەر چـەپۆکی چـەپگەرد کـەوتوە و بەشـێکی تێداچـوە و سـەرەتاو کۆتـایی نـەواوە، نـاوی نووسـەرەوەکەی و مێـژووی نووسـینەوەی نازانرێت.

کاتی خۆی لە لای حەمیدە خانی کچی ئەحمەد موختار جاف بوە، لای ئەو پارێزراوە. لە سەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە عەبدولکەریم رەمەزان گوڵپی ساڵی (١٩٥٧) بە ئەمانەت وەریگرتوە بۆ ئەوەی بینووسێتەوە و دوایی بیداتەوە بە خاوەنەکەی.

ئەم کەشکۆڵەیش بەشێکبووە لەو دیارییە نایابانەی دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا کراون بە پۆیلانەی کۆڕی زانیاری. ئەسڵەکەی ئێستە لە (المركز الوطني للمخطوطات) پارێزراوە. وێنەی لە لای من هەیە. ئەوەی کە ماوە (٢٢٨) لاپەڕەیە، دوو کەس نووسیویانەتەوە و یەکەمیان- کە بەشێکی زۆری نووسیوەتەوە- زۆر خەتخۆشبوە، دووەمەکەشیان خراپ نیە و دەخوێنرێتەوە. لاپەڕەی (٦) بەیتی تێدا نووسراوە. پێوانەکەی (١٦×١٠)ە. ئەسڵەکەی کاتی خۆی لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورددا بووە.

ئەم دەستخەتە سەرەتاکەی تا لاپەڕە (١١٠)ی شیعری مەولەوییە و نزیکەی (٥٠)ی پارچە شیعری مەولەوی دەبێ لەو ئەندازەدا نووسراون. دوای ئەوەیش بەشی زۆری شیعری بێسارانی و کەسانی دیکەیە.

## کەشکۆڵی مەولەوی

**( ١١ )**

ئەم کەشکۆڵە کاتی خۆی کە کارم لەسەر کردوە ناوم ناوە (کەشکۆڵی مەولەوی) ئێستەیش هەر بەو ناوەوە لە سەری دەنووسم. یەکێکە لە پۆیلانەکانی کۆڕی زانیاری کورد دوای دامەزراندنی. بە داخەوە ئەمیش لە چەپۆکی چەرخی چەپگەرد بە دوور نەبوە، لە شپرزەبوون و کەوتن و تێداچووندا بەشێکی بەرکەوتوە. لە سەرەتاوە – کە ژمارەی بۆ دانراوە- بە

لاپـــەڕە (٤٧) دەســـتپێدەکات، واتـــە بـــەلای کەمییـــەوە (٤٦) لاپـــەڕەی لـــە سەرەتاوە کەوتوە، لە ناویشیەوە دیا نییە چەندی لێ لەناوچوە. ئـەوەی کـە مـاوە (٢٠٠) لاپەڕەیـە لـە شـێوەی بـەیاضـدایە، لاپـەڕەی (١٥) بـەیتی تێـدا نووسـراوە، پێوانەکـەی (٢٢×١١)ە. خەتەکـەی (نـستعلیق)ێکـی جوانـە. لـە شوێنێکی نووسراوە:

(تمت از دست فلان ٢٣ سفر ١٢٨٢)، ئەگەر ئەم مێژووە ڕاست بێتن ئەوا ئەمە کۆنترین کەشکۆڵی دیوانی مەولەوییە لەوانـەی لـە دەسـتی منـدان و، نووسـەرەوەکەی ماوەیـەکی بـاش لـە سـەردەمی مەولەویـدا ژیـاوە و، دوور نییـە زۆر بەیەکـەوە بـووبن و بەشـێ لـە شـیعرەکانی لـە دەم و قەڵـەمی مەولەوی وەرگرتبێ.

لـەم دەسـتخەتەدا- جگـە جگـە لـەوەی کـە لـە سـەرەتاوە (٤٦) لاپـەڕەی تێداچوە و ئەو تێداچووانە لە بەشی شیعری مەولەویدان- تا لاپەڕە (٩٦)ی شیعری مەولەوییەوە، لەو ئەندازەدا (٦٨) پارچە شیعری مەولەوی هەیە.

لەم نوسخەدا هۆ و بۆنەی وتنی شیعرەکان نەنووسـراون. ئەمـەیش کـە ئێستە ئەسڵەکەی لە ((المرکز الوطنی للمخطوطات))دا پارێزراوە وێنەی لـە کتێبخانەکەمدا هەیە (٨).

## کەشکۆڵی حەسەن شەریفئابادی

(١٢)

ئــەم کەشــکۆڵەیش یەکێکــە لــە کەشــکۆڵە ڕەنگــین و کەموێنــەکانی کتێبخانەی کوردی. خاوەنەکەیـشی یەکێکە لەوانـەی بایـەخی بێئەنـدازەی بـە دیـوانی (مەولـەوی) داوە، بـۆ بایەخـدانی خـاوەنی کەشـکۆڵەکە بـە کارەکەی و، لە ناو کارەکەیـشیدا بـە دیـوانی مەولـەوی، ئەوەنـدە بەسـە کـە

بزانین ئەك کەشکۆڵە بەری رەنجی (٢١) ساڵیەتی. ئەم رەنجەیشی بۆ دیوانی مەولەوی داناوە.

بایەخێکی دیکەی ئەم کەشکۆڵە لەوەدایە، بە مێژوویەکی روون دەردەکەوێ کە یەکێکە لە کەشکۆڵە کۆنەکان و سەرەتای دەستپێکردنی بۆ دوای چوار ساڵ لە کۆچی دوایی مەولەوی دەگەڕێتەوە، بێگومان خاوەنەکەی ماوەیەك هاوچەرخی مەولەوی بووە و، دوور نییە بە خزمەتی مەولەوی گەیشتبێ. نووسەرەوەکەی وردەکاربوە، چەند جار مێژووی تێدا نووسیوە، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ (١٣٠٤ك) دەستی بە نووسینەوەی کردوە و تا ساڵی (١٣٢٥ك) بە دەستییەوە بوە و کاری تێدا کردوە.

وەك لە نوسخەی نایابدا چەند پەخشانی کوردی و فارسی مەولەوی هەیە، لەم نوسخەیشدا هەندێك لەو پەخشانانە وەك ئەوێ هەیە. من بوونی ئەو پەخشانانە بە بەڵگەی نزیکی مێژووی نووسینەوەکە لە سەردەمی مەولەوی دەزانم، یان دروستتر بڵێم: گومانی ئەوە دەکرێت لەبەر نوسخەی مەولەوی خۆی یان نوسخەی نزیك لە نوسخەی مەولەوی نووسرابنەوە.

ئەم نوسخەیە (٢٠٧) پارچە شیعری تێدایە، چەند پارچەیەکی کەم نەبێ هەموویان شیعری مەولەوین. بۆ نموونە یەك دوو دانە لەو پەخشانانە دەگوێزمەوە ئێرە:

١- وفات مرحوم مبرور جنت جاه مولوی ملا عبدالرحیم المتخلص بمعدوم- علیه الرحمه والغفران، و اسکنه الله تعالی اعلی فرادیس الجنان- فی ماه شوال المکرم سنه الف ومائتین وتسع وتسعین، من هجره خیر المرسلین. سنه ١٢٩٩. ل (١٨٩).

لێرەدا بە روونی مانگی شەوالی (١٢٩٩ك= ١٨٨١ز) بۆ کۆچی مەولەوی دانراوە، بەڵام پێشتر ساڵی (١٣٠٠ك) بێ دیاریکردنی مانگ دانراوە.

٢- طاقەت خۆ نابێ....کە خاڵۆ (فرمودە بودند) کاغەز بنویسمە پەنجە، یانێ لە گرەوە نزدیکترە، ئەرێ خاك خاك وەسەرم خاص نزدیکە؛ لە گرەوە تا پەنجە پەنج رۆژ رێگەست، نازانم چە بنووسم؟ دەردم دووبارە تازە بووگەسوە، یا خودا خۆم لە کاغەزەکە زووتر برۆمەوە، ئاخ خاڵۆ؛ ل (٢٠٩).

ئەم کەشکۆڵە یەکێکە لەوانەی لە دەستی خوالێخۆشبوو _د.محەمەد صدیقی موفتیزادەدا بوون، ئێستە وێنەی لە لای مندا هەیە.

لەم دەرفەتەدا تەنها ئەم دەستخەتەم لە سەرچاوەکانی لای ناوبراو خستە بەرباس و (٤) دەستخەتی تریم لایە کە یەکێکیان دەستخەتی خوالێخۆشبوو خۆشنووس و زانای بلیمەتی کورد مامۆستا سەید طاهری هاشمیە. با ئەوانە بمێنن بۆ کاتێکی لەبارتر.

## کەشکۆڵی هەیبەت

(١٣)

ئەم کەشکۆڵەم بە وێنە لە لای برای بەنرخم صباحی حسێنییەوە دەستکەوت. ئەویش سەرچاوەیەکی بە بایەخی دیوانی مەولەوییە، بە خەتی (نستعلیق)ی جوان نووسراوەتەوە. تەعلیقات و لێکدانەوەی سەید محەمەد صاقی هەیبەتی بە سەرەوەیە کە خۆی شاعیر و مەلاچاك بووە. ئەم دەستخەتە (١٤٠) پارچە شیعری تێدایە کە هەمووی شیعری مەولەوییە، جگە لە یەك دوو پارچەی شێخ عەبدوڵای داخی و بولبول کە

یان بۆ مەولەویان نووسیوە، یان لە وەڵامی نامەی مەولەویدا بۆیان نووسیویانن.

دەستخەتەکە دڵۆپە و ئاوی بەرکەوتوە، بەڵام هیچی لە ناو نەچوە. ئەم دەستخەتە بۆنەی وتنی شیعری کەم تێدایە و، تەنها لە شیعرەکانی بولبول و داخیدا ئەوە دیاریکراوە کامە شیعری مەولەوییە و کامە شیعری ئەوانە.

وادیارە لە گەڵ نوسخەی تردا موقابەلە کراوە، چونکە لە هەندێ شوێندا نووسراوە (بلغ) کە ئەمە لە دەستخەتی کۆندا نیشانەی ئەوەیە موقابەلەکراوە لە گەڵ نوسخەی هەمان کتێبدا. لە شێوەی کەشکۆڵدا نووسراوەتەوە لاپەڕەی (١٦) بەیتی تێدایە. نووسەرەکەی لە کۆتاییەوە نووسیویە:

((تمام شد غزلیات مرحوم سید عبدالرحیم المتخلص بمعدوم — علیە الرحمة- حررە الاقل فی ١٨ من ذی الحجة الکرام ١٣٢٤ بقلعەگاە محمد سعید الحسینی العمری النجمی)).

## کەشکۆڵی کەمەتوو

(١٤)

ئەم کەشکۆڵە لە دەرفەتێکدا نووسراوە بە چەرم بەرگی تێگیراوە، لە رووی رێکخستن و نووسینەوەوە ناگاتە بایەخی کەشکۆڵەکانی دی ـ ن خەتەکەی ئێرەتییەو دەخوێنرێتەوە، ژمارە بۆ لاپەڕەکانی و پارچەکان دانەنراوە. ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە. نزیکی صەد لاپەڕەیە، (٦٩) لاپەڕەی شیعری مەولەوییە، لە رێگەی برای بەنرخم کاك عیرفانی پارساوە لە سەقز وێنەیم لەسەر سیدی دەستکەوتووە.

بۆ کاری لێکۆڵینەوە و بەرانبەری نوسخە سوودی باشی هەیە.

**ئەنجام:**

ئێمە کە لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ ڕێزلێنان لە مەولەوی و بەرزڕاگرتنی یادی خۆی و شوێنەوارە شاکار و بەرزەکانی، چاك وایە کۆبوونەوەکەمان لە جوغزی قسەکردن و پیاهەڵدانیدا نەخولێتەوە و دوای تەواوبوونی کۆڕەکە بگەینە ئەنجامگەلێك کە بە قازانجی مەولەوی و بەرهەمەکانی تەواوبێت و، کارگەلێکی وەها بکەین بۆ کۆڕی داهاتوو کە بۆ مەولەوی ببەسترێت چەند شتی نوێمان لە دەستدا بێت پێشکەشی بەشداربووانی کۆڕەکەی بکەین و بڵێین: لە ماوەی ساڵێ یان زیاتر یان کەمتری رابوردوودا ئەم خزمەتانە بە بەرهەم و شوێنەواری مەولەوی کراون. بۆ ئەمەیش من لە عاسی خۆمەوە لە بەر تیشك و رۆشنایی باسەکەمدا چەند پێشنیارێك دەکەم:

یەکەم: لەم باسە کورتەدا من ناوی (١٤) سەرچاوەی دیوانی مەولەویم بە گوێی ئێوەی ئازیزدا دا، کە بەشی زۆریان تەنها لە لای من هەن. حەکیمی مەلا ساڵح لە نووسینێکی بلاوکراوەیدا باسی (١٢) کەشکۆڵی مەولەوی دەکات، حەسەن و گۆران کە دیوانی مەولەوییان چاپکردوەتەوە، لەوانەیە چەند کەشکۆڵ و دەستخەتیان لە بارەی مەولەوییەوە چاپکردوەتەوە، لەوانەیە چەند کەشکۆڵ و دەستخەتیان لە بارەی مەولەوییەوە لە دەستدا بێت، صدیقی بۆرەکەیی کە کاری بۆ مەولەوی کردوە دەبێ چەند دەستخەتی لەلابێت. کەسانی دیکەش کە ئێمە نازانین و ئاگامان لێیان نییە لەوانەیە چەندین دەستخەتی نایابی شیعری مەولەوییان لەلابێت...

لێرەدا ئەم هەلە لە کیس نادەم و ئەو داوای کە چەند جار بە نووسین و گوتن کردوومە، ئەمجارەیش دەیکەمەوە و دەڵێم: ئەگەر

(دەستخەتخانەی کوردی)مان هەبوایەت و سامانی بە سامانی کەلەپووری کوردی تێداکۆکراوەبوایەتەوە و دەستخەتەکانی مەولەوی خۆیان، یان وێنەیانی تێدا بوایەت، کاری لێکۆڵەری کورد زۆر ئاسان دەبوو، بە خەرجێکی کەم و زەحمەتێکی کەمتر دەگەییە ئامانجی خۆی. بۆیە دەڵێم: تا زوو پەلەبکەین بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگا هێشتا کەمە.

دووەم: تا ئەو کاتە ئەو دەزگا دێتەدی با لەناو خۆماندا هەماهەنگی و هاوکاریمان هەبێت و، کە یەکێکمان خەریکی لێکۆڵینەوەی دیوانی شاعرێك بوو کەسێکی دیمان شتێك لە شوێنەوار و بەرهەمی ئەو شاعیرەی لەلابوو، با درێغی لێنەکات و نەیشارێتەوە و بە سنگێکی فراوانەوە بە دەنگیەوە بچێت و بۆشاییەکانی بۆ پڕبکاتەوە و کارەکەی بۆ تەواوبکات.

سێیەم: با گیانی زانستی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە- هی هەرکەس بێت- لە ناخمان و لە کارماندا گەشەبکات و کارەکانمان بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەوڵەمەندبکەین.

لێرەدا یەك نموونە دەهێنمەوە: من ساڵی ١٩٧٨ وتارێکم لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوکردەوە, ئەو وتارە بەری شارۆی چەندین کەشکۆڵی نایاب بوو، چەندین بۆنە و هۆی وتنی شیعرەکان و چەندین پارچە و تاك و چوارخشتەکی شیعری بڵاونەکراوەی مەولەویم هێنابوو. لەو کاتەوە تا ئێستە چەندکار بۆ دیوانی مەولەوی کراوە، ئەو سەرنج و بۆچوون و شیعرە بڵاونەکراوانە رەنگدانەوەی ئەوتۆیان لەو کارانەدا نەبوە، بە تایبەتی لە دیوانی مەولەوی (حەسەن و گۆران)دا کە سەرلەبەری دیوانی مەولەوییان بە زیاتر لە (٦٠) پارچە شیعری بڵاونەکراوەی مەولەوییەوە چاپکردووە، چ دەبوو ئەگەر سوودیان لەو سەرچاوە وەك پێویست وەربگرتایە و ئەو بابەتانەیان بخستایەتە

سـەرکارەکەیان و هـەر هەڵـە و پەڵەیەکیـشی تێـدا بوایـە بیاخـستایەتە ئەستۆی من؟؟.

هـەر ئـەو گیـانی نازانـستییانە وایکـردوە کەسـانێك سـوودیان لـەم سەرچـاوە وەرگرتـوە، بـەڵام کـە هـاتوون ((ئـەو هەوڵانـەی کـە بـۆ خزمـەتکردنی بەرهەمـەکانی مەولـەوی دراوە))یـان ریزکـردوە، ئـەم سەرچاوەیان بواردوە؛

چوارەم: دەبێ ئەوەیش لەبیرنەکەین ئەدەبی کوردی بەگشتی و دیـوانی مەولـەوی بـە تایبـەتی، قـەرزداری خانـەقاکانی تەریقـەتی نەقـشبەندی و شـێخانی ئـەو تەریقەتـەن، چـونکە لای ئـەو زاتانـە و لـە خانەقاکانیانـدا بایەخێکی باش بە نووسینەوە و گەشـەکردنی ئـەو سەرچاوانە دراوە، لەو دەسـتخەتانەدا مـن دیـومن ئەوانـەیان کۆتاییـان مـاوە، یـان نـاوی نووسەرەوەیان دیارە – چواریان بـە کەشکۆڵی شێخی حیسامەدینەوە بۆ خەلیفـە و پیـاوانی ئـەو تەریقەتـە بـە دەسـتی موریـد و مەنـسووبان نووسراونەتەوە.

پێنجەم: من کە لێرەدا باسی چواردە کەشکۆڵی شیعری مەولەویم کـرد، زیـاتر مەبەسـتم ئـەو کەشـکۆڵانەیە کـە یـان سـەرلەبەر تایبـەتکراون بـە شیعری مەولەوییەوە، یان بایەخی زۆریان تێدا بـە دیـوانی مەولـەوی داوە، چونکە- بێجگـە لەمانـە- چـەندین کەشـکۆڵم لـە لایـە کـەم تـا زۆر کـەمیان هەیە لای لە شیعری مەولەوی تێدا نەکرابێتەوە.

## پەراوێزەکان

١- بڕوانە: الادب الاسلامی، المجلد الرابع، العدد الخامس عشر، ١٤١٨هـ ١٩٩٧م.

٢- بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء)، بەغداد ١٤٢٢ك ٢٠٠٢ز، ل ١٨٣.

٣- سەرچاوەی پێشوو، بەرگی حەوتەم؟، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧ چاپی یەکەم، ل (٢١٠).

٤- باسی ئەم کەشکۆڵەم لە چەند شوێندا نووسیو. لەوانە: پاشکۆی عێراق، ژمارە (١٢- ١٣)شوبات و ئازاری (١٩٧٨). ئەلبوومی کەشکۆڵ بەرگی یەکەم، ل (١٦٤). بەرکولێك لە خەرمانی شیعری سالم ل (٢٥).

٥- بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای ئاراس هەولێر، چاپی یەکەم.

٦- بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد_ بەرگی هەشتەمن دەزگای ئاراس، هەولێر- چاپی یەکەم –( ٢٠٠٨)، ل (١٥٥).

٧- بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (٦).

٨- لە بەرگی پێنجەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا ل (٢٢٢) سوودم لەم کەشکۆڵە بۆ باسێك لە سەر بێسارانی وەرگرتوە.

لە بارەی پۆیلانەی کۆڕی زانیاری کوردیشەوە لە سیمینارێکدا کە ئێوارەی (١/١٨/ ٢٠٠٩) بۆم بەسترا، بە درێژی دواوم و بابەتەکە لە بەرگی نۆیەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا بڵاودەبێتەوە.

# مەولەوی وێنای خوداگایی قەومی/مێژوویی کورد

عادڵ محەمەدپوور

**گووشـــراوی باســـەکە**: زێـدماتی دەقـە شـێعرییەکانی ئەوسـای کـوردی پێکهاتووە لە ژانێری ئەدەبی «لیریکا» وێڕای ئەمە هەندێ واتای فەلسەفی لەو تێکـستانا دەبینـرێ. ئـەم نووسـراوە ئەیـەوێ بڵـێ هـەوێنی ئـەو سـێ چەمکە«عەقڵییەتی گشتی یان جیهانی، ڕۆحی قـەومی و خوداگـای مێـژوویی» کـە دەزگـای فەلـسەفی «هێگێـڵ»یـان پێکهێنـابوو لـەم چامەی مەولـەوی کـە دەخوێنرێتەوەو هەستی پێدەکرێ.

**دەستەواژە سەرەکییەکان**: مەولـەوی، هێگێـڵ، لیریکـا، ڕۆحـی جیهـانی، ئاگایی، خوداگایی قەومی و...

**وەرایی:**

ئەم پەیلوا(بۆچوون) ڕاستە کە هەر لە مێژە بەکگراوندی مەعریفە و قەڵای فەلـسەفی و تـەلاری ڕۆشـنبیری کـورد شـێعر بـووە، شـێعر تاکـە ئیـستاتیکای «بوون» و شوناسی «نەتەوایەتی» بووە بـۆ کـورد، بـە هـۆی هەنـدێ هۆکـاری سیاسی-کۆمەڵایـەتی لـە ڕەوڕەوەی مێـژوودا، بێبـەش بـوە لـە بـاقی ژانێـرە فەلـسەفی، ئـەدەبی و هونەرییـەکانیتر. زۆربـەی ئـەو دەقانـەی ئـەمڕۆ لـە نێـو ئارشـیڤی «چـواردە سـەدە»ی[1] شـێعری ئەوسـای کـورددا هـەن: هـەر لـە «کرکـە[2]»ی هورمزگـان[3]، تـا شۆڕشـە مۆسـیقاییەکەی فـۆڕم و نـاوەرۆکی

گۆران، هەموویان یەك توخم بە ناو «لیریکا Lirika، غنایی» بە هەموو سەرچەشنەكان و واتاكانیەوە[٤]، دەیانگرێتەوە. باری كۆمەڵایەتی–سیاسی و نەبوونی دەسەڵات و فەقری مێدیا و سروشتی تایبەتی كوردستان و تەجروبە تاكییەكانی شاعرانی كورد، بۆتە هۆكارێك كە ئارشیوی شێعری ئەوسامان بێ بەری بێ لە ژانێری حەماسی(داهێنانی فەلسەفەی مێژوویی كورد) و نومایشی(دراماتیك) بە واتای راستەكی.

زێدەاتی دەقە شێعرییەكانی ئەوسای كوردی پێكهاتووە لە ژانێری ئەدەبی «لیریكا»، بە مەرجێك هەموو لایەنەكانی ئەم ژانێرە لە بەرچاو بگرین. عێرفانی، تێئۆكراتی و ئەشراقی، عاشقانە، تەغەزولی–حەماسی، نەتەوایەتی–كۆمەڵایەتی، سروشتخوازی، تەجروبەی تاكی، بۆنە و تایبەتەكان و... یەكدەستی چەشن و مەزموونی ئەدەبی خەسارێك بووە بۆ شێعری نەتەوەییمان، زۆربەی شاعێرەكانی ئەوسا(ئەڵبەت هەفتا هەشتا ساڵ پێشتر لە ئێستا) كەمتر چووگن بە قەرەی كێشەكانی كۆمەڵگە و كەمتر پرسیان درووستكردوە. ئێمە دەقێكی «حەماسی/پاڵەوانی» وەك «شانامەی فێردەوسی»مان نەبووە كە «فەلسەفەی مێژوو» درووست بكات. لەولاشەوە بێبەش بووگین لە رەخنەڤانێكی توكمە و شێوازناسێكی كارامە كە بتوانێ بە شێوەی رەوشمەند و ئاكادمی، دەقەكان بخوێنرێتەوە و قۆناغەكان كەشف و پێناسە و شێوەی رسكانی فورم و ناوەرۆكی ئەم بزاڤە درمناسی بكاتن. شێوەی سونەتی هاوردەی مەعریفی ئێمە تەنیا ئیهتیمام بە رەهەندی دەرەكی ئەدەبەوە بووگە، واتە چەقداكوتان و سمڕ لە سەر ناسنامە و بیۆگرافی كەسایەتی شاعێر و دانەر. لایەنی دەروونی دەقەكان و هۆكاری رسكانی قۆناغەكان، لە سەر مێتۆدی زوانەوانی–شێوازناسی، بڕشتكاری و پۆلێنبەندی نەكراوە. سروشتییە كە سیمای ئەدەب و رۆشنبیری كوردی لەم

فەزا سامناك و تاكدەنگەدا، لێڵ ونادیار بنوێنێ. سەرەڕای ئەمانە هەر بەم سامانە ئەدەبییە كە هەمانە ئەبێ گەش بین ئەگەر بە وردی بە مێتۆدی رەخنەی زانستی ئەم دەقانە بخوێنینەوە دەتوانین توخمەكانیتر پێناسە بكەین. بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە چامەیەكی غنایی «مەولەوی تاوەگۆزی ١٨٠٦-١٨٨٠ز» بە شێوازی هێرمنۆتیك(راڤەكاری)دەخوێنمەوە و پەیلوای خۆم ئاراستەی خوێنەران ئەكەم. لەم خوێندنەوەدا هەوڵمداوە ئەو مەبەستانەی لەم چامەدا هەیە لە گەڵ بیرۆكەی بیرمەندی مەزنی رۆژاوا، «هێگڵ ١٧٧٠-١٨٣١ز » بەراورد بكەم. رەنگە كارێكی شاز و دوور لە لۆژیك بێتە بەرچاو، تەنیا كاتە كە یەكیان دەگرێتەوە، ئەگەرچی مەولەوی پەنجا ساڵ پاش ئەم بیرمەندە ژیاوە و قەت هێگێلی نە ناسیوە، بەڵام هەردووكیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە دوو بیری جیاواز و دوو كۆمەڵگەی لێكنەچوو ژیاون. بەڵام بەڵگە بۆ من دەقەكەی مەولەوییە، كە زیندوو و سەربەخۆ هاتۆتە رێچكەی دیالۆگ و رۆگەی شرۆڤاندن بە قەولی «ریكۆر» ویستوومە كاكڵەی دەقەكە زەوت(تەساحوب) بكەم. بە تێگەیشتنی من لەم دەقەدا ئەم سێ چەمكە«رۆحی جیهانی، رۆحی قەومی و خوداگایی مێژوویی» كە دەزگای دیالێكتیكی هێگێڵ پێكدەهێنن، لەم دەقەی مەولەویدا هەستیان پێدەكرێ. ئەمە پەیلوا و هەڵێنجاندنی منە و رەنگە بۆ هەندێكیش دژكار و تەنانەت دوور لە واقیع بنوێنێ، چاوەڕێی بیروڕای جیاوازم، من وابیر ئەكەمە، مەرج نییە هەموو كەسێك وەك یەك بیر بكەنەوە، «ئەگەر قەرار بێ هەموو كەس وەك یەك بیر بكەنەوە ئەوا هیچ كەس بیر ناكاتەوە».

«گئۆرگ ویلهێلم فێردریش هێگێل» بیرمەندی توكمەی ئاڵمانی لە بارەی«عەقڵی گشتی، ئاگاهی و خوداگاهی مێژوویی-قەومی» روانگەی تایبەتی خۆی هەیە. «لە بیرۆكەی «هێگێل»دا، جیهان پێكهاتەو گۆڕەپانی

کردار(کنش) و هەوڵدانی خوداگای رۆحە. وێنـای ئـەم گەوهـەرەش «عـەقڵێکی گشتی، یان رۆحێکی جیهانی[٥]»یە کە بەخشراوە بە بوونەوەرێك بە نـاو مـرۆڤ کـە خـاوەن ئـاوەز، ژیـار و ژیـانی فەرهەنگیـە. بـە گـوێرەی بۆچـوونەکانی «هێگێل» ئاگاهی گەوهەرێکی بزاقمەند و هەوڵدەرە کە دایم وا لە هەوڵداندا بـۆ گەیشتن بە «خوداگاهی قەومی». ئەم رۆحە «مینە»وییـە–پـیرۆزە– هـەردەم لە کۆشش و جۆششدایە تـا نموودەکـانی لـە «جیهـانی مـادی»دا وێنـا بکـات، یانێ ئەگەر بیەوێ گەوهەری «ئاگاهی» بە گەوهەری«مـادی» بگۆڕێـت، دەبـێ بێ وچـان لـە هـەوڵی گۆڕانـدا بـێ، تـا لـەم کێشمەکێشەدا، چـەمکی «رۆحـی قەومی» بۆ ئەو مرۆڤانە کە بە خوداگایی مێژوویی گەیشتوون دابین بکات بـەم چەشنە هەر قەوم یان هەر نەتەوەیێ دەبێتە خاوەنی رۆحی تایبـەتی–قـەومی خـۆی.«هێگێـل» پێیوایە ئـەم رۆحـە بـۆ هـەموو نەتـەوەکان یەکسان نییـە. نەتـەوەکان بـە گـوێرەی رادەی هەوڵـدان و مـادیکردنی «مینـە»[٦] کـان وەك (ئاوەز، فەرهەنگ، رێکخراوە کۆمەڵایـەتی سیاسـی ئـایینی و ئەفسانەییەکان و...) دەگەنە ئەم بـەهرە رۆحییـە–جیهانییـە و لێـی بـەرخوردار دەبـن. واتـە ئەگەر هەر نەتەوەیەك بۆ«خوداگاهی قەومی» خۆی باشتر هەوڵدەبدات زووتـر دەگاتە لووتکـەی هـەبوون، ئـەوەش لـەم دۆزە هەڵـتـە دەبـێ بـێ گومـان لـە بازنەی ئەو رۆحـە پـیرۆزە– گشتییە دوور دەکەوێتـەوە و گلۆڵـەی دەکەوێتـە لێـژی. بـە کـورتی دەزگـای فەلـسەفی «هێگێـل» بـۆ گەیـشتن بـە «لووتکـەی شوناسی نەتەوەیی» بـەم سـێ ئاراستـەدا تێدەپـەڕێ: «١–ئاگـاهی(نمـوودی رۆحی جیهانی) ٢– بە شتکردنی ئاگاهی(مادیکردنی مینـەکان) ٣–گەیـشتن بـە خودئاگاهی قەومی[٧]». مەولەوی زۆرتر وەك شاعێرێکی عارف دەیناسن–هـەر وایشە– لکاندنی چـەمکی فەلـسەفەی هێگێـل بـۆ ئـەم زاتـە دژبـەرە لـە گـەڵ

کەسێتی شاعێر و دۆخی زەمەن و باری شارستانی ئەم دوو زانا مەزنە. بەڵام با بزانین دەقەکەی چۆن داوەری دەکات:

ئەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم
تاکەی سەرەنگوشت خەفڵەت نە تۆی دەم!
بازیت پێ وەردەن هەریەك وەلایێ
سەڎای دایەنان وە لایە لایێ
های! نە فەرقش هەن، ئەو سەڎاو تەئسیر
تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر
هەر تفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن
جەی دایە برِیان، بەو دایە جفتەن
وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان!
برِیانەوەی تۆیج سەرووەختش ئامان
ها وە قەفاوە یەند شی بە وێدا
چەم پەی بینایی مڎێۆ بە وێدا
قەزا وە قومار نە پای بەختمەن
قامەت حەڵقە بەست وەخت باختمەن
موترێب سازەکەت، ئۆف! چ وەش تەرز بێ
ئی جارەیش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ
تا کوورەی زاریم بلێسە سانۆ
داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ
داڎ نمەڎۆ داڎ شین، مالوومەن لێم
دمای وێم پەرێم، هیچ کەس وێنەی وێم[٨]

ئەم چامە وەك باقی چامەكانیتری مەولەوی خاوەنی كومپۆزیسیۆن و ریتمێكی ئەستوونییە، واتە شێعرەكە وەك پرۆسەیەك سەرتاخوار دێتە بەرچاو، بە بەكاربردنی توخمی «گێڕانەوە» ویستوویەتی تەنها یەك مەبەست پیشان بدات. بە دیدێكی تازە بۆ فەلسەفەی ژیان، بۆ تاكەكانی كۆمەڵگە كە گوایێ ژیان ئاراستەیەكی عەبەس نییە، ژیان ئەبێ گەوهەری «ئاگایی، ئاوەز»ی لە گەڵدا بێ، چاوبەستراو تەسلیمی ئاكاری قەزاو قەدەر نەبی. گوتوومە مەولەوی یان هەر شاعیرێكی راستەقینە پێشرەوی زەمانەی خۆیانن، زۆر ساڵانێك لە پێش خەڵكانیترەوە دەژین. بە راقەی ئەم شێعرە، چما ئەم زایەڵە بۆ ئەم كۆڕە كولتووری-ئەدەبییە وتراوە. پەیام دەنێری و وشیار دەكاتەوە: «ئەم شوناسە دەمانێكە لە بێشكەی شارستانی و ئارشیڤی نەتەوەیەكدا خافڵ ماوەتەوە، دایكی راستەقینەی نییە، زڕدایك(دایە) لایەلایەی فێڵبازانەی بۆدەكات، ئاگا لەوەی كە تەنیا ئەیخڵافێنن، ئەوا خەریكە پشتی ئەكۆمێتەوە، چاوی تەنیا بەرپێی خۆی ئەبینی، مێژینەیەكی چەن هەزار ساڵەی هەیە. لە پرێكدا لە«موترێب» داوا دەكات ئاهەنگی بێداری لێبدات تا مەجلیسی یاران هەستی ببزوێ و هەڵینێ بەرەو سروودی«خوداگایی قەومی».

— لە بەیتی هەوەڵدا **گەهوارەی دەور**: یانێ زەمانە، جیهان، رۆحی جیهانی، عەقڵی خودایی ئەو زاراوانە كە پێخۆری فەلسەفەی «هێگێل» بوون. ئەم دێڕە ئاماژەیە بە لە دایك بوونی هەوەڵ، تەوەللودی یەكەم، دەسپێكی ژیانی مادی. مەولەوی لەم«موكاشفە»دا بە مۆنۆلۆگ روو ئەكاتە خۆی و دەست دەكات بە خود سەرزەنشی و دەڵێ: تاكەی وەك ساوایەك لە بێشكەی زەماندا، بە دەسرازەی خەمۆكی بەستراویتەوە و قامكی غەفڵەت ئەنێی بە دەمتەوە. ئەیەوێ خۆی لە نائاگایی و بەفێرۆدانی مەودای ژیان هایدار

بکاتەوە و زەمینە خۆش بکات بۆ دۆزە ڕەواکانی «عەقڵییەتی جیهانی» کە مرۆڤی دەرەوەست کردوە لە هەمبەر ئەو گەوهەرە کە ناوی «عەقڵ و ئاوەز»ی مرۆییە کەمتەر خەم نەبێ.

–دووبارە لە بەیتی دووەمدا، جەختی مەولەوی لە سەر «ئاوەز و عەقڵ»ی مرۆڤ و ژێدەر بوونی عەقڵییەتی تاك و پاریزکردن لە میکانیزمەکانی«نائاگایی»کە بە لایەلایەی بە سۆزی دایە(زڕدایك، نەفس، هێزە پاڵنەرەکانی دەسەڵاتی وەخت) ناوی لێدەبات. لە روانگەی «هێگێل»ەوە تیشکی ئەم ئاوەزە لە مێژووی مرۆڤدا، هەمان بەشی خوداگای «رۆح» یان «رۆحی جیهان»ە[٩].

–مەولەوی زوانی شێعری زۆر ساکار، خۆمالی و شەقامییە. ئەمە یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکان جوانخاسی شێعری مەولەوی. بەیتی سێهەم بە ناوە دەنگی وشیارکەرەوەی «های» کە وشەیەکی زارەکی و فۆاکلۆرییە، دەستپێدەکا.

**‹ های › نە فەرقش هەن ئەو سەڎا و تەنسیر/ تا ئەو لاونا و ئەو مەزەو ئەو شیر.** مرۆڤەکان ئاگادار ئەکاتەوە کە فرە وریا بن سۆزی ئەو لایەلایە و ئەو لاواندنەوە، زۆرتر هەڵخەڵەتێنەرە، کاردانەوە هەتاهەتاییە، نەکا ملکەچی ئەم فێڵکارە بن.

– لە بەیتی چوارەم و پێنجەمدا، بایەخوو و ئەرزشەکانی «فەلسەفەی ژیان» دەخاتە بەرچاو و تاکەکان کە خاوەن بەهرەی «ئاوەز»ن، لە پووچەڵخوازی و ژیانی بەتاڵ بەرگرییان لێدەکات. میسداقێك دەخاتە بەرچاو بۆ مرۆڤ. دەڵێ هەر زاڕوێك لە گەهوارەی دەوردا نووستوە بێ گومان رۆژێك ژیانی روو بە کۆتایی دەڕوات و دەنووسێ بە بەری دایەی قەبرەوە(گۆڕ بەرهەمی ژیانە). دووبارە بایەخی ژیان لە مێژووی مرۆڤ وەبیرمان دێنێتەوە،

مادام ئینسان لە بەستێنەی «ڕۆحی جیهان»ی نەگاتە «ئاگاهی» ژیانەکەی پووچەڵ دەنوێنێ. لە دیدی «هێگێل»یش «ڕۆحی گشتی هەمان سەرچەشنی ئاگاهی ئینسانە»(١٠).

–لە بەیتی شەشەم و حەوتەمدا، دووبارە جەختکردنە لە سەر هەمان وشیاری و بێداری و ژیانی مەبەستدار کە ژیان ئەوەندەی نەماوە، پشت کۆم بوّتەوە کە ئەڕوانێ بە ڕێدا چاوی هیچ نابینێ، قەزاو قەدەریش وەك قومارچی لە مەتەرێزدایە ژیانی مرۆڤ بدۆڕێنێ و سامانی ژیانی بە تاڵان ببات. جەختکردن و تەئکید لەم دێڕانەدا، نیشانە دەرەوەستی مەولەوییە بە چرکەکانی ژیان و قۆستنەوەی ئامرازەکانی «ئاگاهی» و تێگەیشتن لە ژیانی مێژینە. مەولەوی وەك مرۆڤێکی پێشاهەنگ و پێشڕەو، داوای وشیاری کۆیی دەکات بۆ گەیشتن بە «خۆئاگایی». داوا دەکات مل کەچی قوماری قەزا و چاوبەستراوی نەریتی کۆن و بیری دواکەوتوو نەبێت، وەك سوهراب سێپێهری وتەنی: «چشمها را باید شُست، جور دیگر باید دید...». لێرەدایە بە رای من مەولەوی وەك شاعێرێکی ژیر و پێشڕەو، بە دیدێکی جیاواز، هێڵە سوور و پاوەنکراوەکان، دابە رزیوو پێش فەرزەکان و مێشکەبەستەلۆکی و کلێڵ دراوەکان دەبەزێنێ و مرۆڤ بەرەو داوەری «عەقڵ و ئاوەز» کە پێوەرێکی پۆزەتیڤی دنیای سەردەمە، ڕێنموونی دەکاتْ.

– لە بەیتی هەشتەم و ئادوایی، تەك گۆییەکانی مەولەوی قووڵتر دەبێتەوە باشتر دەروانێتە هەناو و مێکانیزمی خەلاق. لەم قۆناغە دەروونی– داهێنانەدا، بە شێوەی مۆنۆلۆگ روو ئەکاتە مونادای«موترێب» –هێمای دەنگی نۆژەنی و بەشارەتی ڕۆحی قەومی– دەخوازێ کە سازێ خۆشتەرزی بۆ لێبدات و ڕۆحە بە خەفڵەت چووەکەی بە ئاهەنگی نویێ ببزوێنێ و لە کۆڕی کۆبەستەی یاراندا(ڕەمزی عەقڵی جەماوەر، کۆمەڵگە) بەرز بێتەوە و کوورەی

زاری بڵێسە بسێنیٚ، تا لە بەستێنەی ژیاندا تا ماوە داخەکانی نەمێنیٚ، متمانەبەخش بیٚ بە ژیان، بۆی ڕۆونە تەنیا تاك بە ڕەجعەت و داوەری ئاوەز و بڕیاری خۆی دەتوانیٚ گۆڕانکاری لە ژیاندا بەدی بهێنیٚ، ئەگینا دوای مردن شینی هەڤاڵان هیچ سوودێکی بۆ ئەو نییە، ژێدەر بۆ خۆی تەنیا خۆیە و بەس کە بگا بە خولیای«خۆئاگایی»، یان بۆ لەدایك بوونێکی تر و تەوەللودێکی دووبارە و سەعادەتێکی نەمری و هەتاهەتایی:

**هەرکەس تەوەللود دووبارەش نیەن / ئەڵبەت سعادەت ستارەش نیەن**(11).

ئەمە هەر ئەو بیرۆکە بوو کە یەکێك لە چەمکە فەلسەفییەکانی «هێگێل»ی پێکهێنابوو. «اندیشه اندیشه را می‌اندیشد و به خوداگاهی می‌رسد.»(12) واتە: تەنیا ژێدە بۆ ئەندیشە تەنیا ئەندیشەیە کە ئەندیشەی لیٚ ئەبێتەوە. یان «اگاهی هر قوم، اگاهی از هستی خویش است»(13). واتە:« ئاگاهی هەر تاك و قەومێك یانیٚ ئاگاهی لە هەبوونی خودی ئەو قەومە».

**سەرچاوەکان:**

ایوب رستم، یارسان، سلیمانی، مەلبەندی روشنبیری هورامان ، چاپی دووهەم، ۲۰۰۶ ز

بەلخی مەولەوی(رۆمی)، مەسنەوی مەعنەوی، دەفتەری دووەم، بەیتی ۹۷۸

بهار ملك الشعرا،سبك شناسی شعر یا تاریخ تەتەور شێعری فارسی، به کوشش علیقلی محمودی بختیاری، تهران، مؤسسه مەتبووعاتی علمی، خرداد ۱۳٤۷ ه.ش

تاوەگۆزی مەولەوی، دیوانی شێعر، لێکدانەوەی مدرس عبدالکریم، مەهاباد،چاپ صەیدیان، ۱۳٦٤ه.ش

جەمال رەشید ئەحمەد، لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی ولاتی کوردەواری، بەغداد ۱۹۸۸ ز

ساقێب فەر مورتەزا، شاهنامه فردوسی و فلسفه تاریخ ایران، انتشارات قەترە-موعین، تاران ۱۳۷۷ ك.ه

شفیعی کدکنی د. م رەزا، تازیانەهای سلوك، انتشاراتی اگاه

شفیعی کدکنی د.م رەزا، زبان و ادبیات فارسی عمومی، نشر چشمه، چاپ هفدهم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۸۲ه.ش

صفی زاده صدیق، مێژووی وێژەی کوردی(تاریخ ادبیات کُردی) ج۱ و ۲، بانە، انتشارات ناجی، ۱۳۷۰ه.ش

محەمەدپوور عادل، خانەبەندی شێعر کوردی هۆرامی لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ(ادوار شعر کُردی هورامی از اغاز تا به امروز)، ئامادەی چاپ

محەمەدپوور عادل، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا، پەخشکاری ئێحسان تاران، ۱۳۸۸ ك.ه

محەمەدپوور عادل، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا ....، بە هاوکاری مەڵبەندی رۆشنبیری هۆرامان سلیمانی، چاپخانەی بابان، ۲۰۰۸ز

محەمەدپوور عادل، وتاری هورمزگان سەرەتای دەسپێکی مێژووی شێعری کوردی، رامان، ساڵی دوازدەهەم، ژمارە ۱۲۹، ۲۰۰۸م

هۆرامی صەیدی، دیوانی شێعر، محمد امین کاردۆخی، سلیمانی، چاپخانەی کامەران، ۱۹۷۱م

یاسمی رشید، کُرد و پیوستگی های نژادی و تاریخی او، تهران، انتشارات امیر کبیر، ۱۳٦۳ه.ش

* ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی، خاوەن ئیمتیاز، بەرپرس و ئەندامی دەستەی سەرنووسەری گوڤاری زرێبار. مەریوان موبایل: ٠٠٩٨٩١٨٨٧٤٩٩٢٩

ئیمێل: adel_gov_zrebar88@yahoo.com

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١- کتێبی «سرودی خەزان» لێکۆڵینەوەی شێوازناسانەی بێسارانی، فارسی، ١٣٨١هـ.ش

٢- کتێبی «شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا...» مێژوویی-زوانەوانی، سلیمانی چاپخانە بابان، ٢٠٠٨ م

٣- کتێبی «تێروانینێکی نوێ بۆ هێرمنوتیك و راڤەی ئەدەبی»، وەرێڕان لە فارسی بە کوردی، ناشر مۆسسە چاپ و بڵاوکرنەوەی سلیمانی، کتێبی هەنار، ٢٠٠٩ م

٤- کتێبی «سوزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا»، رەخنە و راڤەکاری شێعری کوردی، پەخشکاری ئێحسان تاران ١٣٣٨٨ك

٥- بڵاوکردنەوەی وتاری ئەدەبی-رۆژنامەوانی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی باشوور و رۆژهەڵات

٦- بەشداری و خوێندنەوەی وتار لە کونگرە و کۆڕە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی هەرێم و رۆژهەڵاتدا

**پەراوێزەکان:**

١- نووسەری ئەم وتارە بە پێی ئەو تێکستانە کە لە شێعری کوردی هۆرامیدا هەن، هەر لە «هۆرمزگان» تا شێعری ئێستا(چواردە سەدە) بە حەوت قۆناغ خانەبەندی کردوە یەکەم: قۆناغی«سەرهەڵدان» هورمزگان، یەکەم شێعری نێیساری(دەهەکانی سەدەی هەوەڵی ک.م). «ماریفەتوو» پیرشالیاری شێعرەکانی پیرشالیارە سیاوی هۆرامی

دووهەم: شیعری«ئوورامەن، مەلحوناتی فەهلەوی یا فەهلەویاتی هۆرامی»، چەشنێکی تر لە سیستەمی برگە. وەك سەرچڵ: دەقەکانی دایە تەبرێز هۆرامی(٤ ک.م) ، جلالە خانم لورستانی(٤ ک.م) ، دایە خەزان سەرگەتی(٥ ک.م) ، بابا تایەر(٤ ک.م)، شێخ سەڤ هەردەوێڵی(٨ -٧ ک.م) و صەیدی هۆرامی(١٣ هـ.ق) و...

سێهەم: شێعری ئایینی «یارسان» کە لە سەدەی دوەمی کۆچیدا سەریهەڵدابوو، تا سەدەکانی دوایی بەردەوام بووە. وەك نموونە: بهلوول ماهی( نیمەی دوەم سەدەی دوەمی ک.م) بابا سەرهەنگ دەودانی(سەدەی چوارەم ک.م)، شاخوشین لورستانی(سەدەی ٥و٤ ک.م) بابا ناوسی سەرگەتی(سەدەی ٥ ک.م) و سان سەهاکی بەرزنجی(سەدەی ٧و٦ ک.م) و ...

چوارەم: قۆناغی «داهێنان و بزاڤی (کرکە)»، لە لیریکای هۆرامیدا. لووتکە بێسارانی و شاعیرانی پاشرەو(سەدەی ١٢-١١ ک.م).

پێنجەم: «بەردەوامی و فرە دەنگی» لە فۆرمی لیریکای هۆرامیدا. لووتکە سەیدی هۆرامی (1199/1265 ه . ق -1784/1848م ) و شاعێرانی هاودەم و شوێنکەوتوو(سەدەی ١٣-١٢ ک.م).

شەشەم: «هارمۆنیای فۆرم و ناوەرۆك» لە لیریکای هۆرامیدا. لووتکە و زایەڵەی بەرزی ئەم خولە: مەولەوی تاوەگۆزی(1221/1300/ک . م ) و باقی هاوبەندانی ئەدەبی و شاعیرانی پاشرەو(سەدەی ١٤-١٣ ک.م)..

حەوتەم: سەرەتای دەسپێکی نوێخوازی شێعری هۆرامی. ئەم بزاڤە چەندساڵێکە سەریهەڵداوە و هێشتا ساوایە و بۆ رسکانی زیاتر نیازی بە کات و مەودا هەیە. (محمد پور، قۆناغەکانی شێعری هۆرامی، ئامادەی چاپ

٢- ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشوە دەنگانەتە کە لە پێکهاتەی مورفیم و هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، درووست دەکات و پێکەوە نەگونجانی برگە کورت و درێژەکان ئەشارێتەوە و خۆی لەگەڵ کێشناسی عەرووز ، جیا دەکاتەوە و دەبێتە «کومپۆزیسیۆن» یان «ریتم» لە شیعردا و زەمینە بۆ رەخساندنی دینامیکیەت و بزاوتوویی لیریکا ئامادە دەکات. نووسەر بۆ ئەم توخمە زوانییە ناوی «کرکە»ی بۆ پێشنیاز کردوە. محمدپور، سوزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا/٧

٣- دەقێکی چەن بەیتی دە برگەیی، لە نزیکی شاری سلێمانی کوردستانی باشوور، دۆزراوەتەوە. لە لایەن دوکتۆر سەعیدی کوردستانییەوە، گەییوەتە دەست محمد تقی بهار و پاشان بۆ توێژینەوەی زوانەوانی گەیشتووەتە ئورووپا(بەهار، سبك شناسی شعر/٤٤-٣٩). ماموستا رەشیدی یاسمی وەکوو بەڵگەیەك لە کتێبی (کرد و پیوستگیهای نژادی او) بۆ کۆنیەتی زوانی کوردی باسی کردوە(یاسمی/١١٩) هەر وەها ماموستا عەلائەدین سەجادی ئەو پارچە هەڵبەستەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار کردووە. د. جەمالْ رەشید لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی... ل. ٥١٦دا دەڵێ: «هەندێ نووسەری تریش لە کتێبی خۆیاندا باسی ئەم هۆنراوەیانەکردووە، بۆیە بووەتە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژوو و ئەتنۆگراف نووسی رووسی بە ناو «ڤلچیڤسکی» کە بڵێت: «ئەم هۆنراوە لە ساڵانی بیستدا لە ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە» و بە شێوەیەکی درێژتر باسی ئەو رەوشتانە دەکات کە پێوەندی بە دەقی هۆنراوەکەوە هەیە. هەر وەها «رۆدینکۆ» ئەم هۆنراوەیە وەرگێراوەتەوە سەر زوانی رووسی». لێتۆژەرانی ئەم دەقە سوورن لە سەر ئەوەی کە بە سەر پێستە ئاسکێك نووسراوە و لە ئەشکەوتی هەزارمێرد دۆزراوەتەوە و هۆنراوەی «دە برگەیی و قاڵبی مەسنەوی» رەسەنن هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ساختەکاری ئەم دەقە لە دەستدا نییە. بیگومان ئەم دەقە، پێگەیەکی توکمەیە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی، شێعری نویساری کوردی. بۆ ئەوەی هەڵگری توخمی «کرکە» پرەنسیپی رەسەنایەتی مۆسیقای شێعری کوردییە. بڕوانە: (بهار محمد تقی، سبك شناسی شعر/٤٤-٣٩) و (یاسمی/ ١١٩) و (جمال رشید احمد/٥١٦ و ١٢٥ تا ١٢٨) و (محەمەدپوور، هورمزگان سەرەتای دەسپێکی مێژووی نویساری شێعری کوردی، رامان/١٢٩)

دەقەکەی هورمزگان:

هورمزگان رمان، ئاتران کوژان/هوْشان شاردەوە، گەورە گاوران
زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور /گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور
شەن وکەنیکان وە دیل بشینا/ مێرد ئازا تلێی وەرووی هوونینا

٤- رەوشت زەردەشترە، مانۆوە بێ کەس/ بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس (محەمەدپوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا .../٢٢)

یۆنانییەکان شێعریان بە چوار جۆر دابەشکردوە: حەماسی(پاڵەوانی،Epic )، غنایی(لیریکا، Lyric) ، تالیمی و مۆچیاریئامێز(تعلیمی،Etic)، و نومایشی(Dramatic) . وادیارە شاعێرانی کورد تەنیا ئیهتمامیان بە لیریکا بووە. «لیریك(غنایی)باسکردن لە باری هەست و عاتیفەی تاکی شاعێرانە، بە مەرجێك ئاسۆی واتاکی دوو چەمکی «هەست» و «تاکی» بەرفراوان لە بەرچاو بگرین، یانێ هەموو باری هەستەکان لە نەرمترین هەست تا زبرترینیان بە هەموو واقێعەکانی ژیانەوە. هەستی تاکی بەو واتاو کە لە رۆحی شاعێر سەرچاوە دەگرێ و شاعێریش تاکێکە لە گلێرگە و روحیشی لە هەمبەر هەموو دیاردەکانی گلێرگە بەرپرسیارە». (شفیعی کدکنی، زبان و ادبیات فارسی/ل٦١ )

٥- مەولەوی رۆمی لەم بەیتەدا ئاماژەی بەم «عەقڵە گشتییە کردووە:

این جهان یك فكرت است از عقل كل/ عقل شاه است و صورتها رسل (بەلخی مەولەوی/ بەیتی ٩٧٨)

واتە: ئەم جیهانە بیرۆکەی عەقڵێکی گشتییە. عەقڵ سوڵتانە و وێنەکان(شتەکان) رەسوولەکانن

٦- «مینە» واژەیەکی کۆنە لە ئاوێستا(Man) و لە پالەوی(Men) بە مانای «ئەندێشە» هاتوە. (ساقێب فەر/٣٥٩)

٧- ساقێب فەر/ ١٢-٨

٨- تاوەگۆزی مەولەوی/٤٤٩

٩- ساقێب فەر/١٠

١٠- هەمان/١٠

١١- تاوەگۆزی مەولەوی/٢٧٩

١٢- ساقێب فەر/١٠

١٣- هەمان/١١

# لە (سەرشانە)ی ڕەفەنەوە بۆ (ڕوکناباد)ی ئەشق
## (پەیوەندیی هەناسەی مەولانا مەولەوی تاوگۆزی و حافزی شیرازی)

**جەلیل عەباسی**

"ڕا جەعفەر ئاباد سارای گەرم مەیل    مەنزڵ شیرازشار سەودای عەشق لەیل
دەسودیم وە ئاو روکناباد شەوق    ئیمام میحراب سەر (مصلا)ی زەوق
خواجەی سەرحەڵقەی بەزمەکەی ئەلەست    دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست
..........تا:
یەك غەزەڵ مەتلەع (مژدەی ئەی دڵ) بۆ    باوەر بەڵ پەی دڵ تەسکین حاسڵ بۆ
وەربۆ نەیشەڵڵا لمێش تێکەڵ بۆ    خواجە تۆ پیرت با هەر موجمەڵ بۆ
..........."

ئەم چەند دێڕە، هەڵبـژاردەی قەسیدەیەکی مەولـەوین، کە وەکوو نامە شیعرییەك ئاراستەی حوزووری حافزی شیرازیی کردوون، من تەنیا چەند دێـڕێکم بە جیا لێ هەڵبـژاردن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە باسەکەمەوە هەبوو، ئەوانەی دەیانەوێ پارچە شیعرەکە بە تەواوەتی بخوێننەوە، با بڕواننە دووەم پارچەی تیپی (ڕ) لە لاپەڕە (٢٨٠)ی دیوانی مەولەوی چاپی (سەیدیانی مەهاباد) یانخود یەکەم پارچەی هەمان تیپ لە لاپەڕە (٣٤١)ی دیوانی مەولەوی، چاپی دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران لە سنە.

شەمسەدین محەمەد، (حافز)، کەڵە شاعیری ناوداری ئێرانی، ناسراو بە (حافزی شیرازی) یانخود (خواجەی شیراز) لە نێوان ساڵەکانی (٧٢٠/٧٣٠)ی

کۆچی مانگی لە گەڕەکی (شەیادان)ی شاری شیراز کە ئێستا پێیدەگوترێ (گەڕەکی دەرکی شازادە)، لەدایك بووەو پاش (٦٥) ساڵ ژیان، لە نێوان ساڵەکانی (٧٩١/٧٩٢)دا و هەر لە شاری شیراز کۆچی دوایی کردووە.

گەورەیی حافزی شیرازی زۆرتر لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە هیچ شاعیرێکی سەدەی هەشتەمی کۆچی بەدواوە نەبووە و نییە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی خەیاڵی ناسك و بیری وردیەوەو پەسن و ستایش و پیاهەڵدانی خۆی ئاراستە نەکردبێ. ئەم کاریگەرییە تەنها لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا نەبووە بەڵکوو سەرجەم جوگرافیای فکر و ئەدەبی دنیای ئەمڕۆی گرتۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی جیهانی. ئەوەندەی پەیوەستە بە گەلی کوردەوە کە تێکەڵاوییەکی زۆر و بەرچاوی لەگەڵ مێژووی دێرینی ئێرانی کەنارادا هەیە و لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا لە نزیکەوە ژیاوە، دەبێ بە داکۆکییەوە بڵێین:

زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شیعر و هەناسەی حافزی شیرازی و ئیتر چ بە تەرجیعبەند و تەخمیس و چ بەوەرگرتنی فکرەکە و چ وەرگرتنی وشە و تەعبیری تایبەتی حافزانە و چ بە وەرگێڕانیش، ئەم کارلێکەرییەیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە کردۆتەوە، بە جۆرێك، کە دەتوانین بڵێین، لەمێژووی ئەدەبیماندا، شاعیرێکمان نییە کاریگەریی ئاشکرای حافزی بەسەرەوە نەبووبێت و ئەم کاریگەرییەش لە شیعرەکانیدا رەنگی نەدابێتەوە..

ئەم شاعیرە ناودارە، نازناوی(ترجمان الاسرار) و(لسان الغیب)یشی پێ بەخشراوە، واتە زمانی غەیب، ئەمەش کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند دیاردە و رووداوێکی تایبەتی ژیانی حافز، وای کردووە خەڵکانێکی زۆر رووی تێبکەن و داوای رۆشنگەرییەکی لێبکەن لەمەڕ ئایەندەی خۆیان و بەمکارەش دەگوترێ (تفأل) یا بە تەعبیری خۆماڵیانە (فاڵ گرتنەوە) لە دیوانی حافزی شیرازی.

دیارە مەولەوییش بە پەیڕەوی لەم نەریتە، ویستوویەتی سکاڵایەکی شاعیرانە لەگەڵ حافزدا بکات و لە ڕۆحی ئەو بخوازێت بە هانایەوە بێت و هاوکێشەیەکی بۆ ڕۆشن بکاتەوە. مەولەوی لەم قەسیدەیەدا، سەرەڕای ئەو هانا پێبردن و سکاڵاکردنەی ئاماژەمان پێکرد، ناسیاوی و تێکەڵاویی خۆی لەگەڵ دنیا و جیهانبینیی حافزدا پیشانی ئێمە دەدات و پێماندەڵێت چەندە نزیکە لەو دنیایە و چەندە هۆگری ئەو جیهانبینییەیە و چەندەش ئەو فکر و لۆژیك و ڕوانگە و هەناسەیەی حافزی شیرازی کاری تێکردووە،

بەلای منەوە، هیچیکام لەو شاعیرانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حافزەوە وەکوو مەولەوی دنیای تایبەتی ئەویان نەناسیوە و تێکەڵی هەناسەی نەبوونە، واتە مەولەوی لەهەموویان زۆرتر و باشتر و ڕوونتر و نزیکتر، لە حافزی ڕوانیوە و بە تەواوەتی ڕۆ چووەتە ناخی دنیا عارفانەکەیەوە و پەیی بە پەیام و مەبەست و لایەنە شاراوەکانی شیعر و هەناسەی حافز بردووە و خۆیشی لەناخەوە ئاوێتەی بووە و بەهەردووکیانەوە بوونەتە هاوبەشی ڕوانگە و جیهانبینییەکی تایبەت و عیرفانی.

سەرنجێکی ورد و بابەتیانەی پارچە هۆنراوەی:

(ڕا جەعفەر آباد سارای گەرم مەیل        مەنزڵ شیرازشار شەیدای عەشق لەیل)

کە نامە شیعرییەکی تایبەتی مەولەوییە بۆ حافز و بۆتە دەسپێکی ئەم باسەش، ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت. ڕاستە ناوەڕۆکی ئەم نامە شیعرییە، زۆرتر بەلای (تفأل)دا دەشکێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا تەنها بیانوویەك بووە کە مەولەوی هاوبیر و هاوئەندێشە و هاومەسلەك و هاوجیهانبینییەکەی خۆی بدوێنێت و یادی بکاتەوەو سکاڵایەکی خۆیانناسایی لەگەڵدا بکات.. چەند وشەیەك لەم شیعرەدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن و لەوانەشە ببنە هۆی ورووژاندنی پرسیارێك لە مێشکیدا کە لێرەدا خۆیان و واتاکەیان دێنینەوە:

(جەعفەر أباد): ناوی چەند گوندێك و هەروەها گەڕەكێكە لە شیراز.

(شیرازشار): مەبەست هەمان شاری شیراز واتە زێدی حافزە.

(روکنابـاد): جۆبـارێکی پـڕ ئـاوی شـاری شـیرازە کـە (روکنەدەولـەی دەیلەمی) لە ساڵی ٣٣٨ی کۆچی مانگیدا دروستی کردووە و دەڕژێتە دەشتی موسـەللا و بـاخ و تەکیـەی حـەوت تـەنان و چـل تـەنان و تەکیـەی حـافزی شیرازییەوە.

(موسـەللا): سـەیرانگایەکی رازاوەی شـیرازە بـەڵام لێـرەدا بـە دوو واتـا هاتووە: هەم ئاماژەیە بەو سەیرانگایە و هەمیش بەواتا راستەقینەکەی خۆی واتە (شوێنی نوێژ) بەکار هاتووە.

(خواجە): مەبەست خودی حافزە کە زۆرتر بە (خواجە حافز) ناو براوە.

(موژدە ئەی دڵ): ئاماژەیە بە دوو غەزەلی حافز:

١_ (مژده ای دل که مسیحا نفسی می اید     که ز انفاس خوشش بوی کسی می اید)

٢_ (مژده ای دل که دگر باد صبا باز اید     هدهد خوش خبر از طرف سبا باز اید)

ئـەم دوو غەزەلـە مزگێنیـی هـەواڵی خـۆش و هیوابـەخش و دڵخۆشـکەر دەدەن.

(مەتڵـەع): سـەرەتا، شـوێنی سـەرهەڵدان و دەسـپێك، لێـرەدا مەبەسـت یەکەم دێڕی غەزەلە.

(موجمەڵ): کورت و ئاماژە ئاسا.

وشـەکانی (ئەلەست) و (خواجـە) و (سـەرحەڵقە) و (نەشـئە) و (بـادە) و (فەنا) و (دەمـاخ) و(جـام) و (بـەزم) و (جـەم) و (پـیر)یـش ئـەو وشـانەن کـە هەرچەند واتای مەجازییان هەیە، بەڵام زۆرتر لـە فەرهـەنگی عیرفانیـدا بـەکار دەبرێن و واتـاو ڕەهەنـدە عیرفانییەکـەیان لەبەرچـاو دەگیرێـت و زۆرتـر ئـەو

کەسانەش بەکاریان دەبەن کە لانیکەم چەند قۆناغێکیان لە ڕێبازی پڕ ڕەمز و ڕازی عیرفان بڕیبێت، دیارە مەولەویش یەکێکە لەم ڕێبوارانە و گەرچی نەیشگەیشتبێتە قۆناغی کامڵبوون (فنا فی الله)، ئەوا ڕێگەیەکی دوورودرێژی بڕیوە و نزیك بۆتەوە لە قۆناغی کۆتایی و کامڵبوون، هەر بۆیەش جگە لەو چەند وشەیەی ناومان بردن، بە دەیان و سەدان وشە و چەمك و تەعبیری عارفانە لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون کە هەرکامەیان چرایەکە بۆ ڕووناك کردنەوەی شارێگای پەیامی مەولەوی و کلیلێکە بۆ کردنەوەی قوفڵ و ڕەمزی ناو هەناسە عیرفانییەکانی ئەم کەڵە شاعیرە بە توانایەی کورد.

مەولەوی، لەم نامە شیعرییە ناسکەدا سکاڵای خۆی لەگەڵ هاودەرد و هاوبیرێکی خۆیدا دەر دەبڕێت و پێی دەڵێت، یانخود باشترە بڵێین داوای لێدەکات هەواڵێکی دڵخۆشکەری بداتێ و لەو خەم و پەژارەیە ڕزگاری بکات کە دووری و بێ خەبەریی (یار) تووشی کردووە. سەرەڕای ئەمەش، هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئاستی بەرزی ئاشنایەتیی خۆی لەگەڵ دنیا و فکر و جیهانبینیی حافزی عارفدا پیشان دەدات و لێشمان ناشارێتەوە کە بەڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو فکر و جیهانبینییەوەو وشیارانە لەگەڵیدا دەژی. جگە لەمانەش پێماندەڵێت کە بڕوای تەواوی بە عیلم و زانایی و ئاگایی غەیبانیی حافز هەیە و بە (ترجمان الاسرار) و (لسان الغیب)ی ڕاستەقینەی دەزانێت و بڕوای بە ڕاستیی قسەکەی حافز هەیە کە دەڵێت:

(دوش وقت سحر از غصـــــه نجاتم دادند     وندر ان ظلمت شب أب حیاتم دادند
بیخود از شعشعه پرتــــــــو زاتم کردند     باده از جام تجلی به صفاتم دادند
چه مبارك سحری بود و چه فرخنده شبی     أن شب قدر که این تازه براتم دادند)

حافز، لەم شیعرەدا کە ئێمە تەنها چەند دێڕێکمان بە نموونە هێنایەوە، باس لەوە دەکات گوایە لە بەرەبەیانێکدا (کە جوانترین و لەبارترین و

ناسکترین کاتی رازونیازی عارفانەیە)، ئیلهامێکی پێ کراوە و دڵی بە ڕووی زانستە غەیبییەکاندا کراوەتەوە و ئاشنا و شارەزای دنیای میتافیزیای ڕۆح کراوە. مەولەوییش، هەروەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، ئەو دنیایەی ناسیوە و بە جوانی لە راز و ڕەمزە تایبەتەکانی تێدەگات و بەهۆی ئاشنایەتیی نزیك و زۆری لەگەڵ حافزدا، دەزانێت کە گەیشتۆتە ئەو لووتکەی زانایییە غەیبانییە و دەتوانێ ببێتە (لسان الغیب) و (ترجمان الاسرار)، بۆیە ئەم نامە شیعرییەی ئاراستە دەکات و وێڕای ئەوەی داوای کردنەوەی گرێکوێرەیەکی لێدەکات، بڕواو متمانەی تەواوی خۆیشی بەو زانستە غەیبانییەی حافز دووپات دەکاتەوە.

بەهەر حاڵ بۆ ئەوەی دوور نەکەوینەوە لە خودی بابەت و مەبەستە سەرەکییەکەمان، دەبێ بگەڕێینەوە سەر پارچە شیعری (را جەعفەر ئاباد) و بڵێین: لەم شیعرەدا مەولەوی ناسیاوی و تێکەڵاویی خۆی لەگەڵ دنیا و فکر و جیهانبینیی حافزدا گەیاندۆتە لووتکە، بەتایبەتیش لە پارچە شیعری (ئێمە گشت فانی هەر ئەوەن باقی)دا ئەم تێکەڵاوییەی چڕتر کردۆتەوە و لووتکەکەی بەرز و بەرزتر کردۆتەوە، کاتێ باسی وەسیەتی (حافز) دەکات و لەگەڵ ئاشتنی (عەبدولڕەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یاروەیس)دا بەراوردی دەکات و دەڵێت:

(عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن  وەسیەت حافز وە جا ئاوەردەن

دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن  وەسەر خاکتدا سەبووی مەی مەڕدەن)

کارلێکەری و نزیکایەتیی فکری حافز و مەولەوی تەنیا لەم دوو شیعرەدا دەرناکەوێت، بەڵکوو دەیان نموونەی دیکە لە دیوانی مەولەویدا هەن کە ئەم راستییەمان بۆ بەرجەستە دەکەنەوە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:...

حافز:

(نسیم صبح عنبر بوست امروز　　مگر یارم ره صحرا گرفتەست)

مەولەوی:

(چێشەن ئارایش سەرتا وەدامان　　مەر خاڵۆم وە عەزم سەیرتان ئامان)

هەردوو شاعیر باسی ئارایش و ڕازاوەیی سروشت دەکەن و ئەم ڕازاوەییەش ئەڵبەت بە حاڵەتێکی پرسیارئامێز بەهۆی سەردانی (یار)ەکەیانەوە دەزانن بۆ ناو دەشتودەر و بۆ سەیری سروشت.

حافز:

(چشم حافز زیر بام قصر أن حوری سرشت

شیوه جنات تجری تحتها الانهار داشت)

مەولەوی: (باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆ

بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ....)

هەردوکیان چاویان دەکەنە ژێرخانی باڵاخانەی (یار) و بەمکارەش خۆیان بە بەختەوەر و کامەران دەزانن.

حافز:

(صبر است مرا چاره هجران تو لیکن　　چون صبر توان کرد که مقدور نماندەاست)

مەولەوی:

(نەسەبرم چەنی دووریت مەسازۆ　　نە وەسڵت وە مەیل دڵم نەوازۆ...)

هەردوو شاعیر لە دووری و فیراقی (یار) تووڕەن و باسی گلەییئامێزی سەبر و پێکنەگەیشتن دەکەن و سکاڵای خۆیان لەگەڵ (یار)ی دوورەدەستدا دەردەبڕن.

حافز: (گفتم صنم پرست مشو با صمد نشین ....)

مەولەوی: (سەنەم پەرست نیم سەمەد ناسەنان .....)

هەردوکیان بتپەرستی رەت دەکەنەوەو باسی تاقانە پەرستی دەکەن و دەیانەوێ خۆیان لە رێگە (مەجازی)یەکە دوور بخەنەوەو ببنە رێبواری رێبازی (حەقیقی) و لە یەزدان نزیک بکەونەوە، ئەمەش هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ هەواری عیرفان.

حافز:

(غزلیات عراقی است سرود حافز که شنید این ره دلسوز که فریاد نکرد)

مەولەوی:

(بێسارانیەن نەتۆی فەرد من خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن)

هەردوو شاعیر بەوپەڕی تەوازوعەوە دێڕە شیعری شاعیرێکی پێش خۆیان بە قەرز وەردەگرن بە مەبەستی باشتر گەیاندنی پەیامەکەیان و هەرواش بە نیازی یادکردنەوەیەکی شاعیرەکە و بەوپەڕی دەست و دڵپاکیشەوە دەڵێن کە ئەو دێڕە شیعرەیان لە کێ وەرگرتووە، بەلایەکیتریشدا هەردوو شاعیر بەو کارەیان شارەزایی خۆیان لە مەڕ ئەدەب و دنیای دەوروبەری خۆیان دەسەلمێنن و پیشانیدەدەن کە نەک هەر دانەبڕاون و نەخزاونەتە (برجی عاج)ی تەنیایی فیزاوی و دەماربەرزانەی خۆیان، بەڵکوو خاوەنی خەرمانی ئەدەبی و رۆشنبیریی رابردوون و پاشخان و باکگراوەندێکی ئەدەبی و مێژوویی و رۆشنبیریی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە.

حافز:

(از دست غیبت تو شکایت نمیکنم تا نیست غیبتی ندهد لزتی حضور)

... حافز شکایت از غم هجران چه میکنی در هجر وصل باشد و در ظلمت است نور

با سەرنجی پارچە شیعری:(چێشەن پەشێویم ماتەمیی دڵەن یا کزەی ئامای نامەی بولبولەن ....) بدرێ، دیوانی مەولەوی/ مودەڕیس/ لاپەڕە (۱۹۲)ی چاپی سەیدیانی مەهاباد یانخود لاپەڕە (۲٤۹)ی دیوانی مەولەوی چاپی دەزگای رۆشنبیریی گوڵان لە سنە.

حافز: (چنگ را بردست موترب نه دمی گو رگش بخراش و بخروشم ز وی

عود بر آتش نه و منقل بسوز غم مخور از شدت سرمای دی)

مەولەوی:

(ساقی باك نیەن جە سەردیی دەی، دەی

هەوا وەش كەردەن نەشەی نۆشای مەی)

هەردوو شاعیر یارییەکی وەستایانە بە وشە دەکەن و بەم یارییە وەستایانەش مزگێنیی مەرگی زستان و هاتنی بەهار دەدەن و دەیانەوێ بەهۆی (مەی)ەوە بەسەرچوونی سەرماوسۆڵە و وەرزی زیندووبوونەوەی سروشت و گێتی بکەنە جەژن. روویەکیتری ئەم پەیامە لای هەردوو شاعیر چۆنیەتیی روانینیانە بۆ ژیان و پشتبەستنیان بە هێزوتوانای مرۆیی و تەسلیم نەبوونە بە سەختییەکانی ژیان و کۆڵ نەدانە لە هەوڵ و چالاکی بۆ ژیانێکی بەختەوەر و زیندوو.

حافز:

(ای راحت جان بیقرارم امید دل امیدوارم)

مەولەوی:

(راحەتیی جەستەی مەینەتبارەکەم تەسکینی دڵەی پەڕ جە خارەکەم...)

هەردوکیان روویان لە (یار) کردووە و بە خەیاڵ لەگەڵی کەوتوونەتە سکاڵا و بە ناسکترین وشە و تەعبیری ئاشقانە ئەشق و خۆشەویستیی خۆیان

دەردەبڕن و پێیدەڵێن بۆ ئەو دەژین و بە بۆنەی ئەوەوە زیندوون و هەناسەی ژیانیان بۆ ئەو و لە پێناو ئەوینی ئەودایە.

حافز: (روز عیش و تەرەب و عید صیام است امروز ...)

مەولەوی: (رەمەزان تولووع سوبح شادیشەن ....)

هەردوو شاعیر هەواڵی جەژن و بۆنەیەکی خۆش دەدەن و ڕێز لە سرووتێکی دینی دەگرن و بەلای خۆیانەوە لێکی دەدەنەوە و هانی جەماوەریش دەدەن بۆ شادی و ژیانێکی کامەران.

حافز:

(زبان خامە ندارد سر بیان فراق .....)

مەولەوی:

(خامەی سەراوێز نەچای سیایی مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی)

هەردوکیان ماندوو و شەکەت لە دووری و هیجری (یار) و بێدەسەڵات لە چارەسەری ئەو دەردی فیراقە، گلەیی دەکەن کە تەنانەت (خامە)ش ناتوانێ کوشندەیی ئەم ئازارە دەرببڕێت و بەمچەشنە دەیانەوێ تاسەمەندیی لەڕادەبەردەری خۆیان بۆ گەیشتن بە دیداری (یار) پیشان بدەن.

حافز: (صبح دولت میدمت کو جام همچون أفتاب ...)

مەولەوی: (صوبحەن بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم ...)

هەردوکیان شەوێکیان بە شەوبێداری بردۆتە سەر و یەکەمین چرکە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنی بەرەبەیان دەبینن و بە تەعبیرێکی هاوشێوەش ئەو خۆشی و چێژە عیرفانییە بە خەڵکانیتر دەگەیەنن و فەلسەفەی ژیان و گێتی تاوتوێ دەکەن.

حافز:

(ببرد از من قرار و تاقت و هوش    بت سنگین دل سیمین بناگوش

مەولەوی:

(هامدەردان بەردەن ...    رۆح و دڵ و دین وە تاڵان بەردەن)

هەردوو شاعیر باسی هێزی ئەشق و دڵبەریی (یار) دەکەن و بە جوانترین و ناسکترین تەعبیر ئەم هێزی ئەشقە زەق و بەرجەستەتر دەکەنەوە.

حافز: (عید است و موسم گل و یاران در انتظار ...)

مەولەوی: (وەهارەن تەشریف خاڵخاسان پەی هەرد ...)

هەردوکیان بەهار و بووژانەوەی ژیان و سروشت دەکەنە تابلۆیەك و دەیخەنە پێش چاوی مرۆڤ، تابلۆیەك کە مرۆڤ پێشتر بەو جوانی و ڕازاوەییە نەیدیوە.

حافز: ( أخرالامر گل کوزەگران خواهی شد ......)

مەولەوی:

(کەو سەوزەی ئێمەیچ نە کام هەردێ بۆ    وەفەرش مەجلیس کام هامفەردێ بۆ)

هەردوو شاعیر ئەزموونی خۆیان لەمەڕ ژیان و یاسای سروشت دەخەنە ڕوو و هۆشداریی ئەوە دەدەن کە ئەم ژیانە سەرەنجام دەگاتە کۆتایی و مرۆڤ پێشتر چیی چاندووە، دروێنەی هەمان شت دەکاتەوە، کەواتە باشترە پەند و ئەزموون لە رابردووی وەر بگرێت و بیکاتە چرایەك بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگای ئایەندەی.

ئەم چەند نموونەیەوەم وەکوو مشتێك لە خەرمانێك هێنانەوە، دەنا وەکوو پێشتر گوتم دەیان نموونەیتر لە دیوانی مەولەویدا بەرچاو دەکەون کە

لەگەڵ شیعرەکانی حافزدا یەك ئاراستە و یەك پەیامیان هەیە. سەرەڕای ئەمانەش، بە سەدان وشە و تەعبیری یەکجۆر و یەکرەنگ و یەك واتا لەناو شیعرەکانی حافز و مەولەویدا بەرچاو دەکەون... هەردوو شاعیر لە کاتی شیاو و جێی شیاودا وشەیان بۆ واتا و پەیامێکی هاوبەش بەکار هێناوەو دەسەڵاتی باڵای خۆیان بەسەر زمان و فکر و هەردوو رەهەندی (مەجازی و حەقیقی)ی وشە و ئەشق و بەگشتی روانگەی مرۆییدا سەلماندووە. ئەم هاوبەشی و تێکەڵاوییە بەڕادەیەکە، زۆرجار خوێنەر وا لێدەکات بڵێ تەعبیری هەردوو شاعیرەکە هی یەك کەس و هەناسەی یەك شاعیرە نەك دوو کەسی دوور لەیەکی بە دوو زەمەنی دووروودرێژی جیاوازەوە. هەموو ئەمانەش، نەك هیچ لە گەورەیی و مەزنێتیی مەولانا مەولەوی کەم ناکەنەوە، بەڵکوو باڵای بڵندی شیعر و هەناسەکانی سەدچەندان بەرزتر دەکەنەوە و دەیگەیەننە لووتکەی شاخی هەرەبەرزی توانا و کارامەیی و رۆشنبیری بە واتای تەواوی وشە و وامان لێدەکەن هەمیشەو هەردەم سەری کڕنۆش لەبەردەم ئەم درەختە پڕسەمەر و باڵابڵندەدا دانەوێنین و شانازی بە ئەدەبی نەتەوەیەکەوە بکەین کە رۆشنبیرێکی نوێخوازی وەك مەولانا مەولەوی سەرقافڵە و سەرکاروانیەتی:

" هەرکەس تەوەلود دووبارەش نیەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن"

# خوێندنەوەی مەولەوی وەك شاعیرێکی ڕێبازی ڕۆمانسی

کەمال غەمبار

*"شـــیعر وازی لێنــــاهێنرێ، خۆزیـــا دەمزانـــــی لەبـــەر چ شـــتێك ناوایــە؟!" ( ١ ). مەبەست لەخوێندنــەوەی شیعرشـیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیـە لـەم نووسینەدا ، نەك تـەنیا خوێندنەوەیەکی ساکار و ڕووکەشانە . بۆیە خوێندنەوە بـە گشتی سێ جۆر خوێنەر بە خۆ دەگرێ :*

**یەکەم ئەوکەسەیە کە خۆشی لێ دەبینێ، بێ ئەوەی بڕیارێك بـدا، سێیەم ئـەو کەسەیە کە بڕیارێ دەدا بێ ئەوەی خۆشی ببینێ و، نێوان ئـەو دوو جـۆرە، جۆرێك هەیـە لـە کـاتی خۆشـی بینینـی بڕیـار دەدا و لـە کـاتی بڕیاردانیـشدا خۆشـی دەبینی"( ٢ ). لەنامەیکی گۆتەدا بۆ جی. ئێف روسنتدا لەمـەش زیـاتر هـەر وەك ڕۆلان پارت دەڵێ : "دەقی نوێ بەو سیفەتەی بۆ نووسین دەستدەدا، خوێنەر تەنیا بەکار هێن نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنی دەقەکەیە " ( ٣ ).**

**دوای ئەم پێشەکییە، دوو دێڕە شیعری عەرەبی وەك نموونە دەهێنمەوە کـە هـی شـاعیری گـەورەی عــەرەب: ( ئــەبوو تــەییبی موتەنــەبی )یــە، ســێ کــەس لــە خوێندنەوەیدا بەشداریدەکەن : سـەیف ولدەولـەی حەمـدانی وەك وەرگـر، خـودی شـاعیر وەك خــاوەن دەقەکــە، خــۆم وەك خوێنــەر و رەخنــەکر و پــسپۆر لــەزمانی عەرەبیدا.**

موتەنەبی شاعیر لە پیاهەڵدانی سەیف ولدەولدا دەڵێ :

وقفت وما في الموت شك لواقف    كأنك في جفن الردى وهو نائم
تمر بك الأبطال كلمى هزيمة    فثغرك وضاح ووجهك باسم

واتە : وەستاوی و گومان لە مەرگا بۆ وەستاو نییە
وەك بڵێی تۆ لە پێڵوی مەرگای ئەو خەوتووە
پاڵەوانان لات ڕەت دەبن زامدار و شکاو
ڕووەکەت گەشەو خەندەش لەسەر لێوت نیشتووە

سەیف ولدەولە بە موتەنەبی گوت، دەبوایە بڵێی :

وقفت وما في الموت شك لواقف    ووجهك وضاح وثغرك باسم
تمر بك الأبطال كلمى هزيمة    كأنك في جفن الردى وهو نائم

بۆ کۆکردنەوەی نێوان شتەکە و ئەوی لە گەڵیدا دەگونجێ.

موتەنەبی لەوەڵامدا گوتی :

گەورەم دەزانی کاڵافرۆش کاڵاناسێ وەك جۆلا دەیناسێ، چونکە کاڵافرۆش تێکراییکەی دەناسێ جۆلاش وردەکارییەکەی، کەمن ناوی مەرگم هێناوە لە پێشەوەی دێری یەکەم، ناوی هیلاکیم لە کۆتاییەکەیدا بردووە، بۆ ئەوەی لەبارتربێ و لە بەر ئەوەی برینداری ڕاکردوو خاڵی نییە لەوەی ڕووی کرژو مۆن بێ و چاو بەگریان بێ بۆیە گوتم ڕووەکەت گەشەو دەمت بە خەندەیە هەتاکو لە مانادا نێوان دژەکان کۆ بکەمەوە. وەڵامدانەوەکەی سەیفو لدەولەی سەرسامکردو خەلاتێکی باشی پێ ڕەوا بینی (٤).

منیش ئەگەر باری سەرنجم لە بارەی ئەم دوو دێرە شیعرە دەربڕم وەك کەسی سێیەم بۆم هەیە لە خوێندنەوەدا ڕەخنە بگرم و بڵێم :

دەبوایە موتەنەبی بڵێ :

وقفت وما في الموت شك لذلك، نەك بڵێی شك لواقف چونکە دووبارەکردنەوەی ( وقوف )ە، شیعر دەبێ چڕو پڕ بێ، هەروەها کە دەڵێ : كأنك فى جفن الردى وهو نائم پێویستێ نەدەکرد وشەی ( الردى ) ی بەکار بهێنابوایە کە لەناوچوون ومەرگ دەگەیێنێ و هاوتای ( الموت )ە. دەبوایە بڵێ :

لكانك فى جفنه وهو( قائم ) نەك( نائم )چونکە نائم نیشانەی ئەوەیە کە مەرگ و هیلاکی بەهیچ جۆر خەیاڵیان بەرەو شەڕ و پێکدادان ناچێ. بە پێچەوانەوە هەمیشە لە ئامادە باشی و هوشیاریدان ، مەرگ لە شەڕدا لە ئارادایە، ئە مە لەلایەك و لە لایکی ترەوە وشەی قائم کەلە ئارادابوون و بەردەوامبوون دەگەیەنێ، ئازا یەتی سەیف ولدەولە دەر دەخەن، چونکە بەسەردادانی لەشکرێك لە پڕ بۆ سەر لەشکرێکی دی کە بێ ئاگایەو خەوتووە ئازایەتی و بوێری هێرشبەر ناسەلمێنێ. کە شاعیر دەڵێ :

تمر بك الأبطال كلمى هزيمة فوجهك وضاح وثغرك باسم

دەبوایە بڵێ :

تمر بك الضعاف كلمى هزيمة وثغرك بالنصر المؤزر باسم

چونکە پاڵەوانانی شەڕ ڕاستە بریندار دەبن بەلاّم ڕاناکەن، لە بەر ئەوەی کە ڕاکردن لە شەڕدا نیشانەی ورەبەردان و ترسنۆکی و شوورەییە، هەروەها بەلایەنی دوژمنی بەرامبەر ناگوترێ" پاڵەوانان ، چۆن بە پاڵە وان و قارەمان دەدرێنە قەڵەم کە بە بریندار ڕابکەن ؟! مرۆڤی قارەمان دەبێ لە مەیدانی شەڕدا بکوژرێ هەروەهاکە دەڵێ :

*فوجهك وضاح وثغرك باسم ( ڕووی گەش و دەم بە خەندە یەك مانا دەگەیەنن )*

*دەبوایە بڵێ :*

*وثغرك بالنصر المؤزر باسم، واتە دەمت بە سەرکەوتنی پشتیواندار بەخەندەیە.*

لە ئەنجامی هەر سێ خوێندنەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە هەرسێکمان خوێندنەوەمان بۆ دوو دێڕە شیعرەکە کرد و خوشیمان بینی و بڕیاری خۆشماندا و هەریەك لە ئێمە بۆچوونی خۆی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە دەچینە ناو جیهانی شیعرەکانی مەولەوی ( ١٨٠٦-١٨٨٢ز ) و خوێندنەوەکی قووڵتری بۆ دەکەین و، لەبۆچوونەکەی ( ئەمین فەیزی )یەوەکە لەبارەی —مەولەوی-یە و لەکتێبی ( ئەنجومەنی ئەدیبان )دا

نووسیویەتی سەرچاوە دەگرین کە تیادا دەڵێ :

(( مەولەوی بە موقتە ضای ئەو مەوقیعەی کەتێدا بوو هیچ چاوی بەشیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلوبی ئەوان شیعری ٨ /١ )

لە قیطعە یێکیدا مەصرەعی ئەوەلی تەقفیە کردووە لەگەڵ مەصرەعی پالپ و قافیەی مەصرەعی پانی ی ڕێکخستووە لەگەڵ مەصرەعی را بع...هەروەها دەڵێ :

ئەگەرچی لەهجەی هەورامان و لەهجەی سائیمانی ئەختێ لە یەك دوورن، ئەمما شیعری مەولەوی ئەمەندە ئاهەنگزارو ڕۆحنەوازە ئەهلی سلێمانی لە گۆرانیدا شیعری ئەو دەخوێننەوە" ( ٥ ).ئەگەربمانەوێ خوێندنەوەیەکی قووڵ و ورد بۆنەو نووسینەی - ئەمین فەیزی – بکەین کە لە ساڵی ١٩٢١دا کتێبی ( ئەنجومەنی ئەدیبان )ی لە ئەستەمبۆڵدا چاپکردووە، بۆمان هەیە پەنا بەرینە چەند میتۆدێکی جیاواز: نموونەمان,میتۆدی بەرا وردکاری، میتۆدی ئارکیۆلۆژی، میتۆدی شیکاریی پراکتیکی. لەم ڕووەوە جیاوازی باری سەرنج لەمەڕ ئەدەبی بەراوردکاریی پراکتیکی و ئەو بنەمایانە هەیە کە بەراورکارییان لە سەر بنیاتدەنرێ و مەسەلەکە گەیشتە ڕادەی ئەوەی کە " پرۆفیسۆر و زانایان جیاوازییان لە بارەی دیاریکردنی بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکارریی ئەو بابەتانە هەبێ کە لێیان دەدوێن,بگرە هەروەها ئەو میتۆدانەی دەکرێ پێڕەو بکرێن، لێرەدا ڕایەکان جیاوازییان لە نێوان بابەتی ئەدەبی بە راوردکای هەیە کە لێکۆڵێرەوەی مێژووی ئەدەبیاتە جیاکانە لە ڕووی پێکچوون و ناکۆکیی نێوانیان تا لێکۆڵینەوەی ( بەرهەم )ی ئەدەبیی نووسرا و لە لایەن ئەدیبی جیاوازی سەر بە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری هەمە جۆر، بەمەبەستی

ئاشنابوونی ئەو هۆیانەی بوونە بەرهەمهێنانی ئەو ئەدەبە هەر یەك لەوانە و، ئەو فاكتەرانەی ملكەچی بوون و كارتێكردنی بەرامبەر یەكتر"(٦) مەسەلەی ئەدەبی بەراوركاری هەر بەوەندە ناوەستێ چونكە "كارەكە هەر لەسەر نیشاندانی ئەو لایەنانە ناوەستێ كە نووسەرێك لە كۆمەڵگەیەكی دیاریكراودا كەوتبێتە ژێر كارتێكردنی نووسەرێكی تر كە سەر بە كۆمەڵگەیەكی نامۆ و ڕۆشەنبیرییێك و زمانێكی جیاوازو، لاسییكردنەوەیتی لە شێواز و دەربڕین و خەیاڵی ئەدەبی، بەڵكو كارەكە لەمە تێپەڕ دەكات بۆ لێكۆڵینەوەی بارودۆخ و ڕەوشە بابەتییەكانی تر، جا بارو دۆخ و ژینگەی دەرەوە بن، یان بارو دۆخی گشتیی كۆمەڵایەتی و قۆناغی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بن كە هەردوو كۆمەڵگەی دوو نووسەرەكە گەیشتوونەتێ(٧). بەبۆچوونی من كە ئەمین فەیزی باسی شێوازی شیعری مەولەوی دەكات كە پەیڕەوی شێوازی شیعری ئەوروپی كردووە دەكرێ بەدەرهاوێشتی لە قەڵمبدەین، كە هەر ڕێسایەك دەرهاویشتێكی هەیە. بۆیە گەر بگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی كە لە ئەوروپادا شیعری ڕۆمانسی سەری هەڵدا و لە گەڵ ژیانی مەولەویدا بەراوردی بكەین، دەبینین لە یەك مێژوودا سەریانهەڵداوە. -مەولەوی -ساڵی ١٨٠٦ لە دا یكبووە و لەساڵی ١٨٨٢ی زا یینی كۆچی دوایی كردووە " ڕێبازی ڕۆمانسی سنووری مێژوویی بەرچاوی خۆی بەزاندووە، كە توێژەران نێوان ١٨٧٤ دەستنیشاندەكەن كاتێ (كە بزاڤی هەڵكشاوی شۆڕشی بورژوای فەرەنسی كۆتایی هات و ساڵی ١٩٤٨ سەر لەنوێ شۆڕشی بورژوای دیموكاتی لە ئەوروپادا بەرپابوو(٨).

لێرەدا هەردوو مێژوو یەكتر دەگرنەوە. بەلام خاڵێكی بەرچاوی جیاواز هەیە كە ڕێبازی شیعری كوردی و شیعری ئەوروپی لێكجیادەكرێنەوە، كە ئەویش ڕێبازی شیعری كلاسیكی كوردی وڕێبازی شیعری ڕۆمانسیی ئەوروپییە. ئەمە لەلایك و لەلایەكی تروەوە - مەولەوی- شیعری فەرەنسی یان ئەوروپی نەخوێندۆتەوە و، نێوان بارودۆخی وڵاتانی ئە وروپاو كوردستان بەتایبەت ناوچەی هەورامان و سلێمانی وسنەو ناوچەكانی تری كوردستان زۆر جیاواز بوون لە یەكترو زمانی كوردی

و ئـەوروپیش لـە یـەکتری جیـان. لێـرەدا ڕووی لێکـچوونی نێـوان شـێوازی شـیعری هەردوولا لـە ئارادایـەو، لـە هـەمان کاتـدا ژینگەکـەو، بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ئاستی پێشکەوتنی هە ردوو جیهانی شیعریی لێکجیان. کەواتە ( مەولەوی ) لەڕووی بەراوردکاریی پراکتیکی نێوان سەردەمەکە وەك مێژوو لێکـچوون هەیـە، بـەڵام لـە ڕەوش و ئـاسـتی پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و رادەی شارسـتانی و ژیـاری‌وشـێوازی شیعری کوردی لەو سەردەمەدا جیاوازی هەیە.

خۆ ئەگەر مەولەوی ژیانی لە شوێنێکی نزیك ئـەوروپا، یـان پەیوەندیـدار بـە ئەوروپاوە، یاخود لەڕێگەی وەرگێڕانی شیعری ئەوروپی بۆ زمانی کوردی وعەرەبی و فارسی، بەشیعری ئەوروپی ئاشنا بوایە و کارتێکردنی بەسەرەوە دیار با، ئەو کاتە بـەجۆرێکی تـر هـەڵمان دەسـەنگاند، وەك مامۆسـتا عەلائـەددین سـەجادی بـاس لەژیننامەکەی دەکـات و دەڵـێ : کـە لـە تـاوەگۆز هاتۆتـەدونیا، چـۆتە مـەریوان و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، چۆتە هەڵە بجەو جـوانڕۆ و، سنەو گەڕاوەتـەوە سـنە و تەوێڵەو چەند شوێنێکی دی کەلە سنووری کوردستانی عێراق و کوردسـتانی ئێـران دەرناچن ( ٩ ). بۆیە بەهیچ جۆرێك ناتوانین لەگـەڵ ڕایەکـەی ئـەمین فـەیزی ئـەبین ونکۆڵی لە پێکچوونی شێوازی شیعری مەولەوی و شیعری ڕۆمانسی ئەوروپی بکەین، هەر چەندە نە مامۆستا مەلا عبـدالکریمی مـودەڕیس کەسـاڵ ١٩٦١لـە چـاپخانەی نەجاح لە بەغدا دیوانەکەی مەولەوی چاپکردووە بۆیەکەمین جـار و بۆجـاری دووەم و سێیەمیش شیعرەکانی کۆکراونەتـەوە ولێکۆڵینـەوەو لێکدانـەوەو لەسەرنووسینی بۆکردووە, ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لەسنە انتشارات کردستان چاپی کردۆتەوە، باس لەو نووسینەی ئەمین فەیزی نەکراوە، هەروەها مێـژووی ئـەدەبی کـوردی لـە چـاپی یەکەم و دوومیشیدا بە هیچ شێوە بەلای نووسینەکەدا نەچووە، هـەروەها لـەدیوانی مەولـەوی- سـید عبـدالرحیمی معـدومی – بـەرگی یەکـەم ١٩٩١ کـە لـە لایـەن محەمەدئـەمین ئەردەلانییـەوە گـۆڕاوە بـۆ زاراوەی سـۆرانی، تەنانـەت ئامـاژەیێکی بچووکیش بەرچاو ناکەوێ.

بەلام بۆچی ئەمین فەیزی وەك خوێنەر ورەخنەگر و زانا ئەو زانیارییە گرنگەی بەدەستەوە داوە ؟ ئایە لەبۆچوونەکەیدا سەرکەوتنی وەدیهێناوە کە جێگەی باوەڕ و متمانە پێکردن بێ ؟ گومانی تێدا نییە کە ئەمین فەیزی ئەم بابەتەی لەخۆیەوە نەورووژاندووە، ئەگەر بەلگەیەك یان بنەمایەك لە ئارادا نەبێ کە حەقیقەتی بۆچوونەکەی دەسەلمێنێ، خودی ئەمین فەیزی کە تورکی زانێکی باش بووە کتێبی ( شعاعات )ی بەو زمانە چاپکردووە، بە دووری نازانم لە ڕێگەی ئەو زمانەوە .شیعری وەرگێردراوی ئەوروپی خوێندبێتەوە هەروەها لەدەمی ئەمین فەیزییەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی نووسیویەتی و دەڵێ " ئەوەشم لەبیرە کەلە تاریخی ١٩١٥ی میلادی بە گەڕان لە سوریا بوو لە ژووری خانێکا لە ( حلب ) بە نەخۆشی کەوتبوو کەچوومە لای بۆ ئاخرجار زیارتمکرد...هەروەها دەڵێ : کە ( تقاعد ) کرا، عومری خۆی هەر بە خوێندن وگەڕان ڕابوارد، سیاحەتێکی ئەورو پای کرد، باقی عومری خۆی لە ئەستەمبۆلدا بەسەربرد "( ١٠ ). کەواتە ئاشنابوونی ئەمین فەیزی بە شیعری ئەورو پی لەلایەك و شیعرەکانی مەولەوی بەڕادەییکی زۆرتر، سەرنجیان ڕاکێشاوە کە جۆرە لێکچوونێك لە نێوان هەردوو شێوازدا هەبێت، کە شێوازی ڕۆمانسییە لە سەدەی نوزدەمی زاییندا، کەلە کوردستان ئەو ماوەیە ڕێبازی کلاسیکی لەشیعری کوردیدا زاڵبوو. بۆساخکردنەوەی ڕێبازی ڕۆمانسی پەنا دەبەینە بەر چەند سەرچاوەیەك و لەگەڵ خاسیەتەکانی شیعری مەولەویدا بە یەکیان دەبەستینەوە. ڕۆمانسییەت مۆرکی نوێکردنەوەو داهێنان بەخۆ دەگرێ، بەتایبەت وەسفی سروشت و خۆشەویستی و مەرگی ئازیزان، لەم ڕووەوە مەولەوی گەڕایەوە سەر کێشی خۆماڵی ( ١٠ ) بڕگەیی ( ٥+٥ ) و پابەندبوون بە سیستەمی دوو دێڕی یەك سەروا، هەروەها ناوەڕۆکی بە ڕەگەزو بابەتی تر دەوڵەمەند کرد کە لە لای شاعیرانی سەردەمی خۆی باو نەبوون، وەك شاعرێکی لیرکی ( گۆرانی ئامێز ).دکتۆر ئەنوەر قادر جاف لەتێزی دکتۆرایەکەی کە بەناوی ( شیعری لیرکی شاعیری گەورەی کورد مەولەوی ١٨٠٦-١٨٨٢ ) بە دیالێکتی گۆران بۆ ئەوە دەچێ : کە شوێنەواری جێ پەنجەی مەولەوی لە ڕووی وێنەو هەندێ لایەنی هونەری و پەیڤی و زاراوە لە سەر

**شیعری شاعیرانی سەردەمی خۆی دیارن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەرهەمەکانی مەولەوی لە ڕۆژانی ژەمانی خۆیدا کاری خۆیان هەبووەو شوێنی شیاوی خۆیان پێدراوە(١١). نووسەر لەسەر بۆچوونەکەی دەڕواو دەڵێ : ڕۆڵی مەولەوی لە پێشخستن و گەشەپێدانی شیعری لیرکی زۆر ڕوونەو کاریگەرەو کاری کردوّتە سەر شاعیرانی وەکو ( کۆماسی، بولبول، فخر العلماء، مەلا نیزامی جەباری ) (١٢) ". شیعری لیرکی واتە شیعری خودی، شیعری گۆرانی ئامێز کەلە دەروونەوە دەرچووە هەر وەك ئەمین فەیزی دەڵێ : " ئەهلی سلێمانی لە گۆرانیدا شیعری مەولەوی دەخوێننەوە ".**

**هەر ئەم ئارەزوو و ڕێبازە ڕۆمانسییە بوو کەوای لە مەولەوی کرد لە ڕێبازی کلاسیکی تەقلیدی دوور بکەوێتەوە و پێڕەوی ڕێبازی ڕۆمانسی بکات، کەوا ڕۆمانسییەت توانیویەتی میزاجێکی زەینی سروش بەخش وخەوناوی و ڕەگەزێکی بنەڕەتی لەژیانی ڕۆحیدا، کەلە قووڵایی ژیانی دڵ وڕۆحی مرۆڤخوازی هەڵقوڵیوە بەجۆرێ ئەدەب بێ ئەم ڕەگەزە ویشك وبرینگەو جەستەیەکی بێ گیانە. " (١٣).**

**مەولەوی کە( عەنبەر خاتوون )ی هاوسەری دەلاوێنێتەوە دەڵێ :**

**قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی حەیفەن بۆ باڵات شەو وەتەنیایی**

**دەڵێ لەلایەك مە نجەڵەکان ڕیزکراون ئاویان تیایا گەرمکردووە بۆشۆردنەکەت، لە لایەکی کەوە گۆڕهەڵکەنەکان قوڵنگ و پاچەکانیان هەمو بەرز ئەکەنەوە ئەیدەنەوە بە زەوی دا بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەت ئاخ حەیفە ئەو باڵایە شەو بەتەنیا لە گۆڕەکەتا بمێنێتەوە، ئەوە بۆچ لەگەڵت نەبووم ؟ " (١٤) .**

**ئەگەر " خۆشەویستی خۆر و ئەستێرە بجوڵێنێ هەر وەك –دانتی – لە کۆنەوە گوتوویەتی " (١٥) دەبێ ئەو خۆشەویستییە گیانییەی نێوان مەولەوی و عەنبەر خاتوونی هاوسەری لەژیانداو لە کۆچکردنیدا چ جۆرە داهێنانێکی پێ ببەخشێ، کە هەردوو هاوسەری گیانی بە گیا نی لە یەك جەستەدا چ جۆرە حاڵەتێکی دەروونی لا بورووژێنن، کە حاڵەتی دەروونی لە بنەڕەتدا وابەستەیە بە سۆزی**

خۆشەویستی و، لە زۆربەی ئاراستەی ڕاستەقینەکانیدا بەرەو جوان و قەشەنگی ئافرەت و خۆشەویستی بەتایبەت لە قۆناغی ڕۆمانسیدا، ئافرەت لە کاتی خۆیدا گۆشەی بنەڕەت لە ئەزموونی هەر شاعیرێك پێکدێنێ بە گشتی... "(١٦).

هەر ئەو خۆشەویستییە قووڵەو بەسۆزەی کە هەردوو هاوسەر بەیەك دەبەستێتەوە، بەمەرگێکی تراژیدیی لێك دەترازێن و برینێکی قووڵی پڕئازار دەخاتە دەروونی مەولەوی کە بەمشێوە بیلاوێنێتەوە :

دووریت دیارەن چەند صاحیب نێشەن
تۆی دەروون وەخار نێشی و تەر ڕێشەن
نە شەو ڕاحەتم، نەڕۆژ دڵشادم
شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم
شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵاَت
ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵی ئاڵاَت (١٧)

وردبوونەوە لەم هونراوە بەرزەی مەولەوی دا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەشیعر زادەی باری دەروونی و سووزی شاعیرو خەیاڵە باڵاکەیەتی، کە چۆن وێنەی حاڵەتەکەی بە شێوەیەکی هونەری کێشاوەو دووری ئازیز چ وڕووژانێکی دەروونی بەرپاکردووە و خۆشەویستەکەی بۆتە کەرەستەی ئاخ ونۆف ونێش و ئازاری گیانی شاعیر، ئەو وێنە شیعرییە بەو خەیاڵە ڕۆمانسییە کە هێز و وزەو دینامیکییەتی تێدایە پلەیەکی بەرزی لەخوڵقاندن ونەفراندنی هێناوەتە ئاراوە " خەیاڵیش دیارترین هێزەکانی مرۆڤە کە ئاکرێ بەلاوە بنرێ بۆ هەر هێزێکی مرۆڤ، بەکەمی مرۆڤ لە ڕادەی خەیاڵ و پایە بەرزییەکەی تێگەیشتووە "(١٨)

لە هونراوەیەکی تردا مەولەوی دەڵێ :

ڕوخسارش وەختێ مەسقەل مەدۆلیش
وەشنۆی پاریز خەیالْ مەبۆ ریش

نەسرین جەرگت دەن وەبان نێشدا
چەنێ دڵ ئامای ئامانی پێشدا

واتە ئەم دۆستەم کەڕوومەتی خۆی مشت و ماڵ ئەدا ئەندامی چۆنە ؟ ئەگەر خەیاڵ بەبێ چرپە و بە بێدەنگ وسەنگ بچێتە پارێزی ئەوەوە کە خۆی لێ دادەگرێ و خۆی بۆباوێژی ئەو ڕوومەتە لەوێوە لەم کردەوەی خەیاڵ ئەزیەتی ئەگاتێ! کە وا بوو ڕوومەتی ئەمە کارەساتێ بێ، ئەرێ هەی فرمێسك جەرگت بەر درك و داڵ کەوێ چۆن دڵت هات هاتی بەسەریا (١٩).

ئەم خەیاڵەی مەولەوی باڵ بەشیعر دەگرێ کەبەرەو ئاسمان بفرێ بەرەو جیهانی خەون و بیرۆکەی جوان وئەو پانتاییەی سنووری واقیع دەبەزێنێ، ببەزێنێ بەرەو جیهانێکی فەنتازی بەرێ کە شاعیر وەك هونەرمەندێکی داهێنەر وێنەی بکێشێ " کەواتە خەیاڵ لێرەدا پەیڤی جوان نییە بەلکوو وشەی بەرز و بالایە، لەهەستی کەسایەتی کەوا بەدەوری خۆیدا قایلە و، لە هەستی دەرەوەیدا هەڵدەقوڵێ " (٢٠).

کۆچی ئاوادەی (عەنبەر خاتوون) تا سەر ئێسقان کاری لە مەولەوی کردووە، کە مەرگ کۆتایی مرۆڤ و کۆچی هەتا هەتایە، کارەساتێکی هێندە جەرگبڕە و زامێکی قووڵ و بەئازار لە جەستەی مرۆڤ دەکات کە هەرگیز سارێژ نابێ، چونکە ئەم مەرگە ی ئازیزی مەولەوی " دەرکێشانی حەقیقەتێکی ئینسانییە، کە لە ڕەگ و ڕیشەیدا حەقیقەتێکی ترسناکی پڕ مەترسییە و، مایەی ترس و لەرز و ڕاچڵەکینە بە هەستکردنی حەقیقەتی ئینسانی و، شیاوی سۆز و شیوەن و خەمی قووڵە لای ئێمە..." (٢١)

مەولەوی هەرچەندە تابلێی شاعیرێکی داهێنەرە، بەڵام نەیتوانیوە مەرگەکە لە عەنبەر خاتوونی هاوسەری دوور بخاتەوە ! کەچی توانیویەتی کارەساتەکەی مەرگ بەقووڵاییەکی کاریگەر وێنەی بکێشێ و مەرگەکە بۆتە مەرگی خۆشەویستی و جوانی و هۆگری، هەستکردن بە ونبوونی ئازیزێکە بەخەون یان خەیاڵ نەبێ

ناگەڕێتەوە. کە مەرگ لەناوچوون بێ هەموو ئەو ڕەگەزانەی خۆشەویستی و تاسەو ئارەزوو دیاریدەکەن کە بمێنێتەوە لە ناودەچن و دەگوترێ : "شێوازێکی بنەڕەتی لە بەرگریکردنی حەقیقەتی مەرگ هیوایە و شێوازێکی دووەمی بەرگریکردنی حەقیقەتی مەرگ خۆشەویستییە و، شێوازی سێیەمی بنەڕەتی تر لە هەردووکیان لەم بەرگرییەدا پەیقی شیعرییە(٢٢). هەر ئەو مەرگەشە کەوا لە مرۆڤ بکات بە تایبەت مرۆڤێکی هەست ناسکی وەك مەولەوی کە هەست بە مەترسی مەرگ بکات و رووبە ڕووی بێتەوە بیبەزێنێ، ئەویش بەو شیعرە داهێنەرانەی کە تراژیدیای مەرگی بەرجەستە کردوون. لە ڕاستیدا کە ئەو هەستە پڕ سوز و بەجۆش و خرۆشە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەستکردنی شاعیرە بە مۆڤێکی تا بڵێی خۆشەویست، ئەم جۆرە هەستەش لای شاعیری ڕۆمانسی زیاتر بەمەرگەوە بەستراوەتەوە.

**ئەنجام :**

لە ئەنجامی خوێندنەوەی هۆنراوەکانی مەولەوی و بەراوردکرنی لەگەڵ شیعری ڕۆمانسیی ئەوروپی دەتوانین بڵێین کە ژینگە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەر داهێنانی مەولەویدا هەبووە چونکە لە باوەشی سروشتێکی جوان و دڵرفێن چاوی کردۆتەوەو ئەشونمای کردووە و قەریحەی شیعری کراوەتەوە، جگە لەجوانی و شۆخ و شەنگی ئافرەت کە تێکەڵی یەکتر دەبن، کە بەهەرەو سەلیقەیەکی وا یان بە شاعیر بەخشیوە کە بە خەیاڵێکی باڵا و بە پیت و بیرێکی قووڵ و زمانێکی سفت و سۆڵ و پاراو شیعرەکانی دابڕێژێ و خۆشەویستی ئافرەت زیاتر بەجۆش و خرۆشی بێنێ. هەر وەك نووسەری ڕۆمانسیی ناسراو –نۆڤالیس دەڵێ : " خۆشەویستی چیتر نا باڵاترین شتە لە سروشت لە ناو شیعردا "(٢٣). کەجوانی سروشت و جوانی ئافرەت تێکەڵ بەیەکتر دەبن، ڕۆڵێکی کاریگەر لە بواری داهێناندا دەبینن و ئەو جوانییەی ئافرەت تاریکی دڵی مەولەوی ڕوشن دەکاتەوە و، خۆشی پێ دەبەخشێ، هەر لەبەر ئەوە ئەو خۆشەویستییە دەبێتە چارەنووس و خەون و خەیاڵ

و تاسەو سووتان و شە یدابوونی شاعیر، ئەم حاڵەتەش لەسەر بنەمای خەیاڵی هێمن و لەسەرخۆ و خەونی خۆش و سەوز بنیات دەنرێ کە مرۆڤ بەرەو هەستکردن بە جوانی سروشت و جوانی ئافرەت دەبەن. هەڵبەت کە ئافرەتیش لەناو سروشتدا بوونی نەبوو مرۆڤی شەیدای جوانی، تووشی ناموێی دەبێ بۆیە ماموٚستا گۆران گوتوویەتی :

بەلام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

پەراوێزەکان :

١- ارنست فيشر- ضرورة االفن نقله الى العربية : الدكتور ميشال سليمان - المكتبة الاشتراكية -- دار الحقيقة للطباعة والنشر - بيروت ل(١)

٢-القارئ في النص -مقالات في الجمهور والتاويل - تحرير سوزان روبين سليمان -أنجي كريسمان -ترجمة : دكتور حسن ناظم - علي حاكم صالح -دار الكتاب الجديد المتحدة -الطبعة الاولى ٢٠٠٧ ل ٢٢٩

٣- هەمان سەرچاوە ل(٢٠٨)

٤- العرف الطيب في ديوان أ بي الطيب للشيخ ناصيف اليازجي - ج١-٢ سالی ١٨٨٧چاپکراوە ناوی چاپخانەو شوێنەکەی دیار نییە.

٥- ئەنجومەنی ئەدیبان - دانەر ئەمین فەیضی بەك - توێژینەوەی لیژنەی وێژەو کەلەپور ١٤٠٣ك-١٩٨٣ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق - بەغدا ل(٣١-٣٢).

٦- مجله الفكر عدد خاص بالادب المقارن المجلد الحادى عشر ١٩٨٠ ل (٥).

٧- دراسات في الادب المقارن التطبيقي : الدكتور داود سلوم ل( ١٣).

٨- المذاهب الادبية - د. جميل نصيف التكريتي - وزارة الثقافة والاعلام - دار الشؤون الثقافية العامة -بغداد ١٩٩٠ ل(١٥٧).

٩- بروا نە مێژووی ئەدەبی کوردی -عەلادین سجادی ١٣٩١ه-١٩٧١م. چاپخانەی معارف - بەغداد ل( ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٤).

١٠- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی - رفیق حلمی - بەرگی یەکەم چاپی دووەم -مطبعة التعليم العالي / أربيل ١٩٨٨ل (٢٠و ٢٨).

١١- شیعری لیرکی شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) بەدیالێکتی گۆران -ئەنوەر قادر محەممەد-دەزگای سەردەم بۆ پاپ و بلاوکرنەوە ل)٢١٢)

١٢- هەمان سەرچاوەی ی پێشوو ل (١٧٣).

١٣- المذاهب الادبية ل (١٥٨)

١٤- مێژووی ئەدەبی کوری -عەلادین سجادی ل(٢٩٩).

١٥- ما قالته النخلة للبحر- الشعر المعاصر في البحين -/ علوي الهاشمي - دار الحرية للطباعة - بغداد١٩٩٠ ل(٤١)

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٥٨) ز

١٧- دیوانی مەولەوی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس -چاپی سێیەم سنندج ت(٢٢٤و٢٢٥) ز

١٨- النقدالادبي الحديث -الدكتور محمد غنيمي هلال - دار العادة -بيروت ١٩٨٧ ل(٤١٠-٤١١)

١٩-مێژووی ئەدەبی کوردی -عەلادین سجادی ل(٣٠٠).

٢٠- الوعي الفن- تاليف : غيورغي غاتشف -ترجمة : دكتور. نوفل نييوف- عالم المعرفة - العدد ١٦٤- الكويت شباط ١٩٩١ ل(١٣٣)

٢١- ما قالته النخلة للبحر ل(٥٢٠).

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٥٢٤).

# مەولەوی شاعیری: ئازارو خەمە

حەمەکەریم هەورامی

ئەگەر لە دیدی مرۆڤەوە تەماشای ژیان بکەین دەبینین لە دوو حالەتی دژ بە یەك پێکهاتوە : خۆشی و ناخۆشی ، ناخۆشیەکەی خەم و ئازارە.

ئەو خەم و ئازارە لای هەندێ کەس دەبێتە بارێکی کوشندە و لە ژێریدا دەرناچێ ، لای هەندێکیش دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و ئەفراندن.

ئەوانەی خاوەن بەهرە و ئەزموون بن خەمەکانیان لە بۆتەی ئەڤینداریدا قاڵدەدەن و دەیکەنە نەختینەیەکی ئەدەبی و هونەری، لە رشتەی شیعر و چیرۆك و ئاواز و گۆرانی و بەیازدا دەیهۆننەوە و وەکو تاجە گوڵینە لە گەردەنی ئەدەب و هونەری نەتەوایەتی دەکەن.

هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری و زانستی نییە سەرچاوەکەی نەچێتەوە سەر ئەڤین،ئەڤینی پر خەم و ئازاری بە چێژ، چێژی خۆشەویستی کە خەلاتێکی یەزدانییە.

مەولەوی شاعیرمان و سەدانی دیکەش وەك ئەو لای نەتەوەکانی تر ئەو کەسە بەهرەمەندانەن کە توانیویانە خەم و پەژارە و ئازارەکانیان بکەن بە هەسوونە رەنگینەی بەر وەشتی بەهاری ئەدەبەکەیان.

ئەوە خەمەکانی ( مەولەوی )ن بوونەتە قردێلەی هەمە رەنگ لە کەزی کیژانی قوتابخانەکانمان دراون ، ئەو گێل گێلەو چەناخ و لاگیرە و کلاو زەر و هەیاسە و کەمەرەی جەمین جامانی شیعری کوردە ئەوە ئازارەکانی

مەولەوین وا دەدرەوشێنەوە ، ئەو گوڵاڵە هەمە رەنگانەی بەهار کە سایەیان بۆ دەروون مەلالان بەستوە ئەوە مەینەتەکانی مەولەوین لە پێ دەشت و لا پاڵی هەردەکانی ئەدەبی کوردیدا خێمەیان داوە.

مەولەوی هەمیشە ئارەزووی کولانەوەی زامەکانی خۆی کردووە بۆ ئەوەی لە ئیش و ئێشیان فەرامۆش نەبێ ، تا بەو کولانەوە یادەوەری برینی خەدەنگی ئەو مژگانانە کە بە سەوقات پێ ی بەخشرابوو لە بیر نەکات و لە پەنای بەسۆهاتنەوەیاندا شیعری ناسکی گوڵ رەنگ بەرهەم بدا.

خەمی عاشقانی دڵ بریندار خەمێکی هەم بە چێژە و هەم بە پیت و پێزە.

تۆ وەرە بە ناو دیوانەکەی ( مەولەوی ) دا گەشتێك بکە ، هەست دەکەی شیعرەکانی لە ناو رووباری خەم و ئازاردا بۆ جوانکاری شە پۆل دەدەن.

جگە لە مەولەوی و بێسارانی کەم شاعیر توانیویانە وەك ئەوان راوی خەم و ئازارەکانی خۆیان بکەن و دیمەنی هەمەجۆرەی وێنە شیعریان لێ بەرهەمبێنن ، ئە و وێنە شیعریانە کە مەولەوی لە خەمەکانی خۆی ئەفراندوونی نموونەیان لە شیعری رۆژهەلاتدا کەمە ،

ژیان قەیتانێکی دوو رەنگە. خەم وخۆشی بە یەکەوە بەستووە ، خەمیش زەمینەی سەرهەڵدانی ئازار و ئێشە ، ئازار یان رۆحیە یان جەستەیی ، لە نێوان هەرووکیاندا پەیوەندییەکی میکانیزمی هەیە ، هەرکامیان بگری ئەوی تریانە.

ئەمانەی خوارەوە هۆکاری خەمەکانی مەولەوین : -

- هیجرانی یار
- بێ بەینەتی ( بێ وەفایی )
- دەردو مەینەت
- سەرگەردانی

- زامەکان
- جگەر سووتاوی
- کۆسکەوتن
- بوونی رەقیب
- پیری و کزی چاوەکانی

بۆ ساتۆر و دامرکاندەوەی ئەو خەمانە هەندێك جاریش بـۆ هروژانـدنیان مەولەوی پەنا دەباتە بەر :

- مۆسیقا ⟵ دەف ، نەی ، سازو سەمتور.
- گۆرانی ⟵ مطرب ، مغنی
- ساقی و مەی
- سروشت

وەرن با یەك لە دوای یەك وێنـە شیعریەکانی مەولـەوی لـە نـاو تـابلۆی غەزەل و چامەو فەردەکانیدا بدەینە بەر سەرنج ، بزانین چۆن هیجـران و دەرد و مەینـەت و سـەرگەردانی و بـێ وەفـایی یـارو سەرچـاوەکانی دیکـەی خـەم بونەتە زەمینە خۆشکەر بـۆ ئەفرانـدنی جـوانترین شیعری هونـەری نـاسك و پاراو :

١- هیجران ( دابران لە یار )

نموونە :

پەژارەت شادیم جەبێخ ئاوردەن
دووریت ریشەی دڵ خە یمەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم وەتویتا کەرد
جیاییت ئازام جەهەم جیا کەرد ١٢٨

یان دەڵێ :

بینایی وەراست دڕەی پڕ دەردم
ئای چەند سەر سەختبیم لوای نەمەردم
بڵێسەی کورەی هیجرانی باڵات
گەرمی مەحرومی تۆزەکەی پاڵات

ئەو دوو نموونەو چەندین نموونەی دیکەی هیجران هەندێکن لە سەرچاوەی خەمەکانی مەولەوی خەمەکانیش لەناو قەریحەی مەولەوی دا لە هەتیتەی شیعر دراون بونەتە نەختینەی گران بەهای شیعری کوردی.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن هیجران و دابڕانی مەولەوی لە چی ؟

لە کۆتاییی ئەم لێکۆڵینەوە دا مەولەوی خۆی وەرامی ئەم پرسیارە دەداتەوە .

دووەم / بێ بەینەت ، بێ وەفایی

نموونە :

من جەخێڵ خانەی مەینەت پامالم
کون بەینەت داری پەرسۆ ئەحوالم ١٥٠

یان دەڵێ :

کەس بە وێنەی من پڕ مەینەت نەبۆ
گرفتاری دۆس بێ بەینەت نەبۆ ٣٩

سێ یەم / دەرد و مەینەت

نموونە :

من جفت مەعشوق دەرد هامرازمەن
چوون بازی سەرچل وادەی بازمەن ١٣٣

یان دەڵێ
سەر لەتەرەی خەم خول ئاوردەوە
تای کرژی مەینەت دوویاد کردەوە ٣١٤

یان دەڵێ
ئازیز ! تەن وەنێش زامانت خەستەن
مەینەت پای ئامان وە زنجیر بەستەن ٤٩

چوارەم / سەرگەردانی

نموونە :

هیچ کەس مبتەلای دووری یار نەبۆ
چوون من سەرگەردان بێ قەرار نەبوو ٣٩

یان دەڵێ
ئازیزم ئاهیر دووری بالای تۆ
جەستەم کەر وە بوول شەماڵ بەرد پەی کۆ ٤٥

لەوە سەرگەردانی تر هەیە کە جەستەی شاعیر بوبێ بـە خۆڵـەمیش و بـە دەنگ باوە درابێ نەزانێ شەماڵ بۆ کوێ ی بردبێ.

پێنجەم / زامەکان
نموونە :
زامان تـاونـان هونـاوان جۆجۆ
دەرد وەبـانی دەرد یەجە دووری تۆ ٢١٣

یان دەڵێ:
گرمەی کورەی دەرد کوی تـاقەت تـاوان [1]
بۆ سفتەی جەرگم وەگەردوون یاوان ٢٨٧

یان دەڵێ:
هەر رۆ جە یحونێ مەرێزۆ چەنەم [2]
سارای دڵ بییەن وە هونـاو و چەم

شەشەم / جگەر سووتـاوی
نموونە :
هەڵای کزەی زام جگەر گۆشەی وێم [3]
موو ئـاساو ئـاییر هەر پێنج مەدان پێم ٥٤

---

[1] - تاوان= تواندنەوە
[2] - جەیحوون= رووبارێکە، رووباری فرمیسك
[3] - لە مردنی منداڵێکدا وتوویەتی

حەوتەم/گۆسکەوتن

نموونە

دڵەی کۆسکەفتەن هەم تەم کەردەوە

پەردەی سەبوریش تەمام دڕدەوە ۱۱۹

یان دەڵێ:

شورای عاشورا دیسان بەزمیش بەست

محرم ئاماو مەحرەم شی نە دەست [٤]

ئەو خەریك نەچۆڵ شامی عەدەمدا

من نە ( کەربەلا ) ی سارای ماتەمدا. ۱٤۰

هەشتەم – بوونی رەقیب [٥]

نموونە :

با ساتێ رەقیب دووریت بکێشۆ

شەوێ وێنەی من وەی رۆ وەنیشۆ ٥۰

یان دەڵێ:

کام زامی جەتۆ من نەویم نصیب

جەفا هەر وە من وەفا پێ رەقیب ۲۱۳

---

[4]- لە مردنی عەنبەر خاتوونی هاوسەریدا وتوویەتی

[5]– رەقیب لای شاعیرە کلاسیکیەکان هێمایە بۆ ئەو کەسە بەدکارانە کە دەبنە بایسی لە یەك کردنی دوو دڵدار ، یان هێمایە بۆ ئەو نەریت و بەند و باوانە کە دەبنە بەربەست لە ر ێی بەیەگ گەیشتنی دوو دڵدار

نۆیەم– پیری و کەساسی و هەژاری

نموونە :

پیری و فەقیری و کەسیفی هەرسێ
نەبۆ وەهیجران باری هیچ کەسێ ١٣٣

یان دەڵێ :

مطرب بۆ وەداد دڵگیریمەوە
پیری ها ئاما وەپیریمەوە ١٢٧

دەیەم – کزی چاوەکانی

نموونە :

پەردەی لێڵایی گرتەن دوو دیدە
وادەی خەڵوەتەن ئەی بەر گوزیدە

یان دەڵێ:

های رەقیب ئەو شۆن دیدەم هیجرەت کەرد
عومری کێ وەی رەنگ وە تاڵی ویەرد ٥٤٨

یان دەڵێ:

پەردەی پوسی گۆش نم کێشان کەم کەم
ئەمسەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم

پیری و کەساسی و هەژاری و جگەر سووتاوی و کۆسکەوتن و تاڵی ژیان ئەو مەینەت و کارەساتانەن کە مۆرڤ دەخەنە ناو گێژاوی خەمەوە ئەو کەسە

بلیمەتە کە بتوانێ ئەو خەم و مەینەتانە بەرهەم بهێنێ، وەکو بێسارانی و مەولەوی کەژاوەی شیعریان لێ دروست بکات.

سەرچاوەی خەمەکان ئەو ئەستەنگانەن کە رێگرن و بەرەنگاری ئاواتەکان دەکەن لە جۆشدانی ئەزموونەکانی مرۆڤدا کاریگەیارن هەیە ، لەهەمان کاتتدا لایەنە خۆشیەکەی ژیان تامدار تر دەکەن لە رەتابەت و بێزاری دووری دەخەنەوە.

هەر بەهرەو ئەزموونی قاڵ بووی شاعیرانە بتوانێ ئەو خەم و ئازارانە جەڵەو گیر بکات و لەناو وێنە شیعری ناپابدا دەستەبەریان بکارت.

رێگەی ژیان بە گوڵ و رێحانە پایەنداز نەکراوە ، بەڵکو بە گوڵ و درك تەنراوە بە درِی درکەکاندا نەرمی گوڵەکانت بۆ دەردەکەوێ.

مەولەوی بۆ دارمکاندنی تەوژمی خەم و ئازارەکانی پەنای بردۆتە بەر:

(١) مۆسیقا ⟵ شمشاڵ ، دەف ، ساز و سومتور ،

(٢) گۆرانی ⟵ مطرب ، مغنی ، ئاواز و مەقام

(٣) ساقی و مەی

(٤) سروشت

١- مۆسیقا

هەر لە کۆن زەمانەوە لە لای گەلان بەتایبەتی گەلانی رۆژهەلاَت مۆسیقا هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئارام گرتنی خەم و پەژارەی تاك و بۆ سەقامگیرکردنی تەناهی کۆمەلاَیەتی. هەروەهاش لە کوردەواری دا دەرمانی دەردی بێ چارەیی دەروون مەلا لان بووە.

مەولەوی مۆسیقای بۆ دارمرکاندنەوەی کەف و کوڵی خەمە دەروونیە جۆشدراوەکانی بەکار هێناوە یان بۆ هروژاندن و ختوکەدان و سۆراحکردنیان بووە.

ا – نموونە بۆ دەف

دەروێش ئەهلی خەم هەر یەند جەم مەبۆ
پای کاو دەروون هەر یەند تەم مەبۆ

یان دەڵێ:

سا دەروێش وە عیشق مەولای دەروێشان
وەیا هۆی وەسۆز ریازەت کێشان
هەر پاسە مەبۆ زەلیلی دەخیل
چینە زیاتر مازەم وە زەلیل
پەی دیگ دەروون جۆش کۆڵ و کەف [6]
تەسکین نمەك کزەی کەف و دەف
بەو ئائیرەوە بەو دائیرەوە
خاس بنیەر هەستیم وە ئایرەوە
بەڵ ئیمشەو خەمان شیونان کەلەك
تا سەحەر چۆن بۆ گەردەش فەلەك ٦٠

دیارە مۆسیقا ریشەی دڵ کەنەدەو دڵدانەوەی مەگێزە خەفەتکراوو خنکاوەکانی ناخی دەروونە ، لە ناخدا خۆیان ملاس داوە وەك ئاگری بن کا بە ئاستەم دەسووتێن.

مۆسیقا کە زار دەربرینی ئەوانە کلپەیان پێدەدا و دەیانتەقێننەوە و کەڵەکەیان تێك دەدا.

ب – نموونە بۆنەی ( شمشاڵ ) بۆ جۆشدانی ئازارەکان :

[6] – ( دیگ ) قازان : مەنجەڵ - (ئائیرە): ئاگر - (دائیرە): کەلەی دەف

نەی چی درەنگەن سامەکەر درەنگ
فیدای پە نجەت بام نەی باوەر وەدەنگ
بجۆشۆ هەرکەس وەقەد نالەی ویش
بنۆشەو هەرکەس وە پیالەی ویش ٤٢

پ – نموونە بۆ ساز و سەمتور:
مغنی کۆکەر سازانت وەهەم
سەمتوری تاری وەهەم کەرە جەم ٤١

٢ – گۆرانی :

بۆ ئاواز و گۆرانی مەولەوی بۆ ساتۆرکردنی خەمەکانی پەنا دەباتە بەر مطرب و مغنی [7]

نموونە بۆ ( مطرب )
مطرب یەکارەن مەرسیا سەنگی
من پەی حالەوە تۆ وەی بێ دەنگی ٢٨٨

نموونە بۆ ( مغنی )
های مغنی تار حە نجەرەی وەشتەرز
وەسەر پە نجەی ناز با وەرە ئەو لەرز ٢٨٧

---

7-( مطرب ) و ( مغنی ) دوو وشەی عەرەبین هەردوکیان گۆرانی بێژن (( مطرب )) ئەو کەسەیە لە کاتی گۆرانیدا دەست بە گوێوە دەنێ و ( مغنی ) یش گۆرانی بێژە بەلام لەگەڵ گۆرانیدا تار لێدەدات.

نموونە بۆ مقام

تا مطرب وەساز حە نجەرەی بێگەرد
هۆردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد
بەل ناکاو نەیچی بەیۆ جەلاوە
وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە [8] ) ٣٠

٣ – ساقی و مەی

بەکارهێنانی زارەوەی ساقی و مەی لە ئەدەبی کلاسیکی رۆژهەلاتدا لە جوانکاری و هێما سازی دا جێ ی خۆی کردۆتەوە ، لای ئەو شاعیرانە کە خولیای سۆفیگەریان هەبووە بۆ مانا مەجازیەکەی بەکاریانهێناوە یان بەکارهێنانەکەی لە ژێر کاریگەری چاولێکەری پێشینانداندا بووە.

سۆفی و شاعیرانی کورد لە ( سەهرەوەردی ) و( مەلای جزیری ) و ( ئەحمەدی خانی ) و ( بێسارانی ) یەوە تا دەگاتە مەولەوی لە شیعرەکانیاندا ( ساقی و مەی ) یان بەکار هێناوە، جگە لەو هۆیانەی سەرەوە لە لایەکەوە ئەدەبی سۆفی گەری و لەلایەکی دیکەوە ئەدەبی فارسی – بەتاییەتی شیعرەکانی ( حافظ ) – کاری تێکردوون

مەی هێمایە بۆ ئەو مەیە رۆحیە کە گوایا رۆژی ( الستْ ) دا نۆشیویانە

گوایە خوای گەورە لە رۆژی ئەزەلدا پرپاری بە ( الستْ ) ئاراستەی گیانی ئادەم زاد کردوە لەبەر ئەوەی لە و رۆژەدا سۆفیەکان بە دیتن و تەجەللی خودی خوا سەر مەست دەبن وەرامی پرسیارەکەی خوایان نە بە ( نعم ) نە بە ( بلی ) نەداوەتەوە چونکە لەو کاتەدا ئەوان بە مەی عیشقی یەزدانی

---

8– قەقنەس باڵندەیەکی خەیاڵیە ، دەنوکی وەکو شمشاڵ چەندین کونی تیایە، بە چەندان ئاواز دەخوێنێ تا ئاگری تێبەردەبی

سەرمەست بوون و حەرەجیان لەسەر نەبووە لە ( مایزال ) یشدا حەرەجیان لەسەر نەماوە (.

مەبەست لە ساقیش لای ئەوان ئەو خوایەیە کە ئەو (مەی ئەزەلی ) لەو رۆژەدا بەدەمیانەوە داوە (

ئەوەتانێ ( جلال الدين الرومی ) کە یەکێکە لە سۆفیە گەورەکان دەڵێ :

( الله ساقينا والله خمرنا والله يعلم ای حب حبنا ) (١)

ئێمە پێمان وایە مەولەوی سۆفی کەس نەبووە و شیعرەکانی نموونەی راستەقینەی شیعری و رۆمانسیێ و ناچنە خانەی ئەدەبی سۆفیانەوە، چونکە ئەدەبی سۆفیانە ئەدەبێکی مەسلەکیانەی پڕ شەتەحات و ورێنەیە.

بۆیە مەولەوی کە زاراوەی ساقی و ( مەی ) بەکارهێناوە مەبەستی پەنا بردنە بەر پەروەردگار کەسەرچاوەی هەموو خۆشی و ناخۆشیەکە.

بابزانین مەولەوی چۆن سەودای لەگەڵ ( مەی ) و ( ساقی ) دا کردوە

ا – بۆ پاماڵکردنی ئەو هەست و ئەستە روحیانەیە کە لە قوڵاییی ناخیدا جەم بوون.

نموونە :

دەخیلم ساقی گەردمن سیم قاڵ

بزانێ خەم چۆن کەردەنم پاماڵ

جامێ جەمەعجوون دەرد ئەو گاران

دوود وا مەندەی بەزمەکەی یاران[9] - ١٧٠

ب – هەندێ جار هەیە مەولەوی بە خەیالی مەی خواردنەوە زەینی سر دەکات بۆ ئەوەی خۆی ئاسودە بکات.

---

[9]-( ئەوگاران ): گرفتاران، ( دوود ) خەڵتەی بنی قاپی شەراب ( وامەندە )، پاشماوە

نموونە :

ساقی سادەخێل جام مەی وەکەف
دەروێش ئامانەن کەفیٚ لە رووی دەف
ئێمەیچ باساتیٚ بەزمیٚ مان جەمبۆ
لادیٚ هەر خاسەن ئەرسەد کەم کەم بۆ - ٢٠٤

ج – هەندیٚ جار مەولەوی کە داوای مەی لە ساقی دەکات بۆ ئەوەیە بەو مەیە کەمەی یەزدانیەو دەرخواردی یەکێك دەدریٚ کە ئەجەلی هاتبیٚ ، مەولەوی داوا لە یەزادان دەکات مەی دەرخوارد بکا بۆ ئەوەی گیان بدا و لە دونیای فانی دەرچیٚ و بۆ دونیای باقی بگەرێتەوە

نموونە :

یاران و وێردەن نۆبەمەن دەی دەی
ئیسا وەکاران ساقی نەشئەی مەی ٦٦٥

یان دەڵی :

مطرب مەقامیٚ دەردم ناچارەن
ساقیا جامیٚ دۆس انتظارە ن

یان دەڵی :

بازارن وا دەی مامەڵەن ساقی
ها بگرە فانی وەی بدەر باقی ٣٤١

٤ – هەندیٚ جاریش داوا لە ساقی کە خوایە دەکات یارمەتی بدات نەهێڵیٚ پیری کەنفتی بکات .

نموونه

ساقی ! پام بەستەی زنجیر پیرین

دەسم دامانت وادەی دەستگیرین

یان دەڵێ:

هەروەزوو مەردەن نیم نەفەس باقی

پڕ کەر جامەکەت دەخیلم ساقی

٥- هەندێ جار هەیە ( مەی ) یەکەی ساقی بۆ پاکژکردنەوەی ژەنگی ناو دڵە

نموونە :

ساقی ئینە بەزم وصل یارانەن

چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن

دەورێ دەر وەنەم وە پیاڵەوە

ژەنگ دڵ وذاخ مەی بماڵەوە ٦٨

٦ – جاری وا هەیە مەبەستی ( ساقی ) خوای پەروەردگارە کە هەڵسوڕێنەری ئاسیاوی چەرخ و گەردوونە :

نموونە :

ساقی گرد ئاورد یاران هام فەرد

مذۆ نەدەماخ ئاسیای چە پگەرد ١٩٩

٤ – سروشت:

سروشت و هەموو دەورو بەرو ژینگە و زیندەوەرو نازیندەوەر دەگرێتەوە

ئەوەی لە دیوی دەرەوە سەیری بارەگای شیعرەکانی مەولەوی بکات رەنگە بلێ : داخۆ مەولەوی لەژێر باری ئەو هەموو ئازار و خەمە قورسەدا تووشی رەشبینی نەهاتبێ ؟.

ئەوەی راستی بێ مەولەوی خەمی هەموو مرۆڤی لەخۆی دا بەدی کردوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لەرێی جوان دیدەیی ژیان نەیترازاندوە بەڵکو وەکو هونەرمەندێکی بە توانا ئەو هەموو ئازارو خەمە بە پەڕە مووچی خامەکەی جەڵەو بەندی کردون و بە ئەسپاییی لە بەردی مەحەکی داوون و (١) کردوونی بە دەنکە مرواری و مەرجان.

لە رشتەی شیعردا بە بەرگەردەنی ئەدەبەکەمانی کردوون بەو کارەی دیوە ناخۆشەکەی ژیانی کردوە بە هونەرێکی رووناك دیدەو نەمر شیعری کوردی کردوە بە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناو ئاسمانی ئەدەب.

دیوە تاریکەکەی ژیانی وا بۆمان رووناککردۆتەوە کەچی کە روو بەرووی سروشت بۆتەوە لە دیدی منداڵێکەوە کە رووی لە دایکی بێ وا تەماشای سروشتی دایکی کردوە خۆی لێ جیا نەکردۆتەوە لە ئامێزی گەرم و پڕ لە عیشوەو نازیدا ئارامی گرتوە.

کاتێ کە وەسفی چوار وەرزەی ساڵ و گوڵاڵە و لالەزارو شلەی پای کاوان و شەماڵ و تەڵمیت باران و سەرخێڵی کاروان و گەرمیان و کوێستان دەکات ئەو نیشتمانە لا شیرین دەکات ئازانی چۆن پایەندازی بکەیت ، سروشت بە گشتی و وردە والاکانی بە تایبەتی خۆیان چەند جوانن ئەو جوانیەش کە لە پەنایاندایە بۆت بەرجەستە دەکات.

کەواتە ئازار و خەمەکانی مەولەوی تەنیا ئەزموونەکانی قال کردووە و نەبونەتە تەم و مژی رەش بینی و بەر دیدی مەولەوی تاریك بکەن.

بەردی مەحەك جاری وەها هەیە پێی دەوتری سەنگی مەحەك ، ئەو بەردە خەیاڵیەیە کە پێ ی گوتراوە بەردی فەیلەسوفەکان ، گوایا هەرشتێکیان پیا سویوە بووە بەزێر

سەیر کەن چۆن وەسفی وەرزی بەهار دەکات:

نازك تەدارەك فەصل وەهارەن
شیرین ئارایش هەردەو کۆسارەن
گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان
مدیان گولاڵان نە پای دەربەندان
ئەو یەکتر وێنەی ئارەزوومەندان ٤٥١

یان لە وەسفی زستانا دەڵێ:

زستانەن وەی رەنگ وە گەردوون یاوان
گێجیای لول گێج کلێڵەی کاوان

تا دەڵێ:

چ شیرین زەر گەر تۆفی هەوای سەرد
گۆشەوارە نەگۆش ئەو نەمامان کەرد

یان دەڵێ:

نەسیم پە نجەی پات ئەر سەردی کێشان
بدارەش نەتوی دڵ دەرون رێشان ٥٥٨

کێ وەکو مەولەوی توانیویەتی نهێنی فرە ناسك و وردەکانی گەردوون وا دەستەمۆی سەر نوکی خامەکەی بکات و شیعری رەنگینیان لێ بەرهەم بێنێ ئەمە ئەو پەری ئەفراندنە یان کێ توانیویەتی وەسفی ئافرەت بەم جۆرە بکات.

عەرەق چووم شەونم نیشتەم لە رووی گوڵ
تەر کەردەن تاتای توغراکەی سونبڵ

خوو ) ئارەقی بەدەن

یان دەڵێ :
دیدەش یەند خەیاڵ باڵات بی تێشدا
راگەی خاو نەبی بویەرۆ پێشدا ١٨٥
یان لە وەسفی خانمێکی جافدا دەڵێ:
ئینا عادەتێن وەظاهیر ئامان
وەرنە هەی سەرخێڵ نازک ئەندامان
تۆ ئیند نازکیت چە حەد ویەردەن
بینایی خەیاڵ راگەش گوم کەردەن
صفات خەجالەت دان وە جامی جەم
دیدەی بەد مەرعەکس ویش بدیو وەچەم
دیدەی بەد دەردش نادیاری بۆ
جەکۆ موینۆت تا لیێت کاری بۆ ؟ ٢٥٣ – ٢٥٢

هەروەها چەندین نموونەی دیکە هەن کەوا هەست دەکەی لە قەریحە و بەهرەی شاعیرانەدا سروشت بووە بە سرۆش و لەناو دیمەنە شیعرو نایابدا تواونەتەوە ، بە خویندنەوەیان دەرگا داخراوەکانی سۆز بۆ ژیانێکی نوێ دەکرێنەوە.

نەڤیندارى مەولەوى

لە پێشەوە کە نموونەکانی هیجرا نمان خستە روو ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە کە ئایا کێ لە مەولەوی هیجرانی کردووە؟
ئایا مەولەوی گیرۆدەی دڵداری بووە؟

بەڵێ گیرۆدەبووە ، دڵدارییەکەی بە دابڕان و تێشکاندن کۆتایی هاتووە، ئەگەر وانییە ئەی ئەو شیعرانە کە پڕن لە خورپەی خۆشەویستی لە کوێوە هاتوون ئەو شیعرە برینداروو پڕ لە ئازارانە لە تێشکاندنی دڵێکی بریندارەوە نەبێ هەڵناقوڵێن، مەولەوی لە دوو توێی بەیتەکانیدا پێ لە دڵدارییەکەی سەرنەکەوتووی خۆی دەنێ وەکو لەمەو پاش روونی دەکەینەوە.

مەولەوی لەو ئەڤینداریە تێشکاوەیدا تەنیا ئازارو خەمی بۆ ماونەتەوە ئەوانیشی لە بەرهەمی بە پێزدا داڕشتوون، با جارێ کورتە باسێکی دیاردەی ئەڤین بکەین تا بزانین ئەو دیاردەیە لە کوێوە سەر هەڵدەدا :

هەموومان ئەوە دەزانین کە گشت زیندەوەران بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ژیانداو جۆرەکەی خۆیان بپارێزن پێویستیان بە دوو شت هەیە : خۆراك بۆ ژیانی خۆی زاوزێکردن بۆ مانەوەی جۆرەکەی.

لە پشت پرسی زاو زێوە چەندین پاڵنەر هەن کاریان تاودانی مرۆڤە بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە بە سەر هەموویانەوە ( ئەڤین و خۆشەویستی ) یە کە بە چەندان هەست و سۆزی ناسك ئاوێزان کراون بۆ مانەوەی جۆرەکەی خۆیان پەیوەندی بە توخمی بەرانبەرەوە دەرەخسێنن، لە هەمان کاتدا تارای خۆشەویستی بە بەر ئەو بەرانبەردا دەکات بە کارێکی وەها ئارام لە خۆشەویستدا نامێنێ و بەرانبەرەکەی وا خۆشەویست دەکات ئەگەر هەردوو چاوی لەبەر پێیدا دابنێ هێشتا

پێ ی کەمە، ئالێرەوە خۆشەویستی سەرچاوەی دەگرێ و هیچ زیندەوەرێکی لێ بەدەر نابێ.

ئەڤین کە هات و بەرانبەرەکەی خۆی دەست نیشان کرد، وەنەبێ بەرانبەرەکە بە ئاسانی بڵێ فەرموو ئامادەم.

مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا دەژی، کۆمەڵ ئاین و یاساو داب و نەریتی هەیە، ئەوانە هەموو لەبەر دەم ئەڤینی ئەو دوو دڵدارەدا قیت دەبنەوەو دەبنە

ڕێگری بە یەك گەیشتنی ئەو دوو دڵدارەو دڵداریەکەیان هەندێ جار تووشی نوشتانەوە دەکەن و لە یەکتری بێبەش دەبن.

لەو ڕوانگەوە کە تەماشای خۆشەویستی دەکرێ سێ بەشی هەیە :

یەکەم: ئەو خۆشەویستییەیە کە کۆتایی بە یەك گەیشتن دێ.

دووەم: دڵداری یەك لاینە: ئەوەیە لە یەك لاوە دڵدار بۆ یارەکەی بسووتێ بەلام لایەنی دووەم گوێی ناداتێ یان پێی نازانێ.

سێیەم: دڵداری چینایەتییە : ئەوەیە یەکێك لەو دوو دڵدارە لە چینێکی دیارو داراو خاوەن پایەو سایەی کۆمەلایەتی بێ،

ئەویتر لە چینی هەژاران بێ، کەچی دڵداریەکەیان دوو لاینەیە، بەلام دیوارە سەختەکەی نیوانیان کە چینایەتییە ڕێ بە یەك گەیشتنیان نادات، ئەم جۆرە دڵدارییە بە تین و کارگەرترە، هەتا ئەو دوو دڵدار بمێنن بە ئازاریەوە دەناڵێنن.

دڵداری یەك لاینەو چینایەتی لە لای میللەتان بوون بە نەختینەی گران بەهای ئەدەبو ئاوازو گۆرانیو هونەر. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ە ئایا دڵداریەکەی مەولەوی لە کام جۆریان بووە؟

ئێمە لێرەدا ناتوانین پڕ بە دڵ بڕیار بدەین لە کامیانە، چونکە مەولەوی ئەو دڵداریەی کە لە شیعرەکانیدا دەیدرکێنێ ئەوە پیشان نادات کە لەم جۆریان بووە.

ناشزانرێ داخۆ کەیو لە کوێ گیرۆدەی ئەو دڵداریە بووە، بەلام ئەوە بەر ئەنجام دێ کە دڵداریەکەی لە سەردەمی فەقێیەتیدا بووەو، سەرمایەی فەقێ تەنیا کتێبێکی شڕۆڵەی خوێندن بەولاوە چیتری نەبووە.

با سەرنجێکی ئەم سێ بەیتەی مەولەوی بدەین :

دیاکەی وە شەرم جە پەنجەرەی ناز

تاتا ڕیشەی جەرگ بەر ئاوەرد وەگاز

پەتڕۆی زامەکەم هەم لا بەردەوە
وەخت بیٚ ساریٚش بیٚ تازەش کەردەوە
تیریٚ هەوا دا وە پەنجەی بیٚگەرد
دا نە پەڕەی دڵ تا سۆڤار و یەرد.٢٦٠

ئەو یارە کە پەنجەی ناز تیریٚکی بە مەولەوی هەوا داو بە سەری کردەوە ئەوەتانیٚ ئەو یارە مەولەوی لە بیر چووەو رووی لیٚ وەرگیٚڕاوەو وازی لیٚ هیٚناوە یان شووی بە یەکیٚکی تر کردووە، ئەوتانیٚ مەولەوی لەسەر ئەو کارەی سەرجەنشتی دەکات و دەڵیٚ :

منت شی جە ویر خاست کەردیدەم
بە ویٚت خاتر شاد خاست کەردیدەم

دوای ئەو سەرزەنشتە روو دەکاتە یارە بیٚوەفاکەی و دەڵیٚ :

سا هەر سۆزەی خۆش ئاە سەردی من
هەر کوورە پڕتاو گەرمی دەردی من
هەر وەفای دەم دەم ئاشنای ئەو
هەر ئەو عەهدو شەرت رووبەرایی ئەو. ٥٤١

واتە بۆ خوا بڵی جۆشی هەناسەی ساردو کوورەی گەرم و پڕ تاوی من بەراورد بکە لە تەك وەفای تاو توی رووکەشی و رووپامایی ئەو یارە تازەیەت فەرقیان ئاسمان و ریٚسمانە.

لە کۆتایی ئەو چامەدا پیٚ لە دڵداریە شکاوەی خۆی دەنیٚ و کە یارەکەی وازی لیٚ هیٚناو رووی لە یاریٚکی تر کرد،

لەم بەیتانەی خوارەوە ئەو شاهیٚدیەی لە سەر خۆی و بیٚسارانی دەدات. کە ئەمیش وەکو ئەو تووشی ئەو جۆرە دڵداریە کوشندەیە بووە و دەبیٚ لە ژیٚر باریدا بەرگە بگریٚ.

ئەوتانێ دەڵێ :

های رەحمەت ئەو قەبر سەودایی کامڵ
سەرمەشق مەینەت ( بێساران ) مەنزڵ
یانە وێرانی هەر وە من ئامان
مەتاوو گرتەی کەسێوی دامان. ٥٤٢

ئیدی دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە ئەو کارەساتە بە سەر ئەودا هاتووەو مەگەر هەر بەسەر ( بێسارانی )دا هاتبێت ( ١ ). کە ئەو سەرمەشق و پێشرەوی ئەو هیجران و دابڕاوەیە بۆیە جگە لەو هیچ پەنایە دیکە شك نابات دەستگیری بێ و دڵی پێ خۆش بکات.

مەبەست لە بێسارانی، مەلا مستەفای بێسارانی( ١٦٤١-١٧٠٢ ) یە کە شاعیرێکی گەورەی دەڤەری هەورامانە

تێبینی : ئەو ژمارانەی کە لە بەیتە شیعرەکاندان ژمارەی لاپەرەکانی دیوانی مەولەوین..

سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە :

١- ( دیوانی مەولەوی ) کۆکردنەوەی م. عبدالکریم مدرس

٢- الحب الالهی فی التصوف الاسلامی : الدکتور محمد مصگفی حلمی

٣- دیوانی بێسارانی _ لێکدانەوەی :حکیم مەلا صالح

٤- لێکۆلینەوەیەکی دەست نووسی نووسەر لە سەر مەولەوی :

# چەمکی عەشق لە دونیابینی مەولەویدا

رەفعەت مورادی

## واتا و مانای عەشق

پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە روونبکەمەوە وشەی عەشق و عاشقی بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی ئەوکسانەی کە پێیانوایە وشەیەکی عەرەبییە و ئەو تەوەرەش تەوەرێکە کە زیاتر لە ئەدەبی عەربدا رەنگی داوەتەوە ، وشەیەکی ئاڤێستاییە و لە دەقە ئاوێستاییەکاندا ئەم وشەیە بە شێوەی (ئیشت و ئیشکا ) بە واتای حەزو ئارەزو و خواستن و میهر و مەیل بەکار براوە ، لە کاتێکدا عەرەبەکان زیاتر (حوب ) بە کار دەبەن لەوانە حبیبب و محبووب... هتد، ئەگەر عەشقیشیان بە کار بردبێت ئەوە زیاتر لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا رەنگی داوەتەوە ، لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدەم ئەم تەوەرە ئاڵۆزە بورووژێنم کە بەدەگمەن باسی لێکراوە و ئەگەریش کرابێت ئەوا بە شێوەیەکی یەکلایەنە ئاماژەی پێکراوە و بە بێ تێگەیشتن لەو چەمکە پڕناوەرۆکە کە بناغەی عیرفانی لە سەر دامەزراوە تەنیا لایەنە ئاینییەکەی نیشاندراوە

## عەشق لە روانگە ی مەولەوی و عارفاندا

رەنگە ئاوڕدانەوە لە هەموو لایەنەکانی کەسایەتییەکی هونەری و ئەدەبی و... کارێکی ئاسان نەبێت و نەتوانرێ وەك پێویست بە نێو قووڵایی دونیابینی و ژیان و بەرهەمەکانیدا رۆ بچیت ، خوازما ئەو کاتەی کۆمەڵگا بە هۆی ئایدیۆلۆژیایەکی بەرتەسك و هەندی سنووری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەوە هێڵی

سووری لە بەردەم هەموو جۆرە شیکارییەکی ئۆمانیزمگەرانەدا دانابێت ، بەڵام رەوردەوەی مێژو وگەشە کردنی بزاڤە فیکری ورۆشنبیرییەکان دەرگا داخراوەکانی عەقڵ و لۆژیکییان یەك لە دوای یەك بە رووی تاکی داهێنەر کردۆتەوە و لە سایەی ئەو رووناکاییەدا گەلێك لایەنی تاریك و شاراوەی دونیابینی و بیروباوەڕی تاکەکان رووناك کراونەتەوە ، زۆرن ئەوانەی لە ئاسمانی شیعر و ئەدەبدا وەك ئەستێرەی گەش درەوشاونەتەوە و بە خەلاقییەت و داهێنانی خۆیان دڕیان بە شەوەزەنگی جەهالەت داوەو جوانی و بەهای مرۆڤەکانیان لە کۆت وبەندی تێروانینە چەقبەستووەکاندا دەرهێناوە ،

کەڵە شاعیری کورد مەولەوی نەمر یەك لەو هونەرە هەرە بەرزانەیە کە توانی بە پاڵپشتی ئەدەبی دەوڵەمەندی گۆران و شارستانییەتی ئەو دەڤەرە جوان و رۆمانسییە ساباتی عەشق و خۆشەویستی لە سەر ترۆپکی عەقڵ و عیرفاندا هەڵبدات و بە عەشقی ساقی مەیگێڕ دڵ و دولبەر ئاوێتەی یەك بکات ،

ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس — بە رووی نازدوە جام گێرە وەدەس
دەور دەرە وەناز چون هەردە جاران — پێم دەر یەك مەنی سەبا و ئێواران
با وەس باڵینم سێلاوی هوون بۆ — ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ

تۆ بڵێی ئەمە چ سیحرێك بێت کە بەو جۆرە مەولەوی بۆ لای خۆی رادەکێشێت و لە نێو بازاڕی مەیخانەدا کەمەندکێشی دەکات و مەست و سەرخۆشانە رێگای عەشقی پێدەبڕێت! ئەگەر بە وردی لە ناخی شێعرەکانیدا رۆبچین و ساتێك ببینن بە هاونشینی کۆڕ و بەزمی ئەو شاعیرە بەلیمەتە ، ئەوە کات بۆمان دەردەکەوێت کە عەشق لای مەولەوی تەنیا دەربڕینی هەستی دەروونی نییە بەڵکو عەشقێکی گەشەسەندووە کە لە سەر بنەمای پێویستییەکی رۆحی بونیات نراوە ، مەولەوی بە قووڵی لە واتای راستەقینەی عەشق تێگەیشتووە و ئەوە باش دەزانی کە عەشق دەرمانی دەرد و مەرهەمی ژیانە و دەبێ بۆ گەیشتن

بەو پێداویستییە رۆحییە هەموو رێگاکان لـە پـێش بگریـت وەك چـۆن مەولـەوی روومی دەڵێت ،

فلك جز عشق محرابی ندارد　　جهان بی خاك عشق ، ابی ندارد
غلام عشق شو کاندیشه این است　　همه صاحبدلان را پیشه اینست
جهان عشقست و دیگر زرق سازی　　همه بازی است الا عشقبازی

کە واتـە تـەنیا رێگـای گەیـشتن بـە حەقیقـەت میحرابـی عەشـقە و هـەموو ئینسانێکی عاقڵیش لەو راستییە گەیشتووە ئەمەش تەنیا بە لە خۆ گرتنی ڕەنـج و ئازار دەستە بەر دەبێت ، هەڵبەتە خۆشویـستنی مەولـەوی خۆشویـستنێکی بـە تەنیا عیرفانی و خێزانی و رۆمانسی و ئایینی ... نییە بەڵکو هەموو ئەو لایەنانە لە خۆ دەگرێت ، چونکە عەشق چەمکێکی گشتییە و هەموو کەسێك بۆی هەیە خۆی لێبدات و تاقی بکاتەوە ، ئەمەش لـە سروشـتی هـەموو گیانـدارێك لەوانـە ئینساندا بوونی هەیە ، بەڵام ئاخۆ ئەو عەشقە چۆن عەشقێك بێـت کـە ئـەوا بـێ پەروا و زۆر شێتانە بە سەر عەقڵی مەولەویدا باز دەدا و لـە یانـەی خۆشەویـستی دولبەردا ئەیگێرسێنێتەوە...؟

ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم　　سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم
دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ　　تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ

وەك دەبینین لە زۆربەی هۆنراوەکانی مەولەویدا دولبـەرێکی زەمـینی کـورەی عەشق گەرم دەکات ، ئەمەش وای لە مەولەوی کردووە تا لـە بـەر گڕ و تیـشکی ئەو عەشقە زەمینییە خەڵوەتێك بۆ فەنا بوون لە پێناو خۆشەویستەکەیدا دروست بکات ،

چون شەماڵەی نوور گڕ گرانمەن　　پەی پاسی ماران زەنگ زرانمەن

ئایا ئەوە بە تەنیا عەشقێکی ئاسمانی رووتە یان رۆچوونە بە نێو هەموو جوانییەکاندا ؟ بێگومان پێناسە کردنی عەشق پێویستی بە وردەکارییەکی زۆر هەیە و دەبێ لە هەموو کون و قوژبنێکی ژیانی شاعیر هەڵبدرێتەوە ؟ بۆیە ناکرێ عەشقی مەولەوی لە بوارێکدا قەتیس بکەین و چاو لە بوارەکانی تری بنوقێنین ، راستە مەولەوی عارفێکی پاك و بێگەرد و راستگۆ بووە ، بەلاّم ئەویش هەروەکو حافز و عەتتار و مەولەوی و سەعدی و زۆر لە عارفانی تر لە قەفەسی عەشقی حەقیقیدا سەری دەرهێناوە و لە ئاسمانی عەشقی مەجازیشدا لە شەقەی باڵی داوە ، ئەم فڕینە رۆمانسییەش نەبۆتە هۆی ئەوە کە مەولەوی بە یەکجارەکی واز لە دولبەرە ئاسمانییەکەی بێنێت و روو بکاتە ژوانگەیەکی نوێ و بۆ هەمیشە لە باوەشی دولبەرە زەوینییەکەیدا بحەوێتەوە ! بەڵکو ئەو دوو عەشقە بە تەواوکەری یەك دەزانێت و پێدەچێت راهێنان لە سەر هەریەك لەو عەشقانە زیاتر لەویکەی نزیك دەکاتەوە.

مەولەوی ئەزموونێکی زۆری لە بەر دەستدا بووە و وەك هەموو عارفێکی هاو چرخ و تەنانەت ئەوانەی پێش خۆی رێگای زۆری تاقیکردۆتەوە ، بۆیە هەندی جار دەرد و فیراق و دووری خۆشەویستەکەی دەبێتە هەوێنی ئەو عەشق سەرکێشە و دەیهەوێ لەو رێگایەوە پردی پەیوەندی دروست بکات و بگاتە دولبەرەکەی ، ئەمەش هەمان ئەو عەشقە مەجازییەیە کە عارفەکان بۆ گەیشتن بە عەشقی حەقیقی سوودیان لێوەرگرتووە.

ئیمشەو دیارەن بانگم بێشەرمەن

زایەڵەی سەمتوور کەڵلەم وە گەرمەن

سەدای زیلّ و بەم مەینەت سەد تەرزەن

خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن

هۆشم بێ هۆشەن فامم قامەت قاخ

بۆی دووری ئازیز مەیۆم نە دەماخ

نەیچی درەنگەن سا مەکەر درەنگ
فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وەدەنگ

عەشقی مەولەوی وەك عەشقی زۆربەی عارفە عاشقەکان بە چەند قۆناخێکدا تێدەپەرێ کە ئەتوانیین بڵێین ئەو قۆناخانە هەمان ئەو توخمە سەرەکیانەن کە عەشقیان لە سەر بەنا دەکرێت واتە : حەزو خۆشەویستی لە رادەبەدەر — فیدا بوون و دواجار لێك نزیکبوونەوە و دروستکردنی پەیوەندی. لەم سۆنگەوە مەولەوی لە دەرگای عەشقی مەجازی نزیك دەبێتەوە و دونیایەکی پڕ لە خۆشەویستی دروست دەکات.

دەورێ دەر وەجام بادەی پەڕ جە مەیل
بەڵ دەروون جە مەیل بالاَت ببۆ کەیل
جە ماسیوای تۆ فارغ بۆ حاڵم
بەڵ نەدۆم ئازار شووم خەیاڵم
یەك دڵ بوو چەنی عشقی دیدارت
گیان کەرو فیدای دیدەی خۆمارت

لێرەدا شاعیر لە تاوی ئارەزوی بینینی یارەوە کە هەمان توخمی حەز و خۆزگەیە لێی دەپارێتەوە کە بە شەرابی خۆشەویستی بە دەوریدا بسورێتەوە تا بەلکو بە هۆی ئەوەوە دڵ و دەرونی ئارام ببێتەوە و خەون وخەیالی ئەغیار ئازاری نەدات بەمەش هەنگاوێکی زیاتر لە عەشق نزیك ببێتەوە و بگاتە قۆناخی فیدا بوون و توانەوە.

ئەو شەیداسەربوونەی مەولەوی لە هەمبەر عەشقی حەقیقی ومەجازیدا کە لە دولبەری زەوینی و ئاسمانییدا بەرجەستە دەبێت بەرادەیەك لێك نزیکن کە هەندێ جار لە دۆزینەوەی دولبەری راستەقینەی مەولەویدا تۆشی شەك و گومان دەبین ،

ئەمەش دیاردەیەکی سەیر نییـە و عـارفێکی وەك حـافز ئەوەنـدە لـە خـاڵی سـەر کولم و لێوی کچانی تورك و هیندی نزیك دەبێتەوە کە پێتوایـە وازی لـە عەشـقە حەقیقییەکەی هێناوە و دەستەو دامانی عەشقی مجازی بووە.

اگر ان ترك شیرازی بدست ارد دل ما را

به خال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را

وەك دەبینین جوانییە زەمینییەکان نـە تـەنیا لـە بـەر چـاوی حـافز ون نـابن بەڵکو ئامادەشە لە پێناو بەدەست هێنـانی ئـەو جوانییـەدا بەشـێك لـە پانتـایی گۆی زەوی پێببەخشێت ! سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم هۆنراویە و ئـەم چـەمکە دڵ وروژێنە دەبێتە جێگای مشت ومڕی شاعیران و لە قاڵبی شێعردا بیرو بۆچـوونی خۆیـان لـە بارەیـەوە دەردەبـڕن بـۆ نموونـە : ئـەمیر نزامـی گەڕوسـی کـورد کـە دەسەڵاتدارێکی گەورەی سەردەمی ئیماراتی ئەردەڵانە ، لە ژێر کاریگەری عەشـق و خۆشویستنی گەل و وڵاتەکەی کچی کورد جوانتر لـە تـورکی شـیرازی دەزانـێ و پێشی وایە جوامێریش لەوەدایە کە لـە بەرانبـەر ئـەو جوانییـەدا مـاڵ و سـامانی خۆت ببەخشیت نەك هی خەڵك.

اگر ان کرد گروسی بدست ارد دل مارا

به خال هندویش بخشم تن و جان و سر و پا را

جوانمردی بدان باشد که ملك خویشتن بخشی

نه چون حافز که می بخشد سمرقند و بخارا را

رەنگدانەوەی عەشـق و خۆشەویستی عەنبـەر خـاتوون لای مەولـەوی هـەمان گومانمان بۆ دروست دەکات بـەلاَم دواجـار هـەردوو عـارفی عاشـق لـەو عەشـقە زەمینییەدا عەشقێکی ئاسمانی بۆ خۆیان بەرجەسـتە دەکـەن و زیـاتر لێـی نزیـك دەبنەوە

ئارەزوی ئازیز وەنەم سەرداوە
نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە
تاقەت بی وە هوون جە سەختی زامان
تك تك چەنی هەرس ڕێزا وەدامان
هەروە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن ، هاتا ، هەی ساقی
دەورێ دەر ودناز وەپیالەوە
ژەنگ دڵ وە جام مەی پالەوە

لێرەشدا مەولەوی قۆناخەکانی عەشقی زەمینی یەك لەدوای یەك دەبرێت و دواجار بە هۆی ئامرازەکانی عەشقی عارفانەوە دەیهەوێ دڵ و دەروونی ژەنگگرتووی خۆی زاخاو بدات

### *قووڵبوونەوەی مەولەوی لە عەشق و خۆشەویستیدا*

قووڵبوونەوە لە عەشقو خۆشەویستی و هەست بە فیراق و دوور بوون لە دولبەر چەمکی عەشق فراوانتر دەکات و واتایەکی زێدەتریشی پێدەبەخشێت ئەمەش هەمان شەیدابوون و سەوداسەربوونە کە زۆر جار لە هەردوو لایەنی عەشقی حەقیقی و مەجازیدا تووشی مەولەوی دەبێت و پانتاییەکی هونەری بۆ شاعیر دێنێتە پێشی و زیاتر لە نێو کورەی عەشقدا دەیتوێنێتەوە ، ئەمەش هەمان ئەو عەشقەیە کە مەولانا بە جنوون و دێوانە بوون ناوی بردووە

دەورێ دەر ساقی وەلای مخزووندا
لەیل ئاسا بویەر وەلای مەجنووندا
جامی جە سەهبای دیای بالاکەت

ئالوودەی غوبار تۆزی پالاکەت
بەو ناز و عیشوە وێت پێم دەرەوە
جستەی پەژموردەم ئیحیا کەرەوە

لێرەشدا وەك دەبینین مەولەوی پلەیەکی زیاتر لە قۆناخی خۆشەویستی دەبڕێت و مەجنوون ئاسا چاوەڕێ لەیلایە تا بەڵکو بە دەرخستنی جوانییەکانی خەم و پەژارەی لێدوور بخاتەوە ،

## *عەشق لە ترازوی عەقڵدا*

هەروەك دەزانن عەقڵ سەرەکیترین فاکتەری جیا کردنەوەی مرۆڤە لە بوونەوەرەکانی تر و لە تێڕوانینی ئایینیشدا بە پێغەمبەری دەرونی ئینسان ناوی لێبراوە ، ئەمەش بەو مانایە دێت کە عەقڵ ڕێبەر و ڕێنیشاندەری مرۆڤە و پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی چاکە و خراپە و دروستی و نادروستی شتەکان، بەلاّم عارفەکان پێگەی عشق بەرزتر دەبینن و پێیان وایە ئەوانەی عەشق وعاشقی بە بێ عەقڵی ناو دەبەن لە واتای عەشق تێنەگەیشتوون ، ئەم باسە چەمکێکی نوێی هێنایە کایەوە کە دواتر فەیلەسوّفە خۆرهەلاّتییەکان لەوانە ئیبنی سینا و سۆهرەوەردی و ئیبنی عەرەبی تا... بوون بە ئالاهلگری ئەو تیۆرە و پێیان وابوو کە سەرەکی ترین بنەمای جیهان عەشق و قۆناخە جۆراوجۆرەکانی عەشقن ، لەو سۆنگەوە حافز ئەو دونیابینییەی خستە بەر چاوی عارفان و مەی و مەیکەدەی کردە هەوێنی گەیشتن بە عەشق :

حریم عشق را درگە بسی بالاتر از عقل است
کسی ان استان بود کە جان در استین دارد
بە درد عشق بساز و خوش کن حافز
رموز عشق مکن فاش پیش اهل عقول

دیارە مەولەوی  بە باشی لە ئامۆژگاری حافز تێگەیشتووە و ئەو رەمزەی دۆزیوەتەوە کە عارفەکان کلیلی دەرگای عەشقیان پێکردۆتەوە

عارفان چ خاس پەی وە حەق بەردەن

وەسییەتی حافز  وە جا ئاوەردەن

دەفنت نە پەهلوی مەیخانە کەردەن

وەسەر خاکتدا سەبوی مەی مەڕدەن

## جۆرە کانی عەشقی مەجازی لەهەڵبەستەکانی مەولەویدا

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا مەولەویی بە هەموو قۆناخەکانی دونیای عەشق و خۆشەویستیدا تێپەڕیوە و لە ئاکامی ئەو قۆناخە  هەستیارانەدا ئەزموونێکی بەرچاوی کەڵەکە کردووە و توانیویەتی خەرمانێك لە عەشق و خۆشەویستی لە نێو دڵ و دەرونیدا کۆ بکاتەوە و بیکاتە دەست  مایەیەکی گرانبەها بۆ ڕێگای پڕ لە هەورازو ونشێوی عیرفان ، ئەگەر بمانەوێ جۆرەکانی ئەو عەشقە مجازییە دەستنیشان بکەین بێگومان دەبێ پێش هەموو شتێك ئاماژە بە عەشقی ڕۆمانسی مەولەوی بکەین کە تێکەڵاوییەکە لە پەیوەندییەکی ڕۆحی و حەزێکی جنسی عاقڵانە ؟

چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش

نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش

نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵاں

کەم کەم جە گۆشەی لای سیا ماڵاں

وەك دەبینین لەم هۆنراوەیەدا کە بێ گومان وەسفی شۆخەکچێکی جافە مەولەوێ لە گەڵ ئەوەی روخساری ئەو شۆخە کچە بە گیایەکی زۆر جوان و بە بۆن و بەرام وەك سۆسەن بەراورد دەکات تابلۆیەکی جوان لە سروشت و جوانی

ناوچەیەکی جوگرافیایی بە هەموو کەردستەکانییەوە وێنا دەکات ، ئەو عاشقە سەودا سەرە بەوەشەوە ناوەستێت و مانگی خەیاڵی لە پەنای سیاماڵدا دەدۆزێتەوە ودڵ و دەرونی پێ رووناك دەکاتەوە

گۆشەی سیاماڵ هۆردا دیاوە

چون مانگ نە گۆشەی هەورە سیاوە

عەشق خێزانی ، ئەگەر چی ئەم جۆرە عەشقە عەشقێکی گشتگیرە و پێدەچێت هەموو کەسێك کەم تازۆر تامی کردبێت بەلاّم مەولەوی ئەو خۆشەویستییە دەگەیەنێتە ترۆپك وەك چۆن لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی هاوسەریدا دەڵێت :

هەر ماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن

چون هیلال شێوەی برۆی تۆش پێوەن

نە شەو راحەتم نە رۆژ دلشادم

شەو زولف و رۆ رووت مەوزۆ ئەو یادم

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم باسکردن لە چەمکی عەشق لای مەولەوی شرۆڤەیەکی چڕ و پڕتری دەوێ و هیوادارم رۆشنبیران و مەولەوی ناسان لەو پەیوەندییەدا زیاتر و بەربلاوتر ئەو ئەرکە بە ئەستۆ بگرن

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


- دیوانی مەولەوی – مەلاعبدولکەریمی مودەریس
- قیامتگاه عشق – عبدولکریم سروش
- انسان عاشق – کازم سادات اشکوری
- دیوانی حافز – احمد محمدی
- عقل و عشق از دیدگاه حافز

# کاربگەری مەی و هەرمانۆ سافی لاو مەولەوی بەوە

کوورش ئەمینی

**چکیارە** : بە بۆنەو برێو هۆرکارێ تایبەتیێ مەحاڵوو هۆرامانی هەرمانۆ گرذوو ئەدیبا و شاعێراش بە کەمێو تەرسیەوە، متاومێنە جە یەرێ بەشێ : کێبیەی وەشکەرذەی ، زوان و ئەدەبیات خاڵبەندیشا کەرمێ. جە باردو کاروانکۆژە شۆڵەدارەکەو ئاسمانوو ئەدەبوو کۆردی یانێو مەولەوی باڵاخانەو چەمی و شێعردکاشەرە بە وەرچەمێ جیاوازێ ، ڕاوینێ جۆراوجۆرێ دریاینێ . بەڵام **ئێمە گەرەکمانا تریشکێوە تازێ کەرمێرە و جە دامگایوی تازەنە قەرەوڵش پۀی گێرمێ و تەماشاش کەرمێ** . ئوستاد مۆجتەبا مینۆوی جە کتێبوو نەورۆزنامەینە جە باردو خەیامی و شێعردکاشەرە واتەبێش : یاوگەو مەنزوورو خەیامی جە شەراوی حەر ئا شەراوە سووردنە کە مەستی مارۆ و واتەی شەراوی عێرفانی و رۆحانی هەڵێوی گەوردن . منیچ حەر سەروو ئا پەیلوایەرە و بە خاس وشکنای و ژیوایوی فرە چنی هۆنیەکێ ئا کەڵە پیایە ؛ ماچوونە : مامۆسا مەولەوی چا یاگانە کە باسوو ساقی و مەی و بادە و جامیش کەرذەن ، هەدەفش حەر ئا واتیلێنێ کە ئێمەیچ پا مانا بە کارشا بەرمێ و لەیەکدایشا بە مانای عێرفانی خەتایوێ گەورێنە و ئاکامو ئی کاریە مامۆسا مەولەوی وزۆنە تەنگەلانێوی فرە تەسك و ناڵەبار و شێعرەکاش تا ئاستێوی فرە وار مارۆرە واری . پاسنە کە دیارا مەولەوی چنی مووسیقیچ ئاشنا بیۀن و خاسش پۀژناسان . چوونکەتیم حەر **وەختێو گەرەکش بیۀبۆ** ، بیاڤۆنە سەرکەلوو وەشی و جە شادی بۆ کەیل و حەر

**پاسنه جه دنیاو تەوەنین و سەرسەختوو ئاوەزی بریۆ و بلۆنه ئەو دنیاو خەیاڵی و زەوقی ، هاوارێو کەرۆ و چرۆ ئەو دەروێشی ؛ دەفەکێت بارە یام ماچۆ مۆغنی گۆرانییێ واچە.**

**کرێڵ کەلیمێ:** مەولەوی، ساقی، مەی، جام

**وەرشیپان**

شکەش نیەنە چنە هەرمانۆ گرذوو ئەدیبا و شاعێرا بە تایبەت شاعێرێ مەحاڵوو هەورامانی (بە بۆنەو برێو هۆرکارێ تایبەتیێ ئا وەڵاتیە) بە کەمێو تەرسیەوە، متاومێنە جە یەرێ بەشێ واریەنە خاڵبەندیشا کەرمێ(١) :

١ ـ کێبیەی وشکەرذەی (هۆڤیەت سازی)

٢ - زوان

٣ - ئەدەبیات

**جە بەشوو هۆڤیەت سازیەنە** پێسنە حەڵقێوێ پەیوەندیدارێ بەینوو ویەرذە و ئیسەو هۆرامانیەنە و حەر پاسنە جە تلاّنێوێ سەرتەردوە پێسنە بیەی و کیانێوی هامبەش بە هەرمانکەرذەی چنی شێعرێ و ئارذەی برێو جە دەرذەدڵەکا، داڵغەکا، ئۆستورەکا، ویەرذەهامبەشەکا و حەز و ئاواتە ئاماکێ کارشا کەرذەن و حەر ئینە لاو برێو فاکتێ‌تەرێنە بیەن بە هۆرکارو وەش‌بیەی هۆڤیەتێوی هامبەشی.

**زوان** :زوان پێسنە بنەڕەتی‌تەرین فاکتوو فەرهەنگ و ئەتەوەی، ئێندە هەمیەتدار و یاگەگیرا کە بیەی ئێنسانی بە بێ زوان چێوێوی غەریب مرمانۆ، بە جۆرێو متاومێ ئێنسانی حەیوانی قسەکەر واچمێنە و جە لایەنێوتەرەوە هۆرگێرتەی ئی زوانیە ئەرکوو سەرشانو گرذ قسەکەرێڤو ئا زوانیەنە؛ بەڵام چی بەینەنە کاریگەری نویسەرا، شاعێرا و ئەدیبا جە فرەو کەسا سەرتەرا و ئەرکوو ئاذیشا چی بارەوە ئێندە فرەن کە برێو وەخت مانایی زوانی و گەشەدای پاذی بە ئەرك و کار و هەرمانۆ ئاذیشا لکە مذریۆنە (پەیوەندیێوی وەراوەر و دوەلایەنە). زوانی شێعری مامۆسا مەولەوی حەر چن جە وەرچەموو یەکەمیەنە ئینا چێروو **دەسەڵاتوو زوانی فارسی و عەرەبی‌یەنە** بەڵام بە تۆهۆردای، وشکنای و

شی‌یەودکەرذەی و ئەنەلوای دلێ تۆتۆ شێعردکا؛ ئا وەختە بەرگنۆ کە چ گەوهەرێو نینا دلێ کانوو ئی دیوانیەنە و خەزێنەو زوانیش چەندە پارێزنان. پێسنە حافێزی و هۆنیە وەشەکێش. ئەردنیای و واتەی شێعرێ سەروو بنەڕەتوو کێشی وێمانەی«دە بڕگەیی» ڕدسەنی شێعرێش و دەس واز بیەیش جە خۆلقنای تابلۆکاشەنە؛ پێچەوانەو تەنگەلانوو عەرووزوو عەرەبی فرەتەر کەرذەن. بەڵام **فاکتێوی هەمیەتدار و یاگە سەرەنج ئینە کە، چەنی کەسێو تاوانش بە زوانێو کە زوانی ئەذایی وێش نەبیەن پا گرذوو ڕێك و پێکی و زەریفی و وەشڵانەیە شێعرێ بنیۆرەو پەل و پۆشا دۆ.** ئا زوانە جە لاو مەولەوی‌یەوە نامان سەروو قاقەزی حەر ئا زوانەنە جە لاو خانای قۆبادی، بێسارانی، سەیدی هۆرامی ، ئەحمەذ بەگوو کۆماسی، ڕەنجووری و ... خزمەتش پنە کریان و زوانوو شێعر و ئەدەبوو کوردستانی پەی فرە سەردەمانێوی بیەن. دەوڵەمەند کەرذەی زوانی هۆرامی بە تایبەتی و زوانی کوردی بەگرذین، بە هەرمانکەرذەی پا گرذوو باقەکەلیما و واچە تازا کە جە زوانێوتەرەنە ئارذێنێشەنە دلێ زوانی وەرباسی و بە **ماڕایشا، فاڕووگۆڕشا و تێکەڵکەرذەیشا چنی کەلیمە وێمانا؛ بوومیێش کەرذێنێوە و ئێندە ڕێك و پێك و نەرم و نیان دلێ تان و پۆ شێعرەکاشەنە نیاینێشەرە کە ئەجیۆت حەر ئەوەڵەوە هۆرامیێ بیێنێ.** حەر چن زوانی شێعری مەولەوی زوانێوی ئەدەبی و بە هێز و قۆرەتا؛ بەڵام ئێندە سادە و نەرم و ڕەوانیچا کە خەڵکوو دلێ کۆمەڵگایچ خاس میاواشەنە و چنەش دوور مەگناوە.

**ئەدەبیات:** ئەگەر ئەدەبیاتی بە دوێ بەشێ: دەمواچ (واتەئی) و نویستەئی دەسەبەندی کەرمێنە؛ ئەدەبیاتی واتەئی و سەرزوانی بە بۆنەو چوارچۆ (ساختار)، تایبەتیەکێ و حەر پاسنە هێرشوو سەنعەت و تەکنۆلۆژی جە گرذوو بوارەکاشەنە ، فرەتەر نینا وەردەمو هۆروشموو جە بەینلوایەنە. بەڵام حەر پاسنە دیارا ئەدەبیاتی نویستەئی ماندگاریش بە بۆنەو بەڵگە و قەباڵەبیەیش فرەتەرا و حەر نەتەوێو ئی بەشە جە ئەدەبیاتیش فرەتەر و بە هێزتەر بۆنە، جە وەرچەمی فەرهەنگیەنە سامانێود فرەتەرەش هەنە و وەڵکەوتەتەرا. حەر پاسنە گرذێما مزانمێ؛ فرەتەروو

ئەدەبیاتی نویساری ئێمە جە شێعرێ کلاسیکێ وەش کریان و بنەڕەتی عەسڵیش ئینا سەروو ئی بەشە جە ئەدەبیاتیەوە و دیوانوو مامۆسا مەولەوی یۆ جە سەرکەلە بەرزەکاشا. **بە دڵنیایەوە متاومێ واچمێنە کە بیەی مەولەوی پێسنە ئەدیبێوی پایەبەرزی، کەلەبەرێوی قووڵ و وەرهەڵاش جە دنیاو ئەدەبوو هۆرامیەنە پەڕ کەرڎەنەوە و کەردەنش سەرکەل.** کاریگەری شێعرێ مەولەوی سەروو ئەدەبیاتوو دلێ خەڵکی یانێو فوولکلۆر بە جۆرێو بیەن کە مەولەوی یەکەمین شاعێرێوا کە فرەو شێعرەکاش بە تەك بەیتی لاو گۆرانیەواچەکا و سیاوچەمانەواچەکاوە واچیەیێ و هەتالاو ئانەیە **جارجاریچ سەر و بنوو شێعرەکاش بریان یام کەم و زیاد کریان و شێعرێوە تازێش چنە وەش کریاینە کە ئینە وێش تەنیا وەشەسیاوی شاعێری و تازە و زیندە بیەیی تابلۆ شێعرەکاش میاونۆ.**

**شیپانە**

جە بارەو کاروانکوژە شۆڵەدارەکەو ئاسمانوو ئەدەبوو کلاسیکوو کوردیەوە یانێو مەولەوی باڵاخانەو چەمی و شێعرەکاشەرە بە وەرچەمێ جیاوازێ، ڕاوینێ جۆراوجۆرێ دریاینێ. بەڵام ئێمە گەرەکمانا تریشکێوە تازێ کەرمێرە و جە دامگایوی تازەنە قەرەوڵش گێرمێ و تەماشاش کەرمێ. چا وەرچەمەنە کە کەمتەر کەسێو تا ئیسە دیان پەیش و ڕاوینوو وێما؛ نەك کەلەبەرێو وشك و تەسکەنە کە بە پانایی و وەرهەڵایی چەمێ شابازوو بەرزا بەر وزمێ و واچمێ و دنیاو عێرفانیش دلێ جاموو مەیەنە و دەسوو ساقیەوە تەماشا کەرمێ. دیارا کە هەر کەس مەولەوی بژناسۆ و دلێ دیوانەکەیشەنە ورد بیەبۆوە و هەستش کەرڎە بۆ؛ بەرکەوتەن پەیش؛ مەولەوی شێعرێش بە دڵ و بە هەست و خەیاڵ واتێنێ، نەك بە ویر و ئاوەز. ئینە وێش بیەن بە هۆرکاروو ئانەیە کە پەپوولەو خەیاڵیش هەر یاگێوە دڵش گەرەکش بیەبۆ نیشتەبۆوە و حەر جۆرێو گەرەکش بیە بۆ باڵێش فڕنای با. بە تایبەت چا یاگانە تاریفوو کەش و کۆی و وەسفوو تەبیعەتی و هەرد و کۆساریش کەرڎەن نەخشێوی فرە ڕەنگین و ڕێك و پێکش خولقنان کە گۆلالەترین و دوورتەرین سووچ و پەناوپێچترین دیمەن وەروو چەماشەنە گۆم نەبیەن؛ بە

جۆرێو کە متاومێ واچمێنە ، ئەگەر مەولەوی نگارکێش بیایا بێشك نەققاشێو تەمام کارامە و هۆرودستیچ بەر ئەی. خەیاڵ و ئەنلوای دلێ دنیاو خەیاڵا گاهەز یەکەمین تەودن بنەڕەتوو بیناو شێعرێ بۆنە، بەلاّم برێو وردەکاریێ و زۆرانی و پەنجەمارانی چنی کەلیما نینای دلێ تان و پێ شێعرێنە و مشیۆم بانێ کە بێ ئاذێشا هۆنییێوە نیەنە و هۆنیارێویچ نیا.

بەلاّم لایەنوو ئێژانەوکێشانە کەرذەی ئێمە جە شێعرێ «مەولەوی» ساقی و مەی و ... پەیلواو نویسکاروو ئی هێلاّنە چا باردوە. سەروو لەیەکدای و شییەوە کەرذەی ئاکادێمی و زانشتی دەقوو دیوانەکەو شاعێری و کەسایەتیش دلێ تان و پێ شێعرەکاشەنە و پەی شییەودکەرذەی ئی بەشە جە باسەکەی ئیشارێو کەرمێنە بە باسێڤوو ئوستاد مۆجتەبا مینۆوی جە کتێبوو نەورۆزنامەینە جە باردو خەیامی و شێعرەکاشەرە کە واتەبێش: یاوگە و مەنزوورو خەیامی جە شەراوی حەر ئا شەراوە سووردنە کە مەستی مارۆ و واتەی شەراوی عێرفانی و رۆحانی هەڵێوی گەوردن. منیچ حەر سەروو ئا پەیلوایەرە پێسە ماچوونە: مامۆسا مەولەوی چا یاگانە باسوو ساقی و مەی و بادە و جامیش کەرذەن، هەدەفش حەر ئا واتیلێنێ کە ئێمەیچ پا مانا بە کارشا بەرمێ و لەیەکدایشا بە مانای عێرفانی خەتایوێ گەورێنە و ئاکاموو ئی کاریە مامۆسا مەولەوی ڤزۆنە تەنگەلانێوی فرە تەسك و نالەبار و هۆنی٥کاش تا ناستێوی قیزەونی فرە وار، مارۆرە واری.

**وەرچەموو ئەو شاعێرەکا**

بە دلّنیایەوە جە دیوانوو فرەو هۆنیارەکانە، چا یاگانە یاوگە و هەدەفوو شاعێری جە ساقی، مەی، بادە و جامی، مانایوە عێرفانیە بیێنە، بە ئەوپەڕوو شانازییەوە هەتا لاو ئانەیەکە بە ناواتوو ئەنەیاوای و زانای خەڵکانێوتەری پی هەدەفیە و تەرسنای و هاگاذار کەرذیشا و بە جۆرێو هاندایشا پەی لاو وێشا؛ رێك و راس ئیشارە کریان و حیچ پەنا و پێچێوش چنە دیاری نەذان: مەسەڵەن مەلاّ پەرێشان(١٣٥٦– ١٤٢١م دینەوەر،کرماشان) جە ساقی نامەکەو وێشەنە پێسنەش واتەن [٢]:

ساقییا وەرە جامێ پەی مەستی
سوودم مەستییەن زیان ژ هەستی
جامێ کە مەغزم باوەرۆ وە جۆش
دۆنیا و مافیها بکەم فەرامۆش
...فیدات بام ساقی تەڕ زوانم کەی
من دەردەدارم دەوای گیانم کەی
ژ جام تەوحید یەکجار مەستم کەی
زەڕێ نابوودم بەڵکم هەستم کەی
.... تا کە بنۆشم وە یاد کەسێ
کە هەستی مەرگەن بێ ئەو نەفەسێ(ل ٢١- ٢٢)

یـــام ڕەنجـــووری ( ١٧٥٠ – ١٨٠٩م ) چـــا یاگـــێنە کـــە باســـوو خـــۆدای و حەقێقەتیش کەرذەن بێ پەنا و پێچ و بە نەتەرسی و هاندای وەردەنگی بە لوای دلی مەیدانی بێ جام و بادە پێسنەشە واتەن:

ڕاگەی حەقێقەت بگیرە نە دەست
بشۆ نە مەیدان بێ پیاڵەی مەست ( ل ١٤١)

مامۆسا مەولەویچ یاگێودنە کە گەردکش بیەبۆ جە عـێرفانی و خـۆذای بـاس کەرۆنە و واچۆ، چاچەنە بێپـەرذە و بـە ئەوپـەڕوو شـانازیەوە قسـێش کەرذێـنێ و نمەتاوی قسەکاش بە جۆرێوتەر هۆرگێڵنی و لەیەکشا دەیوە کە مانایوتەرەشا چنـە دیاری کریۆنە و زەریفتەرین و وەشلانەتەرین تابڵۆش بە دلێگرێوی تەمام مەژگـدار و پەرِدەوە خۆلقنان؛ مەسەڵەن جە یاگێودنە پەی ئانەیە ڕاسی واتە و درۆسـی قسـێش سەلەمنۆ، پێسنە یودمین و ئاخرین هەناسەیش تەنیا بـە زاتـوو نـەزا و نەمـەرگوو خۆذای قەسەم مودرۆنە:

ڕاستش هەر نێدن ئێزهارم کەردەن

قەسەم بەو کەسە نەزا و نەمەرگەن (ل ۳۵۱)

یام یاگێودنە پەی کەرەم و بەخشای و لۆتفوو خوٚدای ئەوپەڕێو مەوینۆنە و پێسنە مارۆ زوان:

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆ شیەن

ئای پەی جێلوەی دۆس نیهایەت نیەن (ل ۲۰۹)

یام چاگەنە وێش مزانۆنە بێ ئەمری زاتوو پەروەردگاریش کەرذەن و ویروو قەبر و قیامەتی کەرۆوە و جە ئاکاموو کاری تەرسیش هەنە بێ پەرذە و بێ ڕوو و بە شانازیەوە لالیۆوە خوٚدالّەی و داواو بەخشای کەرۆنە و گەرەکشا کە خوٚدا جە هەڵە و سەرپێچیش چەم پۆشی کەرۆ و بە ڕەحم و کەرەموو وێش جە خەتایش ویەرۆ و عەفودش کەرۆنە:

من وێم مزانوو بە ئەمریم کەردەن

ئێتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن

...بەڵام مشیۆ تۆ وە فەزڵەکەی وێت

کەردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت

....جە بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر

شەڕ نەفسانی جە ڕاگەم لابەر ( ل ٦١ ) و...

**حەر چی وەرچەمەنە جە بارەو ساقیچەوە حەر پاسنە کە مامۆسا مەلا عەبدلکەریمی مۆدەڕیسیچ جە شیەوەکەرذەی و لەیەکدای دیوانەکەینە واتەنش تەنیا جە دوێ یەرێ یاگێنە کە وارەنە ئیشارە کریۆ، یاوگە و چەملواو مامۆسا مەولەوی جە ساقی،ٔ پەروەردگار و زاتوو خوٚدای بیەن و جە ئەو یاگەکانە** ئامیانوو شێعرێش، خەم لابەر و ڕازنەروو ژیوای و ئاوای یانەکەیش حەر ئانە بیەنە

کە یاوگەو ئی وتاریەنە:

ئێمە گشت فانی، هەر ئەودن باقی

نازوون وە بازووی پڕ نەیرووی ساقی

خەلاسیش دا پێت، وە یەك پەیمانە

ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە (ل ٥٢)

کە ئی بەستە شێعرێ پەی ئەودلاونای ئەوردحمانوو حاجی مەحموودێ یارودیسی واچیۆینە و هەدەف جە ساقی زاتوو ئەحەدی و پەیمانەیچ پیاڵەو شەرابوو مەرگی بیەن کە بیەن بە هۆرکار پەی مەرگوو کابرای و فەردش جە قەید و بەندوو جەستەی و دنیای ناسووتی رزگار کەرذەن. یامکەتی:

بازارەن، وادەی مامەڵەن ساقی

هەی بگرە فانی، ودی بدەر باقی (ل ٣٢١)

کە ئەچیگەنە هاوار کەرۆنە و چڕای چڕۆ ئەو ساقی (خۆذا) و لاڵیۆشەوە ونە کە چی مامەڵەنە و دلێ ئی بازاروو دنیاینە، ژیوای فانی و نەمانوو ئی دنیایە گێرە چنەما و ژیوای هەمیشەیی ئەو دنیایما دە پنە(باوەر بە جاودانی و بێ بنەیی ئەو دنیای). تا وا یاگێ رێك و پێکی نێژانە و کێشانەکەیما ئیجازەش دابۆ؛ تەنیا چی دوە یاگێنە بیەنە یاوگە و هەدەف جە ساقی خۆذا و هاوار ئەو خۆذای بیەن. جە بەقیەو دیوانوو شاعێریەنە و سەروو ئۆسلووبوو شیتەڵکاری ئاکادێمی دەقیەرە و سەروو ئی باوەریەرە کە نویسەر یام شاعێر مەرذەن و مشیۆم نویسەیش وشکنمێ؛ بەرگنۆ پەیما یام مەولەوی پاسنە بیەن، جەرەیانوو وتارەکەینە مەی؛ یام ئینە کە شێعرەکێش سەروو تەجرەبە و زمنێوی زەینی و ناهاگاویر یام «سووریالیزم»ێوی تایبەتیەرە بە مانای قامووسی واچەی، واتێنێ و مانای رواڵەتیەش چا دیاردە کۆمەڵایەتیا ئەساینە و وەڵاتێوی وەرهەڵا جە مانایش پنە بەخشاینێ کە پەی ئێمە

تەم و لێڵاویا، یامکـەتی تـێکەڵاوێو جـە هـەر دوە رواڵـەتەکاو سـەری شێعرەکـێش نیەینێرە.

بەڵام چا یاگانە داواو شەراوی‌شا کەردەن و یاوگەشـا تـەنیا شـەراوی سـووری هەنگووری بیەن، بە تایبەت ماموسا مەولەوی بە زوان پارێـزی و رەوان واتـەی بـێ پەنا و پێچ واتەنشا و نەبەرڎەنشانە دلێ تۆ تۆ پـەردەی و نەشارانـشاوە . مەسەڵـەن ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧م) چانە کە ڕوە کەرۆنـە سـاقی و داواو شـەراوی جە ساقی کەرۆ تەنیا هەدەفش سەرمەستی و ودشیا:

ساقی تۆ ژ بۆ خۆدێ کەردم کە
یەك جۆرعە مەیێ د جامێ جەم کە
دا جامی ب مەی جیهان نۆمابت
هەرچی مە ئێرادیە خویا بت (ل ٣٤٣)

یام خانای قۆبـادی (١٧٠٤ – ١٧٧٨م ) ئاچانـە کـە باسـوو مـەی و سـاقی‌ش کەرڎەن، شێعرەکاشەنە دیارا یاوگەش حەر ئا شەراوە سوورە بیەنە مەسـتی مـارۆ و سەرودش کەرۆنە. مەسەڵەن جە هۆنیـێودنە شۆنۆ ئانەیەرە جە راوێ و شـکاری دەس کێشانێ؛ پێسنە ماچۆنە:

فەرماش تا ساقی، سادەی سیم ئەندام
لەب ڕێز کەرد قەدەح، جە بادەی گوڵ فام
نۆشاشان ڕەندان زۆڵف بۆ عەنبەرین
پەیاپەی پەیوەست بە شادی شیرین ( ل ٩٤)

ساقی سیم ئەندام، بادەی گوڵ فام بارۆ، باڵا بەرزێ و ڕێندێ عەییارێ و زۆڵـف بۆ عەنبـەرێ کۆگـا و جـەمووٌیـارا رازنـاوە و حـەر پـی بۆنـەود شـادی و شـیرینی پەیوەست و بەردەوام بـۆ. را و شـێودو هۆرچنیـەی واچـەکا و ئامیانـێو کـە پێـسنە لکنەری دلێ تان و پۆی‌شـانە هـەن؛ تـا ئاستـێوی بـەرز یاوگـە و پەیـــــــــلواو

شاعێری دیاری کەرۆنە. مامۆسا بێسارانیچ جە دیوانەکەشەنە فرەو یاگانە و بە تایبەت جە بەشوو (ساقی)ەنە بە بۆنێ جیاوازێوە هاوارش ئەو ساقی بەرذەن. فێرێکانسوو هەرمانکەرذەی چنی ئی واچێ لاو ئا زاتە بەرزەیوە، کاریگەری و بە نرخ بیەیش میاونۆ:

ساقی کەی بۆ کەی، ساقی کەی بۆ کەی

بەشق دیدەی وێت، سا کەی مەبۆ کەی

جەرگم بی کەباب، ڕەنگم بی وە بەی

ئێنتێزارەنان، مەی باوەری مەی( ل ٣٢٣ )

بەڵام خۆ چێگەنە دیارا ئی مەیە حەر ئا شەراوە یاقووتی ڕەنگەنە کە ئیشارە کریا و ئا کەسیچە داواو ئی مەیشە کەرذەن چەنی مەی ئاشنا بیەن و مەیش ئەژناسان.

ساقی مەی داریم، ساقی مەی داریم

ئـــــــــــــــــارەزووی نۆشای جامێ مەی داریم

هەر شەو تا سەحەر ناڵەی نەی داریم

پەی نۆشای جامێ، ڕەنگ چوون بەی داریم ( ل ٣٢٥ )

و حەر پاسنە کە وارەنە ماچیۆ ڕەنگۆ مەی و کاریگەریش سەروو خاسی و خرابی مەیەوە، حەر ئا کەسە مزانۆنەش کە مەیش وارده بۆنە و بزانۆنە ڕەنگۆ مەی وەختێو پێسنە گوڵاڵە سووریێ بۆنە یام هۆرگێلەیبۆوە ڕەنگۆ وەرنیشتی و پێسنە شەفەقی سوور برمانۆنە بادەش چ شەرابێوا و کۆگەت بەرۆنە و چێشت سەر مارۆ:

ساقی ناڵەی نەی، ساقی ناڵەی نەی

ناڵەم زگاردن، وێنەی ناڵەی نەی

جەرگم کەبابەن، ڕەنگ زایف چوون بەی
پەی چێش؟ پەی نۆشای جۆرعەی جام مەی
مەی گوڵ خونچە ڕەنگ، حەمرا چوون شەفەق
ساقی بێ مەی مەست، جەمین پڕ عەرەق (ل ٣٢٧)

## *مەولەوی و ڕەمەزان و مەی*

بە لەیەکدای و شیەوە کەرذەی ئی دوە وەرچەمە جە ژیواو مامۆسا مەولەوی‌یەنە سەروو شێعرەکاشەرە، بە ئی باوەڕیە میاومێ کە ئا **زاتە بەرزە؛ پێسنە مێزەرە بە سەرێوی وشك و ویر تەسك و چاکدەرەدامانێوی لارەبار و ئاوەز تەلبەن کریا نەبیەن**؛ هەتا لاو نانەیە کە بە جۆرێو متاومێ واچمێنە مەعدوومو عەنبەر خاتوونێ دەورانوو وێشەنە ئەگەر جە گرذوو خەڵکوو دەورووبەریش ژیرتەر نەبیەبۆ، بێ حیچ گاهەزێو یۆ جە سینە چاکەکا و نەتەرسەکا بیەن. ئاچانیشانە کە بێجگە چا دێرە شێعرانە ساقی حەر ساقیا و بە حیچ جۆرێوتەر لەیەك مەدریۆ و مانا مەکریۆنە؛ جە دوێ یەرێ ملەگایچەنە پەی باس جە حەراڵی و حەرامی مەی قسێش کەرذێنێ و پاسنە نیانشەرە و بارووەش پەی کێشان کە حەرام بیاکەیش بە گیان و دڵ ئەسانش و قەبووڵش کەرذەن:

...مەلا جە کەسردت لەوحش بۆ سادە
مەنسووخ نەزانۆ حەلاڵی بادە
زاهێد مایەی هۆش هیچ نەمانۆ پێش
پەشێو بۆ تەقواش، چوون مێزەرەی وێش
من نەوون وە تەنگ نەفامی‌یەوە
وێم بدەون وە دەس بەد نامی‌یەوە ( ل ٤٧٠ )

جە باسوو ڕەمەزانیچەنە تلانێوەتەر ملۆ سەر و ئانیشا کە ڕۆچێ گێرا و ئانێ کە بادە مودرا گێرۆ پێوەرە و لاو هەنترینیەنە ئێژانە و کێشانەشا کەرۆنە و

هۆرسەنگناکەش چانە دیاری مذۆ کە وێش سەر بە کام پۆلی مزانۆنە و وەشش کام گرۆی مەی. هەڵبەت ئینە گرذ بە وەرچەم گێرتەی سیماو فەرهەنگوو مەحاڵوو هۆرامانی و کەش و هەوا و ئاژەی زاڵ سەروو ئا فەرهەنگ یەرە بیەن. یانێو پاسە نەبیەن کە ئاژەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی خەڵکوو هۆرامانی و دەورووبەری چا سەردەمەنە، وەرچەمەنە نەبۆ و نویسەر وێش جە هاگا ویرشەنە یامکەتی چنی ویەرینوو ئا فەرهەنگیە لەیذە بیە بۆنە: مەرحەبای لیباس تاعەت پۆشانەن

ئەلوەدای کاس بادە نۆشانەن

ساقی سا سەد جار وە نازت نازوو هۆردەر وە گۆڵبانگ سەدای (وامتازوا) (ل ٣٩٤)

کە پاسەش نیانەرە بە ئاما و لوای رەمەزانی دیاری مذۆ؛ تاوانبار کێن و ئایا بە نۆشای بادەی تاوانبار کریۆنە یام نا؟ یام دیسان بە ئامای مانگۆ ڕەمەزانی چانە کە ئێتر بە بۆنەو حەر هۆرکارێویەوە بیەن، بە ڕواڵەت نەلان پەی لاو مەی؛ پاسنەش دان ئەو بەر کە جە ئی بابەتیە فرە خەمگین و پەشێوا و ڕێك و ڕاس و بێ تۆکڵ و پەردە واتەنش مەی حەر ئا شەرابە سوورە هەنگووریەنە و پێسنە خەییامی واتەن مەیخانەیچ حەر ئا یاگێنە کە دڵتەڕێ و لچ بە خوێ و ناسك و نازارێ ئینای چاگەنە و وەشی کەرانێ، بەڵام چی مانگەنە سەفاو مەیخانەی کەمەن بیێنەوە، مات و دڵگیرەنە و شەوقوو قەذیمی نەمەنەن جە لاش:

مەی نە خۆم چوون من نە خەم ئەسیرەن

مەیخانە سەفاش خەیلێ دڵگیرەن

لوولەی تەراوێح وەش وەش مذۆ دەنگ

بێ ئاهەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ (ل ٣٩٤)

پەی دما واتەیچش ئاخرین گرۆڵێو فیشەك لۆخۆ تۆڵەیش تەقنۆنە و بێ پەروا و نەتەرس پەی ئارذەی جەژنێ و ئازاذ بیەی بادەی پێسنە ماچۆنە:

هەی هێلال، هەی عەید خێزۆ جە یاران
وە ڕەغم گرۆی پەرهیزگاران
شادی دەر وە دڵ لای مەی خواراندا
خەفەت دەر وە جەرگ ڕۆزە داراندا ( ل ٣٩٥ )

دیارا چی گۆشە چەمەنە پێسنە خەییامی گەورەی، تارەلاو ئانەیە تێژتەر و بە جەرگ‌تەر ویرش کەردەنەوە و ویر و ئاوەزوو وێش بە دەنگی بەرزتەر و گڵۆەزێ ئایرین و گڕدارتەرە یاونانش خەڵکی و جەماوەرەنە بێ تەرس واتەنش. ئێژاو واتەیا، ئینەیچە وێش تەنیا پێچەوانەو ویرێوی تەسك و پادزەکارێیوی تەرسەزاڵ جە تان و تەشەر و لۆمەو خەڵکی ئاسایی و را و شێوەو پەشمینە پۆشێوی ڕۆح وشكیا. چوونکەم خەییامیچ بە ئەژنەویەی ئامای ڕەمەزانی پێسنە جاڕش دان کە جە ئاخروو مانگۆ شابانیەوە ئێندە مەی مودروو جە دلێ مانگۆ ڕەمەزانیەنە تا جەژنە بەیوە مەست و کەلەلا و بێ هۆش و فام بوو:

مانگی ڕەمەزان نزیکە، پێمان ئێژن
مەی هەر چی هەیە برێژن و مەیچێژن
من هێندە دەخۆمەوە لە کلکەی شابان
مەست و کەلەلا بۆی دەکەوم تا جێژن (ل ٣١)

با چیگەنە لایێوتەر کەرمێوە لاو ویر و ئاوەزوو خەییامی و نزیکی ئەندیشەو ئا زاتە بەرزیە چنی وەرچەم و پەیلواو مامۆسا مەولەوی سەروو ئێژانە و کێشانەکەرذەی چن دانە چوارینێ خەییامی چنی دلێگەروو چ٥ن دێڕە شێعرێ جە هۆردەستوو باڵاخانەو چەمی؛ ئاذیچ تەنیا سەروو چن دێرە هۆنیێ و ئیشارێوی گۆلالە پەی هەر کام چاذیشا و ئەرکوو لەیەکدای فرەتەریشا وزمێ سەرشانوو وانیارە ئازیزەکا و بە ئاواتوو ئانەیە جە ئایەندێوی نزیکەنە شیەوەکەرذێوی فرەتەر چی بابەتەنە وزمێ وەردەسوو وانیارە سەرەنجدەرەکاما:

**خەییام:** پرژاندی هەور لە دەشت و دەر بارانێ

بێ مەی، بێ دەمێ تامی ژیان نازانێ

وا ئێمە لە سەیری سەوزەزارین داخۆ

سەوزەی گڵی ئێمە، کێ بکا سەیرانێ ؟ (ل ٣٨)

**مەولەوی:** سەوزەی خاك پاك، یاران هامفەرد

فەرمان وە فەرشێ بەزم وێمان کەرد

کەو سەوزەی ئێمەیچ، نە کام هەردێ بۆ ؟

وە فەرش مەجلێس کام هام فەردێ بۆ ؟ (ل ٤٣٢)

یام حەر پی دلێگەرەوە یاگێوەتەرەنە، پێسنەش فەرماوان:

کەرد وە فەرش ڕای گۆزەرگای یاران

بەرد پەی پای هەردان، سارا و کۆساران (ل ٥٣٢)

هەڵبەت نینە تەنیا گۆشە چەمێو بێ، پەی سووچێوی گۆلالەی جە نزیکایەتی ویر و ئەندیشەو ماموسا مەولەوی چنی خەییامی گەورەی جەبارەو فەلسەفەو هەرمانکەرەی ساقی و کاریگەری مەی و جیاوازی سەرەنجوو ئا کەڵە پیایە چنی خەڵکی ئاسایی بە پاو ئاژەو ئا دەورانیە چی بارەوە. یاو گەو ئی وەردەمانە کۆتایە واتەی نی قسێ بێ کە چا یاگێنە هەدەفوو ئی وتاریەنە و باس جە ساقی و جام و بادەی کریان، حەر ئا دلێگەر و یاوینکەنە(مەفهوومەنە) کە خەڵکی و جەماوەر جە واتە و ئەژنیەی ڕۆجانەشانە کارشا پنە کەرا و پا هەدەفەوە نامۆ ساقی و جامی بەرانێ.

### *یاگێ ئەرەمتەی چوارچێو باسەکەی*

پەی سەلەمنای شیردو باسەکەی و پەی ئاشنا بیەی وانیارە گەشاوەزەکاما چنی دلێگەروو دیوانەکەو ماملۆسا مەولەوی ودڵێ دەسپنەکەرڎەی بە عەسڵوو وتارەکەی، پێویستش مزانمێ چیگەنە فرکانسوو ئامای برێو چا کەلیما کە فرەتەر یاوگەو باسوو ئێمەنە پی ڕواڵەتوو واریە نیشانەِ دەیمێ:

**فرێکانسوو ئامای برێو جە واچە هەدەفەکا دلێ دیوانەکەو ماموسا مەولەوییەنە**

| واچێ | فرێکانس |
|---|---|
| جام | ٥١ |
| ساقی | ٤٧ |
| مەی | ٤٧ |
| بادە | ٣٢ |
| نەی | ١٨ |
| نەیچی | ١٥ |
| دەف | ٢٠ |
| مۆغنی | ٨ |
| مۆترێب | ٩ |
| دورد | ٤ |

حەر پاسنە کە دیارا؛ مامۆسا مەولەوی فرەتەر جە گردوو شاعێرەکاما(لانی کەمەوە؛ ئانێشا ئێمە دەقشا مژناسمێ و وانتێنێماوە) چی کەلیما، کەڵکش گێرتەن و هەرمانەش پنە کەرڎێنێ و تا کەلیمێوە لاو کەسێویەوە ودشەسیاوە و سەرسوودە نەبۆ ئاندە بەکار نمەی و گرڎ یاگێودنە باڵا مەرمانۆ و هاوار مەکەرۆ.

## دڵێگروو باسی

بە ئێژانە و کێشانە کەرڎەی و سەرەنجدای دیوانەکەو ماموسا مەولـەوی پـەیما بەر گنۆنە کە؛ خوڎا لاو مەولەوی‌یەوە حەر وەشـی و زەریفـی و بـەزەیی و جـوانی و گەورەیی و چنەویەرڎەیی بیەن و هەر یاگێودنە کە باسوو خوڎای بیەن چی کـەلیما کەڵك گیریان و ئەگەریچ پاسنە نەبیەبۆ بـە جۆرێـو نـی کـارە و نـی وەشەسـیاویە نیشانە دریان و هەمیشە ناخرین و نەودڵـین پـەناگا و یاگـە پەرمایـێوە بیـێنە کـە بێ‌منەت متاڤۆ دەس هۆربرنۆ و داواو یارمەتی چاڎی کەرۆنە و حەر بـە ئـاوات بـۆ دەسش گیریۆنە و ڕەڎ نەکریۆوە. ئـێتر چیگەیچەنـە خـاس مرمانۆنـە کـە لایـەنوو دیەی پەی خوڎای لاو تا زاتە بەرزەیەوە چنی خەڵکانوو دەورووو بەریش جیاواز بیـەن و جە هەر حاڵێودنە حەر بە ئاواتوو بەزەیی و ئەگەر کە هەڵـە و سەرپیچـیێو روەش دەینە، چنە ویەرڎەی بیەن:

یا جە گۆنای من کەردم ئاوانتەر

ڕەحمەت جە تاوان، من فراوانتەر

هەر تۆنی وە تاق دانا و تەوانا

تۆم هەنی، هەنی ئەو کێم بۆ هانا

خەریك کەردەی وێم و فەزڵ تۆم

ئێڎ متاونۆم، ئەو ملاونۆم (ل ٥٣٦)

ئێتر چا یاگاچەنە فشاروو ویروو سـەرمایەو خـامی ژیـوای ئینـا سەرشـەوە و وەرپەنگوو راو نیکنامی پاو لوایش بەستەن و جەبارەو بادەی و جاموو پەڕ جە مـەی قسێش کەرڎێنێ و هاوارش ئەو مۆترێب و ساقی کـەرڎەن؛ چیەیچەنـە دیـارا پـەی ئەژناسای و زانای بیـەن و چـی ڕانـە بـە تاقـێق کارامـە و چنـەزان بیـەن و یـاوان

سەرکەل و گەرەکش بیەن کە جە دنیاو خامی و کاڵی و نەزانای بلۆنە ئەو بەر و بە وەشنامی و سەربەرزیەوە، ئەگەر کە حەتا بنچینەو ژیوایش چێراو زوەرڕدَ کەرۆ و دۆنەش هەوارە و جە هەستیش (بیەی) ڤزۆنە، بیاڤۆنە تۆتۆ رۆزگاری و ژیوای:

های ساقی هەڵای سەرمایەی خامی

نمەدۆم وە ددس ڕای نیکنامی

باوەرە وەش وەش، سا دەی، هەی پەی کەی

تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی

مەوجش بنچینەم بدَۆ وە هەمدا

هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا (ل ٤٦٨)

یام: وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن

بەختم نا پۆختەن فامم نەفامەن

وەی بڵێسەوە گەردێم باقی‌یەن

وادەی ئایرین بادەی ساقی‌یەن

فاکتێوی هەمیەتدار و سەرسوود کە مشیۆم چی ئەوەڵەوە واچیۆنە: ئینەنەنە کە مامۆسا مەولەوی، شەراب و بادەش ئەژناسان و جە ئاداب و ڕا و ڕەسموو کاری هاگادار بیەن؛ **بەڵام چانیشا نەبیەن سووچێوەنە بنیشۆرە و بە تەنیایی مەی بوەرۆنە و مەست کەرۆ و جە فەلسەفەو مەی حیچ نەزانۆنە. بەڵکووم جە نزیك بە سەدوو ئا یاگانە داواو بادە و مەی‌ش کەردەن، ساقیچش چریەن و داواش کەردەن نەیچی، مۆترێب و مۆغنی و... یام کەسێوتەر بەی، تاکە کۆمەڵۆ هامفەردا جەم بۆ و نۆشانە و واردەی بادەی مەزەش بۆ:**

مەینەت سەربەرزەن، شادیم زگارەن

ساقی! جامەکەت ئەمجار بە کارەن

بۆریّ وە مەجلیس لابەر پەردەی شەرم

وە دەوریّ دیسان بەزمیّ کەرمیّ گەرم

تا مۆتریب وە ساز حەنجەرەی بیّگەرد

هۆردۆ مەقامیّ دەوا کەرۆ دەرد

بەڵ ناکا نەیچی بەیۆ جە لاوە

وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە (ل ١٠)

دیاری کە هەرمانۆ یەکجاری و هۆرکەوتی نەبیینە، چوونکەتی بە واچەو «دیسان»ی ساقیش چرپەن و واتەنش پیّسنە جارا بۆریّ پەی مەجلیسی و حیچ شەرمیّوت نەبۆنە، ئیّمە گەرەکمانا جە کۆمەڵۆ هامفەردانە ساقی قاو کەرمیّ و بادە بوەرمیّنە. دیسان پەی ئانەیچە بەزمەکە گەرم بۆ و گیرایی شەراوی و ڕەسایی دەنگی و بەرکەرذەی خەمی گرذیّشا ئەوج و سەرکەلەنە با، نەیچی با چا بۆ و مەقامیّو هۆردۆ؛ یام مۆتریب بەینە و بە دەنگیّوی وەش کرکیّو کەرۆنە و پیّسنە وارانی وارۆ ملشارە و خەمشا شۆرۆوە:

ساقی باوەر ئەو، مەی دوو ساڵە

پیّمدەر یەك جامیّ، حاڵم بەد حاڵە

مۆغنی! کۆ کەر سازانت وە هەم

سەمتووریّ، تاریّ وە هەم کەرە جەم

نەیچی! سا لیّدەر، قەزات وەماڵم

دەمیّ دەر جە نەی، دەروون زۆخاڵم (ل ٢٠)

چیگەنە مەولەوی روە کەرۆنە ئەو ساقی، بەلام بە تاکید، بە پەرمای بە ئەژناسای پێسنە گرد جارێوی، بەلام با ئینجار مەی دوە ساڵە بۆ (زووم کەردەی سەروو ئینەیەوە با مەی دوە ساڵە بۆ، یانێو کە خاستەر، نابتەر، پۆختەتەر و ماناتەر و ...) چوونکەتی ئێتر حاڵش بەد حالا و پا ڕاحەتیچە چارش مەکریۆ. شۆنیشەرە درێژە مذۆنە بە قسەکاش و ماچۆنە ئەی تۆ کاکەی گۆرانیە واچ سەمتوورێو و تارێوە پێودرە بارە تا نەیچی بەیۆ و بەزمێو گەرم کەرمێ. دیسان ئەودڕازنای کۆڕ و کۆمەڵێو. بەلام کۆمەڵێوە تایبەتە، گلێردوەبیێوی یەکسەر ڕێك و پێك نەك گرد عامی و گرد پۆلێو جە خەڵکی بەیۆ پەی ئاگەی و چانە ڕاش بذانێ. کۆمەڵێوە تایبەتە و کەسانێوی تایبەت؛ ساقی، نەیچی، مۆترێب و مۆغنی یانێو بە جۆرێو ئانە کە زانایێ و حەر نا زانایێ گرد جارێو خەییام نامێشا بەرۆ و بەرامبەر بە خەڵکی ئاسایی دلێ کۆمەڵگای جیایشا کەرۆوە:

خوا دەردی داناوە، دەواشی دانان
مەیخانە بەرانبەرن بە دەروێش دانان
گەر بادە نەبایە لەم جیهانەی پر خەم
تاوێك نەدەمان ئەوانی **زانا و دانان** (ل ٣٢)

دیسانەوە پاسنە کە دیاریش دا مەولەوی چنی مووسیقیچ ئاشنان و خاسش مژناسۆ و تەمام گەرەکشا و وەشش مەینە چنەش. چوونکەتیم حەر وەختێو گەرەکش بۆ، بیاڤۆنە سەرکەلوو وەشی و جە شادی بۆ کەیل و حەر پاسنە جە دنیاو تەوەنین و سەرسەختوو ئاوەزی بریۆ و بلۆنە ئەو دنیاو خەیاڵی و زەوقی، هاوارێو کەرۆ و چرۆ ئەو دەروێشی؛ دەفەکێت بارە یام ماچۆ مۆغنی گۆرانیێ واچە و

نەیچی بۆرێوە و پەردێو ساز کەرە. پەی نانەیە کە بزانمێ مەولەوی جە مووسیقی زانانش و خاسش ئەژناسان، حەر ئینە وەس کە نامۆ فرەو ئامێراو مووسیقی پێسنە دەفێ، نەی، سەمتوور و تار و حەر پاسنە دەزگای مووسیقی پێسنە پەڕدەی، مەقام و شانازی و.. دلێ دیوانەکەیشەنە هەنێ و حەر یاگێوە گەرەکش بیەبۆنە، ئارڎێنێش دلێ تان و پۆ شێعرێش:

مۆترێب بەو نەغمەی شانازیتەوە

یا بەو پەڕدەی پاك حیجازیتەوە (ل ٤٦٠)

بێجگەم چانەیە کە بە پاو وەختی و یاگێ ساقیش گەرەك بیەن و هاوارش ونە کەردەن؛ جە فرەو نا یاگانە داواو مەی و جام و بادەیش کەرڎەن شۆنۆ فەلسەفێوی تایبەت و جە وەرچەمێوی تایبەتەر دیان پەی باسی کە بە ڕاوینوو نویسیاروو نی وتاریە یام جە قوولایی و ئەوپەڕوو خەمینە بیەن و گەرەکش بیەن بە مەی کۆگاو خەمەکاش لابەرۆ و شێونۆ، یام جە بەرزایی و سەرکەلوو وەشینە بیەن و گەرەکش بیەن وشتەرش بۆنە؛ کە جە وارەنە هەردویشا ماچمێ:

**خەم**

خەم نە سەر جۆی هوون، سارای دڵ جەم جەم

بـــار چنی، چوون فەوج قافڵەکەی عەجەم

هـــەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی

وادەی دەوردەتەن، هـــانا، هەی ساقی!

دەورێ دەر وە نـــاز، وە پیاڵەوە

ژەنـــگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە(ل ٤٣)

چیگەنە چوونکەتی خەمبار بیەن و خەم و خەفەتی فرە دڵشەنە بار بیەن و دڵش کەرذەن بە هوون، داواش جە ساقی نانەن مەی بارۆ و ژەنگۆ دڵیش بە مەی ماڵۆرە و کەرۆش دەرمانوو دەرذێ. جە یاگێوتەریچەنە پێسنە ماچۆ:

تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن
کەف پای شادیم، خار تێ شکەستەن
ساقی سا دەخیل جام مەی وە کەف
دەروێش نامانەن، کەفێ نە رووی دەف (ل ١٨٤)

داوا کاری جام و بادەی، ساقی تەڵەب کەرذەی و دەرمانوو گرذوو خەما جە مەی واستەی تا وا یاگێ بیەن کە تارەلاو نانەیە وەختارێو دۆکتۆر و حەکیم جە دەرمانی مەنێنێرە و نەتاوانشا سارێشکەروو دەرد و برین و زامی بانێ؛ مەولەوی دیسان داواو دەرمانوو دەرد و ئێش و زاموو وێش جە مەی واستەن و حەر ئاذش سارێشکەروو گردوو دەرذەکاش پەی وێش نیانەرە و ئینە جە شێعرەکاشەنە حاشا هۆرنەگیرا و سەلەمنای ئی قسێ وێش هاوار کەرۆ. چانە کە ماچۆ:

نە حەکیمێوەن کەرۆ دەوای دەرد
نە تەبیبێوەن جە دڵ لا دۆ دەرد
سا ئیسە ساقی جەمین جام جەم
وادەی ناماتەن وە بان دیدەم (ل ٣٩٠)

ئی باسە و ئا فەلسەفە کە سەردو مەولەوییەنە گەشەش کەرذەن و چانە هۆرش دان، تا سەرە مەرگ و نزیکەوە بیەی کۆچی یەکجاری دڵێ ئاوەزوو

مەولەوی و چنی ناذی هامرا و تۆشەو تۆشەبەرەکۆ ویر و زانستیش بیەن و بە فۆرمێو و بە جۆرێو وێش ئەرمانانش کە نیشانە مذۆ فەلسەفێوی گۆترەی نەبیەن و سەروو بنەڕەتێوی پتەویەرە نریانەرە و سەرچەمێوی پاك و بێگەردەنە ناویش واردێنە و ڕێك و پێك لوان سەر:

وەڵـــــگ زیندەگیم ها بە هەواوە
دیمادیمشەن وە بـــــــای فەناوە
ئەڵـــــوودای تەءریخ کامەرانیمەن
نیشانەی ئاخر زیندەگـــــانیمەن
یاران ویەردەن، نۆبـــــەمەن دەی دەی
ئیسە وە کـــاردن ساقی نەشئەی مەی(ل ٤٢٥)

حەر پاسنە جە هۆنێو «ئێمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم» باس، باسوو داخۆ دڵی و دیسان هۆردای خەمەکان و چی بارەنە بە ڕاوینوو دۆکتۆرەکا و زانایانوو زانستوو پزشکی دیسان سەرواز کەرذەو زام و برینی و ئەوەکۆلنای زامێ پەتروك بەستێ، چندە سەخت و چ سۆزێوش هەن. ئی سۆز و ئێش و ئازارە ئێندە فرە بیەن کە مەولەوی وێش پێسنە قەقنەسی دیەنش و ئاپاسنەش بەروسەن کە ئێشەو دەسوو ئی گرذوو خەماوە بەرشیەیم پەی نیا و ئاخریچەوە دیسان پەنا بەرۆوە ئەو دەرمانوو خەمەکاش و ئی جارە بە ئەوەلاڵیای و هاوار ئەو ساقی، پێسنە ماچۆنە:

ڕۆ جــــە شەو فێشتەر زار و زەلیلم
ساقی! ســـا جامێ، ئەمجار دەخیلم
بدەر پێم نۆش کەم چوون هەردە جاران
وە ڕەغم گردین گرۆی مەیخواران (ل ٣) یا

مەینەت سەربەرزەن، شادیم زگارەن
ساقی جامەکەت ئەمجار وەکارەن (ل ١٠)

### *وەشی و شادی و زەوق*

حەر پاسنە کە وەڵتەر نیشارەما کەرڎ؛ یۆتەر چا سات و وەختا کە هۆنیاری وەرباس بادەش گەرەك بیەن و ساقی‌ش تەڵەب کەرڎەن؛ وەختوو دیاری وەشی و زەوقی‌یەنە بیەن کە پاسنەش واستەن تا بە کیمیاو مەی، وەشیش فرە کەرۆ و رەنگ و بۆ و تامێو، تایبەتش دۆ پنە بەڵام نەك پێسنە وەشی و لەهڤ و لەعەبێو کە مەستی بارۆ و کار بیاڤنۆنە ئەو عەربەدەکێشی و سووکی بازاری، بەڵکووم ئا وەشی و شادیە تایبەت بۆنە کۆمەڵۆ یارا و کۆگاو ئەدیبا.

چەپەوانەو باسوو خەمی چا یاگانە باسوو وەشی‌دای و ژیوای بەخشی مەی کارەنە بیەن بە کەلیماتێو هەرمانە کریاینە و تان و پۆ شێعرێ بە گەرێو چنیان کە تەقەڵێش گرڎ هەوڵ و هان و هێزدەر و نیشانێوە جە شەوق و ژیوای و وەشی و شاڎی بیەن. یانێو ساقی حەر ئا کەسەنە شۆخ و شەنگ و وەش ئەتوار و سەرزیندەن و مەولەوی‌یچ چنی ئی ئەتواریە ئاشنا بیەن و چاگەنە ئی باسە ئامان وەرەوە، جە واچێ سەرزیندێ کەڵك گیریان؛ یانێو حەر ئا فاکتە کە پەی لوای سەرکەلی و هۆرلوای پەی سەری پێویست بیەن:

ساقی پام بەستەی زنجیر پیرین
دەستم دامانت وادەی دەسگیرین
چابۆك بەو رەفتار بێ دردنگەوە
خەرامان بەو ناز باڵای شەنگەوە ( ل ٤٥٩ )

ئی ویر و ئاوەزە و ئی فەلسەفە بەرزە لاو فرەو زانایا و ئەدیباوە بە پاو وەختی و

یاگێ حەر پا شێوە لاو مەولەوییەوە، بیەن و فرێ چانیشا پاسشا ویر کەرذنەوە. پێسنە هۆردەستی گەورە فێردەوسی تووسی جە شاکارد گەورەکەشەنە واتێوی حەر پی مانا و دلێگەرشە هەن و تارەلاو ئانەیە وەختێوییچ باسوو پیری وێش کەرۆنە کەلیماتێ حێماسی و ڕەزمی بە کار بەرۆنە. پێسنە ئانەیە کە یاگێوە جە شانامەنە جەبارەو پیری وێشەرە چێوێو ماچۆنە پی دلێگەرە کە: پیری خەریکا جە منەنە هێز و قۆردت گێرۆنە؛ یانێو خەریکا پیر بوونە. حەر چی بارەوە جە برێو یاگێنە هۆرچنیەی کەلیمەکا و ڕێك و پێکیشا و شۆنۆ هەنترینیەرە نامای و بەزم و ئاهەنگ و حەر پاسنە مووسیقی دلێ تۆ تۆ کەلیمەکا نێندە وەشکەوتە و دەقدریا ئامان کە حەر وێشەوە بنیاذمی جوولنۆ و تەکانەش وزۆنە و بەزمێوی وەش و شاذیدەرش مذۆ کە ئەویەرش نیا:

جە تۆ قەهقەهە، جە پیالە مەی
جە ساقی ها دەی جە ئێمە با بەی ( ل ٤٧٠ )
ساقی باك نیەن جە سەردیی دەی، دەی
هەوا وەش کەرذن، نەشئەی نۆشای مەی ( ل ٢٧٩ )
ساقییەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن
بۆلبۆل جە دەورەی گۆلان ئازادەن ( ل ٤٧٣ ) و ...

یام زمسانەنە وەختێو کە دنیا بە ڤەرڤێ چەرمێ نەرمەساو دریان و تۆفوو هەوای سەردی گۆشوارەش کەردەن ئەو نەرمە گۆشوو مەحبووبی بێگەردی و هەرزدلۆ وەشەسیاوێشا وەشە کەرذێنە، گردوو ئینیشا دەلیل و سەبەب مارۆ پەی هاوار ئەو ساقی و بادەی: ئەی مەحبووب خاس، وەی بینای تەمام مەنالۆ پەی بەزم؛ ساقی و شیشە و جام ( ل ٢٧٩ )

یام حەر سەروو نا دەقە وەڵینەیەوە و جە وەهارەنە وەختارێو قەتارەو گۆراڵا، دلێ ترۆپڵە ترۆپڵانە سەرە بەر مارا و شێڵمی و قەمامەیچ بە شنەو شەماڵی و بە لارەولەنجە دەس کەرا هۆرپڕای و قرمەو قەڵوەزا و هاژەو ڤەرڤاقێ گرذێشا جەم با، مەولەوی دیسان چرۆوە ئەو ساقی و بادەش گەرەکا تا وەشیش فرەتەر خۆماریش مارۆ:

جەی گۆشە خاستەر نیەن مەسکەنێ
ساقی گیان ئامان خۆمار ئەشکەنێ
هـــــۆرێزە، سۆبحەن، دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن ( ل ٤٣٢ )

یانێو چاگەیچەنە کە مەولەوی وەشش بیەن و سەرکەیف و سەروەش ژیوایش بەردەن سەر، پەی لوای سەرکەڵ و لیکم کەرذەی وێش جە شادی و بەزمی، دیسان هاوارش نەو ساقی کەردەن، پەی بادە ئارذەی.

### *ئاکامەو باسی*

مەولەوی جە ئاسمانوو ئەدەبوو کلاسیکوو کوردیەنە پێسنە هەسارێوی شۆڵەداری بیەن و تریفەو ڕۆشناییش ئیسەیچ حەر مەنەن، بەڵام بە داخەوە تا ئیسە نا پاسنە ئێژاو ئا زاتەبەرزەیەنە لەیەکدای و شیەوە کەرذەیوی ڕێك و پێك سەروو دیوانەکەیشەوە نەکریان. چی تریشکە تازێنە کە ئێمە دیایمێش پەی، مەولەوی شێعرەکێش بە دڵ و بە هەست و خەیاڵ واتێ‌بێنێ، نەك بە ویر و ئاوەز و سەروو بنەڕەتێوی وشك و برێنکی عەقڵ‌فەرمانیەوە. چی وەرچەمەنە باسوو ئێمەن جە بارەو ساقی و بادەیەوە حەر پاسنە مامۆسا مەلا عەبدلکەریمی مۆدەرێسیچ جە

شی‌یەوەکەرڎەی و لەیەکدای دیوانەکەینە واتەنش تەنیا جە دوێ یەرێ یاگێنە یاوگە و چەملواو مامۆسا مەولەوی جە ساقی، پەروەردگار و زاتوو خوڎای بیەن؛ بێجگەم ئینیشا جەئەو یاگەکانە کە شێعرەکاشەنە باسوو مەی و ساقی‌ش کەرڎەن، دیارا یاوگەش حەر ئا شەراوە سوورە بیەنە مەستی مارۆ و سەرووەش کەرۆنە. بە لەیەکدای و شی‌یەوە کەرڎەی ئا وەرچەمە جیاوازێ جە ژیواو مامۆسا مەولەوی‌دنە سەروو شێعرەکاشەرە، بە ئی باوەریە میاومێ کە ئا زاتە بەرزە پێسنە مێزدرە بە سەرێوی وشك و ویر تەسك و چاكدەردامانێوی لارەبار و ئاوەز تەلبەن کریا نەبیەن؛ تارەلاو ئانەیە کە بە جۆرێو متاومێ واچمێنە مەعدوومو عەنبەر خاتوونێ دەورانوو وێشەنە ئەگەر جە گرڎوو خەڵکوو دەورووبەریش ژیرتەر نەبیەبۆ، بێ حیچ گاهەزێو یۆ جە سینە چاکەکا و نەتەرسەکاو دەورانوو وێش بیەن.

...

**سەرچەمێ:**


١) برێو نیشتێبای چاپی و مانایێ و وەرچەمێ لارێ جەبارەو سەیدی هۆرامی و شێعرەکاشەرە و ڕاوینوو ئێمە، کوورش ئەمینی

٢) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢

٣ ) دیوانی بێسارانی،لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە حەکیم مەلا ساڵح، ویراستار حسین سبحانی، ناشر: ویراستار، چاپی یەکەم ١٣٧٥ی هەتاوی.

٤ ) دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لە سەر نووسینی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی کوردوستان، زستانی ١٣٧٨ی هەتاوی.

٥ ) چوارینەکانی خەییام، وەرگێراوی هەژار، ئێنتشارات سروش، تهران ١٣٧٠

# کاریگەری شاعیرانی رابردوو لەسەر مەولەوی و مەولەوی لەسەر شاعیرانی هاوچەرخ و پاش خۆی

حەمەرەشید ئەمینی

## سەرەتا وەك پێشەکی وهەواڵێ

هەرچەند لەسەرمەولەوی لەم چەندساڵەی دوایەدا زۆروتراوەو زۆریش نوسراوە، بە تایبەت لەو چەند گۆنگرەو کۆبونەوەی وەك، کونگرەی سەقز، کـونگرەی سـلیمانی و سەرشـاتە، کـونگرەی سـنە، هەمایـشی یـەك رۆژەی تازئاوای سـەلاس وە....... لـە ئـەوکۆڕو کۆ بونەوانـەیش بـە سـەدان وتـارو لێکۆلینـــەوی ئـــەدەبی و زانـــستی لـــە سەرئاســاری ئـــەو نـــەمرە بەلگـــەی راستەقینەی ئاستی پایە بەرزی و کەسایەتی مەولـەوەیمان بـۆ دەس نیـشان ئـەکرێت، لەکـەناری ئەوانەیـشدا چـاپی ئاسـارەکانی بـە تایبـەت دیوانـە شـــیعرەکەی کەبەشـــێوەی هـــەورامی نوســـیویەتی، لـــە لایـــەن هەنـــدێ لەنوســـەرانی نـــاوداری کـــوردەوە چەندجارچـاپ ومرگێرانـــی لەســـەرکراوە، ئەگەربلێین هێشتا نەمان توانیوە بـە تـەواوی ئـەرکی خۆمـان بـە نیـسبەتی ماموستا مەولەویەوەی جێ بەجێ بکەین بێ جێ نییە !؟

هەروا زۆربەی بەڕێزان ئاگادارن مامۆستا مەولەوی ئاساری زۆری لە شوێن بەجێ ماوە ئەوانەی تا ئێستا کەوتونەتە بەردەست (دیوانە شیعری بەشێوەی هەورامی لە٣٢٦٠ دێڕ) (الفضیله بە عربی لە٢٠٣١ دێڕ) (العقیده بە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست لە٢٤٥٢دێڕ)(الفوانح بە فارسی لە ٥٢٧ دێڕ)داو نامیلکەیە لە سەر ئادابی تەریقەی نەقشبەندی و......، لە نێو ئەم ئاسارانەیدا زیاتر ئەو دیوانە شیعرەی بە شێوەی هەورامی نوسراوە چاپ کراوەو کەوتوەتەبەردەستی هەموان، هەتا هەندێك وادەزانن مەولەوی تەنها ئەو دیوانە شیعرەی هەیە، ئەگەر بەچاوێکی زانستیانەش سەیری ئەم دیوانەی مەولەوی بکرێت ئەتوانین بەیەکێ لە شاکارانی ئەدەبی کوردی و پاراو پڕماناو ڕەوانترین شیعرەکانی سەردەمی خۆی دەس نیشان بکرێن، بۆوێنە باسەیری ئەم دێڕەی بکەین.

دیارەن دیدەم هەم دەرد نۆمەن

ئەمجاریش جە نۆ ئارەزووی تۆمەن

ئەوانەی ئاگاداروشارەزای ئەدەبی هەورامین بەوەی دەزانن (ئەمجاریش) لانی کەم دەبوایا (ئەمجاریچ) بنوسرایا، کەچی مامۆستا مەولەوی بە ئاگاداری لەوەی کە سێ پیتی (ج وچ) بکەونەپشت سەری یەك چەندە دەربڕین یان (ئەدایان)گرانە، هاتوە لەپیتێ کە زیاتر لەکرمانجی ناوەراست کەڵکی لێ وەر ئەگیرێت وەرگرتوە، ئەگەر دەڵێن شیعرەکانی نەرم و ڕەوانن زیاتر لەو شوێنانەی کە پێویست بووە لەوشەگەلی زاراوەکانیتر یان زمانەکانیتر بە جوانی کەڵکی وەرگرتوە، لە کەناری ئەوەیشدا باشترین فنونی ئەدەبی بەکارگرتەوە لەلایەتریشەوە لە شیعری

شاعیرانی پێش خۆی بە تایبەت شاعیرانی فارسی زمان بە جوانی ئاگادار بووەو کەڵکی لێ وەرگرتوون، لەزۆر شوێنیشدا تێکۆشاوە بۆ پاراو کردنی زمانەکەی، ئەمانەش بەتێك را بوون بە رچەو ریباوی قوتابخانەی مەولەوی و تا ئەمڕۆیش بەردەوامە.

## وەك هەواڵێ

لە کەناری ئەوەیشدا بەداخەوە تا هەنوکەیش هێشتای لەدوو بواری سەرەکی دا هەرمانی ئەوتۆ لەسەر شیعرەکانی نەکراوە.

یەکەم: راستە بۆ یەکەم جار ئەرکو ماندو بوونی چاپی کەوتە ئەستۆی مامۆستای نەمر مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، هەرواکە خۆیشی فەرمویەتی (هەرچۆن بێ من ئەوەی لە توانامدا بوو کردم، وە نەبێ بڵێم کەم و کورتی لەئیشەکەما نییە، چونکە پڕۆژەی وا هەرگیز بە تاقە کەسێك بە بێ کەم و کورتی ناهێنرێتە دی )، کە چی ئەوانەیش وا چاپی دوو بارەو ئۆفسیدو وەرگەڕانیان لەو دیوانەدا کردوە، نەهاتون بە شێوەیەکی بەراوردکاریو زانستی ناتەواویو هەڵەکانی راست کەنەوەو شیعری شاعیرانیتر کە بەناوی مەولەوی و یان هی مەولەوی بە ناوی کەسانێتر لە چاپ دراون جیبیا کرێنەوەولە جێگای خۆیان بنوسرێنەوە.

دووهەم : هێشتای زۆرێ لە شیعرەکانی مەولەوی لە لایەن شوێن کەوتوانو لایەنگرانی ئەو ئەدەبە بە نارێکی و نادروست دەخوێنرێنەوە، بەتایبەت گۆرانی بێژانی هەورامان، کە ئەو جۆرە خوێندنەوەش لە زۆر شوێندا ئەبێتە هۆی لە دەس دانی باری مەعنی و فەنی شیعرەکان.

ئەمانەو هەندێ هۆکاریتری وەك کەڵك وەرنەگرتنی ئاساری شاعیرانی کوردە بە شێوەی نەرم ئەفزاریو دوور بونیان لە رەوەندی دیجیتاڵی

مـودێرن و چـەند هۆکـارێتر، بـرای بـەرێزو هـۆگری فەرهـەنگ و ئـەدەبی کـوردی کـاك عەبـدوڵای حـەبیبی لـە شارۆچـکەخنجیلانەکەی نودشـە پرۆژەیەکی لەم بابەتەی لە سەر مەولەوی راگەیانـد، کـە ئـەتوانم بڵێم لـە ئاستی خۆیـدا کـەم وێنـەوپڕ بـایخ بـوو، کـاتێ چوین و لـە نزیکـەوە ئـەو بەرێزەمان بینی و بە وردی باسی پرۆژەکەی کرد، زۆر پێ خۆشـحاڵ بـوین و بەڵێنیشمان پێ دا لـە رادەی توانـاو دەسـەڵاتی خۆمـان یارمـەتی بـدەین، بابەتی پرۆژەکەیش ئەمە بوو، کە دیوانی مەولەوی پاش بەراورد کردن لە گەڵ چەندەها نوسخەی دەستنوس وزۆربەی ئەو دیوانانەی کەچاپ کـراون و شـیعرە چـاپ نەکراوەکانیـشی کـەڵك وەرگیرێـو، ئـەوەی مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریم بکرێت بە سەرچاوگەی هەمویان، پاش ئەوەی لەگەڵ چـەند کەسێکی خاوەن رائیی و بۆچون لەم بابەتە، بە تایبەت مامۆستا ئەحمەدی نـەزیرو کـاك موحەممـەدی فـەهیم لـە سـنەو ماموسـتای مـومنی نـوری وخوالێخۆش بوو کاك یوسفی رەسوڵ ئابادی و کاك مومنی یـەزدان بـەخش و بەندەیش لە شاری پاوە لەچەند دانیشتنێکی بێ وچان دابـەراورد کـاری ئەو هەرمانەمان بە ئەنجام گەیاندو زۆربەی ناتەواویەکانی راست کرانەوە، لە دوای ئەوەش هاتینە سەر ئـەو رایـە کـە پـاش نوسـینەوەی دوو بارەیـان مامۆستا موحەممەدی فەهیم بە دەنگە خۆشـەکەی و دەربڕینێکـی دروسـت بیـان خوێنێتـەوە، ئـەو کاتـە بـە شـێوەی نـەرم ئـەفزاری لـە سـەر سـیدیو راگەیاندنەکانی وەك ئـەنترنێتو میـدیاکانا بڵاو بکرێتـەوە، تـا ئیـدی هـەتا ئەگەر کەسێ غـەیری هـەورامیش بـە جوانی شێوی خوێندنـەوەو بـەیانی دروستیان بزانێ چۆنە ؟، لێرەدا ئەرکی سەرەکی و ماندوو بونی بێ وچـان کەوتـە سـەر شـانی بـەرێزان کـاك عەبـدوڵای حـەبیبی و لـە دوای ئـەویش مامۆسـتا موحەممـەدی فـەهیم، کـاتێ ئـەو هەرمامانـەیش بـە ئـەنجام

گەیشت، هاتینە سەرئەو رایە لەگەڵ چاپی دوو بارەی دیوانەکەیدا ئەو سیدیانەیش بلاّو بکرێنەوە، ئەگەرچی ئەمەیش لە خۆیدا ماندوو بونێکی کەی وا بە شوێنەوە، کەچی مامۆستا مەولەوی لەوەی زیاتر مافی وا بە سەر ئێمەوە، ئەدەبی کوردیش خۆی بە قەرزاری دەزانێت، بەس ئەو ماندوو بوونەمان لە بەرابەری گەورەیی مەولەویدا شتێکی زۆرکەمەو تەنها ئەتوانین بڵێین کەهەستی خۆشەویستی خۆمان بە نیسبەتی ئەو پایە بەرزەوە دەربڕیوە، ناتوانین بڵێین ئەم هەرمانەی ئێمە کاملترین دیوانی مەولەویە لەم بابەتەوە، ئەبێ چەندەها ئەوەندەیتر ماندوو بن تا بتوانن هەنگاوێتر ئەم ئەرکە بەرەو پێش بەرنو تیشك هاوێژێ بخەنە سەرباری ئەدەبی ئاسارەکانی مەولەوی بە تایبەت ئەم دیوانە شیعرەی.

ئەوا منیش وەك قوتابیەکی ئەم قوتابخانەیە، بەگویەری توانای خۆم لەو کورتە وتارەیدا دەمەوێت کاردانەوەی شیعری شاعیرانی رابردوو لە سەر مەولەوی و هی مەولەوی لەسەر شاعیرانی هاوچەرخ و پاش خۆی بخەمە بەرچاوی لایەنگرانی ئەدەبی کوردی، هەرچەند لە هەندێ شوێندا ئاماژە بە برێ لەو کاردانەوەیانە کراوە، بەتایبەت کاك حەکیمی مەلا سالح لە کتیبێ شیعرە چاپ نەکراوەکانی مەولەوەی، منیش ناڵێم تەواوی ئەو بابەتانم دەسنیشان کردون بە راسی ئەگەر بمانەوێ هەرمانێکی چڕو پڕی ئاوا بخرێتە بەردەست زۆر لەوی زیاتر کاتی پێویستە کەلە کۆڕو کۆبونەوەیەکدا دەست نیشان ئەکرێت، تێگۆشاوم شتانیکیش دەست نیشان کەم کەزۆربەیان تا ئەمڕۆ باسیان لەسەر نەکراوە.

**کارتێکردنی شاعیرانی رابردوو لەسەرمەولەوی.**

ئەگەر هاتو لە روانگایەکی زانستیو لێکۆڵرانەوە سەیری داڕێژراوی شیعرەکانی مەولەوی بکەین، بۆمان دەر ئەکەوێت کە هەندێ تایبەتمەندی بۆخۆی دەس نیشان کردوە، بێ گومان زۆرێ لە سەر ئەم باوەڕەن لە شاعیرانی رابردوو کەمتر کەسێکمان هەیە وەك مەولەوی کاریگەری لەسەر شاعیرانی هاوچەرخوو پاش خۆیش دانابێ، پێش ئەوەی بچمە سەر ئەم باسە بابزانین خودی مەولەوی زیاترلەکام شاعیری پێش خۆی کەڵکی وەرگرتوە، ئەو کەسانەی کە شیعرە کانی مەولەویان بەوردی خوێندوەتەوە بەوەی باش دەزانن لە شاعیرانی رابردووی هەبوون کەسانێکی خاوەن دەسەڵات لە ئەدبیاتی فارسی و کوردیدا، کە کاریگەریان لە سەر رەوتی ئەدەبی مەولەوی داناوە، بەتایبەت ئەدەبیاتی فارسی و شاعیرانی وەك (خەیام، سەعدی، مەولانا، حافز، ئەنورەی و.......) لە شاعیرانی کوردی پێش خۆیشی وەك( بێسارانی، خانای قوبادی و وەلی دێوانە وە.......) جییگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە و کەڵك وەرگرتنەو هەستی نزیکایەتیی هەندێ لەو شاعیرانەی بکەین.

سەرەتا دەچینە سەر کاریگەری (خەییام ) لە سەر مەولەوی، ئەوەی راستی بێت عومەری کوڕی ئیبراهیم ناسراو بە خەییام، کەلەسەدەی (پێنجەم و سەرە تای سەدەی شەشەمی ه ق) دا ژیاوە، بە زۆرینە کاریگەری لەسەر شاعیرانی پاش خۆی داناوە، بەتایبەت شاعیرانی کوردو بەراشکاوی ئەوکاریگەریەی لە سەر مەولەوی زۆرتربووە، بۆ وێنە.

خیام =

ابر آمــــدو بازبر سبـــزه گریست
بی باده گلـــرنگ بایـد زیست
این سبزه که امروز تماشاگه ماست
تاسبزه خاک ما تماشاگه کیست

مەولەوی=

ســـەوزەی خاك پای یاران هام فــەرد
فـرێمان وەفـەرش بەزم وێمان كەرد
كەوسەوزەی ئێمەیچ نەكام هەردێ بۆ
وەفەرش مەجلێس كام هام فەردێ بۆ

لێرەدادەقـــاودەقی كاریگــــەری لەوشـــیعرەدا دەركـــەوتوە، هــــەتا وەك ئەوەیەكە وەرگێڕانێكی ئازاد لە سەر ئەو چوارێنە كرابێت، كەچی لە شوێنی كەدا مەولەوی بەكەڵك وەرگرتن لە رەوتی خەییام توانیویەتی ئەو هەستەی، بە شێوەیەكی تایبەتی خۆی دەر برێو شتانێك بڵێت كە زۆر لە خەیامەوە نزیكن، وەك ئەمانەی خوارەوە.

خیام =

ازآمــدنم نبود، گــردون را ســود
وازرفتن من جمال جاهش نفزود
واز هیچ کسم نیزدوگـــوشـــم نشنـود
که این آمدن،رفتنم ازبهرچه بود

یان=
آنهاکه کهن شـــدند، آنهاکـــه نونـــد
هرکس پس ازآمدن یکایک بروند
این کهنه جهان به کس نماند جاوید
رفتنـد، روند، دگـــر آینـدوروند

مەولەوی=

هەرچی دیت وەچەم شی وەسەفەردا
هـــەرچـــی مـــەوینـــی هـــانە گـوزەردا
کەس حـالێ نەبی، وە هیچ نەفـاما
ئەوپەی چێش ویەرد ئێدپەی چێش ئاما

خیام =
این اهـــل قبـور خـــاک گشتنـدوغبار
هـــرزره زهرزره گـــرفتند کنار
آه این چه شرابیست که ناخورده دردست
بیخود شده، بیخبرند از همه کار

مەولەوی=

چوون نەدڵ شنۆی مەزەی مەی داران
بڎیه چۆن وه تۆی لۆنگێ مەویاران

خیام =
روزی که گذشت ازو یاد مـکن
فردا که نیامده است ازو یاد مـکن
برنامـده و گـذشتـــه بنیـاد منه
حال خوش باش وعمر برباد مکن

مەولەوی=

ویەردە ویەرد، هەولێ پەی باقی

ئەمجار یە دەروێش، یە نەیچی وساقی

لەم وێنانەدا جارجار لە چەند چوارێن ئیلهامی وەرگرتوە شتێکی وتـوە کەلەوانەوە زۆر نـزیـك بـووە، جـۆری تریـشی وەك ئـەو دووانـەی دوایـە بـە تاکە دێڕ ئەو هەستەی دەربڕیوە، وابـزانم ئـەو وێنانـەی بـۆ خـەییام بـەس بێو دەچـینە سـەر شـاعیرکەی پایەبـەرزی کـەی فارسـی زمـان، کـە ئـەویش مەولانا جەلالەدین موحەممەدی بەڵخییە کە لێرەدا ئێمە تەنها بـە مـەولانا ناوی ئەبەین، ئەم دوو شاعیرە یـانی مەولـەوی ومـەولانا جیـا لـە شێوازی ئـەدەبی ونزیـك بونـەوەی رواڵـەتی شـیعریان زیـاتر لـە روانگـاو اندیـشەی عیرفانیەوە لە یەك نزیك دەبنەوە و لـە ئەوپـەڕی جوانی دا لەگـەڵ گیـانو هەستی مروڤـ پەیوەنـدی ئـەگرنو بـەرەو دنیایـەکی تایبـەتی خۆیـان رای دەکێشن، دەبا لـە بـاتی ئـەوەی کەزیاترلـەم بارەیـەوە بـدوێن دەروازەیـە لـە نزیکایـەتی ئـەو دوو روانگایـە ئاواڵـە کـەین و بـە چـەند دێـڕێ لـەو دوو کەسـایەتیانە دڵـۆپی لـە چـاوگەی زەلاڵـو بـێ کۆتاییـان لێـوێ تـەڕ کـەین پەردەیە بەلادەین.

مەولانا= دفع کن ازمغـــزو ازبینی زکام

تا ذبیـــح الــە آیـد درمشـــام

بازکن دوچشم را از موی عیب

تا ببینی باغ و سروستان غیب

مەولەوی=

هـەرکەسێ دانش نەفـامش نەبۆ

بینـــی عیـــرفانش زوکامش نـــەبـــۆ

گـــروفتی دەمـاخ نەدابۆ پەرداخ

پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وەدەماخ

مەولانا=
چون قلم دروصف این حالت رسید
هم قلم بشکست وخودکاغذدرید

مەولەوی=

نەدڵ یادراز ســەحفەی نامەشەن

نەسەرپەنجە هۆش گرتەی خامەشەن
مەولانا=
گرزیک تلخی کنم فریادو داد
خاک صد ره برسر اجزام باد

مەولەوی=ئەرهەرسات دەردێ دەردیوتەرچەن

بەیۆماچــۆناخ پەیدەردێ هــەنی

مەولانا=
تومگومارابدان شەیارنست
باکریمان کارما دشوار نیست

مەولەوی=

یاجە گونای من کەرەم ئاوان تەر

رەحمت جەتاوان من فراوان تەر

مەولانا=
خندەاز لطفش حکایت میکند
گریەاز مهرش شکایت میکند

مەولەوی=
مەیل وقین هەردووهەرجەشەخسێوەن
جەریمەوخەڵات شێوەی کەسێوەن

مەولانا=
آنکە دل بیدار دارد،چشم سر
گربخسبد برگشاید صد بصر

مەولەوی=
دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سرکافین
ئیددای مونافین ئەودەوای شافین

مەولانا=
کاشک غیراز تو آگانبودجان من
خودندانستی بجزجان معنی دان من

مەولەوی=
ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وەبێ خەم
سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم

یان = لە وڵامی نامەی (مراد میرزا )حیسام ول سلتەنە راستەو خۆ بە فارسی باسی مەلانا ئەکات وەك:

نیست ذاتم همچو ذات مولوی
یاکلامم چون کلام مثنوی
لیک گویم با امید بس قوی
بهردرویشان حسام الدین توی

یان لە نامەی بیست و چوارەمی یادی مەردان دێرێکی بە فارسی هێناوە زۆر لەئەوی مەولانا نزیکە وەك:

مولانا =
نی حدیث راه پرخون میکند
قصه های عشق مجنون میکند

مەولەوی =
نی نشان از چون بیچون دهد
عاشقانرا شور مجنون دهد

ئەم جۆرە وێنانەیش لە شیعری ئەو دوو کەسایەتیە ئەدەبیانە زۆرنو ناکرێت لەوی زیاتر لێرەدا لە سەری بڕۆین، هەروا لە پێشدا ئاماژەم پێ کری نزیکایەتی ئەم دووشاعیر زیاتر لە روی ناوەرۆکی شیعرەکانیاندایە، کە ئەو نزیکایەتیەش ئەبێ لە روانگایەکی عیرفانیەوە سەیریان بکرێت تا ئەو جوانکاریانەباشتر ببینرێن.

یەکێتر لەوشاعیرانەی کە کاریگەری لە سەر مەولەوی هەبووە حافزی شیرازیە، ئەگەر بە وەردی سەیر شیعرەکانی مەولەوی بکەین بۆمان دەرئەکەوێت کەیەکێ لەو شاعیرە فارس زمانانەی کە زیاتر ناوی لێ بردوە، حافزی شیرازی بووە وا دیارە بەوردی شیعرەکانی خوێندونەتەوە بۆوێنە.

عارفان چە خاس پەی وە حەق بەردەن

وەسیەتی حافــز وە جا ئاوەردەن

دەفنت نە پەهلوی مەیخانە کەردەن

وەسەر خاکدا سەبوی مەی مەڕدەن

دەر ئەکەوێت ئەمەی بۆ ئەو بەیتانەی وتوە کە باسی (سەبوی) مەی و زیاتر ئـەوەی کـە میخانـەی کـردوە بـە مـەنزڵ مـاوا خـۆی وەك( مقام اصلی ما گوشه خرابات است.....)

وە یان ؛

حافز بۆ وە عەشق مەستانی یا هوو

بپێچەش نە دەور باهووی بێ ئاهوو

ئەمەیش زیاترئەو باوەڕمان بۆدەر ئەخات پەنابەرانی حافز روئەکەنـە شیعرەکانی تابزانن بەموورادی خۆیان دەگەن یان نە؟ یان ئەمـەی خـوارەوە کـە زۆر لەیەکـەوە نـزیکن وەك ئەوەیـە کـە مەولـەوی بـە وەرگێڕانێکـی ئازادەوە لەو شیعرەی حافزە کەڵکی وەرگرتوە.

حافظ =

ساقی به نور باده برافروز جام ما

مطرب بگو که کارجهان شدبه کام ما

مەولەوی =

مـــوترب مقامێ دەردم ناچـارەن

ســـاقیاجــامــێ دۆس ئینتـــزارەن

ئەو نزیکایەتیەی هەستی مەولەوی لە گەڵ حافزا زۆرنو بەس تنها بە نیو دێڕ لە هەردوولا قەناعەت نەکەین وەك ئەمانەی خوارەوە.

حافظ =
بیا که پرده گلـــــریز هفت خانه چشم
مەولەوی =سوچنان تمام هەرهەفت پەردەی چەم

حافظ =
پیـــرانه هوای جوانی است درسرم
مەولەوی = پیـــران مشیۆ تاف جـــوانیشان بۆ

حافظ = می خواست گل که دم زندازرنگ وبوی دوست
مەولەوی = گوڵ چون روی ئازیز نەزاکەت پۆشان

حافظ = چگونه سر خجالت برآورم بردوست
مەولەوی = ئەوبە شـــــەرمـــەوە مەذیو بە وەردا

حافظ = کاروان رفتو تودرخواب و بیابان درپیش
مەولەوی = بێـــدار بەر جـــە خـــاو کاروان ویەرد

حافظ = درد آه سینــــــه نالان مــــــن
مەولەوی = سا هەر سوز جۆش ئاه سەرد من

وە یا لە هەندێ شویندا لە باری فەنی ئەدەبیـەوە لەیـەك نزیـك بـوون وەك.

حافظ =
به مژگان سیه کردی هزاران رخنه دردینم
بیا که از چشم بیمارت هزاران درد برچینم

مەولەوی =
ســـەرد بیـــەن گەرمی شەوق هام دەردان
گەرمـــەن سەردی زەوق جەرگەی هام فەردان

لیرەدا حافز بە چاوی (بیمار) نەخۆش هەزاران دەردی پێ دەرمان ئەکات، کە چی مەولەویش دەڵێت (گەرمەن سەردی زەوق) کە ئەم جۆرە دارشتنەی فنونی ئەدەبیە لە هێنەی کەمتر شاعیرەوە بینراوە،کەلە فەنی ئەدەبیدا پێیان دەوتر ( تضاد = طباق) یان دژی یەکو وەك یەك نەبوون، ئەمەیش لە باری دارشتەی هۆشو عەقڵەوە پەسەند ناکرێت کە شتێك هەم دژی یەك بێو هەم بۆ لێکدانەوە سازگار، کەچی بەراستی ئەوان ئەم هەرمانەیان کردوە ؟!.

یان لەو نامەیەدا کەبۆ موحەممەدساڵحی فەخرول عولەمای دەنوسێ راستەو خۆ لە دوو دێری حافیز لە دوو شوێنیدا کەڵکی وەرگرتوە وەك:

ای مگس عرصه سیمرغ نه جولانگه تست
عرض خود می بری وزحمت ما می داری
ســـاقی مـــگر وظیفـه حـــافظ زیاده داد
کآشفتـــه گشت طـــره دستار مـــولـــوی

ئەمانەو زۆرها شتی کەمان لەو دوو شاعیردا بەرچاو ئەکەوێت کە زیاتر لەوە ئەبێتە هۆی بەدرێژا کێشانی ئەم چەند دێرە، ئەگەرچی بە زۆرینە لە شیعرەکانی شیخ سەعدی وئەنوەری و جامیش کەڵکی

وەرگرتــوە، وادەزان هــەر ئــەوەیش بــەس بێــت بــۆ نزیکایــەتی هەســتی مەولەوی لە شاعیرانی فارسی زمانـەوە، دەبـا بـزانین لـە شـاعیرانی کوردی پێش مەولەوی کامیان کاریگەریان لـە سـەر دانـاوە ؟ مەولـەوی لـە کـەناری ئــەوەی شــیعری زۆربــەی شــاعیرانی فارســی و تارادەیــەکیش عــەرەبی خویندوەتەوە، لە شیعر شاعیرانی کوردی پێش خۆیشی بێ لایـەن نـەبووە، ئەوەی لە نێو شیعرەکانیدا بەدەر کەوتوە ئەتوانین بڵێین زیاتر شـیعرەکانی بێـساران وخانـای قوبـادی و وەلـی دێوانــەو تارادەیــە شــیعری شــاعیرانی یارسـانی خوێندوەتــەوەو کاریگــەری هەندێکیـشیان لــەنێو شــیعرەکانیا بــە روناکی دەرکـەوتوە، ئـەوەی کـە خـودی مەولـەوی بڵێـت بێـسارانی زیاترلـە هەرشاعیرانیکەی کورد توانیویەتی ئەوکاری گەریەلە سەر مەولەوی دانێت وسێبەری بەسەرشیعرە کانیدا هەبێت، ئەگەرچی جارجار لەشاعیرانی کەی وەك وەلی دیوانە ناو دەبات، کە چی رەنگی شیعرەکانی وەلی دیوانە کـەمتر لە رەوتی ئەدەبی مەولەوی دا خۆی بەدەرخستوە.

دەبا بزانین ئەو رەنگ دانەوەی بێسارانەی چۆنە بە سەر مەولەویـەوە، ئەوەی کە سەر چاوەکان بە ئێمە دەڵێن بێـسارانی نزیـك بـە (١١٠) سـاڵ پێش ئەوەی مەولەوی چاو بـە دنیـا هـەڵبێنی کۆچـی دوایـی کـردوە، کەبـە یەکی لـە گـەورەترین شاعیرانی کوردو بناغـە دانێـری سـبکی (رۆمانتیـك) دێتە ئەژمارەوە، بەس ئەگەر مەولەوی پـەیرەوی ئەوقوتابخانەیـە کـردوەو پاشان بۆخۆی رەوتێ یان باشتربڵێن قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆخۆی دانـاوە کە پاشان زۆرێ لە شاعیرانی کەی پاش خۆی پەیرەویان لێوە کـردوە ، ئـەو بەهرەو کەڵك وەرگرتنەیش لە زۆر شوێندا بە ناوبردنو هێنانی دێڕێ یـان زیـاتر لـە بێـسارانی، وەیان بێ نـاوبردن کـەڵکی لـەنیوە دێـڕێ یـان کـەمتر

وەرگرتەوە، سەرە تا لەوشوێنانەی دەست پێ ئەکەین کە ناوی بێسارانی هیناوەو هاورێ لەگەڵ شیعرەکانی.

بێسارانیـەن نەتۆی فـەرد من
(خەم چەنی خەمان زوومەبۆ ساکن)

یان =

نەوای ویرانەی دڵ کـەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوە
(ئینەگردجەوەخت ناذانیم بیەن
فەسڵ سەرمەستی وجـوانیم بیەن
ئیسە هاجەگرد پەشیمانیم بەرد
واذەی پیـریمەن جـوانیـم ویەرد
کـۆج دوایمـەن یاوانـم نۆبە
نۆبەی تۆبەمـەن کـەرم دار تۆبە)

یان =

های رەحمەت ئەوقەبرسەودایی کامڵ
سەرمەشق مەینەت بێساران مەنزڵ
(یانـە وێـرانی هـەروەمن ئامـان
مـەتاوو گرتەی کـەسێوتەر دامان )

لە هەندێ شوێندا شیعری هێناوە بێ ئەوەی ناوی بەرێت، وەك ئەم دوو وێنەی خوارەوە.

( یاکاغــەز بڕیان یامــەڵامەردەن

یاخــۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن

غەمگین مەنیشە غوم بڎەر وەباڎ

فــەڵەك نمازۆ کــەس وەخاترشاڎ)

یان=

(ئەودۆزەخ چشەن عەزابش جەگۆن

دۆزەخ هەردۆزەخ دووری باڵای تۆن)

کە چی لە زۆر شوێنی کەدا بەبێ ئەوەی ئاماژەیە بە بێسارانی بکات لە نیوە دێڕێ یان کەمتر کەڵکی وەرگرتوە، وەك ئەمانەی خوارەوە.

بێسارانی =

بەوێنەی پرشنگ کۆرەی کرنەسەر

هــەناســەم ریزەی دڵ مارۆ وەبەر

مەولەوی=

هــەناسەم ریزەی دڵ مارۆ وەبەر

سەرکەردەن زووخاو جە زام خەتەر

بێسارانی=

منیچ بەوقوربان منەت بارەنان

قــوربانی قــوربان بــاڵای یــارەنان

مەولەوی=

ساتۆیچ من وەرە وەقوربانی کەر

من وە قـــوربانی رای رەبانـــی کـەر

بێسارانی=

بەرمەیۆ نەپای بەرزە موغاران

شەماڵ مەشانۆش چوون زوڵفی یاران

مەولەوی=

بەڕەزا بەو چین توغـــرا تاتاوە

شـــەماڵ مـــەشـانۆش یانێ وەی لاوە

بێسارانی=

ئیسەپەی دووری قیبلەم مەناڵو

گـــەرد پاوپاڵاش وەمـــوژەمـــاڵـــو

مەولەوی=

جیاتی موژەی خەستەی باڵاکەت

چێش بۆ وەجاڕووی گەرد پاڵاکەت

بێسارانی=

ئاهوی خۆتەن خێزدیدێ تیرخەتا

تاتاری رەوێڵ ناف مـــوشك مـــەتا

مەولەوی =

ئاهــوی خــۆتەنی فەیزئیلاهی

ناف ناف راهــی جــەمــە تا ماهی

ئەمانەوچەندە ها وێنـەی تـری لـەو شـێوەیە لـە دیـوانی مەولـەوی دا بەرچاو ئەکەوێت،کەلەوە زیاتر وادەزانم بە درێـژا کێشانی ئـەم باسـەبێت، دەبا بزانی شاعیرانی تر توانیویان لەپـەروەردە کردنـی هەسـتی مەولەویـدا نەخشیان هەبێ، یەکێتر لەو شاعیرانە کە مەولـەوی کـەڵکی لـە شـیعرەکانی وەرگرتـوە (خانـای قوبـادی)یـە ئـەم شـاعیرە پایـە بـەرزەیش یـەکێ لـە کەسایەتیە ئەدەبیـەکانی سـەدەی (١٢) کۆچی بـووە کەبـە داخـەوە ئـەبێ بڵـێن تـا بـە ئـەمرۆ ئاسـارەکانی بـە شـێوەی سەرچـەم جـەماوەریو چـاپ نەکراون، لەبەر ئـەوەی ئێمـەیش پـەنامان بـردە سـەر هەنـدێ لـە بـەیازوو دەست نوسـەکانو بـڕێ لـە چـاپ کراوەکانیـشی تـابزانین مەولـەوی چـۆن سەیری خانای قوبادی کردوە، بۆ وینە لەلاپـەڕی(١٣٧) دیـوانی مەولـەوی مامۆستا مودەڕیس داتاکە دێڕێ هاتوە، کە ئەو تاکـە دێـڕە لـە پارچـەیەکی خانای قوبادیدا بە ناوی (زونارم بەستەن........) ئەو دێڕە هـاتوە، ئـەویش خودی دێڕەکەیە :

تاوە زوڵف و روی تۆ تەماشامەن

ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن

جێگای ئاماژەیە کە ئـەم پارچـەی (زوونـارم بەسـتەن.........) مامۆسـتا (فخرول عولـەما)یش بـە ئـاڵو گـۆڕێکی کەمـەو لـە چـەند دێرێکـی کـەڵکی وەرگرتوە.

لە راستی دا بۆم دەر نەکەوتوە کەئەوتاکە دێڕە، ئایا مامۆستا مەولەوی لەکاتی خۆیدا خۆشی لەو دێڕە هاتوەو لە کەناری شیعرەکانی خۆیدا نوسیویەتیو پاشان بە ناوی ئەمەوە لە چاپ دراوە یان بە راستی هی مەولەویەو تێکەڵی شیعرەکانی خانا بووە، بەڵام من لەسەر ئەوباوەڕی نیەم کە ئەمەی دوایی بێت وادەزانم کەسانی دی بەناوی مەولەویەوە نوسیویان، لەبەر ئەوەی ئەگەرخودی مەولەویش بایا دەینوسی هی خانایە، بابزانین لە لایەتریشەوە ئەوتاکە دێڕە لەنێو ئەوپارچەی خانادا زۆربە جێیە.

لەشوێنی کەدا هەیە کەمەولەوی کەلکی لێ وەرگرتوە، ماموستا حەکیمی مەلاسالح لە کتێبی شیعرە بڵاو نەکراوەکانی مەولەوی داکەلە ساڵ ١٣٧٦ هەتاوی بەچاپی گەیاندوە لە لاپەڕەی (١٧) بەولاوە نزیك بە (١٥) دێڕی لە خانای قوبادی هێناوە کە زۆر لە شیعری مەولەویەوە نزیکن، من ئەوانە پات ناکەمەوە دێمە سەر ئەوانی کە خۆم لە شوێنانی کە دەرم هێناون، بۆ وێنە.

خانا =

بەوتەور جەشەوان مەشیم وەپارێز

ڕێز ڕێخ جەپام نمەکەرد ئاخێز

مەولەوی=

تۆکەڵ گەلگەل وەچەم مەکەردی

پارێز پای ڕێز ئەستەم مەبەردی

خانا =

سفیــدی ئامــا سیــام بــەردەوە

مەنزلگای دوورم نزیك کەردەوە

مەولەوی=

سفیدیم ئاوەرد سیاییم پێ ڕەشت

هەفتم کەردەوە رووم نیا لە هەشت

خانا=

پیرکــەفتە کار قامــەت قــەواخم

شــەریك مــەینەت ڕەفیق ئاخــم

مەولەوی =

سەنگی سەنگی بارتاوان زۆروەردەن

پیری بەدنامەن قامەت خەم کەردەن

خانا =

هەرچەند شایستەی حەبس تەقدیرم

بە ئاب ســزای نار ســەعیرم

مەولەوی=

هەرچەند شایستەی عەفون نەداروون

ڕوی شەرمەندەگی وەدەرگات ماروون

خانا=

مەئیوسم کەردەن هەوای نەفس شووم

بغەیرجە زاتت کەس نیەن ئەرجووم

مەولەوی=

نەفس بەدکردار بیّ دین بەدبەخت

شووم سەرگەردان خەیاڵات سەخت

ئەگەر تەواوی ئاسارەکانی خانامان دەست بکەوتایا لەوی زیاتر نزیکایەتیمان خاناو مەولەوی مان دەست ئەکەوت، ئەگەرچی ئەوانەیش لە رووی ناوەرۆکەوە هەندێکیان جییاوازن، کەچی لە روی رواڵەتیەوە وەك ئەوەیە لە هەستی یەك شاعیر دارژابن.

یەکێتر لەو شاعیرانە کەدەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین (وەلی دیوانە)یە کە ئەویش بۆ خۆی جێگا پەنجەی لە ئەدەبی کوردیدا دیارە و بە عاشقێکی دڵو داوی (شەم ) ناسراوە کە مەولەویّ رێز بو ئەو عەشقەی دادەنێە لەنێو شیعرێکیدا باسی ئەکاو دەڵێت.

گامەویەرد نەسەر هوون چەمەی چەم

تەکرار مەکەرد فەرد دێوانەکەی شەم

(سـەیر سەر بەردان لەیلاّخان کەردی

ئەی شەم حەیفت کەرد جەمن ویەردی)

یان ئەمانەی خوارەوە کە زۆر لە یەکەوە نزیکن.

وەلی دێوانە =

مورغ ئەرواحم جەتەن بێزارەن

دنیـا نە دێـدم زولمـاتو تارەن

مەولەوی =

دنیـا نە کێـجاو تاریکە شـەوبی

جەلاوروشنیش جەلام چون خەوبی

وەلی دێوانە=

هـەرمن وەبێ شـەم گڕاگڕگڕیام

زەنگ بەد نامـی نەعـالەم زڕیام

مەولەوی =

من نەون وەتەنگ نەفامـی یەوە

وێم بدەون وەدەس بەد نامی یەوە

وەلی دێوانە=

زوان بە ڕێزەی شـەکەررازەوە

دەنگ وەسەدای خاس وەش ئاوازەوە

مەولەوی =

فـەرمابێت وەلەفز شەکەر رازەوە

گاجـە روی عیتـاب گا وە نـازەوە

لە زۆر شوێندا وەکو بەرداشتی ناوە رۆکی لەو شیعرانەی وەلی دیوانە کەڵکی وەرگرتوە وەك ئەم دوو دێڕەی.

وەلی دێوانە=

ئەو شـــەوشەمێ بی جە سیابانان

من تۆم کەرد وەشەم خەسرەوی خانان

من تۆم کەردوەشەم شۆخ شاپەسەند

نام تۆم جـــەبەزم نامە وانان وەند

مەولەوی =

من بیم خـــەریدار کاڵای باڵاکەت

من بیم وەســـەرگەرد گەرد پاڵاکەت

باعیس گـــەرمی بازاڕت من بیـــم

جـــەلای ئاینەی روخســـارت من بیم

لە لاپەڕی ٤٥٠ دیوانی مەولەوی مامۆستا ملاعەبدوالکریمی مودەڕیس دا تاکە دێڕێ هاتوە کە ئەوتاکە دێڕێ لە پارچەی (چراخم وەلام.........)ی وەلی دێوانە دا هاتوە، هەتا لە دەستنوسێکی کۆنیشدا من ئەوپارچەیەم دەست کەوت ئەو دێڕەی تێدا بوو، وادەزانم هی وەلی دێوانە بێت، ئەویش ئەمەیە :

نەبە رۆ ئارام نەشەو خاومەن

چوون چەم گل کەران گلاراومەن

بە سەیری لە سەرئەم شیعرانەو چەندەها وێنەیتر لەم بابەتە، بەو قەناعەتەی ئەگەین بەراستی مەولەوی بە ئاگاداریەکی زۆر لە شاعیرانی پێش خۆی دەستی داوەتەپێنوسو توانیویەتی رەوتێکی تایبەت بۆ خۆی لە

ئەدەبی کوردیدا داریژێت کە ئەمڕۆ بە قوتابخانەی مەولەوی دەناسریت، ئەو ئاگاداریو توانای دەسەلاتی ئەدەبیە وای کردوە هەرلە سەردەمی خۆیداکاریگەری لە سەرزۆربەی شاعیرانی هاو چەرخ و پاش خۆیش دانێت، دەبا سەرەتا چاوێ بخشێنین بەنێو ئاساری هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخی و پاش خۆی.

## مەولەوی و شاعیرانی هاوچەرخ و پاش خۆی

یەکی لەو شاعیرانە شیخ موحەممەد سالحی فەخروالعلمایە بەنازناوی (حەیران) کەبە داخەوە تابە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی سەرجەم ئاسارەکانی جەماوەریو نەکراوەو زۆربەیان لە نێو بەیازو دەست نوسەکانا ماونەتەوە، ماموستا (حەیران) ئەگەر چی سالی لە دایك بونی روون نەبوە تەوە، بەلام سالی کۆچی دوایی هەر ئەو سالەی بووە کە مەولەویش لە دونیا دەر چووە، یانێ سالی (١٣٠٠ھ ق) بە گویەرەی هەندێ تێ هەلکێشانو وەرگێرانی شیعرەکانی مەولەوی لەوەی دەکات کاتی فەقیەتی یان تەلەبەگی زۆر پێکەوە بوون، هەتا لەنامە بەناوبانگەکەی مەولەوی بۆ فەخرول عولەما لە یادی مەردان (ل٤٢٩ تا ٤٤٠) ئەو دۆسایەتیو نزیکایەتێمان بۆ دەر ئەخات، لە زۆر شوێندا مرۆڤ ئەکەوێتە شەکو گومانەوە لەو شێعرانەی کە زۆر لە یەکەوە نزیك بوون، کە ئایا مەولەوی پێش حەیران وتونی یان بە پێچەوانە، ئەگەر چی بۆی هەناسەی شیعری مەولەوی دیارەو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتەیش زۆرگەرام، تا ئەوەی دەست نوسێکمان دەست کەوت کەلە سالی (١٢٧٢ ھ ق) دا نوسرابوو دیارە ئەو مێژوەش دەچێتەوە بۆ سەردەمی

ژیانی ئەو دوو شـــاعیرە، لە کۆتایی دا ئاوای نوسی بوو ( من کلام شیخ محمدولـد شـیخ امـام الـدین مـتخلص بـه حیـران درردیـف بهاریـات معدوم) کەئـەویش پارچـەی (هانـا هـای رەفیـق زڕیانەگۆشـم ) بـوو، ئـەوا لێرەدا چەند دێڕێ لە هەردوویان دێنین.

مەولەوی =

هام دەردان ئامان ئەر مەندەن هۆشم

سەدای وەشـــەن مەیو نە گۆشم

چمـــان زیـلەی زەنگ زەواری مەیۆ

زرنگەی قافڵەکەی وەهاری مەیۆ......

تائەو شوینەی کەدەڵێت :

ئەمجاروەسوزەن موژەی جۆش وەردەم

سەرنوك قەڵەم ئاخ سۆراخ کەردەم

وە بەند دووباڵ مـــەینـەت جـــگەر

بوورازە تاتای جـــەواڵان یەکسـەر

حەیران =

هاناهـای رەفیق زڕیا نەگـۆشـــم

دەنگێ جاگیر بی نە کەلەی هۆشم

زاهێـر زەم زەمـــەی رای زەواریـــەن

زایەڵـــەی قـــەتار ئیشتـــاریـەن.......

ئەمیش تا ئەو شوێنەی کەدەڵێت :

ئەمجاروەموژەی سۆز سەودای من

وە تای بەند کرژ ئاهی سیای من

بفـەرمـا گـروٚی ئەهـل یارانت

بــورازانــەوە تـاتـای بـارانت ......

هـەردوو پارچەشـیعرەکە زۆرنـو نـاکری هـەمویان لێـرەدا بنوسـینەوە، وادەزانم ئـەو چـەند دێـڕە لـە خۆیانـدا زۆر شـتمان بـۆ رون ئەکەنـەوە کـە حەیران چەندە هۆگری شیعرەکانی مەولـەوی بـووە، دەبـا سـەیری چـەند دێڕێ لەم پارچە شیعرەی مامۆستا حەیران بکەین کە وەرگێڕانێکی ئازادە لە سەر پارچەیەکی مامۆستا مەولەوی.

مەولەوی =

نازك تەداروك فەسـڵ وەهـــاران

زەریف ئـارایـش هــەردەو کــۆ سـاران

گوڵ چوون روی ئازیز نەزاکت پۆشان

وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

حەیران=

نازك ســاراو دەشت شیرین کۆساری

ســەفــای بەهــەشتی تێــدا ئەباری

گوڵ شێوەی روخسار ئازیزدەنوێنێ

بوڵبــوڵ وەرویدا وەك من ئەخوێنێ

تا ئەو شوێنەی کە ئێمە شیعرەکانی مامۆستا حەیرانمان دەست کەوتوون، لە زۆر شوێنی تردا بەم شێوەیە کەڵکی لە شێعرەکان ماموستا مەولەوی وەرگرتەوە، دباسەیری ئەم دوو دێرەیش بکەین .

مەولەوی =

قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کەفێ

خــەیلێ عاجزم سالێدەر دەفێ

حەیران =

سانەیچی دەی نەی سادەروێش دەفێ

قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفێ

ئەمانەو چەندە ها وێنەیتر لە ئاساری مامۆستا حەیران ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە، چەندە مامۆستا مەولەوی تەئسیری تێکردوەو دڵو داوو شوێن کەوتوی بووە.

یەکێتر لەو شاعیرانەی هاوچەرخی مەولەوی، مامۆستا مەلا لوتف لای شێخ ول ئیسلامی سنەیی ناسراو بە سەرعی بووە، کە بەرابەری سەرچاوەکان لە ساڵی (١٢٥٠ ھ ق ) چاوی بە دونیا هەڵ هێناوەو لە ساڵی (١٣١٥ھ ق) کۆچی دوایی کردوە، ئەگەر چی ئاساری ئەم شاعیرە پایە بەرزەیش تابە ئەمڕۆ بە شێوەی سەرجەم جەماوەری نەکراون، هەتا زۆرێ لە شیعرەکانیشی بە ناوی کەسانیترەوە لە چاپ دراون، بۆ وێنە لە دیوانی وەلی دێوانە ناوەندی بڵاوکەرەوەی کوردستان لە سنە ساڵی ١٣٨٤ چاپی دووهەم لاپەڕەی ١٤٥ پارچەی ( گوڵەن چەمەنەن) جییا لە یەکەم دێڕی، تێکەڵاوێکە لەمەولەوی و سەرعی، بە ناوی وەلی دێوانەوە لەو سەر چاوەیەدا لە چاپ دراوە، ئەوەی راستی بێ مامۆستا سەرعی بە زۆرینە لە

شـیعرەکانی مامۆسـتا مەولـەوی کـەڵکی وەرگرتـوە، کـە ئـەو کـەڵك وەرگرتنەیش یان بە شێوەی تێ هەڵکیش بووە یان لـە سـەر ئـەو رەوتـو بۆچوونانە داڕژانی لە سەرکردوون، دەبا پێش هەمو هەر سێ شیعرەکان لێرەدا بنوسینەوە تاکوو زانایانی ئەم بوارە بڕیاری ئەوەی دەرکەن کە ئەو شیعرە سەرەتا هی کێ بووە ؟.

یەکەم چەند دێڕێ لە شیعرەکەی مامۆستا مەولەوی :

وەهارەن سـەوزەن ناوەن سـەرکاوەن
هاژەی وەفراوەن شاخەی شـەتاوەن
سـاقیـەن بادەن نەسیـمەن بـادەن
بوڵبوڵ جـە دەورەی گوڵان ئازادەن
سـەنگەن کۆسارەن سەرکۆەن هـەردەن
خەمەن مەینەتەن زووخاوەن دەردەن
سەرعیەن شەیدان نەجدەن مەجنونەن
مـەزاقەن، جامەن، پیاڵەی هوونەن

ئەوەی سەرعی کەلە روی دەست نوسێکی کۆن نوسیومەتەوە :

وەهـارەن سـەبـزەن ئاوەن پای کاوەن
هاژەی وەفـراوەن شاخەی شەتاوەن
تەمـەن دووکـەڵەن گـەردەن غـوبارەن
فرمێسکەن چەمەن سەیلەن فوارەن
هیجـرانەن دوورین دەردەن فیـراقـەن
واوەیـلاو شینەن ناڵەی عوشا قـەن
نەسـرین سـۆسەنەن نەورۆزگـوڵانەن

وەنەوشــەی وەشبۆ گـولان هەلانەن
دلــەن هــووناوەن دیدەن ســەیلاوەن
کـەمــەرەن هـەردەن کەلەن کلاوەن
سەرعیەن شەیدان نەجدەن مەجنوونەن
فیراقــەن وەسـلەن پامالەن هوونەن

ئەوەی بە ناوی وەلی دێوانەوە لەو سەر چاوەیەدا نوسراوە.

گولەن چـەمەنەن، گـولەن چەمەنەن
وە مـەیلت دیدەم گولەن چـەمەنەن
وەهـارەن سـەوزەن ئـاوەن پای کاوەن
هاژەی وەفـراوەن شاخـەی شـەتاوەن
تەمــەن دووکەلـەن گەردەن غـەبارەن
فرمیسکەن چــەمەن سەیلەن فوارەن
ســەنگەن کـۆسارەن سـەرکۆەن هەردەن
وەنەوشــەن شـەوبۆن گولەن باوەرەن
سەرعیەن شەیدان نەجدەن مەجنوونەن
فیـراقــەن وەسـلە پیالەی هـوونەن

بـە گـوێرەی دێـڕی گۆتـایی دەکەوینـە شـەکو گومانـەوە کـە ئایـا هـی مەولەویە یان هی سەرعی، کەچی بە گوێرەی ئەوەی چەند دێڕێك لـەوی مەولەویدا هەیە لە وەی سەرعیدا نیە باوەڕ پەیدا ئەکەین کە سەرەتا هـی مەولەوی بێت، لە لایەتریشەو مەولەوی ئـەم شێوە شیعرەیشی لـە شوێنی کـەدا هەیـە، بـەلام ئـەوەی کـە ئـەم پارچـەیە بـەو شێوەیە بـە نـاوی وەلـی

دێوانەوە لە قەڵەم دراوەو نووسراوەتەوەو جێگای بڕوا نییە، بۆ ئەوەی یەکەم ئەو ڕەوتە شیعریە هیچ کاتێ لە ڕەوت یان سەبکی وەلی دێوانە ناکات، دووهەم ئەگەر بە وردی سەیری ئەمەی وەلی دێوانە بکەین بۆمان دەر ئەکەوێت کە بە دەست کاریەکەوە لەوێدا بە ناوی ئەوەوە نوسراوەتەوە، بۆ وێنە با سەیری ئەم دوو دێڕە بکەین !.

مەولەوی=

سەنگەن کۆسارەن،سەرکۆوەن هەردەن

خەمەن مەینەتەن،زووخاوەن دەردەن

ئەوەی بە ناوی وەلی دێوانەوە نوسراوە :

سەنگەن کۆسارەن، سەرکۆەن هەردەن

وەنەوشەن شەوبۆن، گوڵەن باوەرەن

ئەوەی هەتا بە شێوەیەکی ساکاریش سەری لە نێو شیعرو ئەدەبا هەبێ، بێ گومان نارێکی و دەست کاری ئەو دێڕەی بۆ دەر ئەکەوێت، ئەو کەسانەیش تا رادەیە بەراورد کاریان لە سەر دەست نوسو بەیازەکان کردوە، ئەم جۆرە بابەتانەیان زۆر کەوتوەتە بەر چاو کە نوسەران یان میرزایان کە دەست نوسەکانیان دووبارەو چەند بارە نوسیان کردونەتەوە هەڵەی زۆریان لەم بابەتە کردوە، بە داخەوە ئەوانەیش کە دەست نوسەکان بازنوسی یان دووبارە نوسی ئەکەنەوە کەمتر دەگەڕێن بەشوێنی ئەوشتانە و هەر وا لە چاپیان ئەدەن، کە دەبنەهۆی سەر لێ شێواویو سەر دەرگومی خوێنەرانو تێکەڵاوی شیعری شاعیران.

یان لە دیوانی مەولەوی ناوەندی بڵاوکەرەوەی گۆران ساڵی ١٣٨٢ لاپەڕەی ٤٥٦ پارچەی (قوربان چەم چەمش وەتۆ نەکەفتەن) بە ناوی شیعرە چاپ نەکراوەکانی مەولەوی لە چاپ دراوە، کەچی لە دەست نوسێکی لای ئێمەدا ئەو پارچەیە (٧) دێڕەو بەناوی سەرعیەوە نوسراوەتەوە، ڕاستە ئەوەی دیوانەکەی گۆران (١٣) دێڕە، بەڵام لەوەیشدا گومان لەوەی دەکرێت کە مەولەوی چۆن شیعری خۆی تێ هەڵکێش دەکات، بۆ وێنە.

دیوانەکەی مامۆستا مودەریس لاپەڕەی (٣٠) :

وەرنە ساچوونکە ئاسانەت دوورەن

ڕا نمە زانو بەڵەد زەرورەن

دیوانەکەی گۆران لاپەڕەی (٤٥٦) :

بەند وەئیحرام بەندکەعبەی حزوورەن

ڕا نمەزانۆ بەڵەد زەروورەن

ئەوەی دەست نوسەکە بەناوی سەرعی:

بەندە ئیحرام بەند کەعبەی حزوورەن

ڕا نمە زانو بەڵەد زەروورەن

ئەگەر تەواوی شیعرەکانی سەرعی بکەونە بەردەستی هەموان بەراشکاوی دەر ئەکەوێت کە بە زۆرینە تێ هەڵکێشی سەرعی لە سەر مەولەوی ئەکەونە بەرچاو بۆ وێنە: باسەیری ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بکەین:

مەولەوی==

راحەتی جەستەی مەینەت بارەکەم

شادی سەفای دڵ پڕجەخارەکەم

سەرعی==

راحـــەتی دڵــەی پرزووخـاوەکـەم

رۆشنی ســۆمای بینای چاوەکەم

مەولەوی==

دیدەم ودیدەت شای شیـرین چەمان

فیراقت قامەت کەردەن وەکەمان

سەرعی==

نەك چوون من دەرون وەخەم پەروەردە

باری خەم قامەت وەکەمان کەردە

مەولەوی==

کای دڵــم نەگێج مــەوج فەنادا

مەوڵەقەن نەبەین خۆ فو رجادا

سەرعی ==

رۆحشـــان مـەوڵەقەن هاوەهەواوە

ولگ جــەســەشان هـاوەدەم باوە

لێرەدا بەجوانی دە ئەکەوێت سەرعی چەندە پەیرەویو تیێ هەڵکێشی لە شیعرەکانی مەولەوی کردوە، با سەیری ئەم پارچە شیعرەی سەرعی بکەین پاشان بزانین لە چەند دێڕیدا تێکەڵاویو تیێ هەڵکێشی لە شیعرەکانی مەولەوی کردوە.

هـای چێشـەن یاران دڵ تەم کەردەوە
ئاسمانەی چـەمم هـەور ئاوەردەوە
گـرمەو شـریخـەی چەخماخـەو پارە
بـرق پـزیسکەی شـۆڵـەی شـەرارە
ناڵـەی (صواعق)گێـجیای دوودتـەم
غـورشت کۆسـار دەنگۆ دای کـەلـەم
ورشەو پرشەی نارکۆرەکەی جەستەم
شـەرارەی لوولەی پێشەی شکەستەم
شاخەو شـریخەی بروسکەی دەروون
نەچەم شەتاوان جاری کەرد جە هوون
گێج مـەدا لافاو هـوون دجـلەی دڵ
نە فـوارەی چـەم هـۆرمەشانۆ کوڵ
کای دڵـم نـەگێـج بـاد فـەنـادا
مـەولـەقـەن نەبەین خۆ فو رجادا
داخـم هـم وەخـەم قامەت هیلال بۆ
پاکـزەی ناڵـەی نامـەی جـەلال بـۆ

ئەڵبەتـە شیعرەکە (٣٢) دێڕەوزیاتر تا ئەم شوێنە لە شیعرەکانی مەولـەوی کـەڵکی وەرگرتـەوە کـە ئەگـەر سـەیری لاپـەڕەکانی ٢٥و٢٦

دیوانەکەی مامۆستا عەبدولکەریم بکەین لەو (٨) دێڕەی (٥) دێڕی بەکەمترین ئالْو گۆڕ لەمەولەوی وەرگیراوە، هەر ئەمانە لە خۆیاندا وێنەیەکی بچوکەن لە ئاساری سەرعی کەبە راشکاوی شوێن کەوتوی مەولەوی بووەو هەستی مەولەویانە لە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە.

لەکەنارئەمانەیشدا هەبوون شاعیرانێ کەدەربڕینی شیعریان لەیەکەوە نزیك بوون، وەك سەید عەبدولحەکیمی گەونە تویی ناسراو بە مەهجوری کوردستانی کەلە ساڵ (١٢١٠ه ق)دا چاوی بە دونیا هەڵ هێناوەو لە ساڵی(١٢٨٥ه ق) کۆچی دوایی کردوە ئیدی ئایا لە گەڵ مەولەویدا دۆسایەتیو مراودەیان بووە یان لە یەکتر کەڵکیان وەرگرتوە یان نا ؟ روون نەبوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی کە مەهجووری ماوەیە لەبیارە دەبێ بێ گوومان لە نزیکەوە ئاشنایی لە گەڵ مەولەوی دا هەبووە، بە هەرحاڵ زۆر شیعریان هەیە لە باری ناوەرۆکو رواڵەتەوە لەیەکەوە نزیکن وەك.

مەولەوی ==

قیام دەروەبەژن ئەوقەدوقامەت

قیامەت قام دەرپەرێ قەد قامەت

مەهجوری=

ئیزهارکەردەبێت پەی دەوای زامەت

جەنیمە شەودا قیام کەرقامەت

مەولەوی==

نەپەی چەم سورمەی گەرد پالاْتەن

نەپەی گیان قوربان بەژن بالاْتەن

مەهجوری=

چـــەمم چـــەمەـرای گەردپالاتەن

رۆحـــەکــەم مەحروق بەژن بالاتەن

مەولەوی=

بجۆشۆ هەرکەس وەقەد نالەی وێش

بنۆشـۆ هـەر کەس وەپیـالەی وێش

مەهجوری=

هــەرکەس بەقەدەرئیستعدادوێش

جــەرای نیـکو بەد پا بنیۆ ئەوپێش

بە سەیرێکی ئەو چەند دێڕە بۆمـان دەر ئەکەوێت ئەگەر کەلکیشیان لە یەك وەرنەگرتبێ هەستی شاعیرانەی ئەو دوو شاعیرە لە یەکەوە زۆر نزیك بوون.

یـەکێتر لـەو شـاعیرانە کـە هاوچـەرخی مەولـەوی و زۆریـش دڵو داوو شوێن کەوتوی بووە، میرزا ئەولقاذری پاوەییە میرزا کەلە ساڵی(١٢٤٠هـ ق) دا چاوی بە دونیا هەڵ هێناوەو لە ساڵی(١٣٢٦هـ ق) دا کۆچی دوایی کردوە یەکێ لە شاعیرانی خۆش زەوقوخاوەن ئەسەرو بەدەسەڵات بووە، لە شـیعرە کانیـدا لـە مەولـەوی کـەلکی زۆری وەرگرتـوە، هەنـدێ جاریش بـە رێزەوە ناوی هێناوە بۆ وێنە :

راســـەن نەجای دەنگ نەپای ئامـۆشۆن

فەرمودەی(مەعدووم) شامڵ هەروەتۆن

( مەرگ بێ واذەت عەجەب رەنگێ رەشت
شین وست ئەودنیا شادی ئەو بەهەشت )

راستە میرزاو مەولەوی هاوچەرخ بوون و هەتا شیعریشیان پێکەوە هەیە، بەلام میرزا نزیك بە (٢٦ )سال پاش مەولەوەی کۆچی دوایی ئەکات، هەر لەو سەردەمەیدا یە کە دەلێت.

فەرمودەی (مەعدووم )سەرای خاك ماوان
دەك وەرەحمەت بۆ جەخاس فەرماوان
(دەرون وەمەودای دوریت بیەن رێش
هەی خاکم وەسەرسەوقاتم پەی چێش)

یان لەجێگایەتردا دەلێت :

شەوان تابە رۆ یاذم جەلاتەن
دەك بە رەحمەت بۆ (مەعدوومی) واتەن
(ج حاجەتەن دەس پەی قەلم بەروون
یاذم نمەشی چەنیت یاذ کەروون )

لە زۆر شوێنی تردا شیعریکی بە ئالۆ گۆرێکی کەمەوە هێناوەو ناوی لێ نەبردوە وەك.

مەولەوی ==

هیچ مەوەروەتەنگ ویانەشەوە

پەرێ بەڵەدیم بکیانەشەوە

میرزا ==

هیچ مەوەروەتەنگ ویانەشەوە

پەرێ بینایش بکیانەشەوە

مەولەوی=

سەوزەوستەن فەرش ئەوچەمەن دەس دەس

گوڵان جام وەدەس بوڵبوڵان سەرمەس

میرزا =

سەوزەوستەن فەرش ئەوسارادەس دەس

گوڵان جام وەدەس بوڵبوڵان سەرمەس

مەولەوی=

باڵاخانەی چـــەم دیوانەکـــەی تۆ

بانە ناو وەگڵ ئاســـانەکـــەی تۆ

میرزا==

باڵاخانەی چـــەم چـــەمەڕاکەی وێت

گڵ بانی وەخـاك تۆزپاکەی وێت

مەولەوی=

شـــەرارەی ئاهیـر دڵەی پڕ دەردم

تەپەدووی دووکەڵ هەناسەی سەردم

میرزا =

تەپەدووی دووکەڵ دووخانەی دەردم

کزەی رەشـــەبای هەناسەی سەردم

هەروا کە وتمان راستە میرزا هاوچەرخی مەولەوی و بەرابەری هەندێ بـۆ چـون زۆریـش پێکـەوە بـوون، هـەر ئـەو تێکـەڵاویو پێکـەوە بونـەش بوەتـەهۆکارێ کـە مـیرزا ج لـە سـەردەمی ژیـانی هـاودەمی مەولـەوەی و ج پـاش ئـەوەی کـە مـاوەی ۲۶سـاڵێ بـووە، وەك ئەویـنـدارێکی شـیعرەکانی مەولەوی بەم شێوەیەو چەندەها وێنەیتربە جوانی توانیویەتی شیعرەکانی خۆی بە وتە شیرینەکانی مەولەوی رازاوەتر بکات.

یـەکێتر لـەو شـاعیرانەی هـاو چـەرخی مەولـەوی، جـەهان ئاراخـانمی پاوەییـە، جـەهان ئـارا ئەگـەر چـی هەنـدی لەمەولـەوی بـچوکتر بـووە بـە داخەوە ئەساڵی لە دایك بونی نە کۆچی دوایی بە راشکاوی روون بوەتـەوە، تەنها ئەوەی هاوسەری شەرف الـمولك بووەو پاشان کەلـەو جیبیا ئەبێتـەوە ئەبێتـە هاوسـەری حەیبـەڵاخان، جـەهان ئاراخـانمی یـەکێ لـە شـاعیرانی خۆش زەوقو هەست ناسکی سـەردەمی خـۆی بـووە، کەئـەویش بەداخـەوە تابـە ئـەمرۆ بەشـێوەیەکی گـشتی ئاسـارەکانی جـەماوەری نـەکراونو نەکەوتونەتەبەردەست، هەتا لەوی دەچێت کە زۆرێکیشیان لـە ناوچوون، هەربەوەیشەوە هەناسەی شیعرەکانی مەولـەوی لـە ئاسـارەکانیا بەرچـاو

ئەکـەوێت، بۆوێنەلـە پارچـەی ( پـائیزدا ) پـەنا دەباتـە بـەر شیعرەکانی مەولەوی و دەڵێت.

فەرمودەی مەعدووم شیرین گیانیم

فەرمودەی ئەوەن ورد زوبانیم

(هــەڵۆ زەدەکــەی تەرسیاکە وێم

درۆ بۆ یا راس هەوەسیاکە وێم )

لەشـوێنێ کـی کـەی شـیعرەکەیدا کـەڵك لـە بەشـێکی دێـڕێ مەولەوی وەرنەگرێت وەك دەڵێت:

مەولەوی =

هیچ مــــەوەروەتەنگ ویانەشــــەوە

پەرێ بەڵـــەدیم بکیانەشەوە

جەهان نارا=

هیچ مەبەر وەتەنگ چەرخ چەواشە

عالەم کوڵ مەبۆ وەزەربێ خاشە

یـان باسـەیری ئـەم چـەنددێڕەی خوارەوە بکـەین کەچۆن لەمەولەوی کەلکی وەرگرتوە بێ ئەوەی ناوی لێ بەرێت.

مەولەوی ==

کام زام بی جــــەتۆ من نەبیم نەسیب

جــــەفا هــــەر وەمن وەفا پەی رەقیب

جەهان ئارا =

من بادەی حەسرەت هیجرانت وەردم

جەفات پەی من بی سەفات پەی مەردم

مەولەوی==

تەنیای حـــەقیقەت نەردێ بشـــانۆ

من و تۆ جـــەبەین من و تـــۆ ســـانۆ

جەهان ئارا=

عـــەرزە وەهـــەرنوع کاری بسازین

من و تۆ جـــە بەین من و تـــۆ نازین

مەولەوی =

شەرتم شەرتێوەن مەجنون شەرت کەردەن

لـــەیل من تۆنی تاوەرۆی مـــەردەن

جەهان ئارا=

شەرتم شەرتێوەن من شەرتم کەردەن

عـــەهدم شـــەریکەن تاوەرۆی مەردەن

نـــاتوانین بـــە راشـــکاوی بڵـــێین تـــەواوی ئەوانـــەی لـــە مەولـــەوی بـــە قـەرزگیراون، ئـەمکانی هەیـەزۆرێ لەوانـەیش بۆچـونی خـۆی بـن وئاگـای لـەوی نـەبوبێ کـە مەولـەویش وای وتـوە، بەهـەرحاڵ ئەگـەر سـەرجەمی شـیعرەکانی جەهان ئارامـان دەس کـەوتایا زیاترلـەوی نزیکایـەتی ئـەودوو شاعیرەمان ئەکەوتە پێش چاوو ئەوکەڵك وەرگرتنەمان روون ئەکردە وە.

ئەمانــەو زۆرکەسـیترهەر لـە سـەردەمی ژیـانی مەولەویـدا هۆگرو دڵۆ داوی شیعرەکانی بوون کە ناکرێ لەوی زیاتر لە سەری بڕۆین، ئـەو جۆرە کەڵك وەرگرتنەش پاش گۆچی دوای هەر بەردەوام بـووە، ئـەمڕۆیش زۆرێ لە لایەنگرانو هۆگرانی ئەدەبی کوردی بـە شانازی دەزانـن کە خۆیـان بـە قوتابیەکی ئەو قوتابخانەیە دابنێن و پەیرەوی ئەورەوتە ئەدەبیە بکەن.

**سەرچاوەکانی ئەم وتارە**

دیوانی مەولەوی مامۆستا مودەریس ناوندی بڵاوکەرەوەی موحەمەدی سقز

دیوانی مەولەوی ناوەندی بلاوکەرەوەی گۆران ساڵی ١٣٨٣

لێککۆڵینــەوەو بــشکنینی شــیعرە بڵاونــەکراوەکانی مەولــەوی حــەکیم مەلاســالح ناوەندی بڵاوکەرەوی سەلاحەدینی ئەیوبی ساڵی ١٣٧٦

دیوانی بێسارانی حەکیم مەلاسالح ساڵی ١٣٧٥

دیوانی میرزا ئەولقاذری پاوەیی موحەممەد رەشیدی ئەمینی ناوەندی بلاوکەلاوە مەڵبەندی روشنبیری هەورامان ساڵی ٢٠٠٨

دیـوانی وەلـی دێوانــە(کرمــاجی ناوەراســت وهــەورامی)وەرگێرانــی رازی ناوەنــدی بڵاوکەرەوەی کوردستان

کەشکۆڵی هەورامان ئامادەی چاپ موحەممەد رەشیدی ئەمینی

دیوانی حافزی شیرازی ناوەندی بڵاوکەرەوە ئەیستانە جەم ساڵی ١٣٨٥

مەسنەوی مەعنـەوی مـەولانا جەلالـە دیـنی بـەڵخی ناوەنـدی بڵاوکـەرەوەی جاویـد ١٣٦٨

-چوارێنەکانی خەیام (فارسـی وکـوردی) شـیخ سـەلام ناوەنـدی بڵاوکـەرەوەی شـفان ساڵی٢٠٠٧

دیوان مەهجوری کوردستانی جەمیل نقشبەندی ناوەنـدی بڵاوکـەرەوەی ئەحمـەدی ساڵی ١٣٧١

-وتاری پنا جویان نەی حەبیب الە مستوفی ساڵی ١٣٨٧

-خەسرەوشیرینی خانـای قوبـادی مەحەممـەدی مەلاکەریم ناوەنـدی بڵاوکـەرەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی

-سە حەوت بەنی سیدزادەی هاشمی ناوەندی بڵاوکەرەوەی ئەمیرکەبیرساڵی ١٣٦٥

-بەکەڵك وەرگرتن لە چەند نوسخەی دەست نوس و بەیازی کۆن

# مەولەوی

## شاعیرو داناو زانا و ئەندازیاری ڕستەووشە

د. عاسی عەبدولکەریم

من بەش بەحاڵی خۆم لەئاستی ئەم زاتە بەرزو شاسوارەدا واقم وڕ ماوە نازانم چی بنووسم خوایە هێزی ئینشایە.

پێویست بەوە ناکات کەمن باسی ئەوە بکەم کە ناوی چیە لەکوێ لەدایك بووە لـــــەلای چەند مەلا خوێندویەتی نەسەبەی کێیە.

ئەم پیاوە قارەمانە هەتا هەتایە شیعرەکانی سەرچاوەیەکی گرنگ و بێ وێنەن بۆ میلەتی کوردِ جێی

شانازییەو سەربەرزیە بۆ ئێمەی کورد.

هـەموو میلـەتانی جیهـان هەریـەك شـاعیر و ئـەدیبی خـۆی هـەبووە بەدرێژایی مێژوو.

مەولەوی بە پێی ئەو قۆناغ و سەردەمنەی کەتێیدا ژیاوە دەتوانین بلێین بەهرەمەندێکی ئەوتۆ بووە

کە شۆرشێکی بەرپاکردووە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی شیعر و ئەدەب لەو سەردەمەدا.

ئێمە هەموو لە پێشی قۆناغەکانی ژیانمان ناو بانگی چەندین شاعیری عەرەب و فارس و تورك و روس و هیند و میلەتانی کەمان بیستووە بەلام بە بۆ چوونی من مەولەوی گەر لەئاستی ئەوان بەرزتر نەبێ لەئاستی ئەوان دایە.

ئێمـەی کـورد بـەحوکمی ئـەوەی کەبـەردەوام لـەژێر دەسـتی داگیر کەردابووین و خاکەکەمان دابەشکراوە هەلو مەرجی ئەوەمان بـۆ نەرەخساوە کە سنوور ببەزێنین و دەنگی خۆمان لەهەموبوارەکان بگەیەنین بەمیلـەتانی دراوسێ و جیهان.

گەر بێتو هەل برەخسایە شیعری ئـەم شاسوارە بگەشتایە بەئـەدیب و رۆشنبیری میللەتان ئـەوا دیوانی مەولـەوی دەبوایـە وەربگێردرایەتـە سەر چەندین زمانی جیهانی و سودی لێ وەربگیرایە.

ئێمەی کورد شاعیرمان زۆرە و زۆریـش بـووە بـەلام بـەزاراوەی ماچـۆ یـان گۆران لەمێژوودا تاوەکو ئەمرۆ

کـەس نـەبووە کەلـە شـاعیریدا وەك مەولـەوی بێـت، ئـەم دانایـە وەك ئەندازیارێك رستەی پێکهێناوە لە وشەی ئەوتۆ کەوەك خشت دیقـەتی بـدەی تەنها ئەندازیاری رستەو وشە دەتوانێ ئەم جۆرە بەیت و هـۆنراوەو شیعرانە بنوسێتەوە دەربارەی هەموو بوارەکانی ژیان شیعری نوسـیوەتەوە بـە پێی ئـەم سەردەمە. ئەم زاتە قارەمانە هەر لەمنداڵیەوە بەهرەمەندی لێ بـەدی کـراوە قۆناغ بەقۆناغ زیاتر شیعرەکانی پەرەی سەندووە.

ئەوەی لەزاراوەی گۆران شارەزای هەبێ کـەدیوانی مەولـەوی دەخوێنێتـەوە لەهەر دێرێکدا چێژو تامیکی تایبەتی بەدی دەکا لەوشەکاندا، یان لەیـەك دێـرە شیعریدا دەتـوانم بلـێم دەتوانرێـت سـەبارەت بەیـەك دێـر شیعری مەولـەوی پلـەی زانستی ماسـتەر وەربگرێـت، یـان لەشـیتەڵکردنەوەی یـەك هۆنراوەیەکیدا بەوردی پلەی دکتۆرا بدرێت بـەو کەسـەی ئـەم کـارە ئـە نجام دەدات ئەمەش لەخۆبایی بوون نیە.

هـەموو کەسـێك ژیـانی خـۆش دەوێـت کـە پیر دەبێـت هەسـت بـەلاوازی و پەرکەوتنی خۆی دەکـات چـەندین شـت لەمێـشکی دا کەڵەکـە دەبێـت بـەڵام نازانێت چۆن دەری ببڕێت بەڵام مەولەوی زۆر بەوردی دەڵێت :

ئازیز دیارەن وادەی لوامەن
ئەلودای ئاخر ئاماو ئامامەن

واتــە ئــازیزم دیــارە کــاتی کــۆچ کــردنم هــاتووە . دوا وادەی کۆتاییــەو کۆچێکە کە گەرانەوەی نیە لەشوێنێکی کەش دا دەفەرموێت /
ئاخر سەفەرن ڕاخەیلێ دورەن
مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەرورەن

واتـا سەفەری کۆتـایم بەرەو شـوێنێکی زۆر دورە. مـەنزلێك یـان شـوێنێکی بێ سنورو فراوانە حەتمیشە دەبێـت بـڕۆم. هـەموو کەسێك لەژیانـدا توشی خۆشی و ناخۆشی دەبێت هەریەکێکیش بە پێی توانای خۆی سکاڵا دەردەبرێـت لەکاتێکدا کەژیان ئازارو ئەشکە نجەی دەدات /
ئەمجار سەخت تەرەن زامم لەجاران
چل مدۆ دایم چون گەستەی ماران.

واتــا زامــێ ئــەم جــارە لــەجاران ســەخت تــرەو زیــاتر ئــازارم دەدات ئازارەکەشی بەوە تەشبیە دەکـات وەك ( گەسـتەی مـاران ) واتـا ئـەو شـوێنەی کەمار پێوەی دەدات پل دەدا.
تادەگاتە ئەو ئاسەی کە زۆر هەڵ ئەچێ دەفەرموێت /
مەینەت سەربەرزەن شادیم زگارەن
ساقی ! جامەکەت ئەم جا وەکارەن

واتا مەینەتی سەرکەشە خۆم لێ ناگەیەنت و شادیمی رەوانوەتەوە. ساقی فریام کەوە جامێ مەیم بەرێ و ئەم جارە هیوادارم جامەکەت بەکاربێ واتا سەرخۆشم کات. بەمەش دانا مرکێتەوەو دەڵێت.

تا مطرب وەساز خە نجەرەی بێ گەرد.
هوردۆ مەقامێ دەوا کە زۆر دەرد

واتا ئەی مطرب ( گۆرانی بێژ )بەقورگی بێ گەردن واتا دەنگی زوڵالت مەقامێ بلێ و دەردەکەم تیمارکە.

ئەم ئەندازیارە کەئارەزووی جۆشی دەداو بیری کەسێك دەکا دەفەرموێ /

قیبلەم بەو ئەحەد بێ هەمتای فەردەن
سەوگەند یەکێیوەن چەنی تۆم وەردەن

واتا قیبلەم بەخوای ئەحەد ( تاك )کەوێنەی نیە هێندەی سەنگی کێوان بیرت دەکەم وەیادت دەکەم.

یان زیاتر سۆزی خۆی رون دەکاتەوە دەڵێت /

شەوان تا وەرۆ فکرم جەلاتەن
رۆحی رەوانم ئەخاك پاتەن

واته شەو تا وەك رۆژ دەبێتەوە بیر و هۆشم لای تۆیە تارادەیەك باوەر بکە روحم لەژێر خاکی پێتا دادەنێم.

لەشوێنێکی کە دا دەفەرموێت /

ئەسال و ئەمانگ ئەهەفتە ئەشەو
ئەساتێ ئارام ئەدەقیقە خەو

لەم دێرە دا بەتوانایی ئەم کەلە شاعیرە دەکات کە زەمەن (کات )چۆن دابەش کراوە هەمووی لەیەك دێر دا کۆ کردۆتەوەو ئاراستەی ئەوکەسەی دەکات کەبیری دەکات و دەڵێت نەسال نە مانگ نە هەفتە نەشەوان

نە سەعاتێك ئارام نیم تەنانەت دەقیقەیەکیش خەوم نیە بەهۆی دووری تۆوە.

تاوەکوو لەکۆتایی هۆنراوەکە دا دەڵێت /

بەسەر گەردت بام ئەرواحەکەی وێم

جواب صەریح بکیانە پـــــەرێم

دەڵێت لە دەورت گەرێم یان بە قوربانت بم ئەی ئەرواحەکەم فەرموو لێرە دا خۆی تەنها روحێکە دەیکاتە کۆو دەڵێت (ئەرواحەکەم) واتە هەرچەندیَ روح شك دەبەم یان هەمە.

چاوەروانی وەلامتم چ جۆرە وەلامێك صەریح واتا ئاشکراو روون تکات لێدەکەم ئەو وەلامەم بۆ رەوانە کە

وەکو لە پێشەکیەدا ئاماژەم بۆ کرد ئەم زانایە سەبارەت بەهەموو بوارەکانی ژیان شیعری نوسیوەو دای رشتووە.

ئاینی ,سۆز , خۆشەویستی , وە فاداری , خوا پەرستی , شین , زەماوەن, کۆسپ , کارە سات , ستا یش , وەسف......تا ئەم پیاوە مەزنە من بە دیاریەکی دەزانم هەرچەندە باس بکریَ تەواو نابیَ و کۆتایی پیَ نایەیت و سنووری نیە.بۆیە من تەنها لەم رێچکەیەوە باسی دەکەم هیوادارم هەر یەکێك لە ئێمە لەرێچکەکانی تردا باسی بکەین و لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت تاوە کو بتوانین هەقی ئەم دانایە بدەینەوە بەراستی میللەتی کوردو مرۆ ڤایەتیش قەرزاری ئەم پیاوە بەتوانایەن. چونکە ئەدەبی کوردی وەك سامان دەولەمەندی کردووەو گەر بێت و شیعرەکانی وەربگێردرێتە سەر زمانی

میلەتەکانی جیهان سامانی ئەدەبی ئەوانیش دەولەمەند دەکات لە شوێنێکدا دەفەرموێت /

ئازیزم ئاهیر دوری بالای تۆ
جەستەم کەرد وە بوول شەمال بەرد پەی کۆ

باشە ئەبێت ئەمە چ خۆشە ویستیەك یان ئەوینێك بێ کە ئەم زاتەی وا پەرۆش کردووە کەبگاتە ئاستی ئەوەی لێرەدا دەلێت
ئازیزم ,خۆشەویستم ئاگری دووری بالای تۆ جەستەمی، یان لەشمی کر بەخۆڵەمێش شەمالیش رامالی کردوو برد بۆ کێوان، یان کەدەلێت /

شاخەی شریخەی بروسکەی دەروون
ئەچەم شەتاوان جاری کەرد چوون هوون

لێرە دا وەك کەش و هەوا ناسێك باسی شریقەی هەورو باران دەکات کەلە زستانی سەخت دا روو دەدات.دەلێت شریقەی بلێسەی ناو دەرو هاتە کار لە چەم و دۆلدا لافاوی خوێنی منە وەك لا فاوی بارانی زستان ئەم جۆرە هەستە مەگەر تەنها بەم دانایە بەم جۆرە ئەندازیاریە بوترێت لەتوانای کەسدا نیە.

ئەم زانایە هەرچی وشە هەیە لەغاوی کردووە بەئارەزووی خۆی بەکاریان دەهێنێ لە هەر شوێنێکدا مەبەستی بێ. فەرموون براوانە ئەم دێرە /

مەوج مدۆ لافاو هوون دجلەی دل
ئەفوارەی چەم هوور مشانۆ گل

دەلێت لافاو شەپۆل دەکا لافاوی چی لافاوی خوێن لەدلی دا وەك روباری دیجلە.چەم فوارە دەکا واتە هەلدەچێ و گل هەلدەکەنێ و رامالی دەکا. لەشوێنێکی کەدا گلەیی دەکا لەخۆشەویستەکەی و دەلێ /

تۆ يچ ئينسافت بۆ هەنى وەسەن وەس
بالله جە دوريت هابيم وە قەقنەس

دەلىٚ تۆسقاليٚك ئينسافت بىٚ واتا بەرم بە بەسە توانام نەما وەلَلا لەدوورى تۆى ئەوەتا بويمە بەخۆلە ميٚش هيٚندە سووتاوم لە دوورى تۆ.

لە هەر ديٚريٚكدا سۆزى خۆى بە جۆريٚك دەردەبرِىٚ و ئاراستەى خۆشەويستەكەى دەكات ليٚرە دا پرسيار لە خۆشەويستەكەى دەكات دەليٚت /

تاكەى چۆن مەجنوون ويٚل هەردان بم ؟
تاكەى خەم زەدەى بار هيجران بم ؟

دەليٚت تاكەى من وەك مەجنوون من بەهەردەو چۆلەوە سەرگەردان بم ؟

تاكەى خەم و پەژارە ميوانم بن و هيجران يان دوورى تۆ وابيٚت بەبار بەسەرمەوە.

لەم ديٚرە شيعرە دا ئەوەتا بەشيٚوەيەكى تر باسى حالى خۆى دەكات وە دەليٚت

بەزەبيت بەيو وە جەستەو حالم
ريشەم بەراما هەرەس وەمالم

دەليٚت خۆشەويستم بەزەبيت بىٚ بەجەستەو بەحالم، ريشەمت لە رەچەلەكەوە دەرهيٚنا ومالَت رماندم و هەرەسى هيٚنا يان بامالَم برمىٚ. بەوردى تەماشاى ئەو ديٚرانە بكەين كەباس كران دەبنين هيٚندە بەجوانى دايرشتوون لە هەر ديٚريٚكدا بەشيٚوەيەك سۆزى دەروونى خۆى دەخاتە روو، لەم باوەرِەدام كە هيچ شاعيرەك نەيتوانيوە خۆى لەو بوارە بدا. لەسەرەتاى ميٚژووەوە تاكو ئەمرۆ مرۆڤ هەستى خۆى دەربريوە لەهەموو

بوارەکانی ژیاندا بەشیعربێ بەنیگار کێشی بێ بە پەیکەر سازی بێ، یا بەمۆسیقا، یا بەگۆرانی، یا هەریەك بە پێ ی توانای خۆی.

لەبواری شیعردا دەتوانین بڵێین ئێمەی کورد قەرزاری ئەم زاتەین وە ئەرکی سەر شانمانە شیعری ئەم کەڵە شاعیرەمان بگەیەنین بەمیللەتانی جیهان و شانازی پێوە بکەین. ئەگەر عەرەب ئەبو عەلای مەعەری، یان موتەنەبی، یان ئەبو فیراس ئەلحەمەدانی.

ئەگەر فارس سەعدی شیرازیان هەیە، ئەوە تەنها مەولەوی ئێمەیە شایەنی ئەوەیە باسی بکەین وەك کێوی قەندیل بەو پەری سەربەرزیەوە. ئێمە کەمتەرخەمین لە زۆر بواردا، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە چارەسەری کەم و کورییەکانمان بکەین خۆمان بگەیەنینە ئاستی میللەتانی جیهان، چونکە ئێمە هیچ فەقیرتر نین لەو میللەتانە خاوەن سەروەت و سامانی مێژوویی و ئەدەبی زۆرین. با چاکی لێ هەڵکەین و خەمەکانمان بکەینە گڕ بۆ پرکردنەوەی کەلێنەکانمان و ئاورێك بدەینەوە بۆ خۆمان و بەهیوای ئەوەمە ئەم دیدارە ببێت بەسەرەتایەك بۆ هێنانەدی هەموو ئاواتەکانمان.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەم زانایە ئەم دانایە ئەم شاعیرە ئەم کەڵە پیاوە دەریایەکە من تەنها باسی یەك دڵۆپەم کردوە. هەزاران سڵاو لەرۆحی مامۆستای پایە بەرز خوا لێ خۆشبوو (مەلاکەریمی بیارە) کە یەکەم دیوانی ئەم شاعیرەی چاپکردووە.

# لێکدانەوەیەکی سەرپێیی لەسەر چەند دێڕێ لە ئاساری مەولەوی

مەلا مۆمنی نووری

ئەگەر بێتو لەروانگایەکی وردبینانەو لێکۆلەرانەوە سەیری ئەدەبیاتی کوردی بکەین بۆمان دەرئەکەوێ کەبە هەزاران شاعیرو نووسەرو لێکۆلەرو کەسایەتی پایە بەرزمان هەبەوە، کەهەرکام بەگوێرەی خۆیان بۆبەرەو پێش بردنی ئەم کاروانە هەنگاویان هەلگرتوە وئەسپی خەیالی خۆیان تاو داوەو جەوهەرەی پێنوسیان هێناوەتە گەڕ، کەچی زۆر کەمن ئەوانەی لەم بوارەدا بەسەرمەنزڵ گەیشتبن.

یەکێ لەو کەسایەتیە پایەبەرزانەی ئەم مەیدانە کەبەهاسانی توانیویەتی لەم رێبازەدا سەربەرزانە لەئاستێکی سەرەوەی ئەم بوارەدا خۆی بەدەرخات، مامۆستا مەولەوی تاوگۆزیە دیارە مرۆڤێکی ئاوا کەمترکەسێ هەیەئاگاداری لە سەر ئاسارو ژیاننامەی نەبێ، وادەزانم ئیدی خۆخەریك كردن بەو بابەتانەوە، کەلە زۆر شوێندا باسی لەسەر کراوە پات کردنەوەیە، بەس ئیمەیش راستەوخۆ دەچینە سەرکورتەباسێ لە سەرچەند دێڕێ لە ئاساری مەولەوی.

### چەند بابەتێك لە فنونی ئەدەبی مەولەوی

کەمتر کەسێکمان هەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا توانی بێتی وەك مەولەوی لە ئەوپەڕ سادەگەری و نەرم و رەوان بونی شیعریدا فنونی

ئـەدەبی وەك كینایـەو جیناسـو ئیـستعارەو تەشـبهو موعـەماو تـەۆای‌و تیباقو...... بەكار بگریت بۆ وێنە موعەما یان مەتەڵ.

سەروەبان عەین عەینم خەم وەردەن
هوون نەچەمەی عەین نەعەین سەركەردەن
یەند دەردو ئاهو عین كەردەن بێ نوور
وەختەن هەشت كەم بۆ نەپەندەی مەشهوور

جـوابی ئـەم مەتەڵـە ( پـەنج فـەرزەی نوێـژە)كەبـەم شـیوەیە لێـك ئەدرێتەوە، واتە سەرم لە سەرلاشـەی چەماوەیە كـەوەك پیتی عـەینی لێ هاتوە، خوێناویـان لێ دێتـە خـوارێ و لەبـەر ئازارو ژانـی ژیـان چاوەكانم روناكیـان تێـدا نـەماوە، كاتێكـە رەونـاكیش نـابینم هەشـت رەكـاتی روژكەنیمەرۆوعەسرە لەپێنج فەرزەی مەشهور كەم ئەبیتەوە.

رەم كەردو مدرا ودیا وەمەس مەس
پەی هەرد بارگەی تۆ گۆمەتش بەست

ئەمە جیبیا لە هەندی زەرافەت كاری ئەدەبی وشە گۆمەتە هیناوە یانی لـە حاڵـەتی دەرچوون كـە هـیچ نوسـەرو شـاعیریك ئـەو وشـەیان بـە كـار نەهێناوە، كە ئەم جۆرە بابەتـەیش لـە شـیعری مەولـەوی دا بەزۆرینـە لـە بەرچاو ئەكەون.

یان

نزول كێشادەس بەختم نەرای بەد
بای ئەدەب نەرای عەدد كەرم رەد

ناگا وەفـــەریب پەشت پا دا لیم

من وست وەگێجاو قەڵەندەری وێم

دەڵێـت مـن بـە ئەدەبـەوە گـەرەکم بـوو پـێ لـە رادەی خـۆم زیـاتر درێژبکەم، کە چی هاتنە خوارەوە دەستی بۆ درێژ کردم ومنی خستە نێو گێجاوی کردەوەی خۆم.

یان

دوو ئەبرۆی سیای موژان چەریدە

ئەرای بەندەگیش قەتران دیدە

(سیا ) استعارەیە تامە بۆ ئابرۆ (مـوژان چـەریدە) تـشبیهی ئـەبرۆکانی یارە بە نـەچیرێ کەبە خواردنو سەرقرتکردنی برژانگەکانی خۆی خـەریك کـردوە و راشـی یـان سـیاهی چاوەگانیش وەك کۆیلەیـە لـە ژێـر پێدایـە، ئەوهـەمو کینایـەو تـشبهی و ئیـستعارەیە بەونـەرمو رەوانیـە لـەو دێـڕەدا بەکار گیراوە.

باش ئاگاداری ئەوەیشین لەم جۆرە لێك دانەوەیەدا بە شێوەیەگی سـەر پێیـی نـاتوانێن بـە وردی بـچینە نێـو کاکڵەی باسـەکەو لێکیـان بدەینـەوە، بـەس بەباشـترین رەوت کـەڵك وەرگـرتن لـە کـەمترین وتـە بـە باشـترین شێوەیە ئەگەرلەتوانامانا هەبێ ؟!.

ئەرسەد هەرکەسێ پەی وێش وەراوەن

وەقیمەت نیەن ئیخلاس حەساوەن

ئەوکاتەیــە ئیمــەش بــە دڵ و دەرونێکـی بـێ گــەردەوە لاپــەڕەکانی گوڵـــزاری رازاوەی ئـەدەبی هـــەڵ ئەدەینـەوەو وەك ئەوینـدارێکی پـیری

عیرفانی تاوگۆزی بە دڵـۆپێ لە چـاوگەی هـەردەم ڕەوانـی گڵێـەی گـڕی ئەوینی پێ دائەمـرکێنین ولە ڕوانگای بازاڕێکی مـەولـەویانەوە دەڵێم.

سەفات جەفادەروەقەفای هەستی

نۆشانۆشت بۆ دەواچەی مەستی

ئەو مەیە کامەیە کە مەولـەوی کـاتێ ئـەیگرێ بـە دەستەوەلەخۆشیان شەپلاخی ئەدا لە بناگیوی هەستیو دنیا لـە بـیر خـۆی ئەباتـەوە، سادەی بەهـەزارحاڵ نیوە گیانێکم تیدا ماوە، سامەیگێڕ هاوارم وەلای تـۆ واذەی گەڕانتە بە پیاڵەیَ مەی ژەنگی دڵمان بماڵەوە، لێرەدا ئەوپـرسیارە دێتـە ئارا کە ئەومەیە کامـە واژەنگـی دڵ ڕامـاڵ ئـەکات، باهـەر لـە خـودی مەولەوی ئەوجوابە بگرینەوە .

ئاخرسەرمەشقەن پەرێ مەیخاران

واردەی ویەردەی وياردەی یاران

چوون نەدڵ شنۆی مەزەی مەی داران

بذیە چۆن وەتای لۆنگێ مەویاران

ئەوانە کامن لە زستانێکی سـەردا کە گێجیای لول گێجی کلێڵەی کـاوان شـاخ و داخ و تاقـچەی موغارەکـانی سـفید کـاری کـردوە بـە تـای لـۆنگێ رادەبوێرن، ئەمانە هەر ئەوانەن کەپێش ئیمە ڕێبازی دڵداری هـەتاییان هەڵبژاردو بە رێ کەوتن و ئـەوەیان کـرد بـە سەرمەشق وئـاخرین پیاڵەی ژیانیان خواردەوەو.

دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە

جامی وەدەس نین دەس وەسەرەوە

هەرلەم روانگایەوە بەئامۆژگاریە زیاتر وریامان ئەکاتەوە، کە هەرچی لەسەر ئەم ئەرزەدا بووەو بەچاو بینراوە دونیای بەجێ هێشتوە، هەرچی ئێستاش دەیبینین و بەرێوەیە بەجێ دێلێت، کەسیش هەم هاتو چۆیە تێ نەکەیشتو تیش ناکات .

هەرچیت دی وە چەم شی وەسەفەردا

هـــەرچـی مـــەوینـــی هـانە گـــوزەردا

کەس حالّی نەبی هیچش نەفـــاما

ئەوپەی چێش ویەرد ئێدێپەی چێش ئاما

بەراستی ئەگەرلە روانگایەکی ورد بینانەو یەکتا پەرەستیەوە سەیری ئەم دوودێرە بکەین دەبینین لەسەدەی ۲۱دا بەزۆرینەلە سەرئەم ئەرزەدا ئەژین کەنازانن بۆچی هاتوون و بو کیوێ دەچن، بازهەم بەوەش وازامان لێ ناهێنیوبە ئامۆژگاریو رێنوینەجوانەکانی ئاوڕمان لێ ئەداتەوەو دەلێت رێگایـەکی دورو درێـژتان لەبـەرە هـیچ مرۆڤێکـی وریـا بـۆ سـەفەرێکی درێژخایەن بێ تۆشەو زاد بەڕێ ناکەوێ.

ئاخر ســـــە فەرەن راخەیلێ دوورەن

مـــــەنزلّ بێ پایان تۆشـــــە زەرورەن

دینت تۆشەی چەم مەیلت تۆشەی دلّ

رازت تۆشەی گۆش مەنزلّ ئەومەنزلّ

لێرە دا سێ نوسخەمان بۆ دەنوێنێ هەتا لەو سەفەردا بە سلامەت تـێ پەڕین و بەسەرمەنزلّ بگەین یەکەم (دینت تۆشەی چەم) کە دین لێـرە دا بە مانای تەواشاو سەیرکردنە کەمەبەست ئەوەیە تۆ لـەم دونیایـەدا چۆن

سەیری ژیانت کردوە، یان چۆن بەسەرت بردوەو زیاتر خۆت بەچیەوە خەریك کردوەو، پاشان دەڵێت (مەیلت تۆشەی دڵ) لە کاتی ئەوەی خۆت بەژیانەوەخەریك کردوەمەیلت بەرەو لای چ بووە تەنها بە ژیانیکی گۆتایی وە خەریك بووی یان بیرت لە رۆژی پەسڵان کردوەتەوەو بە رازو نیازێکی پاکو بێ گەردلەگەڵ خالقی خۆتا تۆشەیەکی وات پێك ناوەکەئەورێگا دورە بەهاسانی ببڕیت،(رازت تۆشەی گۆش)بە راستی ئەوەی کە وتەی جوانو راستی بووە لەگوێت گرتوە، یان بە واتایەتر ئەوەی کە خۆت گوتوتە عەمەڵت پێکردوی، بەواتایەتر ۆبانو کردەوەت وەك یەك بووە ؟.

ئەوی کە دەڵێن پلەوپایەی مامۆستا مەولەوی لە رادەی عارفێکی پایە بەرزدایە بێ جێگا نییە، هەرکەس ئەم چەند دێڕەی بەوردی بخوێنێتەوە لەو پلەوپایەی تێ دەکات.

من کە دڵ دایم نەواوەیلمەن

غەرق موتاڵای خاڵ لەیلمەن

چە باك تانەی تەوەن تاومەن

شەوق موتاڵای روی کتاومەن

یان

( شەوەن خەلوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن

عالەم گرد نەخاو دۆس خەبەردارەن)

(ئیرادەم ئیدەن وەی کەڵ پۆسەوە

شەونالین وەشەن وەلای دۆسەوە)

ئەگەرچی ئەم دوو دێڕەی خوارەوە دەڵێن هە خودی مەولەوی نین، کەچی لەلایەن ئەوەوە بە ئێمە گەیشتوون ئەگەریش هی خۆی نەبوون باوەڕی بەو بۆچونە هەیە.

ئـەم مـــەولەویەهەرئەو ســـەید عەبدولـــرەحیمە بـووە، لـە گـاتی فەقیـەتی دا دڵـی بەکـچێکەوە ئـەبێو جارێکیـان بـەلای ماڵەکەیانـدا تـێ ئەپـەڕێو داوای جـامی ئـاوی لـێ دەکـاو ئـەویش ئاوەکەی بۆدێنێو دەڵێت فەرمو خالۆ، مەولەویش بەم شێوە جوابی ئەداتەوە.

خاڵۆ خاڵۆ تەن کەم واچــە خاڵــۆ

خــاڵۆ دەم وەبان خــاڵانت ماڵــۆ

شەرت بۆ جەدا خی خاڵۆ خاڵۆی تۆ

خۆم کرو وەگوڕ چواردەساڵەی نۆ

یــان کــاتێ کــە یــەکی لــە دۆسـتانی نامەیــەکی بــۆ دەنێـرێ وباسـی زەماوەنێکی بۆدەکاو دەڵێت جێگات خـاڵی، ئـەویش بـە (نامـەی نـەفتینت) جوابی ئەداتەوە، ئەوەش چەند دێڕێ لەوەی.

شـــەوق بــرق وزوق فـــــەرق زەڕکـلاو

ورشەوپرشەی خۆی کوڵمی بۆگولاو

شەقەوتەقەی گەرم چەپڵۆ جیلەی نەرم

چریکەی وەناز تریکەی وە شـــەرم

ســـەمای دەسمــالان رەمای نۆ هـــالان

نەمای مــەلالان نمای وەش حـالان

یان پارچەی (موبارکت بۆ) کە دەڵێت.

گرمەی نقارەو لرفەی شــەروالان

خشپەی پامورەو زرنگەی خرخالان

چریکەی ســرناو پریکەی خەندە

پەشیوی زوڵفان ریشــەی دڵ کەندە

جەوبەزم شیرین منیچ کەرودیاذ

بەزمتـان جــەم بۆ دایم وەدڵ شاذ

ئەم جۆرە شیعرانەش لە ئاساری مەولەویدا زۆرن دیارە ئەوانـەش هی دەورانی لاویەتی و هەستی ئەویندارێکی مەجازی بـووە، تـا ئـەم بوارەیشی بەباشـی تـەی نـەکردبێ نـەیتوانیوە بگـا بەوپلەوپایـەی حەقیقیـە، وەك ماموٚستا سەیدی ئەفەرموی .

تامــەجـازنەبۆ حــەقیق نمــەبۆ

مەجاز بی حەقیق تەحقیق نمەبۆ

جیا لەمانەش ئەگەر لەڕوانگای ئەدەبیشەوە سەیری شیعرەکانی بکەین دەبینین لە عەینی رەوانی و نەرمی و پاراویدا لـە زۆر فنـونی و کەرەسـەی ئـەدەبی کـەڵکی وەرگرتـوە، بـەبێ سـێ ودوو ئـەتوانم بڵـێم لـەم بابەتـە شیعرانەدا کەزۆربەی شیعرەکانی کوردی بەتایبـەت هـەورامی ئەگرێتـەوە کەسـێکیتری وامـان نـەبووە کـەبتوانێ شـان بـدا لـە شـانی شـیعرەکانی مــەولەوی  بۆوینە دەبا ســەیری ئەم چەند دیڕەی بکەین.

ئاهــوی توون دڵ وەبۆی ناف ئاوا

تاربی ئەجــڵەو گــەرمــەسێر ماوا

رەم کەردومدراودیا وە مەس مەس

پەی هەرد بارگەی تۆگۆمەتەش بەس

لیرەدا یار، یان خۆشەویستەگەی تەشبی کردوە بە ئاهوویەکی سرکو سڵەمیا، کەبووە بەسەرقەتارەی ئاهــوەکانی گەرمین و بەرو کوێستان رەمیان کردوە ئەم دوودێرە لەرویەکەوە بۆ خویندنەوە بەبی هیچ وەستانو سەکتەیە یان مەکسێکی گرانی شیعر، رەوانو لەزار جاری دەبێ، لەروانگایەتریشەوە ئەندیشەیەکی ناوەرۆکیو روبەری تێدارەنگی داوەتەوە، لە روبەری شیعرەکەدا دەرئەکەوێ مەولەوی لەوکاتەی گەورەماڵێکی جاف کەکچەکەیان هاوشیرەی مەولەوی ئەبێ بەرەوناوچەی سەقز ئەڕۆن ئەویش بەم پارچەشیعرەکەنزیك بە ١٢دێڕە داوا لە شێخ حەسەنی مەولان ئاوایی کەیەکێ لەرابەرانی تەریقەی قادری بووەولەساڵی ١١٣٦ داکوچی دوایی کردوە، ئەکا کەبەهیمەت و بەرکەتی خۆی چاوی لە خوشکە ناتەنیەکەی بێت، ناوەرۆکی شیعرەکەش جیا لە کەرەسەو فنونی ئەدەبی ئەندیشەی عیرفانیشی تیدایە لە پاڵ ئەوانەشدا لەوشەکەلێکی کوردی ئەسیل وپاراو کەڵکی وەر گرتووە وەك(تار=جڵەو= رەم= هەرد= گۆمەتە) یان ئەم دوودێڕەی خوارەوە .

گرمەوپزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە
شاخەوشریخەی بروسکەی دەرون
نەچەم شەتاوان جاری کەرد چوون هوون

جیالە هەندی وردەکاریوکەرەسەی ئەدەبی سەیرێ چۆن لەوشەکانی(پزیسکەو بریسکەو بروسکە) بەسێ مانای جیاواز کەڵکی وەرگرتووە یان ئەم دوودێڕەی خوارەوە.

نزول کێشا دەس بەختم نەڕای بەد

پای ئەدەب نەرای عەدەد کەردم رەد

ناگاوە فەریب پەشت پادا لێم

من وست وەگیجاو قەڵەندەری وێم

یان

سەڎای زیڵ وبەم مەینەت سەدتەرزەن

خەفەت شاڎیشەن خەم دەماخ بەرزەن

یان

سەردبیەن گەرمی شەوق هام فەردان

گەرمەن سەردی زەوق جەرگەی هام دەردان

من بەش بەحاڵی خۆم تا ئەندازەیە لەکەرەسەکانی فنونی ئەدەبی ئاگاداریم هەیەکەچی بەراشکاوی نەم زانی ئەمەی دوایی لەکام بواردا دەس نیشانی بکەین بڵێن پارادۆکسە یان فلاشتەکە نابێ بڵێین (جەناسی) ناتەواوە ئەویش وانیە، هەرچەند نەکرێت بەواتەی ئەدەبی بە (تضاد و طباق)دەست نیشان کرێت، هەرئەم وێنانە نیشانەی دەسەڵاتی مەولەوی ئەگەیەنیت لەم بوارەدا کە ئەگەربمانەوەیت لەسەرمانای ئەمانە بدوێن کاتی زۆر لەوەی پێویستە کەلێرەدا جێگای ئەوەمان نییە، یان ئەم دێڕەی کە دەڵێت.

ئیسە سۆجیای گەرمی دڵ سەردیم

سەودایی سارای دەردبێ دەردیم

جیا لە مەولەوی کێ لە نیو سەردی دا سووتاوە یان شێتو سەرگەردانی هەردو سارای بێ دەردی دەبێت.

یان ئەوەی کەدەڵێت.

جەپرژەی شەونم نەتۆی پەردەوە

نەرگس مەس مەس چەم ولاو کەردەوە

بەراسی چۆن لە سەرئەم شیعرانە بدوێن کە توانیبێتمان حەقی مەتڵەب ئەدا کەین، زمان وپێنووس لەلێك دانەوەیاندا ناتەوانن بەس بە کورتی تەشبیهی غونچەیەکی نیو پەردە بەرومەتی یاری کە بە برژەی شەونمی وردەوەردە وەك نیرگسی مەست چاو ئەکاتەوە کە دووبارە تەشبیە و استعارەی تێکەڵ کردوە.

ئەم جۆرەشیعرەش لە ئاساری مەولەویدا زۆرن وناکرێ باسی هەموویان بکەین ، باشتر وایە واز لەم بابەتەش بێڵین و بچینە سەر دڵۆپە فرمێسکێکی مەولەوی بۆ عەنبەرخاتون .

یەکێ لەوبابەتانی لە ئەدەبیاتی کۆن وئەمرۆش دا جێگای تایبەتی هەبووە ئەدەبی شین گێڕیە، کەبریتیە لە دەربڕینی سۆزو هەناسەی گەرموگوڕو فرمێسك رشتن بۆ ئەو کەسەی بە هەرشێوەیە لەدونیا دەرئەچێ، جا ئەگەر ئەو مروفەش خۆشەویستی کەسێکی وەك مەولەوی بێت ئەبێ چۆن فرمێسکێکی بۆ رژاندبێ .

شورای عاشورا دیسان بەزمش بەست

موحەرەم ئاما مەحرەم شی جەدەست

یان.

سەرلەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە

تای کرژی مەینەت دووباڵ کەردەوە

وەلوەلەی لولەی پێشەی ئازای جاك

یاوا وەسەرین نۆ پەردەی ئەفلاك

لەیەکـەم دێـڕا دەری ئـەخات کـە هاوسـەرەکەی لـەمانگی موحـەڕەما کوچی دوایی کردوە، پاشان دەڵێت مـن کەهـەردەم لەگـەڵ خـەما هـاودەمم فەڵەك وەك باش تەشی رێسێ دووبـارەخولی هـاوردەوە رەگـی دەمارەکانمی لەگەڵ یەکا باداو لولەی ئیسقانە لێك بچڕاوەکانی لەشم سـۆزی وەلوەلـەیان لێ هەستاو ناڵەو هاوارم لەنۆ پەردەی ئەفلاك تێ پـەڕی، دیـارە ئـەو سـۆزو فرمێسکانەی بـۆ عەنبـەرە خـاتون تـەنها لـەکاتی کۆچـی دوایـی دا نـەبووە، وەك ئەویندارێکی راستەقینە تاکۆتایی ژیـانی زۆرجـار فرمێـسکی بـەکوڵی بۆ رژاندوە، جارێکیـا، وادەرئەکـەوێت لەکوێـستانەوە هـەڵ ئەگەڕێتـەوە بـۆ گـەرمیان یـەك راس ئەچێتە سـەرگڵکۆی ودەبـینێ دەوری ماواکـەی خۆڵـو خاك و پلو پۆشـی زۆری تێدایـە ئـاگری تـێ بەرئـەبێو بـەم پارچـە شـیعرە کوفو کوڵی دەرونی خۆی دائەمرکێنێ.

گەرد ئالــودەن مــەزاری لەیلێ

ئاوپاشی ومــاڵاش لازمەن خەیلێ

خادەمی توربەت نازك ئەندامان

پەی دیدۆ موژگان مەعدوومی نامان

ئاوپاشی رەویەی دیدەی خەم یدەم

ماڵاش وەزیفــەی مــوژەی نمیدەم

گــەردنەبۆ وەروی یانەی نۆشــەذا

یاخەوشێ وەحەوش عەنبەربۆشەذا

پاس نازکی لــەیل یاگەی وێشــەن

جای موشاهێدەی قەیس دڵ رێشەن

کام دڵدار توانیویەتی پاش مەرگی خۆشەویستەکەی ئاوەها لەگەڵیا بدوێ، کاتێ سەیری ئەم چەند دێڕە ئەکەین ئەگەرکەسی ئاگاداری لەسەرژیانی مەولەوی نەبوبێ دەڵێت هێشتا تاسەی لە هاوسەرەکەی نەشکاوە کەچی وانیە، ئەوان بەدرێژایی تەمەنیان پێکەوە بوون ئەو خۆشەویستیانە رۆژلە دوای رۆژ زیاتر بووە کەئەوەش لەهەمو کەسێکدا رانابینرێت، یان ئەم چەند دێڕەی لەپارچەیەکی کەدا.

تۆمەی سەرووگوڵ وەنەوشەوسونبوڵ

شاناباخەوان ئەجەڵ وەتۆی گڵ

تادیسان ئەرقـــەیس وەمـــودارابۆ

ئەکام بەهـــاردا چـــەمەن ئارابۆ

ئەم جارە بەم شێوەیە دڵ خۆشی خۆی ئەداتەوەودەڵێت ، هیچ ورکەت نەبێ ئەوبالأی وەك سەروو کوڵمی وەك گوڵ و خاڵی لێوی وەك وەنەوشەو چاوەی خوماری وەك سونبوڵ بووە، باخەوانی ئەجەڵ تۆوەکەی لەخاك وەشاندووە ئەگەرقەیسەی دڵ سووتاوی مودارابکات ئەوبەهارەی دێت کە باغچەی گوڵزارێ سەرهەڵدا، بێ شك ئەو بەهارەش کە مەولەوی بەدوویا ئەگەرێت رۆژی پەسلانە(رستاخیز) بویە پاشان رودەکاتە خۆیو دەڵێت وادەزانم تاو تی رووی تێ کردوی واقسەی بێ رێو جێ ئەکەی .

مەعدووم تاویاو دووری زۆرئاوەرد

تاو یاو بینای قسەی پەشێو کەرد

ماخـــولیایی یاو ئینە خـــدێشەن

وەرنە ئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن

بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچ کەردە

مــەحـــاڵەن ئامای عــومری ویەردە

ئەوەی دەڵێن مەولەویانەیـە لەعـەینی ئەوهـەمووئازارو نارەحەتیەیـدا بۆ لەدەس دەرچوونی خۆشە ویسترین کەسی دەس لـەئامۆژگاری ورێنـوێنی هـەڵناگرێ یـەکی لەوئامۆژگاریانـەی لیرەدابـۆ ئێمـە ئەوەیـە هـەتا مـاون بەباشی لەژیان کەڵك ورگرن ئەگینا پاشان پەشیمان وایی بەکار نایەت.

هـەر چـەند ئێمـە لـە سـەر مەولـەوی بدوێنونەندیـشەو بۆچـونەکانی بـەیان کـەین وادەزانم نـاتوانین راستیەکانی بـە شێوەی واقعـی بـدرکێنین، بـەس ئەوانـەی دێڵینـەوە بۆکـاتی خۆیـو بـە هیـوای ئـەوەی تـوانی بێـتم هەستی خۆم بە نیسبەتی مەولەویەوە لەم چەنددێرەدا دربرم.

بەناوی یەزدان

# کورتەیەک لە سەر کەسایەتی ماموستا مەولەوی تاوگۆزی

نادر نەقشبەندی

پێشەکی:

بەسڵاوی گەرم و رێزی شایانمەوە بۆ حازربووان و ئازیزانی ئایینپەروەر، زانستخواز، ئەدیب، شاعیر و نووسەرانی بەشدار لە کۆنگرەی فەیلەسوّفی بەرزی ئایینی فەلسەفەو عیرفانسوّفی بێگەردو شاعیری کەم وێنە (مەولەوی تاوگۆزی) سپاس و ستایشی بێسنوورم بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکی هەورامانەوە بە قەدرناسی لەکاربەدەستان و رۆشنبیرانی ناوەندی فەرهەنگی و ئەدەبی بەتایبەت بەرێوەبرانی خۆشەویستی ستادی کۆنگرە.

بێگومان لەسەر ژیانی تایبەتی ماموستا مەولەوی لە لایەن ماموستایان وزانایانی بەرێزەوە وتارگەلێکی لەسەر نووسراوە.

بەپێی توانا و دەسەلات شیکردنەوەییکی کورت سەبارەت بە روونکردنەوەی گۆشەتاریکەکانی ژیانی شاعیران و ئەدیبان لە مێژووی رابردوو و پاشان بە لێکۆڵینەوەیێکی تەحقیقی لە سەر ژیان و پێناسەی ئەدەبی ماموستا مەولەوی چەند خالێکی دیکەش میوانی سەرچاوەگەلی ئەم باسەن. سەرەتا پێویستە بزانین شاعیرانی ئەمرۆ رێرەوی رێگای حەقیقەتن بۆ دوایین پلە، قۆناغگەلێکی پر ئاستەنگ لە پیشاندایە، بۆ

تێپەڕین و دەرباز بوون لە دونیای نۆستالژی نامۆیی تاکەکەسی بۆ دونیای پێکەوە ژیان هەوڵ بدەن شوێنەواری خۆیان دەستنیشان کەن و بزانن لە چەوران و بارودۆخێکدا ژیاون ودەژین. لەبیرمان نەچێت کە رابردوو چرای ڕێگای داهاتووە. بۆ پاراستنی فەرهەنگ، کەلتوور، زانست و داب و نەریت هەوڵدان بۆ دەربازبوون و کرانەوەی دەرگای نوێخوازی و پێشکەوتن بە کەڵك وەرگرتن لە مێژوو بیری قووڵی ڕۆشنبیرانی سەدەکانی پێشوو بە مەبەستی پەرەپێدانی جوغرافیای راستەقینەی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی فەلسەفی ئەرکی سەرشانی هەموومانە. دەزانین کە فەلسەفە هەوڵدەری کۆکردنەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی کەلتوورە بە پێناسەیەکی (ئیپیستمۆلۆژیانە)یە.

مێژوو سەلماندویەتی کە ئامانج لە پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگ و کەلتووری پشتاوپشتی باب و باپیران بە واتای پەرستنی ئەوان نیە. نابێت لەلایەن تیۆرسییەنەکانی مۆدرنیتەوە بە شۆوینیزم لە قەڵەم بدرێت لەبەر نەبوونی شوێنەواری فەرهەنگی و نەبوونی مێژووی مرۆڤایەتی، رۆژئاوا وەفاداری بەداب و نەریت و فەرهەنگی رەسەن بە کۆنەپەرستی! و گەلانی بێپەیوەندی بە فەرهەنگ و بە هاوچەرخ و پێشکەوتوو لەقەڵەم دەدەن. بەشایەتی مێژوو فەرهەنگی ئێمە فەرهەنگی رەسەنی شارستانیەتی زانیستی ـ کۆمەڵایەتی و رامیاری هەزاران ساڵەیە، لە فەرهەنگی جیاوازی ئێمەی کوردا پێگاو جێگایەك بۆ دەستێوەردان و پارادۆکسی عەقلانییەت و زانست لە جیهانی مۆدرنیزمدا وەر ناگیردرێت.

لەخاکی پیرۆزی ئێمەدا زۆروزەبەنن شێرەپیاوان و شێرەژنانێك کە هەڵکەوتووی رۆژگاری خۆیان بوون. بە فیداکاری، لەخۆبوردنی، شەونخونی و فەقیەتی بۆ گەیشتن بە ئاسۆی رروونی زانست، زانیاری و

مەعریفەت بەتاڵی و سوێری راهاتوون کە لەگەڵ سەختی زۆردا بەرنگار بوون. زۆربەی شاعیران و رۆشنبیران و عارفان، کۆڵنەدەر و نەبەز لەگەڵ کەند و کۆسپدا ململانێیان کردووە لە گۆشەی مزگەوت و لە سووچی خانەقادا بە قەناعەت بەنانی گاڵ دەرسیان خوێندووە و پلەی پێشکەوتنیان بەرز کردوەتەوە. تاگەیشتن ب پۆپی هەرەبەرزی زانایی و دینداری و شاعیری بە هەستێکی ناسکخەیاڵ و هزری نیشتمان پەروەری.

بەرێزان، مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەشێکی گرینگ لە مێژووی بنەرەتی ئەو نەتەوەیەیە. بەبێشك مێژووی ئەدەبی کوردیش بە هەزاران فەیەسوف، شاعیر، نووسەر، زمانەوان و پسپۆڕی وشەی رەسەن جیاواز لە مێژووی شاردراوی گەلەکەمان نیە. هەرچەندە تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم کتێبێك تایبەت بە کۆمەلگا و ژیانی رۆژانە و یا سەبارەت بە علوومی زمانی کوردی لە لایەن ئەدیبانی کوردەوە نەنووسراوە، ئەوە بوو کە حاجی قادری کۆیی شاعیری لاو و سەرکەشی سەدەی نۆزدەهەم بە توندی رەخنە لە خۆکەم بینی و لاوازی نەسڵی رۆشنبیری پێش خۆی دەگرێت. بۆ نموونە هۆکاری نەنووسینی نەسر بە زمانی کوردی لەو سەردەمەدا کە لێرە مەجالی شیکردنەوەمان نییە.

کوردستان لە لایەن زانایان و پسپۆڕانی شوێنەوارناسی و رۆژهەڵاتناسانی بیانییەوە بە لانکە و ناوەندی سەرەتای سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤی (نیاندەرتاڵ) و مرۆڤی ئاسایی مەزەندە کراوە کە واتە یەکێکە لە کۆنترین جێگا و شوێنەکانی سەرەتای ژیان و بوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی کە بێگومان دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ بنچینە و پێکهاتەی ئەدەب و فولکلۆری نەتەوەی کورد. زۆربەی شاعیرلان و زانایانی ئێمە بە پیلانی جۆراوجۆری مێژوویی یان ناویان لە لاپەڕەکانی مێژوودا

کوژراوەتەوە یان ئاسەوارەکانیان بە زمانی نامۆ بەناوی کەسایەتی ولآتانی دی لەچاپ دراون. بەشێکی دی لە مەلا و عالمانی ئێمە هۆنراوەکانیان بە زمانی بێگانە دارِشتووە کە هۆکەیچی دەگەرِێتەوە بۆ زالْبوونی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژی بالآدەست بە مەبەستی شێواندن و گۆرِینی ئیماژی کوردی وەك پەرەسەندن و بلآوبوونەوەی زمان و رِێزمانی عەرەبی-فارسی و تورکی لە چوارپارچەی کوردستاندا بەبێ ئەوەی ئەم دەولْەتانە خۆیان بە فرە نەتەوە بزانن حازر بە پەسەندکردنی کورد وەك نەتەوەیێك نین. (سووریا) تاکوو ئێستا نزیك بە ۲۹۵هەزار کەس لە خەلْکی کوردی ئەو دەولْەتە خاوەنی ناسنامە نین چوون کە کورِەکەی نەسەد وەك باوکی بیرۆکەی ئەوەیە کە کورد نابێت بچنە ناو زانستگاوە، باری زانستیان زۆر ببێت لە داهاتوودا خوازیاری ماف بوونیان دەبن. بەس چاکتر وایە شوان و کۆیلە و ئاژەلْدار و کرێکار بن. (ئێران) سەرەرِای رِۆلْی گرینگی نەتەوە کوردی ئێران لە رِۆخاندنی دەولْەتی ناوەندی لە شۆرِشی کۆماری ئیسلامی وەعد و بەلْێنی نوخبەکانی کۆماری بۆ مافی بەرامبەری و سەقامگیر کردنی عەدالْەتی کۆمەلآیەتی پاش ماوەیەکی کورت بە تەسککردنەوەی ئازادی هاوولآتیان ئەو بلْێن مرۆیە خرایە پشت گوێ و سیاسەتی جیاوازی رِەگەزی و نابەرامبەری نەتەوەیی هاتە کایەوە وەك نابەرامبەری رامیاری (سیاسی) ئابووری، نابەرامبەری فەرهەنگی و کۆمەلآیەتی بە هۆی نەبوونی کات تەنیا ئاماژە بۆ نابەرامبەری سیاسی تەنیا لە سەر یەك ئەسلْ یا بنەما دەکەم. بۆ نموونە لە ئەسلْی ۱۱۵ی قانوونی ئەساسی کە کورد ناتوانن پۆستی سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك کۆمار، وەزیر، مەعاونی وەزیر، بەرپرسی زانستگا، پارێزگا و خوارتر پەراوێزخستنی خوێندن بە زوانی کورد و، (عەرەب) سەدامەمان بینی و تورکیش

**(تورکییــە)** ئــەوەتا ئــەبینن. لەلایــەکی دیکەشــەوە: بەرتەسـک بـوونی فێرکـردن و بارهێنـان ئەسـتەمی چـینایەتی، نـەبوونی فێرگـەی بارهێنـان، بەمەبەسـتی گۆڕانکـاری زانـستی، دواکـەوتویی و دواخـستنی بەعەمـد بـۆ بەرگری لە گەشـەی زانـستی لەبـەر بەرچاوتەنگی و بـەخێڵی و رق وقـینی حاکمــانی ملــهوڕ و چەوســێنەری فێــڵ و تــاڵان وەهــەروەها هــەژاری و دەربەدەری و ماڵوێرانی لە هۆکاری نەبوونی ناوەندەکانی گەشـەی زانـستی - ئابووری و کۆمەلایەتی بـووە. بـۆ نموونـە هلۆکاستی قات و قڕ کردنی سەفەوییەکان. کۆچی جەبری کوردان لە چوارتەنشتی ئێرانەوە بە تایبەت ناوچەی هەورامان **(هەورامان بەشێکی گرینگی کوردستانە بـە کلتوور و زمانێکی تەواو دەوڵەمەند هەروەها خاوەنی مێژوویەکی ڕەسەنی ئێجگار دوور و درێژە. پێشتر لە ساڵی ٣٣٣ی پێش زایینی ئەمە بە کۆمەڵێك بەڵگە و دۆکیمۆنــت دەســەلمێنرێت بــۆ نموونــە لەشکرکێـشی ئەسـکەندەری مەقدوونییە بۆ ئەو ناوچەیە)** شارۆچکەی پاوە و جوانرۆ و شاری سنەدژ بە دەستی شاعەباس و نادرشا و باقی چەوسێنەرانی مێژوو بۆ قۆچان و توون و تەوەس کە ئێستا نزیك بە یەك ملیۆن و پانسەد هـەزار کـەس لـەو کوردانە لـە قۆچان و دەوروبەریدا دەژیـن کـە هیـوادارم کتێبـەکانی کـاك کەلیمولڵای تەوەحودی بە ناوی مێژووی کۆچی جەبری کورد بۆ قۆچان نزیـك بـە پـانزدە جلـدە بکەوێتـە بەردەسـتی خوێنـەران. کـاك کـەلیمولڵا مێژوونووسی کوردی نیشتەجێی قۆچان لە بیرمان نەچێت باکووری ئێران پارێزگـای مازینـدەران کـە حەشـیمەتێکی زۆر لـەوێ نیـشتەجێن ٢٣/٥لـە سـەدی زمـانی فارسـی تێکەڵە بـە زمـانی کوردییـە کوردەکانی نیـشتەجێی ئازەربایجان، ئوزبەکستان، قرقیزستان و سۆڤیەت و ئـەوانی دی لێـرە جێـی باس نییە.

زانایانی ئێمە لە ڕێگای فەقیەتی و حوجرەوە فێری زانست بوون. تەنیا ڕێگای فێربوونی علم و عەقڵ و زانست و هزر ڕێگای حوجرەو مزگەوت و خانەقا بووە کە ئەم ڕێگایە بووەبەهۆی ئەوەی کە ژنانی زانا وبلیمەت و ویژەوان لە کاروانی هونەری ڕۆشنبیری و شیعر ئەدەبدا پراکتیزە و بەجێ ماوبن. ئەو پیاو و ژنانەش کە گلێمی خۆیان لە گێژاوی بەرقی خەیانەتی مێژوو لەناوچەی ژیئۆئیکۆنۆمی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کێش کردووە، ئەوانەن کە خاوەنی هەست و ئەوین و عەشقی پاکی مرۆڤایەتی بوون کە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەمانیان پاراستووە (باش دەانم کە باسی نەتەوە و فەرهەنگ و کورد جارجار دوپات بوەتەوە بەلام مێژوو سەلماندویەتی ئەوانە کە فەرهەنگ و نەتەوە و هتد خۆیان نەپارێزن لەنێو بازنەی پیلانی زۆرینەکاندا دەتوێنەوە و بۆ هەتاهەتایە سەرشۆڕو لاوازن) گەورەکانی ئێمە بە درێژایی مێژوو لە ئامێزی دەردو ئازارو ئێشدا پێکهاتوون لەگەڵ کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە و تاریکی و نالەباری یاسای کۆمەلایەتیدا بەربەرەکانیان کردوە. زمانی دڵیان خستوەتە سەر خامەی قەڵەم. زانایانی خاوەن بیروهزر بە تێکۆشان و سەختی ژیان بۆ گەیشتن بە ئاسۆی ئامانجەکان بە مەبەستی گەیشتن بە لوتکەی بەرزی مرۆڤایەتی، عەدالەتی کۆمەلایەتی و شارستانیەت بە ژیانێکی تێکەلاو بە دەردی هەژاری، دەربەدەری، غەریوی، کزی و نەداری لە گۆڕەپانی ڕەنج و مەینەتدا بە بەرهەمی هەوڵدانی ماندوویی نەناسانە خزمەتیان بە ولاتەکەیان کردووە، خاوەنی دڵ و دەرونێکی بێگەرد و ویژدانێکی خاوێن و عەشقێکی هۆگر بوون.

کەوشەنی پەرەداری زمان و هونەر و بێژەی ئەدەبی زمانی کوردی مەدیونی هەوڵ و تێکۆشانی نووسەران، هەستیاران، خولقێنەران، شاعیران

و ئـەدیبانی ئێمەیـە کـە وەك زنجیرەکێوەکـانی کوردستان خـاوەنی سـەدان دوند و لوتکەن و ڕازاوەترین چریکەی ئەوینیان ساز کردووە.

## *کەسایەتی مەولەوی*

سـید عەبـدوڕەحیم کـوڕی مەلاسـەعیدە و لـە نـەوەی مـەلا(یوسـف جان)ی کوڕی (مەلا ئەبوبەکری موسەنفی چوریـە کـە ئەگەڕێتـەوە سەر خواناسی بەناوبانـگ (سەید محەمەدزاهید) کەبە پیرخدری شاوە ناوبانگی دەرکـردووە. نازنـاوی شیعریـشی (مەعـدومی) و لەناو خـەڵك و لـە کۆڕی ئـەدیبانا بـە (مەولـەوی ناوبـانگی دەرکـردووە) مەعـدوومی یەکێکـە لـەو فەیلەسوف وشاعیر و عارف و خواناسانەی کە شێعرەکانی پڕ لە فەلسەفەی مەعریفەتناسی و ئەویندارانەیە تێکەڵ بـە واتـای وردو جوان و ناسك و دڵ ودەروون لاوێن و ڕۆح بزوێن کە شیعرە ئاسمانیەکانی زاخاودەری دڵ و دەروونە و مرۆڤ ڕوو بە حەوت ئاسمانەی پـان و بـەرینی بـەرز تێکەڵ بـە بیروهزری جوان رادەکێشێ و ئەیباتە دوندی ماناو ئەندیشەوە.

ڕەستەی شێعرەکانی مەعدوومی عارف وخواناس رستە ملوانکەی شین وسـپی و تاجەگوڵینـەی ملـی مێـژووە، ڕەنگـی شـیعرەکانی کولکەزێڕینـەی ڕەنگاوڕەنگی گـەردنی کوردسـتانە و بـیری قـووڵی مەعنەویـەتی خۆماڵییـە کە تاروپۆکەی لە ئاوریشمی خاوی خوداوەندیـە، بۆنی خۆشی خواناسـی و عیرفـان وەك گـوڵی تازەپـشکوتوی دەم بـەهاران وچـنور و وەرکەمـەر و بەرزەڵنگی نێوەڕاستمانگی خورێڵەو میشیاو و دالانـی بـەبۆنن. مەولـەوی ئەوەنـدە سـەربە بارەگـای یەزدانییـەوە دەنێـت کـە بەچـاوی دڵ، تیـشکی خۆشەویستی و ڕۆحمی بارەگای خالقی دەبینێ و مێشکی بە ژەکی یـەزدانی دلۆڤانی وا پەروەردە درابوو کە لە سەختترین ئ ئەستەمترین ساتەکان و

کاتەکانی ژیانی لەگەڵ برسیەتی، هەژاری، ماڵوێرانی، کۆچی عەنبەخاتوونی خێزانی و پاشان کوێری و زەلیلیدا تەنیا چرکەیەك لەیادی خودا غافڵ نەبووە. نەفسی موتمەئین بووە و لە زۆربەی شارو لادێکانی کوردستان وەك پاوە و لەهۆن ـ دشە ـ خانەگا ـ چور ـسنە ـ بانە ـ سلێمانی ـ قەلای جوانرۆ و دوایش لەلای خوالێخۆشبوو مەلاعەبدوررەحمانی نۆدشەیی کە موفتی (سلێمانی) و مامۆستای مزگەوتی (مەلکەندی) بووە بە خوێندنی کۆتایی هێناوە و پاشان گەڕاوەتەوە سەرشانە.

### *شەوناڵینی مەعدوومی لە ساتەکانی تەنیایی و بێدەنگیدا*

ئەمشەو دیارە ناڵین و هاوارم بە بێشرم لە کەللەمدا سەمتورئاسا گەرمەو مەینەت بەسەدان جۆرەوە بەرۆکی گرتووم خەفەت سەرخۆش و خەم چۆپیکێش عەقڵ و هۆش و فامم کۆچی کردووە، ئەوین و عەشقی دووری خۆشەویستەکەم کە گڕی بەرداوەتە دڵ وگیانم. کاکی شمشاڵبێژ بێدەنگ و بەخێرا بلوێرەکەت بهێنەدەنگ بە هەر نەزمێ رازێك و هەر سازێك گازێك بگرێ لە دڵەی مەلوول و پەشێوم. تاکوو هەرکەسێك بەپێی ناڵەو خەم و مەینەتی پڕئەوینی ونبووی، بێتەکوڵ و بە پیاڵەی ئەوینی خۆی مەی بنۆشێ، چوونکو پاك کەرەوەی هەر ژەنگێك دەنگێکەو دەرمانی هەر دەردێك بەزمێك. بەزمی خەمگینی تۆ کاکی شمشاڵوێژ لایەلایەیە بۆمن لە لانکەی ئەوینی دڵتەنگیمدا. خێراکە بەو دەست و پەنجانەت نەزمێك لێدە بۆ سڕینەوەی خەمەکانم. نەزمو مقامت وەك دووری ئازیز با دڵەی بیمارم بتوێنێتەوە. بەلام هاوار لە پەشێویی عەقڵ و تێکچوونی

فامم. ئەمە چ خەیاڵێکی خاوە خۆ من و دڵخۆشی چەندەها ساڵە دوژمن و بێزار لەیەکترین. ئاشتی ئێمە پێکەوە مەحاڵە:

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن

زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن

صەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن

خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن

هۆشم بێهۆشەن فامم قامەت قاخ

بۆی دووری ئازیز مەیۆم نەدەماخ

نەی چی! درەنگەن سا مەکەر درەنگ

فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وەدەنگ

هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕازێ

گێرۆ نە دەروون هەرسازێ گازێ

بجۆشۆ هەرکەس وە قەد ناڵەی وێش

بنۆشۆ هەرکەس وە پیاڵەی وێش

جەلای هەر گەردێ وە سەداییۆەن

دەوای هەر دەردێ وە نەواییۆەن

هەر مەقامێوەت جگەر تاون بۆ

تفلی بێچارەی دڵان لاون بۆ

نەو صەدای دەردە خەیلێ دلکەش بۆ

دڵ تفلان ئاسا بەلکم دڵ وەش بۆ

هەی پەشێویی هۆش، هەی شێویای فام

هەی عەقڵ عەبەس، هەی خەیاڵ خام

من و دڵوەشی و صەفایێ کەردەن

هوونی یەکترین تا وەڕۆی مەردەن

سادەی، صاحیب نەی! ریشەی دڵ کەرپەی

تالیم دەر ئەی فەرد وە نەزمەکەی نەی

ئیمشەو وەهەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون

ئەی خوا سامەرگێ سەحەر چێش کەروون؟

**سەرەتای عەشقی مەجازی بۆ حەقێقی (ئەوینی مەولەوی بە ئەویندارى خاتوو ڕابێعە)**

مەولەوی لە تەمەنی لاوی‌دا کە بۆ فەقیەتی رۆیشتە ئاوایی خانەگای پاوە لە خزمەتی مامۆستا شێخ عومەر کە یەکێك بوو لە عالمانی پایەبەرز و خاوەن زانست، پاش ماوەیەك مانەوەی لە خزمەتی شێخ عومەردا عەشقێکی پاك و خاوێن، تێکەڵاو بە عیففەت و عیسمەت و پاكداوێنی بە خاتوو رابیعەی کچی مامۆستا شێخ عومەر لە دڵیدا جێگیر بوو ئەو عەشقە خاوێنە رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندندا بوو کە ئەو ئەوینە بوو بە هاندەری مەعدوومی بۆ شەوقی زۆرتری خوێندەواریی. کە رێك و پێك کردنی بواری زانستی مەولەوی بە دواوە بوو و بوو بە سەرچاوەی فەزڵ و ئەدەب. مامۆستا شێخ عومەر بەم عەشقە نەهێنیە دەزانێ و زۆریشی پێخۆش بوو کە خاتوو رابیعەی کچی بۆ مارەکا. بەلأم بێ‌ماڵ و دەست نەرۆیشتن بە تایبەت دووری مەولەوی لە قەوم و عەشیرەتی، لە هۆکارگەلی بەرگری ئەو ئەوینە سووتێنەرە بوو.

مەعدوومی کە بولبولی گولزاری ئەوین و خۆشەویستی عیشق و عیرفان لە دڵیدا ئەیچریکاند، بەناڵەو نەوای دڵی، خۆشەویستی

خاتوورابیعەی دەهۆنیەوە، ئاگری نەهێنی خۆسوتێنەری مەولەوی گڕی لە گیانی بەردا بوو هاواری ئەو ئەوینە عیرفانیە دەنێرێتە سەر دوند و ئاسۆی قولەی قەزاڵە، ڕنەڕنەی باران تێکەڵ بە خەم و دەنگی خاتوون و مات و مەلولی و دڵتەنگی مەعدووم بە هەژاری و چارەڕەشی بەرز دەبێتەوە. و لەهەور دەپاڕێتەوە کە بە گرمە و شریخەی دڵی خۆشەویستەکەی کە لە سەرکێوی ئاتەشگاو قەرزاڵە نەلەرزێنێ، چوونکوو خۆشەویستەکەی شریخەی هەوری ئەوین و رووباری فرمێسکی چاوەکانی، لافاوێکی بەهێزە و پێویستی بە بارینی باران و برووسکەو شریخەی هەور نییە.

صەد دووری چون دڵ "مەعدوومی"ی دڵ تەنگ

مارۆ ئەو فریادْ دڵەی سەخت سەنگ

سزان ئەو گێرۆ تەم دڵەی کاوان

هەور نەو وەجان، ڕێزو هۆناوان

بەلاَم، تاقەتێ های هەور ئامان!

هانەسەفەردا شای نەونەمامان

نازکێش چوون ناز جەحەد بەر شیەن

خاترداریش کەر وێنەی کەس نیەن

وێش چون حەوسەڵەی وەشت و تەم دارۆ

یادش نە دڵ دا زەحمەت مویارۆ

پەی بار خاتر ئەو شیرین شێوە

چ حاجەت وەی تەم وەی سەیل نێوە!

وەسەن دووی بەدەن جەگیان جیای من

وەسەن سەیل چەم بەخت سیای من!

خاوخاو پەی نەچیر چەم وەنیگاوە

تەك مەدایم ئەولای كۆی ئاتەشگاوە

من مات و بێدەنگ بێسەداو بێناڵە

یەكی بیم چون سەنگ قولەی قەزاڵە

**تەوسیفی مەولەوی بەفۆرم و تەكنیكی تایبەت بە شێوازێكی هونەری و شاكارێكی ئەدەبی بە ناردنی شەماڵ بە شوێن دڵداری بەجێ ماوی لە كۆنەهەواراندا**

پاش ماوەیێك بۆنی وەركەمەر و بەرزەڵنگ و چنور و نۆبوكی قژی زەردی پاییز و جوانی ویمیر و رستە ملوانكەی ئاڵتونی وەهارانە و هاوار وشین ورۆرۆی شاهۆ بە شوێن كۆچەریاندا، وابە مەولەوی دەكا كە سەری خۆی هەڵگرێت و روو لە وهارانە بەسەرپۆپی هەسارگاوە بەچاوی هەڵسین بۆ دۆڵ و چۆمی دوریسان وسەیری خانەگاو بیرەوەرییەكانی رابردو وبۆنی شیعرە سسیحراویەكانی شەماڵ و یادێك لە میرزا مەحموی دوریسانی، میرزا شەفیعی پاوەیی و میرزا ئەولقادر و میرزا مەحموودی پاوەیی دێنێتە یادی ئێمە لە پاییزێكدا كە داروەنەكان جل وبەرگی عەقیقیان پۆشاوە و كەژ و كێو بە جل وبەرگی زەرد رازاونەتۆ. نەمامی بەر رووبارو تاڤگەكان خۆیان پێچ داوە بە هەوریشمی زێرینی باخەمێوەكانی لێواری چۆم و رووباردا. پاییز مەرگی كۆچی دەرەكان بە باخ و ئێلاخا ڕادەگەیەنێ. گەلای داران پۆلپۆل بە هەناسەی با، هەڵدەوەرنەسەر باوەشی زەوی، شریخەی هەورو بروسكەی ئاسمان پەپولەكانیش بۆ ئامێزی گەرم وبەتینی

قرۆڵـە دارەکـان تاردەنێـت. خـورەی بـاران و شـریخەی هـەورو بروسکەی ئاسمـان قیـژەی قازەکـان سـامفۆنیاییێك لـە مۆسـیقا بـۆ رەقـسی دارئەرخەوانـەکان پێـك‌دێـنێ. بـازاری گڵـم وگـژ و تێکـەڵ‌چوونی بـەفی سەرکێوان و چیرۆکی سی‌سەرگ و شینی بولبول لەباخی گوڵدا دادەخرێت. کۆچ و دووری گەردن بێ‌گـەردان بـۆ گـەرمیان شینی هـەوارەکان بە گڤـەی بـای کوێـستان بـەرز دەکاتـەوە. بـەردی رەشـی ئارگـای کـەلارەکان تـەنیا بیرەوەریـی ئـەوەماوی نـازدارانی هـەواره بـەرزه، دالانـی، ئاوێـسەر و هەورامانـە. هـەوری تـازه بـە عـاجزی و مـەلولی بەسـەر کێوانـدا سـەر دەکەوێت و مەولەوی ئاسایی فرمێسکی ژانـی عەشقێکی ئەبـەدی دەرێـژێ. بـەلام چاوڕەشـی چـاوەڕوانی مەعـدوومی سەرخۆشی شنەی کوێـستانەو ئەبزاڵی ساقی و با دەو مەیە لە کۆنەهەوارانـدا. ئەویندارەکەی مەولەوی بـڕوای بـە دەسـتی سـەهۆڵ‌بەنـدی پـاییز نییـە. مەعـدوومی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزیەتی بۆ گەرمەسێر، شەماڵ دەخاتـەڕێ کە بەنازدارەکەی بلێت کە ئێلاخان بەجێ بێلێت و بگەڕێتەوە بۆ باوەشی بـەتینی گـەرمیان و بـۆ نێـو دڵـی پـڕ بـیرەوەری ئەویندارەکـەی لـە ئاسـۆی بـەرزی خۆشەویستیدا.

چوون وەڵگ شادی‌ی من وای دووری لەیل    وەیـشووم بـەرد نەوهـەرد نەو ڕشتەی سوەیل

گێج سەرکاوان جەسەردی بیەن کەیل

بۆ مەدان چوون بۆی بێ‌وەفایی لەیل

بێ‌دەس بی چنار زیز خاتر ڕێش

بە خاکیش کەرۆ وەسەردا پەی وێش

وی‌کۆڵ وەی‌وەکۆڵ پەی زەردان دەرد

ماساو ئەسەراو ڕێزان هەرزان کەرد

کۆچ کەردەن خاسان، چێهرەی ئێلآخان

داوۆ وە هەمدا دیسان ئەداخان

ڕۆی حەشر دووریی گەردەن بێ‌گەردان

بێ‌وادە بیر کەرد کاوان سەرهەردان

هەور ئەو زارزار کلآو ئەو کلآو

مەگێلۆ ئەسرین مەڕێزۆ وەتاو

ماچی ئەویش دەرد هیجرانش وەردەن

یا چون من بالآی نازیز گوم کەردەن

وێنەی عوقدەی پێچ ڕیشەی ئەرواو دڵ

بەستە بۆ جە نم خووی مۆبەت زەنگڵ

سیلسیلەی پێچ‌پێچ زوڵف نازاران

زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران

قازان چوون یاران ئاواتە خوازان

قەتارە بەستەن مەکەران ڕازان

بێ لەیل، ئاخ، ئامێ جە ئێلآخەوە

پەی ئاخ داخ تەك دان بە (ئاخ‌داخ)ەوە

جەیرانان گەڵ‌گەل تازە کەردەن مەیل

فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردی دوجەیل

چەم سیاوەکەی وەناز دیاکەم

سەر ڕەوێڵەکەی جە ڕەم جیاکەم

هەلآی سەر مەستەن وەشنۆی لەیلاخ

بۆی نەوپایزش نامان وەدەماخ

شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێدرەنگ

سەیل وتەم زەردی دیدەو دڵ و ڕەنگ

هوونەی سەیل چەم وە شەتاواندا

تەم دڵ وە ڕووی زا خان کاواندا

زەردیی ڕەنگ نەوەلگ نەوتووڵ نەمامان

تاڵیش مالووم بۆ نەوپایز ئامان

مەپەرسۆ بەو مەیل بێسامانەوە

های چ خەبەرەن جە دامانەوە

واچە پڕ جەتۆ جەوێ فەرامۆش

من دیم، تۆ حاڵش نەژنەوی وەگۆش

دیدەش یەند خەیاڵ بالأت بی تێشدا

ڕاگەی خاو نەبی بوویەرۆ پێشدا

یەند گێلأن بەو دەرد سەر نەدەرووندا

بابۆی دەرد مارۆ وەڕووی هاموونداا

زایفش گرەو جەکا بەردەبێ

بای هەناسەی سەرد گێج پێش وەردەبێ

گێج مەوەرد پووشش بەو هەناسەوە

سروە پووش مەوات جەڕووی تاسەوە:

ئازیز شۆخ و شەنگ شیرین تارەنی

ئاهووی بێ ئاهووی وەش ڕەفتارەنی

جەڵەو جەڵەو گەل سپی تەتاران

دین دیدەکەت وەچەم مداران

ئێلاَخان سەردەن بازشان، ئامان

گەرمەسێر وەشەن بۆرێ وەدامان

تا گێران ئاهوان ڕەم ڕەم

باجت وە گەردەن خەراجت وەچەم

## (ئاسەوارە جیاکانی مەولەوی)

مەولەوی بە زمانی هەمووی نەتەوەکان قسەی کردووە وەك شکسپیر فەرموودەکان و شیعرەکانی تازەیە و پاراو و ناسراو. نامیلکەکانی وەك عەقیدەی مەرزیە، فوائح و فەزیلەیە و هەروەها خاوەنی عیلمی کەلام بووە.

(الفظیلە) ٢٠٣١شیعری عەرەبییە و ساڵی ١٢٨٥ی هیجری دایناوە

(العقیدة المرضیە) ٢٤٥٢ شیعری کوردییە و لە ١٣٥٢ی هیجریدا لە لایەن (محیالدین صبری المغینی)یەوە لە میسر لە چاپ دراوە.

(الفوائح) ٥٢٧ شیعری فارسییە و لە گەڵ عەقیدەی کوردی لە چاپ دراوە.

### (ماڤی ژن لە ڕوانگەی مەولەویدا)

پارچە شیعرێك لە خۆشەویستی و مەولەوی بۆ كۆچی دوایی عەنبەرخاتوونی خێزانی، بە دوو مەبەست هێناومە:

١) سەلماندنی ڕێز و ئەمەگناسی و قەدرزانی و لایەنگری شاعیران، زانایان بیردەوڵەمەندی كورد بە مەبەستی ڕێز و ئیحترامی تایبەتی بەژن و ماڤی ژن. لە ڕوانگەی شاعیرەوە كە جوانی و پاراوی و هەستناسكی وەسف و مەنزەلەت و كەسایەتی ژن ڕوون و ئاشكرایە.

٢) دەربڕینی هەستی تایبەتییم وەكوو ڕێزدانەرێكی ماڤی ژنان و كچان و هەروەها ژنان و كچانی قورانی ماڤی دیموكراسی و كۆمەڵگای دیموكراتیكی شارستانیەت، سەری ڕێز و ئیحترام دادەنەوێنم بۆ ڕۆحی پاك و خاوێنی كچان و ژنانی ژینۆساید قوربانیانی تراژیدیای ئەنفال و كیمیاباران و بووك و زاوای هەرگیز بە یەك نەگەیشتوو و كچانی تاسراوی تارای سپی دەشتی گەرمیان و شاری سەردەشت. ﷺ

### كۆچی دوایی عەنبەرخاتوون و ژووری تەنیایی مەعدوومی

ئەی دڵێك كە پڕی لە شەرابی خۆشەویستی لەیل كە گوێگری ئێش و ئازار و مەحرەمی ڕازی منی؛ خۆشەویستەكەم هاوار لەو ڕۆژەی كە ڕۆحی ئاورێشمیت لە شەقەی باڵی دا و منی بە گریان سپارد. ئەی میوانی ماڵی تەنگ و تار. ئەی دڵ! سەركەوە بۆ خزمەتی ئەویندارم پێی بفەرموو كە دڵدارەكەتم دی بۆ هیجری دووریت دڵۆپ دڵۆپ فرمێسكی دەڕێژان و دڵی تاشەبەردەكانی ژێر تافگەی دەكرد بە ئاو. مەعدوومی، ئێش و ئازار و نابینایی لایێ، ماڵی چۆڵ و بێتۆیشی لایێ. بە دەم ئێش و ئازارەوە ئەم دیارییەی بۆ ناردی:

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل

لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەوڕەنگ

پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم

عەرزەکەر وە لەیلا وە سەد خەمەوە

دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی

وە هەر تەرزێ لەیل ملاوناوە

گاگۆیا مەویەرد ئیند مەویەردەوە

ئای جە ئێش تەن جە گیان جیای من

سەخیی ئێش دەرد بەدحاڵیم لایێ

وە هەر مەنزڵ دا و وە هەر گوزەردا

چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ

گا تێکەڵ مەکەرد چەنی دەرد وێش

موات: فیداش بام یە جای شیرینەن

جە باڵای ئەی سەنگ پا ئاوردەوە

جەو جاسووسگاوە، بەو خەدەنگەوە

جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد

چۆگە جە لای جام جەبهەی جەماڵدا

جێگە حوقەی ڕاز شیرین کەردەوە

گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێحەد بەو تەرز

چۆن کەروون تەقریر پەی سەرکار تۆ

مەعدووم چوون قەزا ئاما جە ناکاو

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆ شییەن

ئارۆ یەك جیلوەش ها نە ڕووی کاردا

لا، بەڵ ئەو جیلوەی ڕوو نە پەنهانی

ج ماتەمێوەن پات بیەن پێوە

ئەو جیلوە کەردەن ئەرشی وە تاقی

مەحرەم و ڕازان خەڵوەت خانەی لەیل

هامدەم جای تەنگ ئەڵحەدسەرای سەنگ

تەرجەمەی حاڵات پەشێویی جەستەم

چەم وە نمەوە و دڵ وە تەمەوە

بەرزیی بڵێسەش هەرسات سەد تەرز بی

دڵەی سەنگ سەخت متاوناوە

گا موات وە دەم ئێش دەردەوە:

ئای جە لوای تۆ ئەوشۆن دیای من

وای بێ تۆ مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ

هەر دەست حەسرەت مەدا وە سەردا:

بێ هۆشم، خەوبۆ، ڕاس بۆ، درۆ بۆ

فەرد هام فەردش چەنی فەردی وێش

گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن

بەرقەی ناز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە

دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە

سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد

بەرگەشتی وە بەخت بەدر کەماڵدا

تام تاڵیی دەرد دووری بەردەوە

زایەڵەی مەجنوون جە عەد ڕەد بەوتەرز

نە تۆ بژنەوی نە دۆس دار تۆ

دانا چوون نادان وزۆ وە گەرداو

ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نییەن

فەردا چێش ئەو یەك جیلوەش دیاردا

نەوعە زهوورین، زاناش ویجدانی

دانا و مەخشووشی کێ دییەن پێوە

ئێدێ جیلوە کەردەن سوراحی و ساقی

ئەی لەیل ئێش و ئەلەمی دووریت ڕۆحی دەرهێنام لە ڕیشە. فیراقت ئەوەندە سووتێنەر و جەرگبڕە وەك شەم بە فەرقی خۆ توامەوە. جەرگ بڕانم ئەو ساتەیە کەسێك ببینم کە شێوازی تۆی لێ بێت. دڵم دەدا لە سێدارە. هەر مانگێ کە تازە دەبێتەوە حاڵم تێك دەدات چوون مانگی یەك شەوە بە میسالی خەمی ئەرۆتە، شەو و ڕۆژ وەك یەك ئۆقرەم بڕاوە چوونکوو شەو زوڵفی ڕەشت ڕۆژیش ڕوخساری وەکوو مانگت دێنێتەوە یادم و دەمباتەوە بۆ ئالبوومی بیرەوەری ڕۆژەکان و شەوەکانی ژێر مانگەشەوی هەردی سەر کێوان. سەیری عەرعەر و نەرگس و وەنەوشەی باخان بینایی چاوم کز دەکات چوونکوو عەرعەر باڵای بەرز و نەرگس مەستی چاوو وەنەوشە خاڵی گۆنا و گەردنت دێنێتە یادم. ڕاستە دووریت منی کوشتووە جەستەی پڕووزاندووم بەلام ناگات بە ئێشی تەنیایی قەبرت. خۆشەویستم من دڵنیام، تۆش دڵنیابە ئەمڕۆ یا سبەینێ جێگای منیش لای تۆیە. کاکی گۆرانیبێژ هاواری مەرگم ڕاگەیەنە بە گوێچکەی ئاسمانەکاندا. ساقی شەرابی مەرگم بۆتێکە خۆشەویستەکەم چاوەڕوانە.

دووریت دیارەن چەن ساحێب ئێشەن

هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن

هەر ماهێ نەو بۆ حالم پەشێوەن

نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم

شمشاد و نەرگس وەنەوشەی چەمەن

ئاذ مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات

سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت

وە مەرگت، دیدەم هام نە گوزەردا

موترێب مەقامێ دەردم ناچارەن

توی دەروون وە خار ئێشێوتەر ڕێشەن

دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن

چوون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن

شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم

سەیرشان ئازار بینایی چەمەن

ئەو دیدەی مەستت، ئەو خاڵ ئاڵات

ئەك چوون بڵێسەی یاد تەنیاییت

منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا

ساقی‌یا جامێ دۆس ئینتیزارەن

سەرچاوەکان:

١)دیوانی مەولەوی بە قەڵەمی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.
٢)زاراوەی خواناسی لە هونراوەی مەولەویدا سدیق بوورەکەیی، ناوێنە ژمارە ١١.
٣)فرزانگان کرد عەلی پاسبار
٤)مەولەوی بە قەڵەمی خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی سروە ژمارە ٧٢.
٥)کەلەپوور و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، نووسینی بوار نوورەدین
٦)عارفی خواناس مەولەوی بە قەڵەمی نووسەر لە ئارشیفیدا

# خوێندنەوەی خەسارشناسی لە شعری مەولەویدا

ڕەووف مەحموود پوور - مەریوان

هەرکەس تەوەلۆد دووبارەش نیەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن
ها نە ئەشکەنجەی پەستی و تەنگەدا
تا مەنزڵ گێرۆ تەسای سەنگەدا

« سەی ئەوڕەحیمی» کوڕی «مەلاسەعید» کە لە وەچەکانی یۆسف جانی ڕۆڵەی مەلائەبووبەکری چۆڕیە، وەک بلیمەتی سەدەی خۆی، نەخشێکی بەرچاوی لە ئەدەبی کوردی و بزاڤی نوێکردنەوەی ڕەوتی ئەدەبیدا هەبوە. بزاڤی مەولەوی ،تەنیا لە ئەدەبی گوراندا پەنگەتاو نەبووگە و پانتاییەکی بەرینی لە ڕەوتی ئەدەبی کوردی وەک بەشێک لە ئەدەبی جیهانی، کرگەسە یاتاغگەی خۆی.

سەردەم وقۆناغی مەولەوی، تایبەتمەندی و بچڕی خۆی هەبوە. خرۆشی چەپکێ هۆزانڤانی هاوسەدەی ئەدەبی دیالکتی گوران: « مەولەوی، عەبدوڵڵا داخی، خالۆی کۆماسی، شێخ عەزیزی جانەوەرە، مەحرووم، ئەحمەدپەریسی و ...» پەنجەرەیەکی باراناوی بەرەو بژوێنی شێعری کوردی کردوەتەوە.

ئەدەباندن و سەردەماندن، بوونەتە پۆی تانی هونەر و برەو سەندنی رەخنەی ئەدەبی[1]. لەم قوناغەدا؛ دەمقاڵی هونەری دێتە گورەپانی رەوتەکە و هەڵسەنگاندنی دەقەکان و بەپەرۆش بوون بۆ ئاستی هونەری شێعرەکان لە لاین شاعیرانوە ئەبێتە باو. لە وەها دۆخێکدا «مەولەوی تاوەگوزی» ئاخێز دەکات و وەک شابازی شعر، بەرەو ئاسمانی ئەندێشەی ئەدەبیی ، لە شەقەی باڵ ئەدات. باڵادەستیەک دەخولقێنێ کە «زەمەن» و «زێد» توانای پاوەن کردنی نیە و بۆ دەیان و بگرە سەدان ساڵ بەسەر بێشەی شێعری دیالکتی گوراندا سێبەری خەست ئەکات.

لەگەل گەشەی رۆشنبیری ـ ئەدەبی و برەوسەندنی چاپەمەنی کوردی، مەولەوی تاوەگوزی یەک لەو شاعێرانەیە کە زۆرترین توێژینەوە و بابەت لەسەربەرهەم و ژیانیان نووسراوە. زۆر وتار و پەرتووک لەسەری وەزار هاتوونە و بەرهەمەکانی چوونەتە زمانی نەتەوەکانی دیکەش.

وەک نموونە ئەکرێ چەپکێ لەو هەوڵانە دەسچن بکەین کە بە پێی ئاگاداری و هەبوونی بەلگەی بەردەست، لەسەر مەولەوی و بەرهەمەکانی نووسران:دیارە ئەمانەش وێڕای ئەو بەرهەمانەیە کە لە کونگرەکانی سەقز ( ) و سلێمانی( ) و مێهرەجانی مەولەوی( )، هاتوونەتە پەخش و لەچاپیش دراون.

قەڵەم بەدەستی کورد «ئەمین فەیزی»، ساڵی ۱۹۲۰ی زایینی و لە کتێبی «ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد»دا باسی کردوە. «عەلائەدین

---

[1] – لەم پێوەندەدا وتارێکی تایبەتم نووسیوە بە ناوی بنەماکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی و بزاڤی مەولەوی کە لە ژمارە۱۹۹ی گوڤاری سروەدا چاپ کراوە. هیوادارم خوێنەر خوێندبێتیەوە.

سەجادی» لە (مێژووی ئەدەبی کوردی ) و (نرخشناسی ) و( ئەدەبی کوردی و لێکولێنەوەلە ئەدەبی کوردیدا) لەسەری چووگە.مامۆستا « مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس» لە گەل کۆکردنەوەی دیوانەکەی، خوێندنەوەی لەسەر ناوەرۆکی شێعرەکانی کردوە.

مامۆستای شێعری نوێی کوردی «عەبدۆڵا گوران»، زۆر جار باسی کردوە. بە تایبەت لە وتاری ( مەولەوی و موناسبەت)دا .

دوکتور عێزەدین مستەفا رەسووڵ و دوکتور مارف خەزنەداریش لە وتارەکانیاندا شیکاریان لەسەری هەبوە.

عەلی عومەر قەرەداغی، لە مەولەوی و سروشتدا باسی کردوە. رەووف عوسمان و حەمەی حەمەباقی و عادل محەمەدپوور وجەلیل عەباسی و حەمەی مەلاکەریم و حەمەعەلی قەرەداغی و حەمەئەمین حسەین و ئەنوەر قادر موحەمەد ، بەتایبەت لە «لیریکای شاعێری گەورەی کورد، مەولەوی» و حەمەرەشید ئەمینی و زۆر کەسی دیکەش وتاریان لەسەر نووسیوە.

لە مێهرەجانی مەولەوی؛ کتێبی ژمارە١ گوڤاری رۆشنبیری نوێدا چەپکێک بەرهەم لەسەری هاتوونەتە نڤیسان. لە فستیواڵەکانی سەقز و سلێمانیش ، زۆر وتار و بابەت لەسەری هاتنە پێشکەش کردن. تەنانەت لە لایەن نووسەرانی غەیرە کوردیشەوە ناوی براوە و باسی لەسەر کراوە.

تا ئەو رادەیە زەینم بڕی کردبێ و لەو وتارانە تێگەییشتبم کە خوێندوومنەتەوە، تێکڕایان لەسەر کارە بەهێزەکانی مەولەوی بووگن و خەسارەکانی مەولەوی کەمتر ئاوریان لێدراوەتەوە. یان بەشێوەیەکی جیدی نەهاتوونەتە پەیف و ئاوقەی بەردەنگ

نەکراونەتەوە. بەڵام نابێ فەرامۆش بکەین کە باسی یەک رەهەندی لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا مەولەوی ، ناتوانن کارامە بن و یەک لایەنە ئەمێننەوە. «مەولەویش» مرۆڤە. شاعێرێکە بەدیاردە بەشەریەکانەوە.بەرهەمەکانی وەک واقعێک، پلەی بەرز و نزمیان هەیە. هەموو دەق و کارەکانی یەک دەس نین وناکرێ لە یەک ئاستدا پولێن بکرێن و بەیەک چاو مامەڵەیان لەگەل بکرێت. هەر بۆیە تیشک خستنە سەر کارەکانی مەولەوی لە روانگەیەکی دیکەوە، نە تەنیا لە پێگەو پایەی ئەو شاعێرە مەزنە کەم ناکاتەوە، تەنانەت دەلاقەیەکی دیکە بەرەو پتر ناسین و جۆرێکیتر خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەکاتەوە.ئەم کارە شاعێرانی لاویش بەرەو سەرنجوردی زیاتر هانئەدات.نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە لەگەل رەوتی زەمەن و خوێندنەوەی هەنووکەیی‌دا چی‌دیکە پێویست بە زاڵدەنگی و پاڵەوانی ئەدەبی نیە. بە واتەی برتولت برشت: « ئای بۆ ئەو گەلەی هێشتا چاوەڕوانی پاڵەوانی ئەدەبیە».[2] ئەڵبەت ئاست بەرزی و خۆشەویست بوون و بە پێزی شێعرەکانی ماموستا مەولەوی جیگای خۆیان هەیە و ئەو توانیویەتی وەک هێما و مامۆستای رەوتێکی شێعری لە ئەدەبی کوردیدا گەشە بکات و بۆ تاهەتایە بدرەوشێتەوە. بەڵام لەل هەموو ئەوانەشدا نابێ چاو لە چەند رەهەندی و چەند ئاستیەتی شێعرەکانی ئەو پایەبەرزە بنووقێنین. هەر بۆیە لەم وتارەدا بە رۆخسەت خواستن لە دەرگانەی مەولەوی ، هەوڵ ئەدەم لە روانگەیەکی دیکەوە برۆمە

---

2 - (تراژدی قدرت در شاهنامه ـ مستەفا رەحیمی)

نێو بەرهەمەکانی مەولەوی. بۆ ئەم کارەش چەند درایڤێک ئەکەمەوە و بە سەرنجی تیژی خوێنەری چالاکی ئەسپێرم.

رەهەندی خەسارناسی (پاتولوژی) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بنەمایەکی ئەوتۆی نیە و وەک هی گەلانی پێشکەوتە نەبوەتە باو. دیارە لە بندەستی بەرهەمە بەهێزەکاندا، لەوانەیە هەندێ دەقی بەرسەرنج لەبواری لاوازیشەوە لە نێو دەقی شاعیر یان نووسەردا هەبن کە پێویستە ئەوانێ پۆلێن بکرێن و باسیان لەسەر بکرێت. ئەم رەهەندەش لە بواری جوانتر کردن و خوێندنەوەی چەند رەهەندیەوە بە بایەخە و قەد بۆ وێرانکردن و رەهێلێ کردنی دەقەکان ناگەڕێتەوە.

الف : دووپات کردنەوە:

بەرهەمەکانی مامۆستا مەولەوی واپیشان ئەدەن کە هەندێ بابەتی وەک: وێنە، حاڵەت، وشە، خەز، پێکهات(ترکیب) ، سەروا و... بە جاران دووپات بوونەتەوە و بەمجۆرە خولخولەی ئامرازی زمانی و خەیاڵیی «مەولەوی» بەرتەسک ئەکەنەوە. هەرچەند برێ جار دووپات کردنەوە وەک مەلەکەی زەینی و موتیڤی دەروونی، زیان بە باڵەخانەی بەرهەم ناگەیەنێ و تەنانەت ئەشبێتە نیشانە و هێمای بوون و دیاری کردنی شونەمای رەوتی ئەدەبیی شاعیر و وەک هاوسەری ئەدەبی و ناسەی شێعری شاعیری لێدێت. وەک: «چراغ» لای بێسارانی و «پیر و رەند» لای حافزی شیرازی، «سوبح» لای خاقانی، «زوڵف» لای مسباحەدین ئەدەب و...

بەڵام دووپات کردنەوەی کاڵ، هەندێجار لە بنەمای کەمتەرخەمی و بێدەربەستی و لەدەسدەرچوون، یان بێدەسەڵاتیەوە هەڵئەقوڵێ. بە باوەڕی من دووپات بوونەوە لە شێعرەکانی ماموستا مەولەویدا زیاتر بۆ کەمتەرخەمی سەبارەت بە شێعرەکان دەگەڕێنەوە نەک بێدەسەڵاتی شاعیر. ئەو لەگەڵ ئەو زەینە هوشیار و وزە پەنگاوە بێسنوورەی‌دا، مەخابن زمانی خۆی لە بازنەیەک ئامراز و کەرەستەی زمانی و خەیاڵیدا بەرتەسک کردوەتەوە.وێنە، حاڵەت، وەسف، حەز، عاتیفە، وشە، ودەستەواژەکان، تەنانەت لێکچواندنەوەکانیش، بەرادەیەک هاتوونەتە دووپات بوونەوە کە جەخت لەسەر وەها روانگەیەک ئەکەن. ئەم پەتا نەخوازراوە بوەتە هۆی دووپات کردنەوەی چەند جارەکی و بەکارهێنانی یەک کەرەستە بۆ چەند مەبەست. بەتایبەت بەشێوەیەکی بێدەربەستانە و کەمتەرخەمانە. ئەگینا وەک وترا لە زەکای پڕهازی مەولەوی زیاتر لەوە چاوەڕوانی دەکرێت.

ئەوەش بڵێم کە تەنگەژەی دووپاتکردنەوە هەر لە دێرین زەمانەوە جێگای سەرنج بوە. تەنانەت کەسێکی وەک «هوراس» لەسەر ئەو قەناعەتە بوە کە پێکهات ودەستەواژەی تازە و نوێ پتر لە دووپاتکردنەوە سەرنج ڕاکێشە.

ئەگەر بمانەوێ لەم پێوەندەدا لە نێو دەقی شێعرەکانی مەولەوی‌دا فاکت و نموونە دەسچن و ریز بکەین، هێندە زۆرن کە دەبنە مایەی درێژدادڕی. هەربۆیە بەس بۆ بەڵگە، لەهەر درایڤێک‌دا چەند نموونەیەک ئەخەمە بەرسەرنج:

١ـ ژاری ماری دووری

ئەم موتیڤـە،لای مەولـەوی وەک هـێمای دابـڕان و هـێجران و خولیای پێگەیشتنە. ئێشێکە کـە بـەجاران شـاعیری هەژانـدوە. ئەگەر وەک مەلەکەی زەین سەیر بکرێت ئەوا رەهەندێکیکە بەرەو روو دەبێتەوە.بەڵام کاتێ کار بگاتە ئاستی دووپاتردنەوەی کـاڵ، ئیدی لە مەزەنەی جوانکاری هونەری دەرئەچێت و کەمتەرخـەمی یان بێدەسەڵاتی (کە ئەمـەیان لـە مەولـەوی بـەدوورە) شاعـێر ئەنوێنێ.ئەگینا دووپات بوونەوەی مووتیڤە زەینیەکان، لەخۆیدا نەک هەر خەشهەڵنەگرە، بەڵکوو بانگەشەی جوانکاریـشە. ئـەم وێـنایە لای شاعێرانی کـورد و فـارس نموونـەی زۆرە. لەوانەیـە دووپاتکردنەوەی کـاڵ لای شاعـێرانی نـزم و کـەمئـەزموون زۆر سەرنجبەر نەبێت، بەتایبەت لەروانگەی سەلبیەوە، بـەڵام نـابێ فەرامۆش بکەین کە «مەولەوی تاوەگۆزی» باڵاشـەنگە و هەربـەو رادەیەش چاوەڕوانی لێدەکرێـت. مەولەویـەک کـە لەسـەردەمی خۆیدا سەرتەڵەو بازنەی زەمەن و شوێن ئەپسێنێ و بەسەر دەیان ساڵ شیعری کوردی، بەتایبەت زاراوەی گوراندا سێبەری خەست ئەکات، ئەبێ هەربەو رادەیەش بەوردیەوە سەرنجی بەرهەمەکانی بدرێت و بخرێنە بەر شرۆڤە و خوێندنەوە.پـەروەردەی زمـانی و شێوازی دەربـڕین و زاراوەی کەسـیی مەولـەوی پێویـستیان بـە رامانی زیاتر وشرۆڤە و بەدواداچـوونە.ئەمـەش بۆئـەو بـاوەڕە دەگرێتەوە کە زۆرێک لە خـاوەن رایـانی بەبـەهرە لەسـەر ئـەو باوەڕەن کە چۆن وتنی شاعێر بەبایەختر لە چـی وتنیـەتی.ئـەم بۆچوونە هەرلە ئەرەستۆوە چەکەرەی کردوە و هاتوەتە قونـاغی بوون.ئەرەستوو لای وابوە کە« رەخنە لەسەر شاعیر ئەوەیـە کـە

ئایا ئەو بابەتەی کە مەبەستی بووە باشی دەربڕیوە و چاک پەروەراندوویەتی یان ناء»[3]

ژاری مار و ژاری دەرد، لەو دەستەواژانەن کە بەجاران لە بەرهەمەکانی مەولەوی‌دا دووپات بوونەتەوە. بە تایبەت ئەگەر «ماران گاز» و «گەستەی مار»و « ژاری دووریشی» پێ زیاد بکەین.هەربۆیە بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ «مەولەوی» بۆ مووتیڤ و دەستەواژە تەنگەتاو بوە، یان نادەربەستانە بەم دووپات کردنەوەیە هەستاوە. کەبەڕای من، وەک پێشتریش وتم، ئەم کارانە زیاتر بۆ بێدەربەستی مەولەۆی دەگەڕێنەوە، نەک بێدەسەڵاتی.

☜ بەڵام تۆیچ ئاخر ڕەنجت بەردەبێ
چەند جار ژار مار دووریت وەردەبێ (ل ١٣٦)

☜ تەرک ئینتیزار حەیات کەردەنم
یانێ ژار مار دووری وەردەنم ( ل ١٤٩)

☜ نیگای خوماریت خەمبارم کەردەن
ژار مار دەرد وەدڵدا بەردەن ( ل ٢١٠)

☜ وەش وەتەمای وەسڵ مەزاقت شاد بۆ
ژار مار دەرد دووریت وەیاد بۆ ( ل ٢٤٤)

☜ وەنێش پڕ ئێش ژار مار دەرد
سەراپای ئەعزام لەتار لەتار کەرد ( ٥٢٥)

---

[3] آشنایی با نقد ادبی، دکترعبدالحسین زرین‌کوب، ص ٢٢١

٢ـ گۆشەی مزگی:

☜ وەی وزووو نماز، وەی سیواکەوە
جەگۆشەی مێحراو مزگی پاکەوە

☜ من خەریک ئێش زام جیایی
نیشتەی گوشەی تار مزگی تەنیایی

☜ نیشتەی وشەی تار نمازخانەی دەرد
روو نەپای مێحراو هەناسان سەرد

☜ جەگۆشەی مزگی تەنیایی پڕدەرد
نیشتەبێم خەیاڵ دەرمانم مەکەرد

دووپات بوونەوەی بەجارانی گۆشەی مزگەوت و تێکەڵ کردنی لەگەڵ تەنیایی و دەرد و هەناسەسەردی و دەرمان و دابەزاندنی پەیتاپەیتای بۆ مەبەستی خەیاڵی شاعێر، لە هونەرکاری دوور دەکەونەوە. و خەسارێکن لە تەلاری ئەدەبی مەولەویدا. ئەڵبەت مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر مەولەوی دەستی بۆ چەپکی ئامرازی دیکەش ببردایە ئەدەبی ئێمە هەنووکە خاوەن ئەو چەپکە بەنرخانەش ئەبوو و جوانیەکانی پتر ئەبریسکانەوە. ئەگینا ئەو کارەی مەولەوی ئەگەر لە قەوارە و ئاستی پایەبەرزی ئەودا نەیەنە شرۆڤە کردن، ئەوا وەک بەها و نرخ ئەخوێنرێنەوە.

راستە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی دەور و بەر بۆ کەرەستەی زمانی و پەروەردە کردنی بەرهەمی شیعری کاریگی هونەری و پوزەتیڤن و ماموستا مەولەویش پەروەردەی نێو خانەقا و مزگەوت بووگە و مافی خۆیەتی ئەگەر وەک کەرەستەی بۆ بینا کردنی تەلارەکەی بیانقۆزێتەوە و ئەو کارەش لە خۆیدا

ئەرێنیە، بەڵام باسەکە لێرەدا خۆ پێوە قەتیس کردن و دەس نەبردن بۆ پەسای دیکیە. یان بە واتەیەکی دیکە دووپاتکردنەوەیەکی چەندجارە کە خوێنەر تووشی ماندووبوون ئەکات.

٣- لەچەند شوێندا بەیتەکان دەقاودەق دووپات بوونەتەوە:

لە هەندێ شوێندا ئەبینین کە نیو بەیت یان تەنانەت بەیتەکانیش دەقاودەق وەک خۆیان دووپات بوونەوەتەوە. واتە نیو بەیتێک یان بەیتێک لە چەند پارچە شێعردا دووپات بوەتەوە و وەک خۆی دابەزیوەتەوە. هەرچەند لەوانەیە ئەم هەڵە زەقانە بۆ کەمتەرخەمی ئەو کەسانە بگەڕێتەوە کە دیوانەکەیان نووسیوەتەوە، یان کۆیان کردوەتەوە، بەڵام بەهەر جۆر بێت لە دیوانەکە هاتوون. بۆ نموونە

جە قەتارەی خێڵ دیدەسیاوان

باقی هەوارگەی گەرمیان ئاوان

هەندێ جاریش لە دووپات کردنەوەکاندا تەنیا یەک یان دوو وشە گوڕاون و ناوەرۆک و کاکڵە وەک یەکن. بۆ نموونە سەرنجی ئەم دوو بەیتە بدەن:

☜ دەورێ دەر وەناز وەپیاڵەوە

ژەنگ دڵ وەجام مەی بماڵەوە

☜ دەورێ دەر وەبەزم وەپیاڵەوە

ژەنگ دڵ وەزاخ مەی بماڵەوە

هەربۆیە ئەگەر بێژین ئەکرێ زۆرێک لە شعرەکانی مەولەوی لابەرین بەبێ ئەوەی زیان بە دیوانەکەی بگات، رەنگە وتەیەکی بێمانامان نەدرکاندبێ.

۴ـ مەزموونی دوورکەوتنەوەی دڵ و ئاخێزکردنی بۆلای ئازیز:

دڵ وەلاتەوەن ئامان سەدئامان
ئامۆشۆش کەردەن فرەجار ئامان
چوون وەتام زام دووری سەرشارەن
ویانە مارۆ، بەدەن بێزارەن
هیچ مەدر وەتەنگ ویانەشەوە
پەرێ بەڵەدیم بکیانەشەوە

دڵ دیار نیەن های نەکەردەبۆ
وەخزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ
جەودما من داد وەلای کێ بەروون
نابەڵەد، تەنیا، راچوون بەرکەروون
پای دڵ سفتەی دەرد سەرهەردان سەختەن
وێت یاونەوە، های نەسیم وەختەن
بکیان پەرێ من دڵ ئەو دماوە
وێت وێتئاسایی بشۆ وەڕاوە

ئازیم گەردەن بلوور بێگەرد
ئامانەتی تۆ و دڵەی پڕ جەدەرد
چوون جە زێد وێش بیەن ئاوارە
غەریبەن قەدرش نیگا بدارە

ئاهووی توون دڵ وەبۆی ناف ئاوا
تاربی نە جڵەو گەرمەسێر ماوا

رەم کەرد، مدراوە، دیاوە مەس مەس

پەی هەرد بارگەی تۆگۆمەتەش بەس

هەرچەند ئەلحەق لەم شێعرانەدا لەگەڵ جوانکاریەکی شێعریی باڵادا رووبەڕوو ئەبین و پێویستە پڕبە پێنووس دەسخۆشانە و ئافەرین ئاوقەی شاعێر بکەینەوە، بەڵام باسی من لەسەر ئەویە کە ئەگەر لەبری ئەم دووپات بوونەوەیە ئەگەر دەس بۆ مەزموونێکی دیکە ببرایە ( کە بۆ مەولەوی کارێکی ئاسان بووە) ئاخۆ رادەی ئەو جوانکاریە تا چەندە بوایە!

پێوار بوونی دڵ، ئێستە بەهۆی تۆران و بێزاری و بۆ دیدار چوونەوە بووبێ، یان ناء، لە زەینی شاعێردا پەنگاوەتەوە و بەجاران لە چاوگەی شێعرەکانیەوە قڵوەزەی بەستوە. بەجۆرێک کە ئەم دووپات کردنەوەیە ئەگاتە رادەی زەقی و دووپات کردنەوەی ناوەرۆک. نەمانی دڵ لە ماوای خۆی و چوونی بۆ لای ئازیز، پێش لە مەولەوی، لە لایەن بێسارانیشەوە هاتوە:

دڵەی من پێتەن مەر نمەزانی

مشی وەیانان ئاویر مستانی

کەواتە دڵی شاعیر بەلای خۆیەوە نەماوە و پەڕیوەی لای دڵدارە. ئەویش چ دڵێکی بەکوڵ و هێندە داخ کە ئاورپژینە و بە بوونی ئەو چ پێویست بە ئاورخواستن لە ماڵان نیە.

٥- دووپات کردنەوەی دەقاودەقی نیوەدێڕ یان تای فەرد، لە چەند فەرددا:

☜ هەر وەزۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
پڕ کەر جامەکەت دەخیلم ساقی

☜ هەر وەزۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن هانا هەی ساقی

ب : وێناندن و تەشبیه کردن:

لە وێناندن و تەشبیه کردن‌دا، لە «تەرکیب»ەکاندا، زۆر جار لێکچوویەک بە دەیان جار بۆ لێکچواوەکان دووپات ئەکرێتەوە. یان بە پێچەوانەکەیەوە.ئەم کارە دەبێتە هۆی زەقکاری و لە بەخاڵ و مێڵ ڕەژراوی ێیکهاتەکان کەم ئەکاتەوە و زەین بەرەو یەکچوویی دەگلێنێ. ئەگەر بمانەوێ لەم پێوەندیەش‌دا نموونە و فاکت دەستەبەندی بکەین، دەسمان ئاوەڵا و فاکت زۆرە.هەربۆیە بۆ بەرگریکردن لە درێژدادڕی تەنیا بە چەند نموونەیەک بەسەندە ئەکرێت.

☜ شکۆفەی پیری - باخچەی پیری - زەنجیری پیری و ...

☜ خارخەم -دەرگای خەم - تام خەم -زەهرخەم -سونگ‌خەم - بنەک‌دارخەم - ریشەی‌خەم - باڵای‌خەم - قازانی‌خەم - کاڵای‌خەم و...

☜ خاشاک هەستی - پووشەکەی هەستی - مەزرەعەی هەستی - دەرگای هەستی - دەروازەی هەستی - هەرگاوهەستی و ...

☜ ئـێش دووری ـ دەرد دووری ـ ژاردووری ـ شـنۆی دووری ـ تانەیدووری ـ دوەی دووری ـ ئـاهیردووری ـ ئەساسـەی دووری و...

☜ کەواودڵ ـ مۆبەتسەرای دڵ ـ یانەی دڵ ـ ئاهووی توون دڵ ـ وێرانەی دڵ ـ ریشەی دڵ و ...

☜ تۆشەی چەم ـ باڵەخانەی چەم ـ رۆشنی چەم ـ سەیل چەم و ...

☜ کـوورەی مـەیل ـ کـوورەی دەروون ـ کـوورەی جەسـتە ـ کوورەی نارو ...

☜ زایەڵەی سینە ـ زایەڵـەی سـەمتوور ـ زایەڵـەی گـەرم ـ زایەڵەی موشکۆڵ و ...

☜ ئەلوەدای گیان ـ ئەلوەدای سەحەر ـ ئەلوەدای ئاخر و ...

ج : دووپاتبوونەوەی سەروا

سەروا، لە دەقەکانی مەولەویدا گەڕێکی پڕ ئەرێنیان هەیە و بە سەرنجەوە کەوتوونەتە خزمەتی مۆسیقا و کێشەوە. بەڵام هەندێ لە بەیتەکان لە دیوانەکەدا زۆر دووپات بوونەتەوە. تەنانەت لـە یەک پارچە شێعردا. ئەڵبـەت دووپاتبوونـەوەی سـەرواکان لـە گشتێنەی دیوانەکەدا رەنگە هێندە جێگـای لۆمـە نـەبێت، بـەڵام دووپات بوونەوەی سەروا لە یەک پارچە شێعردا جێگای سەرنجە. لە بەرهەمەکانی مەولەویشدا زۆرجار ئـەم دووپـات بوونەوەیـە بەرچاوە دەکەوێت. بۆ نموونە :

« خەم ـ چەم» ـ « تەرز ـ بەرز » ـ « مەهجووری ـ دووری » ـ
« کەرد ـ بەرد » ـ « دڵ ـ چڵ » ـ « دڵ ـ گوڵ » ـ « دەرد ـ گەرد » ـ
« پاڵا ـ باڵا» و.........

تەنانـــەت هەنـــدێجاریش ســـەرواکان شـــێوێنراون و یـــەک ناگرنەوە:

چوون رەنگ کەرۆ زام تازە زامانم
ئاو مزۆ ئەو دمم کۆنە زامانم

یان:

سەنگی بار تاوان زۆر کەردەن
پیری بەد نامەن قامەت خەم کەردەن

د : چەپکێ کەمتەرخەمی ئەدەبی کە بوونەتە مایەی زەقنوێنی وردبوونەوە لە شێعرەکانی مەولەوی بۆمـان بـەدیار ئـەخات هەندێجار بە شێوەیەکی نەخوازە، دابەزینی هەندێ وشە بوونەتە مایەی قەرەت بوونی بینا ئەدەبیەکەی شاعـێر. ئەمـەش پتـر بـۆ بایەخ دانی زۆر بە کێش و سەروا دەگەڕێتەوە. یان بگرە راهـاتن و (اعتیاد)ی زەینی بووبێتە مایەی ئەو جۆرە رووداوانە. ئەگـەر لـە روانگەی جێنشینی وشـەکانەوە سـەرنجی ئـەو کارانـە بدرێـت، بـەدیارتر ئەکەوێـت کـە دابـەزینی وشـەی دیکـە لـەبری ئـەو وشانە،ئەیتوانی کارەکە پتەوتر و جوانخاس‌تر بکات. بۆ وێنە:

١ـ دابەزاندنی وشەی هاومانا لەپاڵ یەکدا. بە جۆرێک ئەگەر نەبنە مایەی قەرەتی، پیـشاندەری چ جوانکاریـەکیش نـین. ریـز کردنیان وەک وتـر بـۆ هۆکـاری هاوکێـشی و ریتمـی بەیتـەکان دەگەڕێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە کارانـە لـە ئـەدەبی فارسـی و

کوردی هەن. بەڵام هـەبوونیان نابـێتە هـۆی جوانکـاری بینـای ئەدەبی. هەرچەند ئێمە دەبێ سەرنج بدەینە تایبەتیەکانی زوان و جیاوازیەکانی شێوازی کەسیی.

☜ ئارەزوومەندیم جەحەد ویەردەن

فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن

کـە « فـراوان » و « خـەیلێ » هـەر یـەک مانـا ئـەدەن و کۆکردنەوەیان قسەیەکی بۆ کردن نیە. بە تایبەت لەم بەیتەدا.
کە ئەڵێم گلێر کردنەوەی ئـەو دوو وشـەیە لـە بـەر کـێش و موسیقایە، نموونەی تریـشمان هـەر لـەو دیوانـە بەنرخەکـەی ماموستادا لەبەردەستە:

ئامان هەی ئازیز شای نەونەمامان

گلەم هەن جە تو خەیلێ فراوان

وەک دیارە لێرەدا جێگای «فراوان» و «خـەیلێ» دێتـە گـۆڕان. ئەمەش بۆ خزمەت بە موسیقای شیعرەکەیە و ڕێکخستنی سـەروا. نموونەی ئەم جورە کارانە لە دیوانەکەدا بەرچـاو ئەکـەون .وەک لە وتاری ئاماژە پێدراودا هەندێکیانم پولێن کردوە

☜ قاڵبم بێڕۆح ئەروام نەمەندەن

من دان حەیات زیندەگیم کەندەن

« ڕۆح » و« ئەروا »، یەک مانایان هەیە. ئەروا بەکوردی کراوی ڕۆحە.دیارە کە لاشە بێ ڕۆح بوو ئەرواش نامێنێ و چ پێویست بە دووبارە کردنەوە نیە.

☜ شەمع بەزمەکەی مەهجووری و دووری
میعمار ئەساس پایەی سەبووری

« مەهجووری » و « دووری » هەریەک مانا ئەدەن. بەڵام مەهجووری عەرەبی و دووری، کوردی و فارسیە.

☜ ناڵا و گرەواو خولیاوەو خول وەرد
جەو بووڵ دەردا وێش سامان سا کەرد
ئیسە بووڵ دەرد کەرۆ وەسەردا
دەک سڵامەت بی چیت ئی خەبەر دا

یەکەم : « خولیاوە » و « خول وەرد » هەریەک مانا ئەدەن. هەرچەند دوور نیە لێرە مەبەست بەسۆزی پتر و خولیایی توندتر بووبێت کە ئەکرێ وەک جوانکاریەکیش لێک بدرێتەوە.
دووهەم : لە دوو بەیتی پەیتادا « بووڵ دەرد » دووپات کراوەتەوە. کە زەقە.

☜ پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم
وای نیستی فەنا بەرۆش پەی عەدەم

« نیستی » و « فەنا » و « عەدەم » هاومانان. کەبای نیستی پووشی هەستی برد، دیارە بۆ کوێی ئەبات و چ پێویست بە دابەزاندنی ئەو وشانەی‌تر نیە.
پێویستە بڵێم کە لە زۆر شوێندا دووپات بوونەوەی واژەکان زۆر هونەری و پڕ جوانکارین. بۆ نموونە:

سا پێمدەر دەی دەی، پەی پەی، نەو مەی مەی
لەتایف مەرتم یەکسەر بکەر خەی
یان:
سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس
گوڵان جام وە دەس بولبولان سەرمەس
یان:
رمم کەرد، مدراوە، دیاوە مەس مەس
پەی هەرد بارگەی تۆ گومەتەش بەس

٢ـ لە فەردی:
☜ وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر
مەست بوو تا مەحشەر سەر باروو ئەو بەر

« قەترەی » نادرووستە و خوێندنەوەی من « قەترەش » دروستە.هەرچەند مامۆستا مەولەوی لە شێعرە هەورامیەکانیدا سەرنجێکی ئەوتۆی بە رێزمان و دەستووری زاراوەکە نەداوە، بەڵام ئەم وشەیە ئێجگار زەقە و وەک نموونەیەک لە هاوشێوەکانی پێویست بە ئاماژە پێکردنە.

لە هەندێ شوێنیشدا ئەو بابەتە رچاو کراوە و رێزمانەکە سەۆنجی پێدراو.

دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جەهوون
شەقڵش ها نە رووی گەرد رای دەروون

لێرەدا نەوتراوە شەقڵی، بەڵکوو «ش» لە جێگای خۆیدا دابەزیوە و درووستە.

٣

- لە شێعری:

☜دڵ دیار نیەن های نەکەردەبۆ
وەخزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ

ئەگەر بە پێی خوێندنەوەی سەردەم بێژین : وشەی «تەشریف» لە جێگای خۆیدا دانەبەزیوە. چوونکوو ئەوە دڵە کە بۆ خزمەت ئازیز ئەچێت. کەواتە پلە و پایە و کەسایەتی دڵ، لە هی ئازیز نزمترە. ئەمەش بە دەنگاژی[4] خزمەتەوە بەدیار ئەکەوێت.تەشریف بۆ کەسایەتی بەرزتر و پیرۆزتر دێت. هەر بۆی دڵ، نابێ تەشریف بەرێت، بەڵکوو دەبێ تا گەیشتن بە ئازیز بە ئاخیز و بە تاسە و بە پەرۆشەوە بەرەو رووی بچێت. پێم وایە وشەی تەشریف لە پڕێکدا دابەزیوە . تەشریف دالێکە بۆ بانگچڕی ( پایەبەرزی و ئازیزی و رێزداری و ...). کە ئەڵێین گوڵاڵە چوو یان گوڵاڵە تەشریفی برد، بە هەرکام لە دالەکانەوە مانای تایبەت هەیە.مەخابن مەولەوی لەو شێعرەیدا ئەوەی رچاو نەکردوە.

بەڵام لە چەند شوێنیتردا وشەی تەشریف لە جێگای خۆی دابەزیوە:

☜ئازیز تۆ هەرچندّ بێمەیلی کەردی
وەبێ من تەشریف ئەو حزوور بەردی

---

4 ـــ دەنگاژ : دال

☜ خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوور بێ
یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ
خاس بێ تەشریفت هەم ئاوەردەوە
گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە

٤ ـ لە شێعری:
یەکەم:
نام نەسەرزوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم

لەتایبەتیەکانی شێعری مەولەوی ئەوەیە کە بە جۆرێک لە گەل وشەدا گەمە ئەکات و لە رەهەندی «هاونشینیدا» بە جۆرێک وشەکان لە پاڵ یەکدا ئەچنێت کە گومان و وەسوەسەی زۆر لای بەردەنگی چالاک درووست ئەکات.ئەمەش لە کارە هونەریە بەرزەکانی ماموستای هێژا مەولەویە. هەر لەم دێرەدا ئەکرێ راوەستە لە سەر « گەردەن خیاڵ» بکرێت و بە وەردانەوەی ئەم پێکهاتە( ئەڵبەت ئەگەر بە خوێندنەوەیەک وەک پێکهات سەیری بکەین»، چەند خوێندنەوەمان لەسەر شێعرەکە هەبێت.

یەکەم ئەگەر «گەرد» بە جیا بخوێنینەوە و مانا سەرەکیەکەی کە بۆ هەر خوێنەرێکی تەنانەت تەمەڵ و ئاساییش لە یەکەم نیگادا خۆی بەدەستەوە ئەدات، بە تەپ و تۆز و گەردی خاک ، کە لە دیوێکیترەوە وەک مزاحیم و ناحەز و نابەدڵە، بخوێنینەوە، مەبەستی ماموستا ئەوە بووە کە بە کەسی موخاتیبی خۆی بڵێت:یاد و بیر و بوونی من لای ئازیز ئەوەندە قەڵس و نابەدڵە

کــە تەنانــەت نــاوبردنی زاری شــیرینی ئــەو تــاڵ ئــەکات و یادکردنەوەشی وەک گەردێکی ناحەز بەسەر خاتریەوە ئەنیشێ.

ئەمەش ئەوپەڕی ناسک خەیاڵی شاعیر پیشان ئەدات.کـارێکی هونەریــە و شــاعیرانە داڕێــژراوە. بــەڵام ئــەکرێ لــە خوێندنەوەیەکیتردا « گەردەن خیاڵ» بە لەونێکی دیکە بخەینە بەر سەرنج:

نام نەسەرزوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش، گەردەن خەیاڵم

ئەگەر بەمشێوەیە بێـت ئــەوا پێکهـاتی گــەردەن خــەیاڵ زۆر ناقڵۆکارە و لە بازنەی ناوسیاو سڕینەوەشدا جێگـای نابێتــەوە. دیارە ئەگەر وەها بێت ئەکرێ بێژین کە خوێندنەوەکەی ماموسـتا مودەڕیسیش لە جێگای خۆیدا نیــە. لــە وەهــا خوێندنەوەیەکـدا ئەکرێ بێژین کە خەیاڵ تەنیا لەبەر ڕێککەوتنە و هاوسەروا بوون لەگەل تاڵدا هاتوە.

دووهەم:
تەپ و دووی دووکەڵ هەناسەت بەرز بۆ
ناڵەت جە ناڵەم جە هەزار تەرز بۆ

لەم بەیتەشدا هەر وەک ئەوەی پێـشوو، هونــەرکاریی شـاعێر جەرجەستەیە. بەتایبەت ئەگەر لەسەر « هەناسـەت بــەرز بــۆ » ڕاوەستە بکەین. ئەگەر واژەی «بەرز» بــۆ تــەپ و دووی دووکـەڵ بگەڕێتەوە، ئەوا ئەبێتە دوعای شەڕ و نفرینێکی ڕقاوی کە شـاعیر

ئاراستەی بەرانبەری ئەکات.ئەمەش ساناترین مانایە کە لە یەکەم چاوپێخشاندندا خۆی بە دەستەوە ئەدات و بەدیار ئەکەوێت. بەڵام وەک پێشتریش وتم؛ شێعرەکانی مەولەوی زۆر جار بەجۆرێکن کە خوێنەر ناچار ئەکەن تا راوەستەی زیاتریان لەسەر بکات و گوشەنیگاکان بۆ خوێندنەوەیان چڕتر بەسەرنج بکات. تەنانەت ئەگەر ئەو خوێندنەوانەش بۆ خوێنەری عادەتکردوو جۆرێک تووڕبوونی پێوە بێت بەڵام ئەوە خودی دارشتنی شێعرەکانە کە خوێنەر ناچار ئەکات تا بەوەها سەرنجدانێک هەستێ. ئەمەش بۆ بەرزی شێعرەکان و چەند واتایی بوونیان ئەگەڕێتەوە نەک وێرانکردنیان!!

ئەگەر لەم بەیتەشدا وەهای بخوێنینەوە کە « هەناسە بەرز» یەک پێکهاتە و لە برگەی تەپ و دووی دووکەڵ بە جیایە، ئەوا جۆری بۆچوون و واتاکردنەوەکەش ئەگۆڕێت.

تەپ و دووی دووکەڵ، هەناسەت بەرز بۆ
ناڵەت جە ناڵەم جە هەزار تەرز بۆ

لە وەها گۆشە نیگایەکەوە ئەکرێ بێژین کە بەرز لەوانەیە بە مانای توووند بوون و گیران هاتبێت و بە واتایەکیتر هەمان« هەناسەسواری» خۆماڵیانەی لای خۆمان بێت.ئەویش کاتێکە کە مرۆڤ دووچاری تەنگەژەی نەفەسدان و تەنگی نەفەس ئەبێت و هەست بە خنکان ئەکات.ئەو ناڵە و هاوارەش کە دۆعای بۆ کراوە لە هەزار تەرز بێت، وەها گوشەنیگایەک بە سەرنجتڕ ئەکات.چوونکوو ناڵە و نکە پاش گیران نەفەس و هەناسەسواری بەدەنگ دێت. بەتایبەت ئەگەر سەرنجی تەپەدووکەڵی « تەپ و

دووی دووکەڵ» بدەین کە لەوانیە هۆکاری تەنگەفەسیەکە بێت و ئەمەش هۆکارێکیترە بۆ وەها خوێندنەوەیەک کە بەرباسە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە مامۆستا مەولەوی لەو شێعرەدا نەگوتوە: « تەپ و دوو دووکەڵو هەناسەیت بەرز بۆ» ئەگەر وەها بوایە ئەوا کارەکە یەک رەهەندی و یەک واتایی ئەکرا و کارێکی هونەریی کە شیاوی باسکردن و راوەستە کردن بێت بەدەستەوە نەئەدرا. بەڵام مامۆستا مەولەوی ئەو شێعرەی بەجۆرێک داڕشتوە کە وەسواسەی چەند واتایی بوونی، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی راکێش بکات. جۆری داڕشتنەکەی مامۆستا مەولەوی بە جۆرێکە کە ئەکریٚ ئەگەری ئەوەمان لا درووست بێت کە « تەپ و دووی دووکەڵ» بە تەنیا بخوێنینەوە و وەک دیمەنێکی ترسێنەری نێو دونیای شێعرەکە سەیری بکەین.

نموونەی ئەو کارە هونەریانەی مەولەوی کە وەک وتم بە جۆرێک وشەکان دەچنێت کە باری چەند واتایی بەشێعرەکانی ببەخشێت، لە دیوانەکەیدا زۆرە.بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم بەیتە بدەین؛

نەیچی سالێدەر قەزات وەماڵم
دەمیٚ دەر جە نەی دەروون زووخاڵم

ئەگەر دەروون زووخاڵ بۆ خودی شاعیر بێت ئەوا ماناکەی دیارە و هەر خوێنەرێک لە یەکەم نیگادا ئەم مانایە بۆ دەر ئەکەوێت. بەڵام ئەگەر وردتر و چالاکانەتر سەرنج بدەین، گومانی ئەوە دەمانگرێت کە بپرسین ئاخۆ دەروون زووخاڵ بۆ نەی ناگەڕێتەوە؟ واتە شاعیر نایهەوێت بڵێت کە نەیچی قەزات لە ماڵم

بکەوێت، دادەی دەمێک لە نەیەکە بدە( ئەو نەیەی کە دروونی زووخاڵە؟!).

د ــ بازنەی وشەکان:

ئەگەر بڵێن هێنانی زۆر وشەی عەرەبی و فارسی و یەکجار کەم وشەی هەورامی ( لە حاڵێکدا شێعرەکان بە هەورامی هاتوونەتە نڤیسان) لە تایبەتیەکانی مەولەوین و لە شێعری کلاسیکی کوردیشدا باو بووگن، زۆر جیگای توانج نین،بەڵام بگرە لە ئەدەبی گۆڕاندا شاعێرێکیترمان نەبێت کە بە قەد مەولەوی پەنای بۆ وشەی بیانی بردبێت.لە گەڵ ئەوەشدا ئەبینین کە مامۆستا مەولەوی لە بازنەی چەپکێ وشەدا گیری کردوە و ئەمەش بوەتە هۆ تا بەجاران دووپاتیان بکاتەوە. بگرە دەستەبەندی کردن و سەرژمێر کردنی وشەکان بتوانێ لەو پێوەندەدا پتر بئاخفێ.

ئەم وشانە کە ئاماژەیان پێئەکرێت، لەو وشەگەلەن کە بەجاران دووپات و چەندبارە بوونەتەوە:

فەنا ــ پووش ــ چەم ــ هیجران ــ دەرد ــ دووری ــ پێشە ــ گێج و گێجاو ــدیدە ــ گیان ــ دڵ ــ را ــ نەسیم ــدیای ــ سوبح ــ نەی ــ دەروێش ــ دەروون ــ کاو ــهەرد ــ خەیاڵ ــ شەماڵ ــ ئاخ و داخ ــ چەرخ و چەپگەرد ــ گەردن ــ رێش ــ مەنزڵ ــ جەم ــ بەزم ــ نامە ــ مار ــ قیامەت ــ مەی ــ مەزە ــ پیاڵە ــ جەستە ــ خەستە ــ خێڵ ــ کۆچ ــ خاک ــ بادە ــ مەرگ ــ ناسۆر ــ سەیل ــ لافاو ــ دوو ــهەناسە و ...

هـ ـ بە باوەڕی من پارچە شێعری :

☜ ئاخ چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخداریٚ
چوون من خاترخار، خەمبار، داخداریٚ

ئـەو پارچـە شـێعرەی کـە بـەم رسـتەیە دەسـپێئەکات، لـە دیوانەکەی‌دا هاتوە، لە هی مەولەوی ناچێت. ئەم بۆچوونەشم لە ژێر کاریگەژی چەند فاکتدایە:

یەکەم : لەحن و ریتمی شێعرەکە لە نێو دیوانەکەدا دەگمەنـە و لە پارچەکانی‌تردا دەس ناکەوێت.

دووهەم : زمان لەم شێعرەدا قورسە. وەک غەزەلەکانی دیکـە، رەوان و سوار نیە.

سێهەم : هاتنی هەندیٚ وشـەی وەک : « بـشیامیٚ ـ مانمـان ـ مەن»، کە لە دیوانەکەدا هاوشێوەیان نیە و دووپات نەبوونەتەوە.

ئەم هۆکارانە شکی ئەوەمان لا درووست ئەکـەن کـە شـیمانەی ئەوە بکەین کە ئەم پارچە شێعرە لە هی مەولـەوی نەچـێت و بـە هەڵە کەوتبێتە نێو دیوانەکەی.

لە کۆتایی‌دا و بەکورتی ئەکریٚ بێژین کە مامۆستا مەولەوی لە بەرهەمەکانی‌دا دووچاریٚ هەندیٚ کەمتەرخەمی بـوە کـەبوونەتـە مایەی قەرەتی کارەکەی. بەڵام لە پلەوپایەی ئـەو شاعـێرە کـەم ناکەنەوە . بەڵکوو دەبیٚ وەک ئەزموون تەماشـایان بکرێـت. بـە باوەڕی من ئەم بابەتانە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕەێنەوە کە ماموسـتا مەولەوی زیاتر لە موناسبە، یان وەک نامە، شێعری نووسیوە. بۆ خۆشی دیوانەکەی خۆی کۆنەکردوەتەوە و پێداچوونەوەی لەسەر نەکردوە-تا بژاری بکات. ئەگینا توانا و زەکای مەولـەوی جێگـای

باس و گومان نیە و کە توانج لە باڵادەستیەکەی ناگرێت. یان لانیکەم من نامهەوێ وەها بکەم.

ژێدەر و سەرچاوە:

(ترازدی قدرت در شاهنامه - مستەفا رەحیمی)

آشنایی با نقد ادبی، دکتر عبدالحسین زرین‌کوب،

نموونەی شیعرەکانم لە ناو دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و شرح کردنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس گرتوە.

# سیمفۆنیایەك بۆ هەورامان

نوسینی: محەمەد عەبدە ئەمین

کاتێـك منـیش وەك هـەموو کـوردێکی خاسێژدۆسـت دەسـتمکرد بـە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی مەولەویی مەزن هێندەی پێنەچوو هۆگریان بووم و بوونە خولیـای جوا نخـوازیی بـیرو هەست و دەروونم. لەسـەرەتادا دەمویـست کەنارە و کەنار تەنکارەکانی گۆمی فراوانی هۆنراوەکانی تەییکەم و کەموزۆر چەشە لە هۆنراوەکانی وەربگرم و خۆم لەقـەرەی فرەلایەنییـەکانیان نـەدەم. بەلاّم تەنکاوی چی! هەر دەستمکرد بە چوونە نـاوی بینـیم کـەنارەکانی وەك ناوەراستەکەی قولّ وبێ ین بوون، ئیتر مـن هێـدی بـەبێ ئـەوەی لەشـوێنێکدا بگیرسێمەوە خلیسکامە ناو ئەو دەیایەوە و ئەرمە شە پۆلی یەك لـەدوای یـەکی هونـەری رەوانبێـژی رایدە پیـچامە نـاو کـۆری ئەرمەئاهـەنگی پـر پەنـد و ەزمـوونی جۆراوجـۆری ژیانـەوە. زمـانێکی هـۆنراوەیی سوك و ئاسـان،واتـای چـرو پر، مەبەسـتی رون و بێگـرێ، کـێش و ترپـەی نـەرم و ئاهەنگـدار خوتووکـەی هەسـتە ئامادەکانمیـان دەدا و تامـەزرۆیی دەدانـێ بـەروە رۆچـوونێکی قـولتر و چەشـەوەرگرتنێکی مـەزەدارتر. لـەو رێرەوەمـدا دەمـدی مەولەوی هەرگیز بۆی نەکراوە نەبێژێت، هەرگیز بۆی نەکراوە نەبەخشێت.

بێگومان لێکۆڵینەوە لـە هۆنراوەکـانی مـەلا عەبـدولرەحیمی تـاوەگۆزیی پایەبـەرزدا نـە بـە تاکـە یـەك کـەس، نـە لەیـەك دەرفـەت و نـە لەیـەك لایەنیاندا تەواو دەبێت. بۆیە بریارمدا دەربارەی یەك لەو لایەنە بێهاوتـا و

هونەرییانەی ئەو هۆنەرە و ئەو پیرۆزیرە بلیمەتە بدوێم، کەئەوەش لایەنی مۆیقاسازییە لە دێڕ و وشە و پیتەکانی ناو هۆنراوەکانی و ڕەنگ دانەوەی لەلای ئێمەی خوێنەران و گوێلێگران.

لەسەرەتادا پاش خوێندنەوەی ڕیز ڕیز دوای ڕیزی هۆنراوەکانی کەوتمە خولیای ئەوەی کە بۆچی ئەو هۆنراوانە لە رووی ئاوازداری و مۆسیقاسازییەوە تارادەیەك یەك شێوەیی و هاوڕەزمییان پێوە دیاربوو؟ ئەوە بەلامەوە نامۆ بووو کە ئەو هۆنەرە مەزنە هەرتەنیا بە بەهرەمەندێتی خۆڕسکیی خۆی هۆناروەی وتبێت و هەر لەبەربوورە پەیی بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان بردبێت، چونکە بەکارهێنانی ئەو هونەرانە لەو ڕادە بەرزەدا پێچەوانەی ئەوەی پێدەوەتم. هەتا دەهات ئەوەم بۆ دەردەکەوت کە مەولەوی سەرەڕای بەهرەمەندییە خۆڕسکییەکەی شارەزایی زانستیانە و ڕۆشنبیرانەی لە هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا هەبووە. بەلام سەبارەت بە ئاوازداری و مۆسیقاسازی پرسیارەکەم لەلا هەر بەبێ وەلام مایەوە تا گەیشتمە خوێندنەوەی ئەوچامەیەی کە وەلامی نامەکەی یان چامەکەی هۆنەری ناودارمان ( ئەحمەد بەگی کۆماسی )ی پێدەداتەوە، کە لە هۆرامانەوە بۆی ناردبوو، ئیتر لەوێدا هەوری پرسیارەکەم ڕەوییەوە و تێگەیشتم لەوەی پێویستبوونی ئاوازداری و مۆسیقاسازی لەلای مەولەوی لە چ ئاستێکی پلە بەرزدا بووە، نەك پلەبەرز بەڵکو لە چ ڕاددەیەکی بێهاوتاییدا بووە. بۆیەش دەڵێم بێهاوتایی چونکە باوەڕناکەم هیچ هۆنەرێکی تر، نەك لەناو کورددا بەڵکو لەهەموو جیهاندا بۆنە و مەبەست و شێوازی دەربڕینی بەو شێوە جوان و شۆخە تێکەڵ بەیەکتر کردبێت. چۆنیەتی ڕوودانی ئەوەش ئەوەیە وا لە خوارەوە لێی دەدوێم، وەك نووسەری بەڕێز مەلا عبدالکریمی موددەڕیس دەیگێڕێتەوە کە :

ئەحمەدبەگی کۆماسی لە هۆرامان دەبێت. شاییەکی گەورە و گەلێك خۆشی تیادا دەگێڕدرێت، بە بەزم و ڕەزمی ڕشبەڵەك ئەو شاییە گەرم دەکرێت. ئەمەندە خۆشدەبێت خانۆی کۆماسی بەچامەیەك ئەو شاییە لێدووەدەکات و دەینێرێت بۆ مەولەوی. ئەحمەد بەگ لەو خۆشی و شادییەدا هاوڕێ دێرینەکەی دێتەوەیاد و خۆزگەی ئەوە دەخوازێت ئەویش لەوێ بووایە. لێرەدا من سووسەی ئەوە دەکەم خانۆی کۆماسی ویستوویەتی هەستی ناسك و دڵتەڕیی مەولەوی بهەژێنێت و بۆ وتنی هۆنراوەیەکی شایان و شیاو بەو بەزمورەزمە بجوڵێنێت و زانیویشێتی ئاواتەکەی دێتەدی.

جا وەلامەککەی مەولەوی مەزنمان بۆ ئەحمەد بەگی هاوڕێی لە سێ بەشدا لەڕووی مۆسیقاسازییەوە خۆی پیشاندەدات. بەشی یەکەمی کە بریتییە لە دوو دێڕ هۆنراوە، تیایاندا بە تاسەیەکی گڕسەندووەوە خۆشوازی لەنامە شیرینەکەی دەکات و بەمۆسیقاسازیەکی ژیلەمۆییەوە دەفەرموێت:

نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد
کلپەی بڵێسەی کوورەم زیباد کەرد
دەلالەت جۆشۆ چۆن ڕۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نزم بەزمی پڕشادی

لەبەشی دووەمی هۆنراوەکەدا دەکەوێتە لێدووەی شایی و ڕەشبەڵەکی هۆرامان و دێژترین بەشی هۆنراوەکەیە. ئالەم بەشەدا زرنگەی وشە و خرنگەی پیتە پڕساز و ئاوازەکانیان وەك سیمفۆنیایەکی پایەبەرز و بێهاوتا بەرگوێ دەکەون. وشەو پیتەکانی ناو دێڕی هۆنراوەکانی بە

شێوەیەك داوەتە پاڵ یەك زیلە و زایەڵەیان هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ دەدەن بەگوێی خوێنەر و گوێلێگردا هەستدەکرێت لەناو گەرمەی ڕەشبەڵەکێکی پڕ لە ڕەنگ و باقوبریق و بەزموڕەزمی موسیقایەکی مەزنی کەم هاوتادا خۆیان هاوبەشی دەکەن. ئا ئەمەیە پێی دەوترێت سیمفۆنیا. هەرجارێك ئەم چامەیە دەخوێندمەوە، کە لە خوێندنەوەی هەرگیز هیلاك نابم، جار دوای جار دڵنیاتر دەبم لەوەی ئەگەر مەولەوی مەزیکژەنێك بوایە سیمفۆنیاکانی لەوانەی بیتهوڤن و مۆزارت و ئەوانی تر کەمتر نەدەبوون، ئەگەر بەرزتر نەبوونایە.

ئینجا فەرموون با پێکەوە گوێ لەبەشی دووهەمی ئەو چامە زێرینە بگرین کاتێك ئەو مرۆڤە زرنگە، ئەو هۆنەرە گوێ سووکە، ئەو چاوتیژە و ئەو زمانپاراوە گەوهەرەکانی ئەو ڕەشبەڵەکەی هۆرامان دەهۆنێتەوە:

سەدای لاو هەی لاو زرەی زەڕ زنجیر
سلسلە و بانیسەر بەنزڕی ولاکیر
زیلەی گوارە و زرەنگەی زنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق زەرق بەرق، فەرق زەڕکلاو
ورشە و پرشەی خووی کوڵم بۆ گولاو
شەقە و تەقەی گەرم، چاپڵە و چیلەی نەرم
چریکەی وەناز، تریکەی وەشەرم
سەمای دەسمالان، ڕەمای نەوهالان

نەمای مەلالان، نمای وەشحالاَن
چفەی گەردن کەچ مەرگی من چێش واچ
خاین وەخەفەت نەزان جگەرپاچ
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم پە نجەوشاران
شاخەو شریخەی خخشڵ نیمە ڕەنگ
فرەی فۆتەی شۆڕ پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشە و خشپەی خاس، تر پەی پە نجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت گریشمەی بێ خەوش
وە لیمۆی ئالاَی کالاَی بالاَی شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ
خەمیاو چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجەوان واچان
شاباش شادی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان

لەبەشی سێهەمی چامەکەیدا کاتێک ئیتر ڕمبەی هەڵپەڕکێ و ڕەزمی مۆسیقا پێویستیی پێنامێنێت مەولەوی ساز و ئاوازەکە خامۆش و پڕ سۆز دەکات و ئاوازدارییەکی تر دەداتە ئەو دێرە ئاخوئۆفاویانەی کۆتایی چامە زێرینەکەیی پێ دەهێنێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەفەرموێت:

یاران یاوەران های دەردەداران
بەیدێ بکەردێ من سەنگەباران
جە نەحسی تاڵە و جە بەدئیقبالیم
هەرکۆ فرسەتەن من یاگە خاڵیم
رووی ئەو شیوەنان دەی ئەجەل بووریٚ
ئەوبەزم شیرین مایەی هەر شووریٚ
تا وەرەنگ زەرد چوون خەزانەوە
سیم ساف هەرس کەسنەزانەوە
هەرلاییٚ بادەی شەوقیوەم وەرد
یەکسەر سەر چون گیان شاباشم کەردا
خاڵۆ گیان ئامان پەی ئەونەمامان
گیان دان وە مۆبەت پەی مەعدووم ئامان

وەك گوێتانلێبوو مەولەوی بە توانای بەرزی، بەلێزانینی وەستایانەی و هونەرمەندێتیی شارەزایانەی چ مۆسیقایەکی پڕ ئاهەنگ و بەزم و ڕەزماویی ئالآندووەتە بۆنە و مەبەست، و بە هەرکەسێکیان چ شێوازێکی دەربڕینیان لە کەشکەلانی هۆنراوەبێژیدا پێکهێناوە.

ئێستا لە کۆتاییدا پێم باشە کە بلێم هیچ کام لە هۆنراوە و چامەکانی ئەو هۆنەرە ڕێزدار و بە شکۆیەمان ناونیشانی پێوە نییە، بۆیە ڕێگەم بە خۆم دا ئەو چامە زێرینە گەوهەردارەی ناوبنێم (سیمفۆنیایەك بۆ هۆرامان). هیوادارم ئەوانی تریشی هەریەکەیان ناوێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

هەزار سڵاو لە گیانی پاك و زیندووی ئەو هۆنەرە مەزنەمان، مەولەوی خۆشەویست و پیرۆز.

# مەولەوی و بنەماڵەکانی عیلم و زانست

## کورتە باسێك لە چەند رووداوێکی ژیانی مەولەوی و چەند بەرهەمی بڵاونەکراوەی

ئەگەر بە مێژوی ئەدەبی کوردیدا چاوێک بخشێنین دەبینین بەشێکی زۆری ئەم مێژوە ڕوون نیە هەڵبەت تا زەمانێک کە پاشماوەی زانایانی کورد لە تاریکی سوچی ماڵاندایە و لە ناوەندێکا خڕ نەکراوەتەوە. ئەو تارییکیە ڕوون نابێتەوە. یەکێ لەو کەسانەی کە لە بناغەکانی شێعری کلاسیکی کوردی ئەژمێری سەید عەبدوالرەحیمی تاوەگوێزیە. کە هەر چەند بەرهەمی شیا و گرنگی لێ بەجێ ماوە و ئەمڕۆ لە بەر دەستی ئێمەدایە بەڵام بەشێکی زۆر لە ژیان و شێعرەکانی ئەمڕۆ لە ئێمە ونە و ئاگاداریمان بە سەریدا نیە. ئێمە چون دەتوانین ئاگاهی و زانستی خۆمان بە سەر ژیان و بەرهەمی زانایانمان زیاد بکەین؟ بێ گۆمان ئەم پرسیارە یەک وڵامی هەیە ئەوەش گەڕان بە ناوچاوەکانی کوردستان و بە تایبەت بە بنەماڵەکانی عیلم و زانست دایە. چونکو هیچ بنەماڵەیێکی زانست لە کوردستاندا نەبوە و نیە کە بەرهەمی مەولەوی لە لانەبوبێ و نەبێ. ئەم وتارەی من بەرهەمی گەشتێکە بە ناو کتێبخانەی چەند بنەماڵەیێکی زانست پەروەر لە کوردستانی ئیراندا کە چەند ڕوداوی ژیانی مەولەوی دەر دەخات و چەند پارچە شێعری بڵاو نەکراوەیشی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکرێ. وتارەکە دووبەشە بەشی یەکەم ئەو بنەماڵانەی کە

هۆکری شێعری مەولەوییان مەولەوی نیزم بوون و دوهەم ئەو بنەماڵانەی کە لەگەڵ مەولەویدا دوستایەتی و پێوەندیان بوە.

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا من یەک نەمونە دێنم: یەکی لە زانایانی گومنامی کورد ماموستا سەیدمحەمەد سادقی حسەینی ناوبانگ بە «هەیبەت» ه کە لە ساڵانی ۱۲۹۶ تاکو ۱۳۵۵ کۆچی ژیاوە، ئەم زانا پایە بەرزە زیاتر لە سەد بەرهەمی بە کوردی، فارسی و عەربی لێ بە جێ ماوە کە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی دیوانی شێعری شاعێرانی کورد وەکو نالی، مەولەوی، سالم، کوردی، شیخ سەلیمی سنەیی، مەلا خزری ڕواری، خاکی سلێمانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ... یەکێ لە کارە بە بایەخەکانی ئەوە (۱). ماموستا هەیبەت سێ کەشکۆڵی نایابی شێعری هەیە کە یەک لەوانە تایبەت بە مەولەویە. ئەو دوانە دیکەیشیان شێعری شاعێرانی کوردە.(۲) لە باسی مەولەویدا و لە غەرەزەکانیدا لە زۆر شوێندا بیرو ڕای خۆی سەبارەت بەو شێعرانە دەربڕیوە و ئەم بیرو ڕایانە جیاوازی لەگەڵ نوسخە چاپیەکاندا هەیە چەند نەمونەێک: لە پارچەی ۵ پیتی «ب»ل ۷۳ دیوانی مەولەوی چاپی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس

بولبول گوڵشەن بێ نام و نەنگی
تەزەو ڕو سەر سەرو باغچەی بێ ڕەنگی
نوختەی ئینتهای دائیرە تەمام
نەی دەس نەی چی تووتی دیای جام(۳)

ماموستای مودەریس نوسیویانە «مەولەوی بەم پارچە شێعرە قسە لەگەڵ روحانیەتی شێخ حەسەنی مەولاناوا ئەکا. هۆی دانانی قەسیدەکەش ئەوەیە گەورە ماڵێکی جاف لە گەرمیانەوە ڕویشتوە بۆ هاوینە هەوار بۆ

نزیکی دێی مەولاناوا لە ناوچەی سەقز لە کوردستانی ئێران. خێزانی کابرای هاوینەخور کچی شیری مەولەی ئەبی بەم بۆنەیەوە مەولەوی داوا لە شێخی مەولاناوا ئەکا کە بە هیممەتی خۆی چاوی لێ بێ».(۴)

لە نوسخەی ماموستا هەیبەت دا نوسراوە: «وقتي كه پريزاد خانم دختر محمد پاشا مجنونه شده به سر مرقد شيخ حسن مولان آباديش بردهاند مرحوم معدومي اين كلام را خدمت شيخ مرقوم فرموده است»(۵)، واتە کاتێ کە پەریزاد خانمی کچی محەمەد پاشا شێتی سەری لێ ئەدا، ئەیبەن بو سەر قەبری شێخ حەسن، مەولەویش ئەم پارچە شێعرەی نوسیوە و قسەی لە گەڵ روحانیەتی شیخ کردوە.

پارچەی ۲ پیتی (پ) ل ۹۴

پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە
صەنەم پەرەست نیم صەمەد ناسەنان
دووی کوورەی دەروون شیوەن ڕاسەنان

تا لە ئاخردا ئەڵێ:

ئەی ڕەسوول ئارۆ شەوقش پەرواز دا
وە نازو ئیعزاز کارتۆ ساز دا
ڕجام هەن فەردا ئەو گەردەلول دا
بویەری نە ژێر سای ئەو رەسوول دا (۶)

ماموستای مودەرریس سەبارەت بە «ئەی رەسووڵ» نوسیویانە: «ئەم فروستادەیە کە عیزرائیلی مەلائیکەی گیان کێشانە» بە لام لەم نوسخەدا

**نوسراوە:** «رسول نام کسي است که تجهیز و تکفین آن مرحوم بە اعزاز قرار دادە»: واتە: رەسووڵ ناوی ئەو کەسەیە کە کفن و دفنی عەبدوسەمەدی مار پێوەدراوی بەرێز و حورمەت کردوە.

ئەم نوسخەی مامۆستا هەیبەت گەلێک جیاوازی بەرچاوی تریشی لە دەق شێعرەکان و بۆچونەکاندا هەیە.

بەڵام بەشی دوهەم کە داکوکی ئەم وتارەم زۆرتر لە سەریەتی باسی ئەو بنەماڵانەی دەکا کە لەگەڵ مەولەویدا پێوەندی و دۆستایەتیان هەبوە وە تاکۆ ئێستا کەس باسی لێنەکردوە. یەکێ لە زانایانی گومنامی کورد کە دانیشتوی گوندی دەرەدزان ناوچەی سارالی شاری دیواندەرە بوە شێخ عەبدولقادری دەرەدزانیە کە لە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخیە وە لەگەڵ مەولەویدا دۆستایەتی بوە. لە کەشکۆڵێک دا کە ئیستە لە لای منەوە زیاتر لە ٧٠٠ لاپەڕەیە و هەموی بە خەتی مامۆستا سەید محەمەد سادقی حسەینی ناوبانگ بە «هەیبەت» ه نامەێکی مەولەوی هەیە کە.

بۆ ئەم شێخ عەبدولقادرەی نوسیوە من زۆر ئاگاداریم بە سەر ژیانی شێخ عەبدولقادر نیە، لە چ ساڵێکدا لە دایک بوە و کەی کۆچی دوایی کردوە، لە کوێ خوێندویەتی ئەونە ڕوونە خەڵکی گوندی دەرەدزان بوە. نامەکەی مەولەوی بە زمانی فارسیە و لە ناوەڕۆکی نامەکەدا پارچە شێعرێکیش کوردی هێناوە، لە ناونامەکەدا ناوی چەند کەس براوە کە لە لام زۆرر ناسراو نین و ئەمەش دەقی نامەکە:

للمولوي الي شیخ عبدالقادر درمدزان

عرض مي‌شود که در عرض این آمد که لشکر غم بي‌عدد و مایوس از اعانه و مدد و تشبّث به ذیل عاطفت فخرالدین عبدالصمد بودیم و اظهار به قدرت قادر

می‌نمودیم بوي فرح را نشنیدیم و روشنایي را از هیچ گوشه ندیدیم ناگاه در گوشه کاغذ جناب محبوب القلوب شیخ عبدالصمد پرتویرا که متضمن بینائي دیده بارمد بود یافتم الحمدلله الذي اذهب عنا الحزن نسیم گله از گردنه عباراتش به مشام جان می‌رسید.

آنچه من می‌بایدم گفتن تو می‌گویي به من

شکر می‌گویم که این هم هست نوعي ز اتحاد

استغنا صفتي است که خاص سلسله عزیزه اهالي آن حوالي و حواشي است. اگر التفات می‌فرمودند خارق عادت بود که اظهار می‌نمودند ولي این گداي بیچاره را اظهار عادت خود که تواضع و نیازمندي لازمه اوست چه فائده در هر صورت به عبارت دگر جوابي ضرور است.

**دڵەن ئەر پر دەرد وەر مەیلەش سەردەن**

**ئەر لوتف و ئەر قار ڕو وەلاش کەردەن**

**ئەی هو چەند وەختەن جەلای من نیەن**

**نە زانام ئەسر کام دزان بیەن**

**ئای ئەی لا و لام کەرد هول دەردم وەرد**

**شۆن ئەو شۆن کەردش هۆزا و هۆزم کەرد**

**شۆن لوا ویرد وە گشت هۆزاندا**

**ئا خرشی وە شیو دەرەدزاندا**

**مەحبوسش تا چەند ئازارش تاکەی**

**پەی وەتەن تاکەی ئیزنش نمەدەی**

ئەگەر ئاما وە تاوان هەی تاوان

قەبوڵەن بە دڵ هەر چێت فەرماوان

خبردار نشدن از این گدازش و بیهوشي از این نگارش و سفارش گرفتاري عیش آه آلوده سرکاري در این حالت پیري و بي‌اختیاریست.

در جواني کن نثار دوست جان

رو عوان بین ذلك را بخوان

راست که بي‌گذر بر پل صراط به جنت رسیدن مشکل است(٧).

یەکێ تر لە بنەماڵەکانی زانست لە کوردستاندا بنەماڵەی حاجی شیخ مستەفا سەقزیە:

حاجی شیخ مستەفا خەڵکی جوانرۆ بوە کە دوای تەواو کردنی خویندنی مەلایەتی چوەتە تەوێڵە لە خزمەت شێخ عوسمان سیراجەدین یەکەم ئیجازە تەریقەتی وەرگرتوە و بە ئەمری شێخ چوە بۆ سەقز و لە ساڵی ١٢٦٨ کوچی لە سەقز خانەقای دروست کردوە، حاجی شێخ مستەفا زاوای شێخ سیراجەدین بوە و عادلە خاتونی کچی خیزانی بوە (٨).

لە کتێبێکی دەسنوسدا کە مامۆستا سەید محەمەد سادقی هەیبەت نوسیویەتەوە پارچە شێعرێک هەیە کە لە سەر دێڕیدا نوسراوە شێعری مەولەویە. و بە بڕوای من روی دەمی مەولەوی لە حاجی شێخ مستەفای سەقزیە: شێعرەکە بەم چەشنەیەو تاکۆ ئیستا بلاو نەبوەتوەوە.

کەچی عەرق چەن ماوەرو دەردا

با خاک عالەم نەکەم و سەردا

شێخی پورِ جەماڵ جەبین نورانی

خەلیفەی عەزیز عوسمان سانی

فدای نامت بام نامت مستەفا

جە سەقز ئامای لە ئەفشار دای سەفا

چ بەد ئیقباڵیم زو تەشریفت بەرد

سەیر گوڵباخچەی تۆم تەواو نەکرد (٩)

یەکی تر لە بنە ماڵەکانی عیلم و زانست و ئایینی لە کوردستان ماڵەی شێخانی مەردوخەیین لقێکی ئەم بنەماڵە کە دانیشتوی گوندی قزڵبلاقی ناوچەی سارالی شاری دیوانەرە بون لە گەڵ مەولەوییدا پێوەندی و دوستایەتیان بوە. شێخ محمەد قزڵبڵاقی کە یەکێ لە زانایانی ئەم بنەماڵەیە وە سالی ١٣٦٣ی کۆچی، کۆچی دوایی کردوە. کتێبێکی نوسیوە بە ناوی «مراه الاخلاق فی مشائخ قزلْ بلّاق» کە مێژوی ژیانی خۆی و چوار کەس لە ئەجدادی خۆی بە وردی نوسیوە. یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کتێبە کە لە هیچ کتێبێک دا نابینرێ ئەوەیە کە نوسەر لیستی ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەکەیاندا بوە نوسیویەتەوە وە ئاماژەیشی بەوە کردوە کە ئەم کتێبانە لە کوێ نوسراونەتەوە و بۆ کێ نوسراون و لە کوێ نوسراوە وە بۆ کێ نوسراوە.

ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبیە و تاکە نوسخەکەی کە بە خەتی نوسەر خۆیەتی لە لای منە. شێخ یەحیا قزل بلاقی باپیری شێخ محەمەد قزڵ بڵاقی کە لە سالی ١٢٢٩ لەدایک بوە لە ساڵی ١٢٩٣ ی کۆچی لە دونیا دەرچوە لە گەڵ مەولەویدا پێوەندی نزیکی بو.

لە کتێبی «مراه الاخلاق»دا دو جار باسی مەولەوی کراوە: یەکەم، لە لاپەڕەی ٦١ دەسنوسەکەدا کاتی کە باسی کتێبەکانی شێخ یەحیا کراوە، نوسراوە: شێخ یەحیا عەقیدە فارسیەکەی مەولەوی نوسیوەتەوە و لە ئاخری نوسینەوەکەی دا نوسیوەتی، «تمت شد عقیده منظومه فارسي من مصنفات قطب العارفين مولاني در دنيا و آخرت مولوي السيد عبدالرحيم الشهير بمعدوم في خدمه مدّظلّه علينا و افادنا ببركه بقائه في قريه جانوره بيد الاقل العاصي يحيي ابن المرحوم الشيخ عبدالله القزلبلاقي، بعضي از تنسيخ اين نسخه شريفه از جهت كمك به فقير به خط اخوي شيخ اسماعيل و كمي به كتابت اخي شيخ عزيز جانوري نوشته شده في سنه ١٢٨٩ك تسع و ثمانين و ماتين و الف»(١٠)

واتە: تەواو بۆ نوسینەوەی عەقیدە فارسیەکەی گەورەو سەروەری ئیمە لە هەر دو دونیادا سەید عەبدولرەحیم مەشهور بە مەولەوی لە خزمەتیدا، کە سایەی لە سەر ئیمە هەر بەردەوام بێ و بەرەکەت و فائیدەشی بە ئیمەش بگا، لە گوندی جانەوەرە، بە دەستی یەحیا کوڕی خوا لێ خۆشبو شێخ عەبدوڵڵا قزڵ بلاقی، لە نوسینەوەی ئەم شێعرانە دوو برای خۆشەویستم شێخ ئیسماعیل و شێخ عەزیز جانەوەریی یارمەتیان داوم، لە ساڵی ١٢٨٩ .

دوهەم: لەلاپەڕەی ٦٨ مراه الاخلاقدا سەبارەت بە شێخ یەحیا دەنوسێ: شێخ یەحیا لە کۆتایی عومریدا لە بارەی گوزەرانی ژیانەوە وەزعی زۆر باش دەبێ و تا ئەو رادەی کە لە دەسی دێ کاری خێر لە رێی خوا ئەکا... و لە درێژەی باسەکەی ئەڵێ شێخ یەحیا بەهار و هاوین لە

گونـدی قـزلْ بـلاق دانیـشتوه وه لـه وەرزی زسـتاناندا زسـتانیْ چـوەته کـەرکوک وه لـه خزمـەت شیْخ عـەلی کـوڕی شیْخ عبـدولرەحمانی خالـسی تاڵەبانیـدا بـوه، وه زسـتانیْکیش چـوەته شـاری سنەو و لـه خزمـەت شیْخ محەمـەد دەژنـی مەشـهور بـه فەخرولعولـەما دەبـیْ، زسـتانیْکیش چـوەته گونـدی کاشـتر سـەر بـه جـوانرۆ و لـه گـەلْ ئامۆزاکـانی کـه هـەمو زانـا و خواناس بوون هەڵس و کەوتی بـوه. و لەوانـه زانـای بـه ناوبـانگ و خوانـاس سـەید عەبـدولرەحیم ناوبـانگ بـه مەعـدوم و مەشهور بـه مەولـەوی بـوه. هەڵبەت مەولەویش شیْخ یەحیای خۆش ویستوه و بـۆ سەردانی هـاتوه بـۆ گوندی قزلْ بلاّق پێش ئەوەی شیْخ یەحیا له دونیا دەرچیْ. (١١)

به شیْکی زۆر له کتێبخانەی زانایانی گوندی قزلْبلاّق ئیسته له لای منه، له پەڕاوێزی ئیساغۆجیکی زۆر کـۆن دا چەند لاپـەڕەی نـوّی چەسپاندراوه و پارچه شیْعر هـاتوه کـه جێگـەی سـەرنجه، به تایبەت له پارچه شیْعرەکەدا وشەی «مەعدوم» براوه.

لەوانەیـه کـه شـیْخ یـەحیا قزڵبلاّقـی یـا کەسـێکی دیکـه بـۆ مەولـەوی نوسیبیّتی و له ناو شیْعرەکەدا گله له خولفی وەعدەی مەولەوی کردوه.

سلاّم بەندەی جه خدمەت مەحروم

یاونه ئاستانەی شای مانەند مەعدوم

جوپەی عەر کەرلیْش پەریْ موددەعا

المـؤمن اذا وعـد وفـا (١٢)

هیـوادارم هـەمومان قـەدری پاشماوەی زانایانمان بـزانین و لـه وشـه بـه وشه و دیّڕ به دیڕیان کەڵک وەربگرین وه هەوڵێکیش بدەین بو ڕێکخستنی ناوەندیْک واته «دار المخطوطات»یْ بۆ کۆ کردونەوەی ئەم ئاسەواره.

والسلام علیکم و رحمه‌الله.

سەرچاوەکان:

١- بۆ ئاگاداری زیاتر لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا هەیبەت: بڕوانە: دیوان اشعار سیدمحمدصادق حسيني (هيبت) به کوشش: صباح حسيني ج انتشارات پرتو بيان سنندج ١٣٨۶ .

٢- هەر سێ کەشکۆڵەکەی مامۆستا هەیبەت لە لای منە.

٣- دیوانی مەولەوی، کـو کردنـەوە و لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوە، لـە سـەر نوسـینی: مـەلا عەبدولکەریمی مودرس چاپەمەنی محەمەدی سەقز

۴- سەرچاوە پێشو ل ٧٣

۵- کەشکۆڵی مەولەوی، نوسراوی مامۆستا هەیبەت، دەسنوس ل ٢۶

۶- دیوانی مەولەوی ل ٩٩

٧- کەشکۆڵی مامۆستا هەیبەت ل ٢٠

٨- بڕوانە: تذکره سادات وصلحاء، شرح احوال و شجره سادات کرام و مشايخ عظام اسلام در منطقه سقز، تأليف و تحقيق: عمر فاروقي، ١ج سقز ١٣٧۶ .

٩- کەشکۆڵی دیکەی مامۆستا هەیبەت ل ١٨٠

١٠- مراه الاخلاق فی مشائخ قزل بلاق دەسنوس.

١١- مراه الاخلاق ل ۶٧و ۶٨، بە شێک لە دەقە عەرەبیەکی بەم شێوەیە: «ثم استغني في اواخر عمره و هيّاالله له بفضله اسباب المعاش كما يتمنّاه فصرف شكرالله عنان الهمه لاعداد زاد المعاد و جاهد في ترويج الشريعه و تعمير المساجد و احترام العباد ... و في الربيع يتوطن في قريه قزل بلاق ... و في الشتاء يسافر الي العلماء و العرفاء في غايه الاشتياق و يستفيظ من بحر علومهم و معارفهم ما اطاق مما افاق فيصرف عمره شتاء في بلده كركوك في خدمه العالم العارف المحدّث المرشد في الطريقه القادريه الحاج الشيخ علي نجل القطب الربّاني الشيخ عبدالرحمن المتخلّص بخالص الطالباني و شتاء في بلده سننج في خدمه علمائها العرفاء خصوصاً الشيخ محمد الدزني الملقب بفخر العلماء و شتاء في قريه كاشتر من محال جوانرود يستفيد من بني اعمامها العلماء و العرفاء فوائد الدروكان حضره الوارع العلامه العارف الرباني السيد


عبد الرحیم الکرد التاجوزي المتخلص بمعدوم المشهور بمولوي یحبه و یجیي الي قزلبلاق و تشرف قبل الممات ....».


١٢- ئیساغۆجی دەسنوس، ساڵی نوسینەوەکەی نەنوسراوە بەڵام زۆر کۆنە و هەندی زەرافەتکاری لە سەر کراوە.


به سپاسەوە: ئیران – کوردستان – سەقز


سەباح حسەینی

ماجیستری زمان و ئەدەبی فارسی


بسم الله الرحمن الرحیم







ژمارەی سپاردن

١٨٠٥